حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت

# نامەئلوفکردنی مەئلوف لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا

نامەیەکە

**فەرمان محەمەد ئەمین حەسەن**

پێشکەشی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە لە
پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ. د. محەمەد ئەمین عەبدوڵا**

(٢٧٢٣)ی کوردیی    (٢٠٢٣)ی زایینی

# بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (نامەئلوفکردنی مەئلوف لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا) جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەمووی لەلایەن خودی خۆمەوە بە ئەنجام گەیەنراوەو هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاونەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە...

ئیمزا:

ناوی خوێندکار:

ڕێکەوت:

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بەناونیشانی(نامەئلوفکردنی مەئلوف لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا)، کە لەلایەن (فەرمان محەمەد ئەمین حەسەن)وە پێشکەشکراوە. لە ڕووی زانستییەوە پیاچونەوەم بۆ کردووە و پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.

هەڵسەنگێنەری زانستی:

ڕێکەوت:

## پشتگیری سەرپەرشتیار

ئەم ماستەرنامەیە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبدا و پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.

واژۆ

پ. د. محەمەد ئەمین عەبدوڵا

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بە ناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

واژۆ

پ. د. بێستون حسن احمد

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: / /٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بە ناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

لێپرسراوی هۆبەی کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

واژۆ:

ناو:

ڕێکەوت:

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیە بەناونیشانی (نامەئلوفکردنی مەئلوف لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا) لەگەڵ خوێندکاری خوێندنی باڵا ـ ماستەر (فەرمان محمدئەمین حەسەن) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت، لەم پێناوەدا واژۆمان کردووە.

| | |
|---|---|
| واژۆ: | واژۆ: |
| ناو: پ. ی. د. سەرکەوت عمر ابراهیم | ناو: پ. ی. د. هیوا کریم حسین |
| ئەندام: | ئەندام: |
| ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ | ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ |

| | |
|---|---|
| واژۆ | واژۆ: |
| ناو: پ.د. سیروان جبار أمین | ناو: محمد أمین عەبدوڵا |
| سەرۆک: | ئەندام و سەرپەرشت |
| ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ | ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ |

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ) لەڕێکەوتی ( / / ) پەسەند کرا .

واژۆ

ناو : پ. ی. د. حسن فخرالدین خالد

سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

ڕێکەوت: / /٢٠٢٣

**پێشکەشکردن :**

**ئەم هەوڵە زانستییە پێشکەشە بە...**

**▪دایک و باوکی ئازیز و خۆشەویستم.**

**▪برا و خوشکەکانم.**

**▪مامۆستای ئازیز و خۆشەویستم (مامۆستا سەردار خالید) مامۆستا لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین.**

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاس و ستایشی بێپایان بۆ پەروەردگار، کە توانستی پێبەخشیم بۆ بەئاکامگەیاندنی ئەم نامەیە.
- بەڕێز (پ. ی. د. حسن فخرالدین خالد)، سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەزانکۆی سلێمانی کە ئەرکی زۆری کێشا لە کاتی خوێندنەکەم و هاوکارم بووە.
- مامۆستای خۆشەویستم، بەڕێز (پ. د. محمد أمین عبدالله)، کە ئەرکی سەرپەرشتییکردنی نامەکەمی لەئەستۆگرت و بە درێژایی ماوەی نوسینی ماستەرنامەکە بە تێبینییەکانی دەوڵەمەندتری کرد.
- بەڕێز (پ. د. بێستون حسن احمد)، سەرۆکی بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەزانکۆی سلێمانی کە ئەرکی زۆری کێشا لە کاتی خوێندنەکەم و ئامادەکردنی توێژینەوەکەمدا .
- بەڕێز ( مامۆستا بێستون عارف عەزیز) بڕیاردەری بەشی کوردی دەکەم، کە بە درێژایی ماوەی خوێندن هاوکارمان بووە.
- مامۆستای خۆشەویستم بەڕێز( مامۆستا صلاح قادر محمود) لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی.
- بەڕێز ( پ.د. کازم فرج عارف) ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی.
- بەڕێز ( پ.ی.د. لیلی عبدالخالق عباس) سەرۆکی بەشی پەرستاری / پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی .
- کارمەندانی خوێندنی باڵای کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت دەکەم.
- سوپاسی تایبەتم بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لەماوەی قۆناغی ئامادەکاری خوێندنی ماستەردا وانەیان پێگوتم.
- سوپاسی تایبەتم بۆ هاوڕێی بەڕێزم (م. ی. کاروان أحمد حمد) کە لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی زانستیدا هاوکاریکردووم.
- هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بووە بەسەریانکردوومەتەوە و هاوکارییانکردووم، بە تایبەت بەڕێزان (پ. ی. م. بەرهەم ستار عبدالرحمن، م. بلال محمود عبدالقادر، م. سەرکەوت جمال)
- کارمەندە بەڕێزەکانی کتێبخانەی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی و کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەددین .

## پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | **پێشەکی** |
| ٥- ٣٨ | **١-١ نامەئلوفکردن لە شیعردا** |
| ٥- ٧ | ١-٢ کورتەیەک دەربارەی فۆرمالیستەکان |
| ٧- ١١ | ١-٢-١ فۆرمالیستە ڕووسەکان و زمانی شیعر |
| ١١- ١٦ | **١-٣ چەمک و زاراوەی نامەئلوفکردن** |
| ١١- ١٣ | ١-٣-١ چەمکی نامەئلوفکردن |
| ١٣- ١٤ | ١-٣-١-١ مانای زمانەوانی |
| ١٤- ١٦ | ١-٣-١-٢ واتای زاراوەیی |
| ١٦- ٢١ | **١-٤ نامەئلوفکردن لە زمانی شیعرییدا** |
| ٢٢- ٢٣ | ١-٤-١ سروشتی نامەئلوفکردن |
| ٢٣ | ١-٤-٢ جۆرەکانی نامەئلوفکردن |
| ٢٣- ٢٥ | ١-٤-٢-١ نامەئلوفکردنی جێنشینی |
| ٢٦ | ١-٤-٢-٢ نامەئلوفکردنی پێکهاتەیی |
| ٢٦- ٢٩ | ١-٤-٣ پێوەرەکانی نامەئلوفکردن |
| ٢٩- ٣٠ | ١-٤-٤ ئاستەکانی نامەئلوفکردن |
| ٣٠ | ١-٤-٥ ئەرکەکانی نامەئلوفکردن |
| ٣٠- ٣١ | ١-٤-٥-١ ئەرکی زمانەوانی |
| ٣١ | ١-٤-٥-٢ ئەرکی جوانیناسیی |
| ٣٢ | ١-٤-٥-٣ ئەرکی کاردانەوەیی ( سەرسوڕمان) |
| ٣٢- ٣٨ | **١-٥ نامەئلوفکردن لەڕووی ناوەڕۆکەوە** |
| ٤٠- ٩٥ | **٢-١ نامەئلوفکردن لە زمانی شیعریی تەڵعەت تاهیردا** |
| ٤٠- ٤٢ | ٢-١-١ زمانی شیعری |
| ٤٣- ٧٣ | ٢-٢ نامەئلوفکردنی واتایی |
| ٤٣- ٥٣ | ٢-٢-١ لێکچواندن |
| ٥٣- ٦٢ | ٢-٢-٢ خواستن |
| ٦٢- ٦٦ | ٢-٢-٣ پارادۆکس |
| ٦٧- ٧٠ | ٢-٢-٤ بەگیانەوەرکردن |
| ٧٠- ٧٣ | ٢-٢-٥ درکە |
| ٧٤- ٨٢ | **٢-٣ نامەئلوفکردن لە ئاستی وشەدا** |

| | |
|---|---|
| ٢-٣-١ بەکارهێنانی وشەی پەراوێزخراو (فەرامۆشکراو) | ٧٥- ٧٧ |
| ٢-٣-٢ بەکارهێنانی وشەی شێوەزاری تر | ٧٧- ٧٩ |
| ٢-٣-٣ بەکارهێنانی وشەی بێگانە | ٧٩- ٨٢ |
| **٢-٤ نامەئلوفکردن لە ئاستی ڕستەسازییدا** | ٨٢- ٩٥ |
| ٢-٤-١ کرتاندن | ٨٣ |
| ٢-٤-١-١ کرتاندنی بکەر | ٨٤- ٨٥ |
| ٢-٤-١-٢ کرتاندنی کار | ٨٥- ٨٧ |
| ٢-٤-١-٣ کرتاندنی ئامراز | ٨٧- ٨٨ |
| ٢-٤-١-٤ کرتاندنی جێناوی سەربەخۆ | ٨٨- ٨٩ |
| ٢-٤-٢ پاش و پێشخستن | ٨٩- ٩٠ |
| ٢-٤-٢-١ پاش و پێشخستنی ناو و ئاوەڵناو (صفت و موصوف) | ٩١ |
| ٢-٤-٢-٢ پاش و پێشخستنی جێناوی لکاو | ٩١- ٩٢ |
| ٢-٤-٣ بەلوتکەکردن | ٩٢ |
| ٢-٤-٣-١ پێشخستنی کار | ٩٢- ٩٣ |
| ٢-٤-٣-٢ پێشخستنی ئاوەڵکار | ٩٣- ٩٥ |
| **٣-١ نامەئلوفکردنی ناوەڕۆک لە شیعری تەڵعەت تاهیردا** | ٩٧- ١٥٥ |
| ٣-١-١ کورتەیەک دەربارەی ناوەڕۆکی شیعر و نامەئلوفکردنی ناوەڕۆک | ٩٧- ١٠٢ |
| ٣-٢ نامەئلوفکردنی بابەتی دڵداری | ١٠٢- ١٢٢ |
| ٣-٣ نامەئلوفکردن لەبابەتی کۆمەڵایەتی | ١٢٢- ١٣٢ |
| ٣-٣-١ دیاردەی هەژاری | ١٢٢- ١٢٨ |
| ٣-٣-٢ دەربارەی ئافرەت | ١٢٨- ١٣٢ |
| ٣-٤ نامەئلوفکردن لە بابەتی سیاسی | ١٣٣- ١٤٦ |
| ٣-٥ وەسفی دایک و باوک | ١٤٦- ١٤٩ |
| ٣-٦ شیعر بۆ جگەرگۆشەکەی | ١٥٠- ١٥٢ |
| ٣-٨ دڕندەیی مرۆڤ و بەراوردکردنی بە ئاژەڵ | ١٥٢- ١٥٥ |
| ئەنجام | ١٥٦- ١٥٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٥٨- ١٦٣ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ١٦٤ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ١٦٥ |

## پێشەکی:

نامەئلوفکردن یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی فۆرمالیستە ڕوسەکان و بەدیاریکراوی لە لایەن (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی) بۆ یەکەمجار لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکارهێنراوە و دواتر لە لایەن رەخنەگرانی تری وەک (یاکوبسن و تینیانۆڤ)ەوە، سەرنجی دراو بووە جێگەی بایەخیان. دواتریش بەهۆی گرنگی بابەتەکەوە ئەم چەمکە سنووری روسیای بڕی و بووە چەمکێکی گرنگی نێو ڕەخنەی ئەدەبی. بەهۆی ئەوەی سروشتی دەقە شیعرییەکانی (تەڵعەت تاهیر) سیمای چەمکی نامەئلوفکردنییان هەڵگرتووە و ئەم نامەئلوفکردنە هەردوو دیوی ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقەکانیەوە دیارن و تا ئێستاش نە چەمکی نامەئلوفکردن و نە دەقە شیعرییەکانی شاعیریش توێژینەوەیەکی زانستی وەک ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای لە بارەوە بە ئەنجام نەگەیەنراوە، هەر بۆیە بە پێویستمانزانی ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (نامەئلوفکردنی مەئلوف لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر)دا، بەووردی تیشک بخەینەسەر لایەنە تیۆرییەکانی ئەم بابەتە و دواتریش پراکتیزەکردنی بەسەر شیعرەکانی شاعیردا.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی گرنگی بابەتەکەیە بە گشتی و لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا بە تایبەتی. کۆ ئامانجی توێژینەوەکەش خۆی لە پڕکردنەوەی کەلێنێک لە کەلێنەکانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی و کتێبخانەی کوردیدا دەبینێتەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکە، لە نووسینی توێژینەوەکەماندا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی و شیکاری) مان کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش لایەنی تیۆری بابەتەکەمان بە وردی خستۆتەڕوو، لە پاشاندا لە ڕوی پراکتیکییەوە شیعرەکانمان شیکارکردووە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

لەگەڵ ئەوەی نامەئلوفکردن چەمکێکی گرنگ و پڕ بایەخی رەخنەی ئەدەبییە، بەڵام لە ئەدەبی کوردییدا تا ئێستا توێژینەوە لەم بوارەدا زۆر کەمە و بە پێویستمانزانی ئاوڕ لەم بابەتە بدەینەوە. پاشان تەڵعەت تاهیر یەکێکە لە شاعیرەکانی ئێستا و پێگەیەکی تایبەتی هەیە لەناو کایەی رۆشنبیری و خاوەنی ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆیەتی لە

نووسینی شیعردا، بەڵام تا ئێستا هیچ نامەیەکی ئەکادیمی سەبارەت بە شیعرەکانی بەرچاو ناکەوێت، بۆیە هەوڵماندا لە شیعرەکانی بکۆڵینەوە و زیاتر ئاشنای خوێنەری بکەین.

## سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە لەچوارچێوەی دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە)ی شاعیردایە و نموونەکان لەو دیوانە وەرگیراون.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

پێکهاتەی توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی، لە سێ بەش و ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە، بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و سەرچاوەکان پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا بەکورتی باسمان لە فۆرمالیستی رووسی کردووە، کە بریتیی بوون لە دوو کۆمەڵەی ئەدەبی ئەوانیش (بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ) و (کۆمەڵەی ئۆپۆیاز) بوون. پاشان باسی بۆچوونی نووسەران و ئەندامانی ئەم دوو کۆمەڵەیە کراوە سەبارەت بە زمانی شیعری، لە پاشاندا چەمک و زاراوەی نامەئلوفکردن باسی لێوەکراوە. لە تەوەری دووەمدا کە بریتییە لە (نامەئلوفکردنی لەڕووی زمانی شیعرییەوە) باسی سروشتی نامەئلوفکردن و جۆرەکانی نامەئلوفکردن و پێوەرەکانی نامەئلوفکردن و ئاستەکانی نامەئلوفکردن و ئەرکەکانی نامەئلوفکردنمان کردووە. تەوەری سێیەمیش بریتییە لە نامەئلوفکردن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

**بەشی دووەم:** لەسێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باسی نامەئلوفکردنمان کردووە لە ئاستی واتادا و چەند جۆرێکی ئاستی واتایی وەک (لێکچواندن، خواستن، بەگیانەوەرکردن، پارادۆکس، درکە) بە نموونەی شیعری هەریەکێکیان ڕونکراونەتەوە.تەوەری دووەممان تایبەت کردووە بە ئاستی وشەسازی بەنمونەی شیعری باسی چەند لایەنێکمان کردووە لە ئاستی وشەدا و نموونەی شیعرییمان بۆ هێناوەتەوە، لە تەوەری سێیەمیشدا باسمان لە نامەئلوفکردن کردووە لە ئاستی ڕستەسازییدا و سەرجەم جۆرەکانی ئەم ئاستەشمان بە نموونەی شیعری ڕونکردۆتەوە.

**بەشی سێیەم:** باسی نامەئلوفکردنی ناوەڕۆکمان کردووە لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا و باسی نامەئلوفکردنی بابەتەکانی دڵداری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، وەسفی دایک و باوک و ...هتد کراوە. نموونەمان بۆ هەریەکێک لەم بابەتە شیعرییانە هێناوەتەوە و ڕونمانکردۆتەوە نامەئلوفکردنی ئەم بابەتانە لەچیدایە.

لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەدا پێی گەیشتووین دەستنیشانمان کردوون. دواتر لیستی سەرچاوەکان نوسراوون و ئینجا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

١-١ نامەئلوفکردن لە شیعردا

١-٢ کورتەیەک دەربارەی فۆرمالیستەکان

١-٢-١بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ.

١-٢-٢ کۆمەڵەی ئۆپۆیاز.

١-٢-٣ فۆرمالیستە ڕوسەکان و زمانی شیعر

١-٣ چەمک و زاراوەی نامەئلوفکردن

١-٣-١چەمکی نامەئلوفکردن

١-٣-١-١ مانای زمانەوانی

١-٣-١-٢ واتای زاراوەیی

١-٤نامەئلوفکردن لە زمانی شیعرییدا

١-٤-١ سروشتی نامەئلوفکردن

١-٤-٢ جۆرەکانی نامەئلوفکردن

١-٤-٢-١ نامەئلوفکردنی جێنشینی

١-٤-٢-٢ نامەئلوفکردنی پێکهاتەیی

١-٤-٢ پێوەرەکانی نامەئلوفکردن

١-٤-٣ ئاستەکانی نامەئلوفکردن

١-٤-٤ ئەرکەکانی نامەئلوفکردن

١-٤-٤-١ ئەرکی زمانەوانی

١-٤-٤-٢ ئەرکی جوانیناسیی

١-٤-٤-٣ ئەرکی کاردانەوەیی ( سەرسوڕمان)

١-٥ نامەئلوفکردن لەڕووی ناوەڕۆکەوە

## ١-١ نامەئلوفکردن لە شیعردا

## ١-٢  کورتەیەک لەبارەی فۆرمالیستەکان

ڕەخنە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و چەندین میتۆد و قوتابخانەی ڕەخنەیی جیاواز سەریان هەڵداوە و هەریەکەیان لە ڕوانگەی بیر و بۆچوون و دنیابینی نوسەر و تیۆر داڕێژەرانەوە لە مەسەلەی ڕەخنەیان ڕوانیوە. بۆنموونە هەندێک لە میتۆدە دەرەکییەکانی وەک (مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی) ئەمانە هەریەکەیان لە روانگەیەکی جیاوازەوە لە مەسەلەی ڕەخنەیان روانیوە و زیاتر باسی کاریگەرییە دەرەکییەکانی وەک لایەنی (مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی) یان لەسەر نووسەر کردووە و لە روانگەی ژینگە و بارودۆخە دەرەکیەکانەوە لە دەقی ئەدەبییان کۆڵیوەتەوە و کەمتر گرنگیان بە خودی دەقەکە داوە. ئەم میتۆدانەش بۆ ماوەیەک لە بواری ڕەخنەدا باڵادەست بوون و لە ڕوانگەی ئەم میتۆدانەوە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکان  کراوە. هەر لە ئەنجامی پەراوێزخستنی لایەنی ناوەکیی  دەق و تەنها گرنگیدان بە لایەنی دەرەکی وای لە کۆمەڵێک نووسەر کرد، کە واز لە لایەنی دەرەکی بهێنن و (دەق) بکەنە سەنتەری لێکۆلینەوەکانیان ئەم نوسەرانەش بە (فۆرمالیستە ڕوسەکان) ناودەبران.

فۆرمالیستە ڕوسەکان یان داهاتووخوازەکان یان خاوەن تیۆرە باوەکە کۆمەلێک ناون لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ئاراستەیەکی ڕەخنەیی نران، کە کۆمەڵێک ڕەخنەگر و لێکۆڵەری ڕووس نوێنەرایەتییان دەکرد، لەوانە: میخایل باختین، ڕۆمان یاکۆبسن، ڤلادمێر پرۆپ، مەکارۆڤسکی شکلۆڤسکی، بۆریس ئیخنباوم، یۆری تینیانۆڤ و ...هتد(قەتوس ،٢٠١١: ٩٣). ئەمانە لە ساڵی (١٩١٥) بەدواوە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەب و زماندا  گۆڕانکارییەکی گەورەیان ئەنجامدا وبناغەی شۆڕشێکی میتۆدی نوێیان دانا، لە ڕێگەی دروستکردنی دوو بازنەوە.

### بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ

 ئەم بازنەیە بە ڕابەرایەتی (ڕۆمان یاکۆبسن) لە ساڵی (١٩١٥) دامەزرا، لەم بازنەیەدا شەش هاوڕێ و قوتابی خۆی بەشدارییان تێداکرد، ئەوانیش: پیۆتەر بۆگاتریڤ، گریگۆری ڤینکۆر، ئۆسیب بیرگ، بۆریس تۆماشڤسکی، میخایل باختین و ڤلادمێر پرۆپ،

ئەمانە گرنگییان بە شیعریەتی دەق لە چوارچێوەی زمانەوانیدا دەدا، لە توێژینەوەدا بەدوای ئەوەدا دەگەڕان فۆرم چییە؟ (مەنتک، ٢٠١٨: ٨٧).

## کۆمەڵەی ئۆپۆیاز

ئەمانە کۆمەڵێک قوتابی زانکۆ بوون، لە ساڵی (١٩١٦) لە سانت پترسبۆرگ دروست بوون، گرنگترین ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە: ڤیکتۆر شکلۆڤسکی، بۆریس ئیخنباوم و یۆری تینیانۆڤ بوون. ئەمانە زیاتر مێژوونوسی ئەدەبی بوون و شیعرییان کرد بە کەرەستەی سەرەکی توێژینەوەکانیان. (هەمان سەرچاوە: ٨٧).

فۆرمالیستە روسەکان لە تیۆری ئەدەبدا وەرچەرخانێکی باشیان ئەنجامدا و بەرهەمە ئەدەبیەکانیان کردە ناوەندی بایەخ پێدانی رەخنەیی و هەموو لایەنە دەرەکیەکانی تری پەیوەست بە ژینگە و مێژوو و لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی نوسەریان پشتگوێ خست و هەوڵی دانانی زانستێکی ئەدەبی سەربەخۆیان دەدا، کە هەموو بایەخی لەسەر دەق بێت. هەر بۆیە یەکەم کاریان گرنگیدانی زۆر بوو بە زمانی دەق، پاشان دەقیان وەک بوونێکی سەربەخۆ دەبینی و هەوڵی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە خستەگەڕ، لێکۆلینەوەی رەخنەیی بە پێی بۆچوونی رەخنەگرانی ئەم قوتابخانەیە ئەوەبوو (هەموو بابەت و مەیدانە کۆمەڵایەتیەکان لە توێژیەوەی فۆرمالیستەکاندا فەرامۆش دەکرا، بە باوەڕی ئەوان شیکردنەوەی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاماژەدان بە دەروونناسی لە دەقدا ناتوانێ، بەشێوەیەکی هونەری لایەنی چۆنیەتی دەق ئاشکرا بکات)(امامی،١٣٨٩: ٢١٢).

بەشیوەیەکی گشتی فۆرمالیستەکان گرنگی زۆریان دەدا بە لایەنی زمان و زمانەوانی و هەوڵیان دەدا دەقەکان لە رووی زمانەوە شیبکەنەوە. پێیان وابوو نابێت ڕەخنەگر بەسەر لایەنە زمانەوانی و ئیستاتیکیەکاندا باز بدات و لە لایەنە دەرەکیەکان بکۆڵێتەوە. هەروەها جیاوازییان لە نێوان زمانی شیعر و زمانی ڕۆژانەدا دەکرد و پێیان وابوو زمانی ڕۆژانە بۆ گەیاندنی زانیارییە، بەڵام زمانی شیعر دەبێت جیاواز بێت، (ئەم فۆرمالیستانە جەختیان لەسەر فۆرم و تەکنیک و نامۆیی دەکردەوە و لەسەر ئەم باوەڕە بوون، کە زمانی میکانیکی یان کارەکی نزمە و خاڵییە لە جوانکاری و نازکی و پێویستە بە یارمەتی زمانی ئەدەبی و زەمینەسازییەکانی زمانی ئەدەبی نمونە و شێوە و باوە دەنگی و ڕێزمانی و پلۆتیەکان تێک بشکێندرێن. ئەوان وا بیریان دەکردەوە، کە نامۆیی دەبێتە هۆی تەڕی و پاراوی و چالاکی و زیندویەتی بەرهەمی ئەدەبی و هەوڵ

و تەقەڵای هەموویان لەوانە (شکلۆڤسکی) و (یۆری تینیانۆڤ) و له کۆتایشدا (رۆمان یاکۆبسن و ڤلادیمێر پرۆپ و ئایخنباوم و ئەوانی تر هەر لەم زەمینەیەدا بووە) (امامی، ٢٠١٨: ٣٨٣).

زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی جیاوازە و شیعر ئەو شتانە دەردەخات کە لە نێو زمانی ئاساییدا شاردراونەتەوە، شیعر وا لە زمان دەکات ئەو زمانە بە دەربرینە جۆراوجۆرەکانییەوە هەمیشە زمانێکی جیاواز ومەحاڵ بێت، ئەمە دەسەڵاتی ناولێنان و سەلماندنی زمانی شیعرییە.

## ١-٢-١ فۆرمالیستە ڕوسەکان و زمانی شیعر

وەکو پێشتریش باسمانکرد ئەوەی فۆرمالیستەکانی جیادەکردەوە لە قوتابخانە ڕەخنەییەکانی پێش خۆی ئەو گرنگی و بایەخە بوو، کە فۆڕمالیستەکان بە زمان و زمانی شیعرییان دەدا. (ئەوەی دەبووە هۆی ئەوەی فۆڕمالیستەکان هەموو سەرنجی خۆیان لە بەرهەمی ئەدەبیدا چڕ بکەنەوە ئەوەبوو ئەوان لە بنەڕەتدا ئەدەب بە جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان دادەنێن، کە بە تێکچڕژانی زمانی کارەکی یانی پراکتیکی دەردەکەوێت. ئەم جۆرە تێکچڕژانەش هەوڵێکە بۆ جۆرە لادانێک لە پێوەری ئاسایی و باوی زمان تا لە سایەی ئەو نامۆییە زمانییەی، کە دێتەکایەوە جۆرە داهێنانێکی هونەری دەربکەوێت)(امامی، ٢٠١٨: ٣٧٩). کارێک کە فۆرمالیستەکان زۆر جەختیان لەسەر دەکردەوە بریتی بوو لە جیاوازی زمانی شیعری و زمانی ڕۆژانە، واتە ئەو جیاوازییانەی، کە داهێنانی ئەدەبی ئەدەبییان لێدەکەوێتەوە. (هەر بۆیە داوای نزیک بونەوەیان دەکرد لە کرۆک و ناوەوەی دەقی ئەدەبی بەو سیفەتەی بونیادێکی هونەری داخراوە و لەسەر خۆی راوەستاوە و پشت بە چەند ڕاستییەکی دەرەوەی خۆی نابەستێت، کە دەبنە هۆی بازدان بەسەر زمانەکەیداو پەیوەست دەبێت بە خودە بەرهەمهێنەرەکە، یان بە سیاقی بەرهەم هێنانەکەوە، بەڵکو پێیان وابوو دەبێت تەنها ڕاستی پرۆسە ناوەکییەکەی بکرێت) (قەتوس، ٢٠١١: ٩٦).

دیداری زمانی شیعری لەگەڵ زمانی ڕۆژانە ئەوەی گوزارشتی لەم رێکخستنە رێبازییە دەکرد و ئەم دیدارە لە کۆمەڵەی یەکەمی وتارەکانی (ئۆپۆیاز) و (وتارەکانی یاکۆبسن) پەرەی پێدرا، وەک خاڵی دەستپێک، کە بۆکاری شێوەخوازان گونجاو بوو، دەربارەی کێشە سەرەکیەکانی تیۆری شیعر، لە کاتێکدا نەریتی نووسەرە باوەکان بوو کە لێکۆڵینەوەکانیان بەرەو مێژووی کلتوری یان بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی ئاراستە بکەن،

بەڵام فۆرمالیستەکان توێژینەوەکانیان بەرە و لایەنە زمانەوانییەکان ئاراستە کرد، کە وەک زانستێک بەدیار کەوت و بە بەردەوامی هاوشانی تیۆری شیعر لە بابەتی لێکۆڵینەوەدا هەنگاو دەنێت. (خەتیب، ١٩٨٢: ٣٦).

یەکێکی تر لە نوسەرە دیارەکان و دامەزرێنەری (بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ) ڕۆمان یاکۆبسن بوو. گرنگترین دەستکەوتی یاکۆبسن لە بواری ئەدەبیدا کۆمەڵە بەرهەمێکە، کە لە بارەی زمانی شیعرەوە نووسیویەتی. بۆیە نوسینەکانی یاکۆبسن دەربارەی زمانی شیعری بۆچوونی گرنگ و جێگەی بایەخن .

بەبۆچوونی یاکۆبسن (ئەرکی ئەدەبیی پەیام، ئاگاداربوون لە لایەنی زماننناسانەی پەیامە، بەڵام زمانی شیعر لەگەڵ زمانی ڕۆژانە یان ئاسایی جیاوازی هەیە. یاکۆبسن شیعری بە (ئەرکی جوانناسانەی زمان) و (هێرشی ڕێکخراو و شارەزایانە بۆ سەر زمانی ڕۆژانە ناوەزەند دەکات). (یاکوبسن)ش لە ساڵی ١٩١٩ لە نێوان (سیستەمی زمانی پراکتیکی کە تیایدا توخمە زمانییەکان خاوەنی بایەخ گەلێکی سەربەخۆ نین و تەنیا وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی دەژمێردرێن) و زمانی ئەدەبی جیاوازی دانابوو) (ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٨٧). بەپێی بۆچوونی (یاکۆبسن) دەقەکان بۆ دوو گروپ دابەش کراون، ئەوانیش :

دەقەکانی گروپی یەکەم: پەیامێکی تایبەتی لە ڕێگەی زمانێکی ڕوون و سادە (تا ئەو جێیەی کە دەشێت بەدەر لە هەر ئاڵۆزییەکی ئاخاوتەیی) پێشکەش دەکرێت. ئێمە بە گشتی لەکاتی خوێندنەوەی ئەم جۆرە دەقانە ئاگامان لە زمان نابێت. لێرەدا زمان روونە و ڕەنگە بتوانین بڵێین زمان (بەلاوە دەنرێت)، سەرنجی ئێمە تەنیا لەسەر واتای کۆتایی پەیامە و زمان تەنیا ئامڕازێکە بۆ تێگەیشتن لە پەیام. هەرچی دەقەکانی گروپی دووەمە ئەوا (پەیام بە شێوەی دەربڕین بەستراوەتەوە ئاڵۆزی و تەنانەت نهێنییە زمانییەکان بە پلەی باش لە قەڵەم دەدرێن، چونکە پەیام جگە لەم ئاڵۆزییە شتێکی تر نییە. لەم دەقانەدا واتای کۆتایی نییە، یان لە پشت ڕاڤەکارییە بێ ئاماژەکاندا دەشاردرێتەوە. لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دەقانەدا زمان ئامادەیە زیندووە و ناچارمان دەکات تا لە بارەیەوە تێ بفکرین) (هەمان سەرچاوە: ٨٧).

لێرەدا ئەوەی لەنێوان ئەم دوو گروپەدا جیاوازە ئەوەیە گروپی یەکەم پێویستە بە زمانێکی روون و ئاشکرا و بێ گرێ و بێ لادان مەبەست بدات بە دەستەوە، بەڵام لە گروپی دووەمدا بە پێچەوانەوە چەندە زمان ئاڵۆز و واتاکەی نادیار بێت دەبێتە لایەنی

بەهێزی و جوانی بۆ زمانەکە. خاڵێکی تر ئەوەیە لە گرووپی یەکەمدا زمان بەلاوە دەنرێت، واتە ئەوەندەی خوێنەر بیری لە مەبەستی کۆتایی و پەیامەکەیە ئاگای لە زمانەکە نامێنێت، بەڵام لە گرووپی دووەمدا دەبێت خوێنەر خۆی لە ڕێگەی ڕامان و وردبوونەوە لە ئالۆزییەکانی زمانەوە واتا هەڵێنجێنێ.

یاکۆبسن بە تەواوی جەختی لە لایەنی زمان دەکردەوە و لە پێناسەکردنی دەقی ئەدەبیدا دەڵێت: ((ناتوانرێت وەک بەرهەمێک پێناسە بکرێت، کە بە شێوەیەکی هەڵاواردە ئەرکێکی ستاتیکی جێبەجێ دەکات، هەروەها وەک بەرهەمێکیش نا، کە کۆمەڵێک ئەرکی تر جێبەجێ دەکات، بەڵکو دەبێت لە واقیعدا وەک پەیامێکی زمانەوانی پێناسە بکرێت، کە ئەرکی ستاتیکی تێدا باڵادەست بێت ... بەمجۆرە باڵادەستی لایەنی ستاتیکی لە زماندا دەبێتە تاکە جیاکەرەوەی زمانی شیعری)) (قەتوس، ٢٠١١: ١٠٢-١٠٣). ئەم پێناسەی یاکۆبسن بۆ دەقی ئەدەبی دەکات وەک پەیامێکی زمانەوانی دەیبینێت، نەک وەک دەقێک کە ئەرکێکی ئیستاتیکی هەبێت، یان هەر ئەرکێکی تر .

هەرچی (مۆکارۆفسکی) یە، لە وتاری (زمانی پێوەر و زمانی شاعیرانە) گرنگترین بنەماکانی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیستە ڕوسەکان لەگەڵ دەستکەوتە فۆنۆلۆژیەکانی بازنەی پراگ تێکەڵ کرد. ئەو دەریخست کە، زمانی شیعری، بە پێچەوانەی ئەوەی هەمووان تێگەیشتوون، لقێک نییە لە زمانی پێوەر. وەکو پاش بەستێنی زمانی شاعیرانەیە، بەڵام گرنگترین ئەرکی زمانی شاعیرانە ئەوەیە، کە زمانی پێوەر وێران بکات، زمانی شاعیران سوود لە زمانی پێوەر وەردەگرێ، بەڵام زمانی پێوەر چەشنی ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەتی (بۆنمونە دروست کردنی پەیوەندی واتایی) دانانێ، بەڵکو تێدەکۆشێ تاکو بیسەلمێنێ کە (زمان خۆی ئامانجێکە). هەربۆیە هەتا ڕێساکانی زمانی ڕۆژانە ڕوونتر و ووردتر و ئاشکراتر بێ مەیسەر بوونی زمانی شاعیرانە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە زیاتر دەبێت. (ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ١٦٠). دواتر هەر دەربارەی لادان لە زمان و دروست بوونی زمانی شیعری (مۆکارۆفسکی ) دەڵێت: ((بەبێ لادان لە ڕێسا زمانییەکان شیعر لە ئارادا نابێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەش شیعر ڕووی ئۆتۆماتیک و زمان دەگۆڕێت بۆ لایەنی وشیارانەی بەکارهێنانی زمان ... ئامانجی شیعر ڕاکێشانی سەرنجی بیسەر یان خوێنەر بۆ گەوهەری زمانە، پەیام و لایەنی پەیوەندی گرنگ نیین. ... بابەتی سەرەکی زمانی شاعیرانە دروستکردنی یەکەیەکی واتایی تازەیە، شیعر بۆ دروستکردنی واتا دەبێ کەڵک لە تایبەتمەندی گەلێک وەرگرێ، کە بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ بە نیشانە زماناسیەکان ئەژمار ناکرێن، بەڵکو پەیوەندییان بەوانەوە هەیە

سروشتی وێرانکەری زمانی شیعری لە سروشتی (دژە نەریت گەرای ئەو) زمانە شیعرییەوە هەڵدەقوڵێ، مەبەست نەریتێکە کە یارمەتی دروستبوونی زمانی پێوەری داوە و ئێستا لە هەموو چەشنەکانی (ئارایی شاعیرانە) دارِنراوە))( هەمان سەرچاوە: ١٦٠). ئەمیش وەک زۆربەی ئەوانی تر پێی وایە بەلادان لە رێسا زمانیەکان و تێکشاکاندیان و بەکارهێنیان بە شێوەیەکی نامۆ شیعر دێتە ئاراوە. لە کۆتاییدا هەر دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت: "شیعر بەردەوام لە بگرە و بەردەیە لەگەڵ رِێسا زمانییەکان ونەریتە زمانناسیەکان. کەواتە دەتوانین بڵێین زمانی شیعر و زمانی سروشتی بەهۆی ئەرکە جیاوازیەکانیانەوە لێک جیان. (هەمان سەرچاوە: ١٦٠).

لەکۆتاییدا رِای (شکلۆڤسکی) وەردەگرین، کە یەکێکە لە نوسەرە دیار و تیۆردارِێژەرەکانی فۆرِمالیستی رِووسی و بۆچوونەکانی تا ئێستاش جێگەی بایەخن. شکلۆڤسکی دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت: ((داهێنانی شاعیران لەو وێنانەدا نییە کە دروستیان دەکەن، بەڵکو لەو زمانەدایە کە بەکاری دەهێنن. شیعرەکانی شاعیران بە پێی شێوەی دەربرِین، شێوازی وتەیی و بەکارهێنانی تایبەتی زمان لێک جیادەکرێنەوە. گۆرِانی وێنە سازی لە (کامڵ بوونی) شیعردا گرنگ نییە، خاڵی گرنگ لە شیعردا، گۆرِان لە بەکارهێنانی زمانە)) (ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٧٤).

شکلۆڤسکی جەخت لە زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان دەکاتەوە لای شاعیران. هەروەها شکلۆڤسکی دەڵێت: ((شاعیران ئاماژەکان ناخولقێنن، بەڵکو دەیان دۆزنەوە، واتە لە رِێگەی زمانی سروشتی و زمانی پێوەرەوە کۆیان دەکەنەوە. شکلۆڤسکی دەیگووت: کە وشەی (خوێن) لە شیعرێکدا (خوێناوی) نییە، واتە لە خوێنی راستەقینە پێکنەهاتووە، بەڵکو وشەیەکە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی زمانناسانەی خۆی هەیە، لە کۆمەڵە پیتێکی تایبەتی پێک هاتووە، ئاوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و لە پەیوەندی هاونشینی لەگەڵ وشەکانی دیکەدا ( چەند واتای هەمەچەشن ) دەدۆزێتەوە، کاری رِەخنەگر ناسینی ئەم بوونە ئەدەبییەی وشەیە، نەک دیاری کارییە فەرهەنگییەکانی)) (هەمان سەرچاوە: ٧٥).

واتە لێرەدا مەبەست لەو بەکارهێنانە نوێیەی وشەی (خوێن)ە، کە شاعیر رِەنگە لە شیعرەکەدا لە رێگەی (لێکچواندن و خوازە و خواستن و ....) دەیخاتە رِوو، واتایەکی نوێی پێ دەبەخشێت، کە مەبەست واتا فەرهەنگییەکەی نییە. ئەوەی کە زۆر گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە  شیعر بەر لە هەموو شتێ (یاری لەگەڵ زمانە)

بناغەکەی بۆ چەمکی (ناسیاوی سڕینەوە) دەگەڕێتەوە. نامۆیی و سەمەرەیی زمانی شاعیرانە هەر شیعرێک دەکاتە (بونەوەرێکی تەنیا) و بۆ ئەم مەبەستە شێوازە زمانییەکان زۆر بە کەڵکی شاعیر دێن. (هەمان سەرچاوە: ٧٥).

ئەوەی کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین چەمکی (ناسیاوی سرینەوە) یان نامۆکردن، یەکێک بوو لە گرنگترین ئەو چەکانەی کە (شکلۆڤسکی) دایهێنا و دواتریش هەریەکە لە (یاکۆبسن و تینیانۆڤ) چەند جارێک ئەم چەمکەیان بە (نامۆسازی) ناوزەند کردووە. توێژینەوەی شکلۆڤسکی و فۆرمالیستەکانی تر لە بابەت ناسیاوی سڕینەوە کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ داناوە. گرنگی ئەم چەمکە وای کردووە چەندین کەسی وەک (ڕۆڵان بارت و سارتەر) باسی بکەن و لە توێژینەوەکانیاندا سوودی لێ ببینن .

ژان پۆڵ سارتەر لە بەرگی دووەمی (گەمژەیی خێزان) دا، باسی لەم (نامۆ سازی) یە کردووە. بەرای سارتەر ( فلۆبێر ) هەموو شتێک "نەناسیاو" دەکا و ڕونکردنەوەی هەر ڕووداوێک کە لە بنەمای خۆیدا پشتی بە گۆڕان پەسەندی واتای ئاخێو بەستووە و خودی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە (لە سەرچاوەیەکی سادە و ئاساییەوە) دەگۆڕێت بۆ سەرچاوە سەیر و سەمەرەکان. لێرەدا سارتەر بڕیاری سەرەکی شکلۆڤسکی و فۆرمالیستەکان دووپات دەکاتەوە. (ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٦٣). کەواتە نەک هەر فۆرمالیزمەکان، تەنانەت فەیلەسوفێکی بونگەرایی وەک سارتەریش باسی نامۆکردنی کردووە. ئەوەی لەم بابەتەدا بۆ ئێمە گرنگەو تا ئێرە پێی گەیشتین و فۆرمالیزمەکان گرنگییەکی زۆریان پێداوە، بابەتی نامۆکردنە، کە ئێمە بە نامەئلوفکردن ناوی دەبەین .

## ١-٣ چەمک و زاراوەی نامەئلوفکردن

### ١-٣-١چەمکی نامەئلوفکردن

نامەئلوفکردن پەیوەستە بە ناوی ڕەخنەگری فۆرمالیستی ڕووسی (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی)، کە (لە وتارێکدا بە ناونیشانی (هونەر وەکو سەرسوڕمانێک) ئەم چەمکەی دارشتووە و نامەئلوفکردن لەوانەیە لە ئاستی تێگەیشتنی ڕۆژانەدا ڕوویدات، لە زمان یان پێکهاتەی گێڕانەوە) (آحمدی، ١٣٨٤: ٤٧). بەبڕوای ئەو ئامانجی هونەر (گەیاندنی هەستکردنە بە شتەکان بەو جۆرەی هەستیان پێ دەکەین نەک بەو شێوەیەی کە دەیانناسین. پرۆسەی درکاندن لە خۆیدا ئامانجێکی جوانکارییە و دەبێت درێژەی پێ

بدرێت. شکلۆڤسکی هەوڵیدا بیرو ڕاکانی جێبەجێ بکات لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ڕۆمانە دەستنیشانکراوەکانی لۆرانس سترین (تریسرام شاندی) بە جۆرێک لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو ڕێگایانەی باسکرد کە نامەئلوفکردنی ڕووداوەکانی تێیدا ڕوودەدات بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی خاوکردنەوە و درێژکردنەوە و بڕینی ڕووداوەکان) (Abrams,1993, 56).

شکلۆڤسکی لە شیعریشدا لە هەوڵێکدا بۆ پیادەکردنی چەمکی نامەئلوفکردن دەستی کرد بە توێژینەوە و هەوڵیداوە کار لەسەر هەموو لایەنەکان و هەموو مانا ئەدەبییە بێگەردەکانی وەک شێوازی دەنگ و قافیە و کێش بکات و دەنگ تەنها بۆ نواندنی ماناکان نەبێت، بەڵکو وەک توخمێکی مانادار بە شێوازی تایبەت بۆ یەک ئامانجی سەرەکی تەرخانکرد لە دروستکردنی نامەئلوفکردندا. بۆیە پرۆسەی ڕاهاتن ڕەتدەکاتەوە و وای کرد ئەوەی مەئلوفە بگۆڕدرێت بۆ نامەئلوف و بەم شێوەیە توانی بەرهەمێکی شیعری نوێ دروست بکات ببێتە جێگرەوەی ئەو بەرهەمە شیعریەی کە ئێمە پێی ڕاهاتووین. شکلۆڤسکی وای بۆ دەچوو تەکنیکی هونەر ئەوەیەکە شتەکان نامۆ بکات، فۆڕمەکان قورس بکات، سەختی و درێژی هەستکردن زیاد بکات، چونکە پرۆسەی هەستکردن بۆخۆی کۆتاییەکی جوانیناسییە و دەبێت درێژ بکرێتەوە .

لە ڕاستیدا چەمکی نامەئلوفکردن چەندین پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە و مشتومڕی دروستکردووە، بەڵام (سەرپێچی) و (گۆڕانکاری) و (پێچەوانە) بەهێزترینی ئەو زاراوانە و باوترین و بەکارهێنراوترینیان بوون. هەرچەندە هەموویان یەک مانایان هەیە ئەویش: (شکاندنی یاساکان و دوورکەوتنەوەیە لە فۆڕم، یان ساختەکارییە لە لایەن داهێنەرەوە لەسەر زمانی نوسین کە دەربڕینێکی نائاسایی لە جیهانێکی ئاسایی بێت، یان زمانێکە کە شاعیر دروستی دەکات بۆ ئەوەی شتێک بڵێت، کە ناتوانین بە شێوەیەکی تر بیڵێین. جان کۆهین دەڵێت: نامەئلوفکردن مەرجێکی پێش وەختە و پێویستە لە دەقی شیعرییدا و دوورکەوتنەوەیە لە قسەی ئاسایی و بەکارهێنراو)(روابحی،٢٠٢٠: ٢٢٧). هەندێکی تر پێیان وایە، نامەئلوفکردن لە شیعردا هەڵەیەکی بە ئەنقەستە، (نامەئلوفکردن دوورکەوتنەوەیە لە یاساکانی زمان بۆ ئەوەی بە دوای جوانی و شکۆمەندی بگەڕێت ئاماژەیە بۆ موڵکێک لە نێوان خوێنەر و دەقدا، شتەکان ... واتە ئەو ئامرازەی کە سەختی و درێژی تێگەیشتن زیاد دەکات) (هەمان سەرچاوە: ٢٢٧).

وەک دەبینین پێناسەی زۆر و جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمکە کراوە و بۆچوونی زۆر هەیە دەربارەی، وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا زۆربەی پێناسەکان ئاماژە بە شکاندنی یاساکان دەکەن وەک ئەم پێناسەیە، کە دەڵێت: (نامەئلوفکردن دەرچونیکە لە ڕێزمان بۆ گەڕان بە دوای جوانی و سەرنجڕاکێشی دەربڕین، هەروەها ئاماژە بەو تایبەتمەندییە دەکات، کە لە نێوان خوێنەر و دەق و شتەکان دروست دەبێت. واتە ئامرازێکە کە درککردن و درێژەپێدانی دەربڕینەکە قورستر دەکات) (Trelease, 1994 11).

نامەئلوفکردن لە شیعردا زاراوەیەکە بۆ دورخستنەوەی زمانی شیعر لە زمانی چونکە زمانی شیعر زمانی یاسای تایبەتی خۆی هەیە، کە دەربڕینی شیعری چەمکی تێیدا زاڵە. ئەم پێناسەیەش باس لە دەرچوون لە زمان و ڕێزمان دەکات، کەپەخشێنە، لایەنی ئیستاتیکی لە دەربڕیندا، کە مەبەستەکەی دوورخستنەوەی مەئلوفیەتە. (هەمان سەرچاوە: ١١). کۆی سەرجەم پێناسەکان لە شتێکدا یەکدەگرنەوە ئەویش بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە نۆرمی ئاسایی و شکاندنی یاساکان، ئەمەش لە پێناو داهێنانی ئەدەبی و نامۆ و نامەئلوفکردنی کەرەستە شیعرییەکان.

## ١-٣-١-١ مانای زمانەوانی

وشەی نامەئلوفکردن بەرامبەر (وشەی (تغريب)ی عەرەبییە، سەبارەت بە وشەی (تغريب) یش لە (لسان العرب) دا لە بابەتی (غرب)دا هاتووە، کە بە واتای دوورخستەوە دێت، (تەغەروب) یش واتا دووری و (موغەرەب) ئەوەیە، کە بە غەریبی هاتبێت، تەغەروب بە واتای دوورخستنەوە لە نیشتمان دێت، تەغەروب واتا دوورخستنەوە) (ابن منظور، ١٩٩٠: ٦٣٩)، بەڵام لە (پەرتووکی (محيط المحيط) ی (بطرس البستانی )دا دەڵێت: ئەستێرەکە ئاوابوو، تەغروب و غەربەن واتا دورکەوتەوە هە روەها واتا قسەی نامۆ واتا ناڕوون و شاردراوە) (البستانی، ١٩٩٤: ٦٥٤).

لە پەرتووکی (تاج العروس)دا هاتووە غەرب (بریتییە لە دورکەوتنەوە لە خەڵک، وە ئیغراب واتا هاتنی ئێوارە، خەڵکەکە غەرب بوون واتا لە مەغریبدا ڕۆیشتن، وە (اغربوا) واتا هاتنە غەرب) (شودار، ٢٠١٥: ٣٢).

لەلایەکی ترەوە نامائلوفکردن بەرامبەر (زاراوەی (Exotisme) دانراوە بەواتای گەڕان بە دوای ئەوەی کە نامۆیە و نامەئلوفە بە هەستەکان و دابونەریتەکان و بۆ ئەوەی لە

شوێنەوارە ئەدەبییەکاندا دەربب‌ڕدرێت. لە هەمانکاتدا بەشی دووەمی پێناسەکەی بەرامبەر وشەی بیانی (Alinenation) واتا نامۆبوون بە خود و لەدەستدانی جەوهەری مرۆڤبوون، بەواتایەکی تر داماڵینی ناسنامە و خودی مرۆڤبوون) (هەمان سەرچاوە: ٣٢). کەواتە ئەم زاراوەیە ئەم واتا زمانەوانیانەی هەیە لە فەرهەنگە کۆنەکاندا: نامۆبوون؛ دوورخستنەوە؛ ئاوابوون؛ دووری، نامۆیی.

بە شێوەیەکی گشتی نامەئلوفکردن واتای ئەو شتەیە کە نامۆیە و جیاوازە لە ئەوانیتر و نامەئلووفە. یان واتا ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەی کە نامۆن. واتای تازەگەری و دەرچوون لە شتە ئاساییەکان.

## ١-٣-١-٢ واتای زاراوەیی

ئەم زاراوەیەش وەکو زۆربەی زاراوەکانی تر لە رۆژئاواوە سەری هەڵداوە و دواتر گەیشتۆتە رۆژهەڵات و تا بەتەواوی بڵاو بۆتەوە و جێگیر بووە. لەبەر ئەمەش لە کاتی وەرگێرانی زاراوەکە یان باس کردن لێی، زاراوە گەلێک بەرامبەری هاتووە و هەر ڕەخنەگرێک بە جۆرێک وەری گێڕاوە . بۆ نمونە: ئیبراهیم خەتیب لە (کتێبی نظریە الادب)ی تودۆرۆفدا، کاتێک زاراوەکەی وەرگێڕاوە، زاراوەی (الاغراب و الافراد)ی بۆ بەکارهێناوە، کە هاوواتای زاراوەی فەڕەنسی .(singularisation) کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئیبراهیم خەتیب وشەی (الاغراب و الافراد)ی بە واتای (تەغریب) بەکارهێناوە.

لطیف زیتونی لە پەرتووکی (معجم مصطلحات نقد الروایە) هەمان واتای ئیبراهیم خەتیب بۆ زاراوەی تەغریب بەکاردەهێنێت و بەم جۆرە پێناسەی دەکات: (جیاکردنەوەی شت بە هۆی پێدانی وێنەیەکی تازە، و (تاک)کردنەوەی، ئەوەش بەوەدەبێت کە وشەیەکی ناسراو بۆ پێکهاتەیەکی تازە بەکاربهێنرێت، وە پێشکەشکردنی شتێک بە شێوەیەکی نوێ کە لە واتای زانراوی خۆی دەربیکات) (زیتونی، ٢٠٠٢، ٢٤). بەڵام وائیل سەیید عەبدولڕەحیم لە پەرتووکی (تلقی البنوییە فی النقد العربی) دا واتای (تەغریب)ی بەرانبەر(Unfamiliarization) داناوە، کە پێچەوانەی وشەی(familiarization) کە واتای (خووپێوەگرتن و ئولفەتپێوەگرتن)دێت. ئەم واتایەشی لە بۆچوونی (ڤیکتۆر شکلۆفسکی)وەرگرتووە، کە بریتییە لە: داماڵینی ئەو ئولفەتەی کە بە جۆرێکی کرداری

لە نێوان ئێمە و شتەکاندا هەیە، تا بە شێوەیەکی جیاواز هەست بە شتەکان بکەین (شودار، ٢٠١٥: ٣٤).

محمد بوزواوی لە (معجم المصطلحات الادبیە) دا بە واتای (Exotisme) لێکیدەداتەوە، کە بە واتای(الاغرابیە)دێت. (بریتیە لە گەڕان بۆ هەموو نامۆکان و نامەئلوفەکان لە ژیاندا، کە لە ڕێگەی کارە ئەدەبییەکانەوە گوزارشتی لێبکرێت) (بوزواوی، ٢٠٠٣: ٣٣).

لە زمانی فاسیشدا لە بەرامبەر زاراوەی (defamiliarization) ئینگلیزی و (التغریب) ی عەرەبی زاراوەی (اشنایی زدایی ) بەکارهاتووە(مرادی، ١٣٨٩: ٧٠). بە واتای چوونە دەرەوە لە مەئلوف و ئاشنایە، چوونە دەرەوەیەک بەهۆیەوە بۆ خوێنەر و بیسەری ئەو قسەیە سەرسوڕمانێک دروست دەکات.

وەک پێشتریش ئاماژەکان پێکردووە ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا رووسیە و دواتر وەرگێڕدراوە بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و دواتریش زمانی عەرەبی و فارسی و... هتد، ئەمەش وایکردووە لە وەرگێڕاندا جۆرە کێشەیەک دروست بکات بەتایبەتی لە زمانی عەرەبیدا، کە زۆر وشەو دەستەواژەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە.

لە زمانی کوردیشدا ئەم وشەیە لە کاتی وەرگێراندا زیاتر لە زاراوەیەکی بۆ بەکارهاتووە و بە چەند شێوەیەک وەرگێڕدراوە بۆ نمونە. (محمد تاتانی) لە وەرگێرانی کتێبەکەی (بسام قەتوس) (دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ) (نامۆکردن)ی لە بەرانبەر زاراوەی ( التغریب)ی عەرەبی و(defamiliarization) ی ئینگلیزی داناوە (قەتوس، ٢٠١١: ١٠٧). لە لایەکی ترەوە (عەتا قەرەداغی) لە بەرانبەر ئەو زاراوە، زاراوەی( نامەئلوفکردن)ی بەکارهێناوە (وێبستەر، ٢٠١٧: ٨٣)، هەروەها (عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا) لە کتێبی (شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە) لە بەرانبەر زاراوەی (defamiliarization) زاراوەی نائاشناکردن بەکاردەهێنێت (عەبدولا، ٢٠٠٨: ٣٨). بەم جۆرە لە وەرگێڕانی زاراوەکە بۆ زمانی کوردی چەند زاراوەیەکمان بەرچاو دەکەوێت کە باسمان کردن، بەڵام ئێمە زاراوی (نامەئلوفکردن) بەکاردەهێنین، کە لە وشەی (مەئلوف) وەرگیراوە. وشەی (مەئلوف) وشەیەکی عەرەبییەو لە زمانی کوردیدا بەرامبەر ئەم وشەیە سێ وشەمان هەیە:

١ .یەکیان وشەی (باو)ە، کە بە لای ئێمەوە ئەم وشەیە بە تەواوی واتای مەئلوف ناگەیەنێت، چونکە باو بۆ شتێک بەکاردێت، کە ماوەیەک لە کایەکەدایەو وەک مۆدیلی لێ دێت، بەڵام دوای ماوەیەکی دیاریکراو باوی نامێنێت و بەسەر دەچێت.

٢.  ئەویتریان وشەی (ئاشنا)یە، ئەم وشەیەش دیسان بە تەواوی واتای مەئلوف ناگەیەنێت، چونکە ئاشنا لەلایەکەوەو بەپێی هەندێک سیاق بە واتای خزم و ناسیاو دێت، کە ئێمە مەبەستمان ئەمە نییە. لەلایەکی ترەوە بە واتای ئەوە دێت ئەو کەسە یان شتە، کە بە ئاشنا دادەنرێت، نامۆ نییەو پێشتر چەند جار بینراوە. بۆ نمونە مرۆڤ دەڵێت بەو شتە یان بەو کارە ئاشنام، واتا مامەڵەم لەگەڵ کردووەو دەزانم چییەو چۆنە.

٣ .سێهەمیان بە واتای ڕاهاتن دێت. ئێمەش مەبەستمان لە مەئلوف شتێکە مرۆڤ لە منداڵییەوە لەگەڵی و پێی ڕاهاتووە (ئولفەتی پێوە گرتووە)و مەئلوف بووە بەلایەوە، بەڵام شاعیر دێت ئەم شتەی مرۆڤ پێی ڕاهاتووە دەیکات بە شتێکی نامۆ و وەک ئەوەیە مرۆڤەکە یەکەم جاری بێت ببینێت. لێرەشدا ناکرێت وشەی (ڕاهاتوو) و (نا ڕاهاتوو) بەکاربهێنین، چونکە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان دەبوو بە (نا ڕاهاتووکردنی ڕاهاتوو لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا)، کە ئەمەش ناونیشانێکی گونجاو و ئەدەبی نییە. مەبەستی ئێمە ئەوەیە بابەتێک یان شتێک یان دیاردەیەک هەیە، مرۆڤ لەو کاتەوەی چاوی کراوەتەوەو شتەکانی دەوروبەری بینیوە، هەر بەو جۆرە بینیونی و پێیان ڕاهاتووە، واتا ئولفەتی پێوە گرتوون و بوون بە شتێکی مەئلوف لەلای، نەک شتێک ماوەیەک باو بووبێت و نەمابێت یان ئاشنا بێت بەلایەوەو غەریب نەبێت. ئێمەش بۆیە وشەی مەئلوفمان داناوە، چونکە ئەم وشەیە زیاتر مەبەست و واتاکەی ئێمە دەدات بە دەستەوەو ڕاهاتنی مرۆڤە بە شتێک لە منداڵییەوە تا گەورەبوون.

## ١-٤    نامەئلوفکردن  لەزمانی شیعرییدا

وەک پێشتر باسمان کرد، نامەئلوفکردن یەکێکی لەو چەمکانەی فۆرمالیستەکان خستیانە ڕوو و یەکەم جار شکلۆڤسکی لە ساڵی  (١٩١٧) دا بەکاریهێنا. لە دوای ئەویش هەریەکە لە تینیانۆڤ و یاکۆبسن ئەم واتایەیان وەک (بێگانەکردن) ناوبرد. (بە بڕوای (شکلۆڤسکی ) هونەر  تێگەیشتنی هەستیارانەی ئێمە دووبارە ڕێکدەخاتەوە و لەم پێناوەدا ڕێسا ناسراو و پێکهاتە بە ڕواڵەت جێگیرەکانی (واقیع) دەگۆڕێ. هونەر خووەکانمان دەگۆڕێت و هەر شتێکی ئاشنا لەبەرچاومان نامۆ دەکات، واتە نێوان ئێمە و هەموو ئەو شتانەی لەگەڵیان ڕاهاتووین. وەکو: (کار، جلوبەرگ لەبەرکردن، جوانکاری ماڵەوە، هاوسەر و ترس لە شەڕ) (ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٥٩).

تێزەکەی شکلۆڤسکی ئەوەبوو (لە زۆرینەی چالاکیەکاندا پەیبردن دەبێت بە پرۆسیسیکی ئۆتۆماتیکی نەریتی، کە ئێمە زۆربەی کات لێی بێ ئاگاین، یان روانینی ئێمە بۆ شتەکان و پەیوەندی نێوانیان بە هەند وەردەگیرێت. زمانی شیعری دەتوانێت ئەم نامەئلوفکردنە بشێوێنێت و وامان لێبکات بە شێوەیەکی جیاواز و نوێ سەیری شتەکان بکەین، ئەمەش بەهۆی توانای زمانی شیعری یان ئەدەبی بۆ "دروستکردنی نامۆیی" یان بە نامەئلوفکردنی جیهانی مەئلوف ئەنجام دەدرێت) (وێبستەر، ٢٠١٧: ٨٤). بەڕای شکلۆڤسکی هونەر (هەستەکان ڕێک دەخاتەوە و لەم ڕێیەدا ڕێسا ئاشناکان و پێکهاتەکان تێک دەدات، هونەر نەریتەکانمان دەگۆڕێت و هەرشتێکی ئاشنا نائاشنا دەکات) (احمدی، ١٣٨٤: ٤٩). مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا هێندە شتەکان دووبارە دەکاتەوە، کە ئیتر دەوروبەر سەرنجی ئەو بۆ لای خۆیان ڕاناکێشن، بۆ نمونە زۆر جار چوینەتە بازار و گەڕاوین، بەڵام لە ئەنجامی دووبارە بونەوە و راهاتن زۆر شتی دەوروبەرمان نابینین و سەرنجی وای لێ نادەین. لێرەدا ئەدیب هەوڵدەدات ئەم پرۆسەیە وا نیشان بدات و نائاشنای بکات، کە  سەرنجی وەرگر بۆلای ڕاکێشێت چونکی کاتێ (هەستەکان لەسەر شتێک راهاتن ئەوە ئۆتۆماتیک دەبن) (عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٣٩ ). کەواتە لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین مرۆڤ بە گشتی رۆژانە شتەکان و دیاردەکانی دەوروبەری دەبینێت، بەشێوەیەک کە ئیتر بینینیان  چێژ و جوانیەکی تێدا نامێنی بۆی، لێرەدا پێویستە شاعیر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر ئەو شتانە بە شێوەیەکی نائاشنا بەکار بهێنێتەوە تا جوانی بۆ شتەکان بگێڕێتەوە و خوێنەریش بێزار نەبێت لەم ڕووەوە (شکلۆڤسکی باوەری وایە ئەوەی واتا بە هونەر دەبەخشێت، ئەوەیە دەتوانێت ئاشنایی شتەکان نەهێڵێت و نامۆیان بکات، بۆ ئەوەی بەجۆرێکی نوێ و چاوەروان نەکراو ئەو شتانەمان پیشان بداتەوە. ئامانجی هونەر گواستنەوەی هەستکردنە بە شتەکان، نەک بە و شێوەیەی دەیزانین، بەڵکو بەو شێوەیەی دەرکی دەکەین) (قەتوس،٢٠١١: ١٠٧).

مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە لای (فۆرمالیستەکان) بەشێوەیەکی گشتی ئەوە بووە هونەرمەند یان شاعیر لە چەمکە ئاشنا و باوەکان لابدەن و ئەو شتانە نائاشنا و نامۆ بکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زەحمەتی و درێژەدان بە کاتی تێگەیشتنی خوێنەر و وادەکات خوێنەر زیاتر بە دوای واتا  و وشەکاندا بگەڕێت و بیریان لێ بکاتەوە، بەم شێوەیەش چێژی ئەدەبی دروست دەبێت. واتە (نامەئلوفکردن، یەکێکە لە لایەنەکانی زیندووکردنەوەی وشەکان، واتە وشەکان لە نۆرمی ئاسایی ئاخاوتندا مردوون و کارەکتەری تایبەتیان نییە، بەڵام هونەری شاعیر ئەوەیە کە ژیان دەبەخشێت بەو وشە

مردوانه و جگه له دروستکردنی شیعر دەبێته هۆی بەخشینی چێژی ئەدەبی به خوێنەران) (کدکنی، ۱۳۷۳: ٦۳) .

کەواته گرنگی نامەئلوفکردن ئەوەیه، که ئەدەب لەسەر ڕێگا و لەبەردەمی خۆیدا بەربەست دروست دەکات و به پێچەوانەی هەندێک بۆچوونەوه، بابەتەکان ئاسان ناکات و نایخاته بەردەست، (لەبەرئەوەی کاتێک بەربەستێک لەسەر ڕێگادا بێت ڕۆیشتنەکه هێواشتر دەبێتەوه، لەهەر قۆناغێکدا پێویسته بوەستێت و لێرەدایه، که خوێنەر دەگات به تێگەیشتن و ڕوانگەیەکی نوێی دیکه له ژیان) (نفیسی، ۱۳٦۸: ۳۵) ئەمەش واتای ئەوەیه ئەو زمانەی شاعیر بەکاریدەهێنێت، نابێت ئەو زمانه بێت، که ڕۆژانه بەکاردەهێنرێت و هەمان ئەو وێنه ئاشنایانەی پێشتر دووباره بکاتەوه، که له لای خوێنەر سواون و جوانیەکیان تێدا نەماوەتەوه، بەڵکو دەبێت شاعیر شتگەلێک باس بکات، که هەڵوەسته به خوێنەر بکات و ڕای بگرێت و بەئاسانی دەستی به ماناکانی نەگات. هەروەها (پێویسته خوێنەر لەگەڵ جۆرێکی تری زماندا ڕووبەڕوو بکاتەوه، که پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی بێت. هەروەها پێویسته خوڵقێنەری بەرهەمەکه بەجیاکردنەوەی وشەکان له مانای خۆیان و وەلانانی شێوازه ئاساییەکانی زمان، تایبەتمەندیەکی نوێ ببەخشێته وشەکان و له ڕێگای نامەئلوفکردنەوه ڕەوتی جیاوازی و گیانبەخشینی وشەکان دەستەبەربکات)(کدکنی،۱۳۸۵: ٦).

بۆیه دەتوانین بڵێین نامەئلوفکردن هەموو ئەو تەکنیکانەیه، که نووسەر یان شاعیر بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی شتەکان نامۆ بکات، یاخود بۆ دروستکردنی چەمکی نوێ له شێوەی چەمکه جوانەکان. زمانی ئەدەبی کاتێک دروست دەبێت، که شاعیر یان نووسەر به بەکارهێنانی ئەم ڕێبازه، هەستێکی نوێ دروست دەکات و خوێنەریش بەم واتا و چەمکه نوێیانه سەرسام دەبن. یەکێک لەو هۆکارانەی گرنگی نامەئلوفکردن زیاد دەکات، ئەوەیه تەنیا گرنگی نادرێت به بەش یان به شتگەلێک لەدەقەکەدا، بەڵکو بەشی زۆر و جۆراوجۆری دەقەکه لەخۆ دەگرێت بەو پێیەی، که دەق له کۆمەڵێک وشه و ڕستەی جۆراو جۆر پێک دێت و نامەئلوفکردن دەتوانێت له بەشێکی زۆری ئەم وشه و ڕستانەدا بێت. بەشێوەیەکی گشتی به ڕای (شکلۆڤسکی) نامەئلوفکردن هەموو ئەو تەکنیکانەیه، که نووسەر به ئاگایی بەکاریان دەهێنێت بۆ ئەوەی جیهانی دەقەکەی به نامۆیی یان نائاشنایی بۆ خوێنەرەکانی بگوازێتەوه، له جیاتی چەمکه ئاشناکان شێوازی دەربڕینی نامەئلوف و هێما نەناسراوەکان بەکاردەهێنێت. بێگومان ئەمەش تێگەیشتن له دەرهاویشته ماناییەکانی کارەکه قورس دەکات و وا له بابەتەکه دەکات وا دەربکەوێت،

که پێشتر بوونی نەبووبێت. لەم حاڵەتەشدا مەبەست لە دەربرینی جوانکاری ئەوەیە ڕاستەوخۆ ماناکان ڕوون نەبێتەوە، بەڵکو دروستکردنی هەستێکی نوێ و تایبەت و بەهێزە، کە  بە شێوەیەکی خۆڕسک مانا نوێیە نامەئلوفەکان دروستدەکات.

سەلاح فەزل سەبارەت بە نامەئلوفکردن و بە وەرگرتن لە شکلۆفسکی دەڵێت: (ئەو کەسانەی لە کەناری دەریادا دەژین هەر زوو بەدەنگی شەپۆلەکان ڕادێن، تەنانەت وایان لێ دێت نە هەستیان پێ دەکەن و نە دەیانبیستن، هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئێمەش وامان لێ دێت خودی وشەکانمان نابیستین.. سەیری ئەوە دەکەین کە پێی ڕاهاتووین، بەڵام نایبینین... لێرەوە هەستکردنمان بە جیهان لاواز دەبێت، چونکە هەر ئەوەندەمان بەسە کە بیناسین) (فضل، ١٩٩٨: ٥٧)

واتە ڕۆتین و خوو دەبێتە هۆی لە دەستدانی جەوهەری شتەکان و مەودای هەستکردنمان پێیان، بەڵام لە ڕێگەی لادان لە زمان و قاڵبە زمانەوانیەکان دووبارە هەستمان بە شتەکان بۆ دەگەڕێتەوە ، جیاواز لەو شێوەیەی کە خوومان پێوە گرتووە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت نوسەر نامەئلوفکردن وەک کەرەستەیەک لە کەرەستەکانی جوانکاری بەکار دەهێنێت، کە دەربڕین فراوان دەکات و بواری دەربرینی هەست و سۆزەکانی ناخی بۆ دەرەخسێنێت. واتە بە شێوەیەکی نامەئلوف گوازشتیان لێ دەکات بۆ ئەوەی کار لە خوێنەر بکات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا دەتوانین بڵێین  نامەئلوفکردن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕۆشنکردنەوەی وێناکردنی قوڵ، کە فۆرمالیستە ڕووسەکان ویستویانە لە گۆڕەپانی ڕەخنەگرتندا بیچەسپێنن. کەواتە نامەئلوفکردن چەند ئامانجێکی بنەڕەتی هەیە کە بریتین لە :

١- لابردنی ڕێگرییە تەسکەکان کە چواردەوری ئەدەبیان داوە، جا هۆنراوە بێت یان پەخشان، چونکە پێویستە ئەدەب بە شێوەیەکی تایبەتی واقیع بگێڕێتەوە و بە شێوەیەکی بینراو باسی بکات.

٢- فۆرمالیستە ڕووسەکان لە مەسەلەی ڕەخنەدا  گرنگییان بە چەسپاندنی زاراوەی (نامەئلوفکردن)داوە و لەم ڕێگەیەوە کردەی داهێنان ئەنجام دەدەن. ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ خوێندنەوە و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بە لای بەرهەمەکەدا. (شودار،٢٠١٥: ٣٩). واتە نامەئلوفکردن وێنەیەکی تازە بە شتەکان دەبەخشێت و هەر جارێک لە بەرهەمی ئەدەبیدا بەکارهێنرا، کارە ئەدەبییەکە فراوان دەکات. بەم پێیە هەموو جارێک دەبێتە

پێکهاتەیەکی تازە و درەوشانەوە و زیندوویەتی بە کارە ئەدەبیەکە و بابەتەکەی دەبەخشێت.

کەواتە نامەئلوفکردن بەدوای ئەوەوەیە لە خوێنەر و گوێگردا کاریگەری دابنێت و بیگەیەنێت بە تەشقی چێژوەرگرتن. بۆ ئەم مەبەستەش دنیای ئاشنا و ئاسایی زمان تێک دەشکێنێت، بەوجۆرەی کە وشەکان لە واتای مەئلوف و ئاسایی خۆیاندا بە کارنایەن، بەڵکو لە زمانێکدا زیاتر لە زمانی پیوەر و وتار بەکاردەهێنرێن، کە هەمان زمانی شیعرە. لە زمانی شیعردا گۆڕانکاری لە پەیوەندی دال و مەدلولدا روودەدات، واتا لە زمانی مەئلوف دالەکان مەدلولگەلێکی دیاریکراویان هەیە، بەڵام لە زمانی شیعردا دالەکان، مەدلولگەلێکی نوێ پەیدادەکەن و خوێنەر بۆ تێگەیشتن لەم مەدلولە نوێیانە دەکەوێتە زەحمەت و رەوتی تێگەیشتنەکە درێژتر دەبێتەوە و لەم شوێنەدا دۆزینەوەی مەبەست لە دوای کەمێک وەستان، چێژبەخشترە، کەواتە لەلای خوێنەر کاریگەریەکی تایبەت دادەنێت. لە ئاکامدا، نامەئلوفکردن دەبێتە هۆی روانینێکی نوێ بۆ ئەدەبیات، روانینێک کە نەک وەک درێژەدان و دووبارەکردنەوەی رابردوو، بەڵکو بەسەر دۆزینەوەی یاساگەلێکی هونەری نوێ و شکاندنی نەریتەکانەوە دامەزراوە و شێوازێکی نوێی دامەزراندووە و دەیناسێنێت. هەرچەندە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین هەموو چوونەدەرەوەیەک لە مەئلووف نابێتە نامەئلوفکردن، مەگەر ئەوەی کە لایەنی گەیاندنی زمان لە پێش چاو بگیرێت، واتە تەنیا ئەوەی لە زماندا خوازە بهێنینەوە، شیعر بەدی نایەت، بەڵکو دەبێت کاریگەری لەسەر خوێنەر جیبهێڵێت تا چێژی لێ ببینێت.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین فۆڕمالیستەکان، کە داهێنەری چەمکی (ناسیاوی سڕینەوە یاخود نامەئلوفکردن) بوون، پێیان وابوو نامۆیی و سەمەرەیی زمانی شاعیرانە هەر شاعیرێک دەکاتە (بونەوەرێکی تەنیا) و بۆ ئەم مەبەستە شێوازە زمانییەکان زۆر بە کەڵکی شاعیر دێن. فۆڕمالیستە ڕووسەکان هەوڵیاندا ژمارەیەک لەو میکانیزمانە ڕوون بکەنەوە، کە نامەئلوفکردن پێکدەهێنن

١- هاوڕێکی و هاونشینی وشەکان لە شیعردا، کە بنەماکەی ئاواز و مۆسیقای دەنگەکانە کە بە هەر وشەیەک گرنگی و تایبەتمەندی دەبەخشێ، هەر وشەیەک بە وتەی (مالارمێ) دەبێتە (خودی هەقیقەت). شێوازەکانی زمانی شاعیرانە وەکو: (بەکارهێنانی کێش و سەروا، فرەچەشنی سەروا، پێش سەروا،

وردبونەوە لە مۆسیقای دەنگی)، لە ئەنجامدا وشە یان وشەگەلێک لە شیعردا بەرجەستە دەکەن و لە دۆخی واتایی بەکارهێنانی ڕۆژانەی جیادەکەنەوە، تا ببێت بە شتێکی نامۆ، تازە دروست کراو، تەنیا و خاوەنی دەرکەوت و ئەمە سڕینەوەی خوەکانە، ناسیاوی سڕینەوەیە.

٢- خوازەکانی دەربڕینی شاعیرانە (میتافۆڕ و جۆرەکانی خوازە، درکە، لێکچواندن و تێکەڵکردنی هەستەکان و هەستگۆڕکێ.

٣- کورتبێژی و پوخت گۆیی.

٤- بەکارهێنانی وشەی کۆن، کە لە ئێستادا بەکارنایەن.

٥- بەکارهێنانی پێکهاتەی سینتاکسیی نامۆ یان کۆن.

٦- بەکارهێنانی ئاوەڵناو لە جێی ناو.

٧- لێکدانەوە واتاییە نوێیەکان.

٨- دەربڕینی پشت بەستوو بە پارادۆکسە لۆژیکییەکان.

٩- داهێنانی وشەی نوێ ، دروستکردنی وشە لێکدراوە تازەکان. (ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٧٥_٧٦).

ئەمانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا کۆمەڵە خاڵێک بوون، کە فۆرمالیستەکان خستیانە ڕوو تا لە ڕێگەیانەوە شاعیر بتوانێت بە زمانێکی شیعری نامەئلوف و نامۆ بەرهەمەکەی پێشکەش بکات و خۆی بە دوور بگرێت لە دەربڕینی سواو و ئاشنا و ئاسایی. لە بەشی دووەمی ئەم نامەیەدا بە ووردی لەسەر هەندێک لەو خاڵانە دەوەستین و بە نمونەی شیعری زیاتر ڕونیان دەکەینەوە

## ١-٤-١ سروشتی نامەئلوفکردن:

پرسی لادان لەوەی لە بەکارهێنانی زماندا ئاشنایە یاخود بڵێین مەئلوفە، بابەتێکی تایبەت نییە بە بوارێکی دیاریکراو، بەڵکو (پرسێکە هەر لە کۆنەوە چۆتە ناو سەرجەم بوارەکانەوە، بە تایبەتی بواری ئەدەب و لە ئەدەبیشدا شیعر بە ئاستێکی زۆر چونکە باسەکانی پێشینان و تێبینیەکانیان لەسەر بەکارهێنانی زمانەوانی و مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ توخمەکانی زمان، پاڵنەریان بووە بۆ وەستان. رونکردنەوە و لێکدانەوەی هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی سنوری بەکارهێنان و ئەو یاسایانەن، کە پێشتر بەکاریان دەهێنان بۆ حوکمدان لەسەر بنەماکانی شیعر) (ربابعە ، ٢٠٠٠: ١٤٦).

نامەئلوفکردن بە هونەرێکی قسەکردن و رەفتار دادەنرێت، کە بەهایەکی جوانیناسی بە دەقەکە دەبەخشێت، هەروەها (ئاماژەی ئاگادار کردنەوە بە زۆرێک لە نهێنی ڕەوانبێژی دەدات و یەکێکە لە هونەرەکانی پەیوەندی نێوان داهێنەر و وەرگر، چونکە تیشک دەخاتە سەر توانای داهێنەر بۆ بەکارهێنانی وزەی دەربڕین لە زمانەکەدا بۆ گەیاندنی پەیامێک بە وەرگر بە هەموو بەها جوانیەکانیەوە) (ربابعە ، ٢٠٠٠، ١٤٨). بۆیە شێوازەکەی لە شێوازی نمایشی ئاسایی ئاشنا دوور دەکەوێتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی لە ئامانجەکان دەویسترێت و پێکهاتەی ئاسایی ناتوانێت پێشکەشی بکات. (هەندێک لە ڕەخنەگران ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە ئەنجام دەدرێت وەک یەکێک لە گرنگترین دیاردەکان دەبینن، کە شێوازی شیعری پێ جیا دەکرێتەوە لە بابەتەکانی تر، چونکە توخمێکە زمانی شیعری جیا دەکاتەوە و تایبەتمەندی و درەوشاوەیی خۆی پێدەبەخشێت) (هەمان سەرچاوە ،١٤٨). واتە ئەوەی نامەئلوفکردن ئەنجامی دەدات  بریتییە لە دوورخستنەوەی شێواز، لە شێوازێکی ئاسایی و باوەوە بۆ شێوازێکی نائاشنا و بەکارنەهاتوو. بەم جۆرەش بەهایەکی ئیستاتیکی و درەوشاوەی پێدەبەخشێت و دەیکاتە زمانێکی تایبەت، کە جیاوازە لە زمانی ئاسایی. ئەمەش لە ڕێگەی لادان و کاریگەری نامەئلوفکردن لەسەر دەقی شیعری.

دیاردەی نامەئلوفکردن (لە دەقی شیعریدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی توخمە زمانەوانییەکانەوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ زماندا بەکارهێنانێکی نامۆ ئاشکرا دەکەن، وەک چۆن دەقی ئەدەبی دەبێتە دەقێک کە لە ناعەقڵانییەت نزیک دەبێتەوە، بە شێوەی نامۆ و نائاسایی لە یاساکانی زمان لادانێکی بە ئەنقەست سەرچاوەی گرتووە لە پابەند بوونی شاعیر بە پیت نەک بە تەنیا وشەکە، سەرەڕای توانای جێگرتنەوەی لە هەمان کاتدا ڕێساکانی زمانەکەش دەپارێزێت و دژایەتی نێوان دەربڕینی شیعری و ڕێزمانیش ئەگەر شاعیر بەهرەمەند و داهێنەر بێت، و هیچ کەموکوڕییەک لە زمانەکەیدا دروست نابێت) (الحسینی، ٢٠٠٤: ١٩٠). کەواتە ڕێژەی جوانی و قەشەنگی نامەئلوفکردن دەکەوێتە سەر توانا و سەلیقەی شاعیر لە بەکارهێنانی زماندا، بەو واتایەی ئەگەر شاعیر بەهرەمەند و داهێنەربێت نامەئلوفکردن ئەنجام دەدات بەبێ ئەوەی کەموکوڕی لە زماندا دروست بێت.

## ١-٤-٢    جۆرەکانی نامەئلوفکردن

به شێوەیەکی گشتی نامەئلوفکردن دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە و تەواوی جۆرەکانی نامەئلوفکردن لەم دوو جۆرە سەرەکییەدا دەردەکەون. جۆری یەکەم پەیوەندی هەیە بە جەوهەری ماددەی زمانی، کە وەکو (نامەئلوفکردنی جێنشینی) ناوزەند کراوە. جۆری دووەمیش پەیوەندی هەیە بە ڕێکخستنی وشە یان وشەکانی دیکە لە شێوازدا، شێوازێک کە هەندێ کات درێژە و هەندێ کات کورتە و ئەم جۆرە نامەئلوفکردنە پێکهاتەیی یان سینتاکسی پێدەگوترێت.

### ١-٤-٢-١   نامەئلوفکردنی جێنشینی

ئەم جۆرە نامەئلوفکردنە بژاردەی زۆر بە شاعیر دەبەخشێت، تا بگات بە زمانی دڵخوازی خۆی بۆ دەربڕینی ئامانجەکانی. بنەمای ئەم جۆرە نامەئلوفکردنە بە پێی بنەمای خوازە هەڵدەسوڕێت، ئەم شێوازە یەکێکە لە کاریگەرترین شێوازەکانی دەرکەوتن و نامەئلوفکردنی زمان لە شیعردا، کە زۆرێک لە شاعیران سوودیان لێ بینیوە. هەروەها ئەم بابەتە یەکێکە لەو تەکنیکانەی کە کارلێکردنەکەی لەسەر زمان (بەهێزکردن و شێواندن)، یان هەڵگەڕانەوەی زمانی ئاساییە. ئەم چەمکە لە بواری زمانەوانی مۆدێرن و ڕەخنەی زمانەوانییەوە وەرگیراوە و لە زمانی ئینگلیزیەوە پەڕیوەتەوە بۆ رەخنەی ئەدەبی.

لادان لە فۆڕم لە بورای زماننناسیدا (ئاماژە بەهەر جۆرە بەکارهێنانێکی زمانەوانی دەکات، لەوانە کاری مانایی بۆ پێکهاتەی ڕستەیەکە تێیدا ڕێز لە پەیوەندییە ئاساییەکانی جیهان ناگرێت لە رەخنەی زمانەوانیدا) (داد،١٣٩٠: ٥٣٩) . پێویستە ئەوەش بگوترێت هەموو لادانێک لە یاساکانی زمان نۆرم نییە، (چونکە کۆمەڵێک لادان تەنیا دەبێتە هۆی دروستکردنی نا ڕێزمانی و بە داهێنانی هونەری ناژمێردرێت) (صفوی،١٣٩٠: ٥١).

هەروەکو پێشتریش باسمانکرد ئەم جۆرە نامەئلوفکردنە، کە تەوەرەکەی خوازەیە، لە وێوەیە وشەکان لەزمانی ڕۆژانەدا بەجۆرێک بەکاردەهێنرێن، کە وەک وشەی مردوو وان و سەرنجی ئێمە بۆخۆیان ڕاناکێشن، بەجۆرێک کە هەر وشەیەک هەڵگری ئەرکێکی تایبەتە بۆ بەدەستهێنانی واتایەکی تایبەت، بەڵام لە شیعردا جێنشین کردنی وشەیەک لە جێگای وشەیەکی دیکە (خوازە هێنانی وشەیەک لە باتی وشەیەکی دیکە) دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی ئەم وشە مردووانە و خوێنەر تووشی کاردانەوەی

دەروونی و سۆزداری دەکات و کاتێک وشەیەکی لەو جۆرە لە چوارچێوەی دێڕێکدا دادەنرێت دەبێتە هۆی ژیانەوەی تەواوی وشەکانی دیکە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە گرنگیدان بەم بابەتە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی (یاکۆبسن) دەگەڕێتەوە لە ژێر ناونیشانی (جەمسەری خواستن و جەمسەری خوازە).

یاکۆبسن ئەم پرۆسەیە بەسەر خواستن و خوازەدا دابەش دەکات، بەم شێوەیە کە لە ناو شیعریشدا هەروەکو ئاخاوتنی ڕۆژانە ئەم دوو پرۆسەیە دەبینرێت (خواستن و خوازە)، بەڵام (نووسەر بە پێی مەبەستی خۆی گرنگی بە یەکێک لەم دوو پرۆسەیە دەدات. ئەگەر شاعیر مەبەستی هۆنینەوەی شیعری هەبێت ئەوە گرنگی بە لێکچوون دەدات، واتە هەڵبژاردن لەسەر بنەمای لێکچوون ئەنجام دەدات و بەم شێوەیە لە ناو شیعردا گرنگی بە خواستن دەدات، بەڵام ئەگەر مەبەستی بێ هۆنراوە بهۆنێتەوە ئەوە دووبارە بوون لەسەر تەوەری جێنشینی و لە ڕێی ڕۆنانەوە بەهۆی دراوسێیەتی هەڵدەبژێرێت، واتە گرنگی بە خوازە دەدات) (صفوی ،١٣٨٣: ١٠٩).

کۆهین بۆ باسکردنی ئەم جۆرە لە نامەئلوفکردن ئاماژە بە نمونەیەک دەکات لە شیعرێکی (پۆڵ ڤالێری) دا و تێیدا دەڵێت: ((ئەم بەستێنە ئارامەی کە کۆترەکان بەسەریەوە هاتوچۆ دەکەن و لە درێژەدا دەڵێت "بەستێنی ئارام" لە شێوازی قەسیدەدا واتە "دەریا" و مەبەست لە "کۆترەکان " "پاپۆرەکانی " ناو دەریایە ، و ئەگەر لە جێگای بەستێنی ئارام و کۆترەکان ، دەریا و پاپۆڕەکان بهاتنایە ، هیچ جۆرە شاعیریەتێکی تێدا بەدی نەدەکرا. شیعر لە کاتێکدا دەستی پێکرد کە دەریا بوو بە "بەستێن " و " پاپۆرەکان" بە کۆتر)) (کۆهن، ١٩٨٦: ٤٢). کەواتە ئەم بابەتە لەلای کۆهین پەیوەستە بە شکاندنی یاسای زمانەوە، واتە نامەئلوفکردنی زمانی و دەتوانین بەپێی یاسای ڕەوانبێژی و شێواز و جۆری ڕەوانبێژی بیخوێنینەوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، کە جیاوازی بکەین لە نێوان لادانە سواوەکان و لادانە داهێنەرەکاندا، (لادانە داهێنەرەکان ئەو لادانانەن، کە بۆ یەکەم جار ئەنجام دەدەرێن و لە ئۆتۆماتیکی بوونی زمانی ڕۆژانە دووردەکەوێتەوە. ئەو کەسەی ئەم لادانە ئەنجام دەدات شاعیرە، بەڵام لادانی سواو ئەو لادانەیە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زۆری لادانێکی داهێنەرانە هێدی هێدی چووەتە ناو گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵک و بەکارهاتووە) (کدکنی، ١٣٧٨: ٨٩ ). کەواتە لادانە سواوەکە سەرەتا لادانێکی هونەری بووە، بەڵام پاشان چوەتە ناو زمانی ئۆتۆماتیکیی خەڵکەوە و بە فراوانی

بەکارهاتووە، بەو واتایەی هەر شتێک یەکەم جار وتراوە شتێکی نوێ و لادانێکی هونەری بووە، بەڵام پاشان وورردە وورردە سواوە. شیللی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هەموو جۆرە وتەیەک لە سەرەتای دروستبوونی دنیادا (منداڵیی جیهاندا)، جۆرێک لە شیعر بووە)) (کدکنی، ١٣٧٨: ٩٠). کەواتە ئەوە لادانە وا دەکات زمان لەوە دەربچێت بە شێوە ئاساییەکەی بەکاربێت، بەڵکو بەکارهێنانێکی تایبەتی دەبێت و مانایەکی نوێی نائاسایی دەگەیەنێت، نهێنی شیعریش ئا لەمەدایە.

خاسیەتی شیعری لە (دەربڕینی ئەو جیهانەدایە، کە زمانی ئاسایی بەرامبەری دەستەپاچە دەوەستێت و ناتوانێ دەری ببڕێت، زمان سنوردارە، بەڵام جیهان سنووری نییە و ناشتوانین بە سنوردارێک بێ سنورێک دەربببڕین، کەواتە دەبێت روو بکەینە ئەو هۆیانەی لە ڕێگەیانەوە بەسەر ئەو سنوردارییەدا زاڵ دەبین. ئەو هۆیانەش بە شێوەیەکی دیاریکراو خاسیەتی شیعری یان زمانەکەیە، کە کۆنەکان ناویان نابوو زمانی خوازە) ( ادونیس، ١٩٨٦: ٢٩٧) لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە (شیعر رەهەندێکی تر دەداتە زمان، چونکە لە کاتێکدا وشە و دەربڕینەکان لە مانا بنچینەییەکەی خۆیان دەردەچن، کە مانا فەرهەنگییەکەیە، ئەمە مانای ئەوەیە لەو چوارچێوە ئاساییە دەردەچن، کە خەڵک لەسەری ڕێککەوتوون و بەشێوەیەکی رەمەکی بەکاری دەهێنن و رەهەندێکی تر وەردەگرێت بەوەی، کە مانا و دەلالەتی نوێیان دەداتێ بۆ ئەوەی ناوێکی نوێ لە شتەکان بنێت و مانایەکی نوێ دەربببڕێت. شاعیر بۆ دەربرینی ئەو مانا نوێیە، تاکە ڕێگایەک کە لەبەردەمی واڵا بێت بۆ ئەو داهێنانە ئەوەیە، یان لە ڕێگەی لادان لە زمانە ئاساییەکە، یاخود داهێنانی مانایەکی نوێ وە یاخود یاریکردن بە وشەکان) ( سابیر، ٢٠٠٦: ٢٨٦-٢٨٧). ئەمەش مانای ئەوەیە شاعیر چەند لە مانا فەرهەنگی و ئاساییەکان دووربکەوێتەوە و بە شێوەیەکی نائاسایی و نا مەئلوف شتەکان بخاتە ڕوو، ئەوەندە توانا و دەسەڵاتە شیعرییەکەی دەردەکەوێت.

## ١-٤-٢-٢ نامەئلوفکردنی پێکهاتەیی

توخمەکانی زمان، پەیڕەوی بنەمای زمانن و شیاو لەگەڵ (یاساکانی جێنشینی زمان) لە پاڵ یەکدا دادەنرێن، کە لەم بابەتە وەک (تەوەری پێکهاتەی زمان) ناودەبرێن. ئەم جۆرە نامەئلوفکردنە لە پێکدادانی پێکهاتەی ئاسایی زمانی پێوەر دروست دەبێت. دەزانین کە پێکهاتەی دەقی ئەدەبی بە شێوازێکی گشتی و دەقی شیعری بە تایبەت لەگەڵ پێکهاتەی قسەیەکی ئاسایی یان دەقێکی زانستیدا جیاوازە، لە کاتێکدا وشەکانی

قسەیەکی ئاسایی یان دەقێکی زانستی تاک بێت، یان لە پێکهاتەی رستەدا بەکارهاتبێت، بە نزیکیی لە بوونی بایەخێکی جوانیناسی خاڵین،(دەقی ئەدەبی یان پێکهاتەی ئەدەبی دەتوانێت لەهەر پەیوەندییەک لە پەیوەندییەکانی، بایەخ یان بایەخە جوانیناسیەکانی لە خۆیدا بێت. خوڵقێنەری ڕاستەقینە کەسێکە کە بتوانێت توانای خوڵقاندنی زمانێکی جوانیناسانەی هەبێت، بە جۆرێک کە لە چوارچێوەی ئاشنا و مەئلوفەوە تێپەڕ ببێت و ڕێگا لە پێشبینی خوێنەر بگرێت و لە چاوەڕوانی هەمیشەیی پێکهاتەیەکی نوێدا بهێڵێتەوە)(هفتادر، نامداری، ٧٥).

کەوایە دوو جۆر پێکهاتە بوونی هەیە، کە خوڵقێنەری بەرهەم دەتوانێت کەم و زیاد بکات، (ئاستی پێکهاتەیی وشەکان لە رستە و ئاستی پێکهاتەی رستەکان لە دەقدا و نامەئلوفکردن لە هەردوو جۆردا بەکاردێت)(ویس، ١٤١٦: ١٠٩). ئەم جۆرە نامەئلوفکردنە پێش و دوای ئەوە، وشەکان گیانێکی نوێ بەبەردا ئەکەن و دەتوانین ئەم نامەئلوفکردنە وەک نامەئلوفکردنی سینتاکسی ناوببەین.

### ١-٤-٣ پێوەرەکانی نامەئلوفکردن

دانانی پێوەر بۆ بابەتێک، کە گرنگترین پێناسەی چونەدەرەوەیە لە پێوەر، ئاسان نییە. کەواتە چۆن دەتوانرێت ئەم بابەتە چارەسەر بێت؟ چارەسەری ئەم بابەتە پەیوەستە بە پێناسەی ئێمە بۆ پێوەر، لەبەرئەوەی کە مەبەست لە پێوەر لێرەدا "ناسینە " نەک واتای بابەتی و بوونی لە زەیینی خەڵکدا. (کەوایە ئەو پرسیارە دروستە ئەگەر بپرسین کە نامەئلوفکردن چۆن دەزانرێت؟ و ئایا پێوەرێکی بەناوبانگی هەیە ؟ و ئەم پێوەرە تا چ ئاستێکی هەیە و چۆن پێی دەزانرێت؟ ئەگەر وتەی شێوازناسەکان لەمەڕ نامەئلوفکردنەوە (کە گرنگترین تایبەتمەندی شێوازە) دروست بێت، کێشەی کارەکە لەوەدایە کە ئەوان لە بارەی پێوەری نامەئلوفکردنەوە نەگەیشتوون بە ڕایەکی یەکدەست)(نامداری و احمدی،١٣٩٢: ٧٧). لە ڕاستیدا دیاریکردنی ئەم پێوەرە لەبەرئەوەی کە پێوەر بە پێناسەی (مۆرۆ/ Moro) (واتایەکی سرکە و پەیکەرەیەکی خاوەن عەقڵە، کە ناتوانرێت لە واقیعیەتدا ڕوانینێکی دەقیقی بۆ بکرێت. ڕەنگە کێشەکەش بگەڕێتەوە بۆ خودی نامەئلوفکردن کە واتایەکی دژوار و بگۆڕە) (کابانس، ١٩٨٢: ١٠٩).

بەم پێیە نامەئلوفکردن خاوەنی پێوەرێکی تایبەت نییە و کۆمەڵێک هۆکار لە دیاریکردنی نامەئلوفدا ڕۆڵ دەگێڕن و بەشدارن.

هەروەها (تینیانۆف (نامەئلوفکردن) دەبەستێتەوە بە شێوازەوە، وەک ئەوەی (شکلۆڤسکی) بەستبویەوە بە (چنین) وە، لە کاتێکدا (یاکوبسن) ئەم تێگەیشتنەی پەیوەست کردبوو بە (زاراوە) وە و جێبەجێکردن و شوێن گۆڕکێیان. ئەمەش لە سنوری خوێندنەوەی بۆ هۆنراوەی هۆزانوانە داهاتووخوازەکان) (شودار، ٢٠١٥: ٣٧).

ڕەوانبێژەکانی نوێ لەسەر ئەو باوەڕەن شیاو نییە کە ڕوانگەی ئێمە لە دیاریکردنی نامەئلوفدا زمانی ڕۆژانە بێت، (کێشەیەک کە لە زمانی باو و ئەمڕۆییدا بوونی هەیە ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین زمانی ئەمڕۆیی بناسین، بەڵام ناسینی ئێمە لە زمانی باوی قۆناغەکانی دیکە بابەتێکی دژوارە و ئاشنایی ئێمە لەگەڵ ئەم بابەتەدا کەمە بۆیە پێوەرکردنی وەها ناسینێک بۆ نامەئلوفکردنی زمانی شیعری دروست نییە و ئەوەی کە هەڵسەنگاندنی نامەئلووفکردنی کۆن لەگەڵ زمانی ئەمڕۆیی، چ بە شێوازی نووسراو یان وتار دروست نییە، لەبەرئەوەی کە زمان– هەر زمانێک– بەیەک جۆر نامێنێتەوە، بەڵکو هەمیشە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ڕەنگە ئەم بۆچونەش لە زمانەکانی دیکەیشدا هاوتەریبییەکی زیاتری هەبێت) (نامداری و احمدی، ١٣٩٢: ٧٨). بۆیە ئەو شتەی کە پێشتر بە نامەئلوفکردن دەهاتە ئەژمار، ئێستا بە نامەئلوفکردن نایەتە ئەژمار، پێچەوانەی ئەم بابەتەش دروستە.

باوەڕبوون بە زمانی ئاسایی لە قۆناغێکدا وەکو پێوەری نامەئلوفکردن دەبێتە هۆی ئەوەی نامەئلوفکردن بە پرسێکی کاتی بزانین، کە تایبەتە بە قۆناغێکی سنوردارەوە و لە بایەخی نامەئلوفکردن کەم دەکاتەوە، (لەبەرئەوەی نامەئلوفکردنی بنەڕەتی ئەوەیە، کە ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە. سەقامگیریو زمان دەبنە هۆی دروستبوونی نامەئلوفکردن و جۆرەکانی و پێچەوانەی بابەتەکەش دروستە، واتە هەرکاتێک یاسای زمان لاواز بێت، تواناکانی نامەئلوفکردنیش کەم و شاراوە دەبن. بابەتەکە وێڕای هەستیار بوون، بەڵام سادە نییە، لەبەرئەوەی ئەدەبیات بە پێچەوانەی هونەرەکانی دیکە ئامرازی تایبەتی خۆی نییە و شێوەکان تێکەڵ بە یەکدی دەبن و بابەتگەلێکی جوانی بەینا و بەین لەم بەستێنەدا هەیە)(هەمان سەرچاوە: ٧٨). واتە بە پێی ئەم بۆچوونە ناکرێت نامەئلوفکردن وەکو پرسێکی کاتی بزانین و وەک داهێنانی سەردەمێکی دیاری کراوی ببینین. سەرەرای ئەوەش هەتا زمان بەهێز بێت و سەقامگیر بێت، ئەوا نامەئلوفکردن بەهێزتر دەبێت و زیاتر دەردەکەوێت و بە پێچەوانەوەش بێ هێزی و ناسەقامگیری زمان دەبێتە هۆی بێهێزی نامەئلوفکردن.

نەعیم ئەلیافی لەمەڕ گەڵاڵەکردنی ئەم پرسیارە کە نامەئلوفکردن چییە؟ دەڵێت: ((نامەئلوفکردن بریتییە لە چوونە دەرەوەی دەربڕین لە کارکردی ئاسایی و باوی ناسێندراوە و کاتێک دەڵێین چوونەدەرەوە، بە ناچاری دەبێت خاڵێکی سفر هەبێت، کە نامەئلوفکردن لەوێوە دەست پێ بکات. بە واتایەکی دیکە دەبێت پێوەر و یاسایەک هەبێت کە لێی دوور کەوێتەوە یان لێی بچێتە دەرەوە)) (الیافی، ١٩٩٥: ٥). زمان دەتوانێت پێوەرێک بێت بۆ نامەئلوفکردن بەمەرجی ئەوەی دوو بابەت لە پێش چاو بگرین :

١- جووڵەی پێوەر، جیاوازی و گەشە و پەرەسەندنی واتایی لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی دیکە و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.

٢- جووڵەی شێوەی زمانی و گۆڕانیان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.

بەدانانی ئەم دوو بابەتە لەپاڵ یەکدیدا (دەتوانین بانگەوازی ئەوە بکەین، کە واتای نامەئلوفکردن چەمکێکی گۆڕاوە و باشترین هۆکار بۆ ئەمەش لەدەستدانی ڕووخسارە مەجازییەکانە بەهۆی دووبارەبوونەوە و گۆڕانکاری لە واتایەکی ناڕاستەوخۆوە بۆ واتایەکی ڕاستەوخۆ، واتە واتای ئەدەبی و ناڕەهەند (چەند ڕەهەندی) دەبێتە مانایەکی زانستی و یەک ڕەهەندی. کەواتە بە لەبەچاوگرتنی پێوەری نامەئلوفکردن، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە نامەئلوفکردن و دوورکەوتنەوە لە نۆرم مەرجێکی پێویستە بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێکی شیعری) (هەمان سەرچاوە: ٥). کۆهن لەو بڕوایەدایە دووربوون لە پێوەر، لە تایبەتمەندییەکانی شیعرە و بەهۆی ئەم نامەئلوفکردنەوەیە، کە شیعری کلاسیک و نوێ لەپاڵ یەکدا کۆدەبنەوە. واتە بەبۆچوونی کۆهن دوورکەوتنەوە لە زمانی نۆرم و لادان لێی پێوەرە بۆ نامەئلوفکردن.

## ١-٤-٤ ئاستەکانی نامەئلوفکردن

زۆربەی بابەتەکانی ڕەوانبێژی لەسەر بنەمای لادان دروستبون بە مانا فراوانەکەی، بۆنمونە وەرگرتن و مەجاز و نامەئلوفکردن جۆرێکن لە لادان، چونکە بۆ ئەوە دروستبون کە وێنەی ڕاستەقینەی بابەتەکان بگۆڕن و ئەو مانایەی پێببەخشن کە بۆی دیاری کراوە، لێرەوە واقیعی ئەو چێژەی کە لە ئەنجامی دەربڕینی ئەو وێنەیەوە دێتە ئاراوە، یەکێکە لەو ئەگەرانەی کەنامەئلوفکردن دروستی دەکات.

نامەئلوفکردن (گرنگە بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستە چەقبەستووەکان و باشتربوونی بەراوردکردن کە دەبێتە هۆی پیشاندانی  گرنگی وێنە لە دەقە ئەدەبیەکاندا و ئەو بەهایانەی کە ئاماژەن بۆ میکانیزمی خەیاڵ کە چاوپۆشی لە بەربەستە ئاساییەکان دەکات، و یارمەتی نووسەر دەدات، کاتێک دەیەوێت لەشێوازە زمانەوانییە چەقبەستووەکان بێتە دەرەوە، و سنووری زمانەوانییە چەقبەستووەکان تێپەڕێنێت، ئەو عەقڵانیەتە کە بانگەشەی دەکات لە ڕێگەی شیکارییەکی بێهەڵوێست و سادەکراوەوە بۆ پێکهاتەکانی میتافۆر، لێکچواندن  و .... سەرهەڵدەدات) (العدوس، ٢٠٠٧: ٦٥).

هەروەها گۆڕانکاری (پەیوەست بە زنجیرە هێڵی کۆنتێکستی نیشانە زمانەوانییەکان هەیە، کاتێک لە یاساکانی ڕەچاوکردن و پێکهاتن دێنە دەرەوە، وەک جیاوازی لە پێکهاتەی وشەکان و  گۆڕانکاری لە  پێشخستن  و دواکەوتنی وشەکان، کە بەگشتی پێیان دەوترێت "ڕێگەپێدراوەکانی شیعر"، بەو پێیەی شیعر شوێنی لادان لە فۆرم، ڕەنگی داهێنان و... داهێنان زاڵە بەسەریدا و دەرکەوتەکانی لادان لە شیعردا زۆرن، لادانێک لە پرۆسەی دەربڕیندا بەگشتی هەیە و گۆڕانکاری لە کێش و سەروادا هەیە) (عید ، ١٩٧٩: ٤٢).

بە پشت بەستن بەو شتانەی باس کران، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سێ ئاستی سەرەکی نامەئلوفکردن هەیە:

ئاستی یەکەم: ئەو نامەئلوفکردنەی  پەیوەندی بە جەوهەری مادەی زمانەوانییەوە هەیە، کە کۆهین ناوی لێناوە "نامەئلوفکردنی  گۆڕاو"

ئاستی دووەم: ئەو نامەئلوفکردنەیە، کە پەیوەندی بە گۆڕانی پێکهاتەی وشەکانەوە هەیە لەگەڵ وشەکانی دیکە لەو چوارچێوەیەی تێیدا ئاماژەیان پێکراوە، کە پێی دەوترێت "گۆڕینی سینتاکس"

ئاستی سێیەم: بریتیە لە نامەئلوفکردن بە  دوورکەوتنەوەی شاعیر لە یاسا شیعرییەکانی پەیوەست بە کێش و سەروا و ڕیتم بەگشتی. لێرەدا شاعیر  شتێکمان پێشکەش دەکات، کە پێی دەوترێت "گۆڕینی دەنگی یان ڕیتمی "(العدوس، ٢٠٠٧: ٦٩).

بێجگە لەم سێ ئاستە، زۆرێک لە توێژەران باسیان لە چەندین ئاستی دیکە لە نامەئلوفکردن کردوە بە جۆرێک ئاستەکانیان گەیاندووەتە پانزە ئاست، بەڵام بڵاوترین ئاستەکان تەنها ئەم سێ ئاستەن کە زۆرێک لە توێژەران باسیان لێوەکردوون.

## ١-٤-٥ ئەرکەکانی نامەئلوفکردن

### ١-٤-٥-١ ئەرکی زمانەوانیی

بۆچوونەکان بە نزیکەیی کۆکن لەسەر ئەوەی نامەئلوفکردن پێکهاتەیەکی کارایە، گرنگییەکی تایبەتی بە زمان دەدات و واتای وشەیی بیرتەسک نامە ئلوف دەکات و تێیدەپەڕێنێت و سیستەمی زمانی نەریتی دەشکێنێت، بۆ دامەزراندنی پەیوەندی نوێ لە نێوان وشەکان و هاوتاکانیان لەسەر بنەمای ئامرازەکانی گۆڕانکاری و گرنگی نامەئلوفکردن لە دروستکردنی ئەگەرێکی زمانەوانی نوێدا نیشان دەدات، (کە بەریەک بکەوێت لەگەڵ ئەوەی لەسەر سەلیقە وروژێنراوە و ئەوەی لە زانستە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا جێگیر بووە. ڕەنگە نوێ و سەیرەکەش، کە لە دیاردەی نامەئلوفکردندا ڕەنگ دەداتەوە جگە لە چەسپاندنی شیعر هیچی تر نییە و لە ڕێگەی واتا شاراوە و بارگاوییەکەیەوە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر دەروونی وەرگر دەبێت) (المسدی ،١٩٨٩: ٥١).

نابێت وەک دەستکەوتی شیعری سەیری نامەئلوفکردن بکەین، بەڵکو لە ڕاستیدا بەرهەمی داهێنەرانەی بەکارهێنەری ماددە زمانەوانییە بەردەستەکانە و بەکارهێنانی زیرەکانەی ئەو واتا شاراوانەیە، کە لە زمانەکەدا هەن. (نامەئلوفکردن ڕەنگە ئیختیاری بێت کاتێک دروستکەر پەنای بۆ هێنانەدی ئەو مەبەست و واتا هونەری و ئیستاتیکییانەی کە ئامانجیەتی وەک وروژاندنی دەروونی، وەستانی دەروونی، ڕاکێشانی سەرنج، جەختکردنەوە، یان ئامانجەکانی دیکە، کە نووسەر بەدوایاندا دەگەڕێت، یان لەوانەیە نامەئلوفکردن بۆ پاراستنی سەروا یان کێش پێویست بێت. هەروەکو ئەوەی شاعیر لە کاتی پاراستنی هاوسەنگیی شیعریدا دەیکات بە گرتنەبەری ڕێگەگەلێک، کە تیایدا شاعیر دەتوانێت ئەوە ئەنجام بدات، کە بۆ کەسانی ئاسایی ڕێکەپێدراو نییە)(الخرشە، ٢٠٠٨: ٥٠). یەکێک لە پاڵنەرە دروستکەرەکان بۆ

نامەئلوفکردن بریتییە لە خواستی دروستکردنی وێنەیەکی هونەری جیاواز، کە وەک هاندەری ئاماژەکەر کاردەکات و سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت.

### ١-٤-٥-٢ ئەرکی جوانیناسی

ڕەهەندی جوانیناسی یەکێکە لەو ئامانجە گرنگانەی، کە نووسەر لە کاتی پەنابردنە بەر نامەئلوفکردندا هەوڵی بەدیهێنانی دەدات. بۆیە کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، کە هەوڵدان بۆ هەستکردن بە ستایل، وەک لادانێک لەو پێوەرەی لە دەرەوەی دەقەکەدا دۆزراوەتەوە و وەک لادانێک، کە نووسەر مەبەستی بووە، ڕۆڵێکی گرنگە هەیە. بەم پێیە، جوانیناسییەکی لانی کەم لە یەکەم بینیندا قبوڵکراو بێت پێویستە. زۆربەی توێژینەوە ڕەخنەییەکان چاوپۆشی لە بەهای جوانیناسی و ئەدەبی نامەئلوفکردن دەکەن، چونکە (ڕەخنەگران تێڕوانینیان بۆ بەهاکانی نامەئلوفکردن جیاوازە، تۆرن زیادەڕەوی لە بەهای نامەئلوفی جوانیناسی دەکات و داوای ئەوە دەکات کە نامەئلوفکردنەکە پێکهاتەی ڕووکەش تێپەڕێنێت بۆ پێکهاتە قووڵەکان، بۆ نمونە لە خوازەی (خەمباریی قەڵەمەکان)دا، خەم و پەژارە دەگەڕێتەوە بۆ شتێکی ناعەقڵانی و ئەم نامەئلوفکردنە نهێنی شیعرە، لە کاتێکدا ڕەخنەگرانی دیکە لە وەرگرتنی نامەئلوفکردن وەک پێوەرێک بۆ کوالیتی ڕزگاریان دەبێت. ئامانجی ڕووداوی ئەدەبی تێپەڕاندنی ڕاپۆرتئامێزییە بۆ وروژاندن و میتۆدی ئەدەبی تیۆری ڕەخنەیی لەم شوێنەدا دێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو تایبەتمەندییە زمانەوانیانەی کە تێیدا دەسوڕێتەوە) (المسدی، ١٩٨٩: ٦١). بەم پێیە دەکرێت بوترێت نامەئلوفکردن، توخمێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی تێگەیشتنی جوانیناسیی ئەدەبدا.

### ١-٤-٥-٣ ئەرکی کاردانەوەیی (سەرسوڕمان)

یەکێک لە ئامانجەکانی نامەئلوفکردن بریتییە لە ڕاکێشانی سەرنج، یان سەرسامکردنی خوێنەر بە شتێکی نوێ، و (دڵنیابوون لەوەی کە بێزاری دزە ناکاتە ناودەقەکە و گەڕاندنەوە بۆنامەئلوفکردن، ئەو ئەرکە سەرەکییەی کە زۆرێک لە توێژینەوە شێوازگەرییەکان پەیوەستیانکردوە بە نامەئلوفکردنەوە ئەرکی سەرسوڕمانە) (موسی ،٢٠٠٠: ٧١).

ئاشکرایە کە  چەمکی سەرسوڕمان لە بنەڕەتدا بەستراوەتەوە بە وەرگرەوە، کە ستایلی قوتابخانە ڕەخنەگرەکانی دیکە گرنگییەکی تایبەتیان پێداوە، تەنانەت هێناویانەتە ناو بازنەی داهێنانەوە، بە جۆرێک کە لە سەردەمەکانی پێشوودا بونی نەبووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی  زۆربەی ڕەوتە رەخنییە مۆدێرنەکان درکیان بە ڕادەی کاریگەریی سەرسوڕمان کردووە، (بۆیە سەرنجیان لەسەر ئەو توخمانە دەبێت کە ئەم سەرسوڕمانە دروست دەکەن، و ویستویانە لە چەمکی نامەئلوفکردندا سەرچاوەیەکیان بۆ ئەو توخمانە دۆزیبێتەوە، بەم پێیە ڕادەی داهێنان بەو ڕادەیە دەپێورێت کە ئایا ئەم داهێنانە تا چەند کاریگەری و سەرسورمان  بەدەست دەهێنێت کە زۆرجار لە هێنانە ناوەوەی ئەو توخمانەوە سەرهەڵدەدات کە چاوەڕوان ناکرێت تێکەڵ بکرێن لە دەقی شیعری ئاساییدا) (ویس، ٢٠٠٥: ٥٦ ). بەم پێیە یەکێک لە پاڵنەرە دروستکەرەکانی نامەئلوفکردن ئەوەیە کە  وێنەیەکی هونەری جیاواز دروست بکەن کە وەک هاندەری مانادار کاردەکات کە سەرنجی وەرگرەکان ڕادەکێشێت  کەواتە یەکێک لە پاڵنەرەکانی دروستکردنی نامەئلوفکردن لە پێناوی ئەوەدایە شاعیر یان نووسەر وێنەی هونەری نامەئلوف و نامۆ دروست بکات تا خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی بابەتەکەدا بێزار نەبێت و سەرنجی ڕابکێشێت.

## ١-٥     نامەئلوفکردن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

وەک ئاشکرایە شیعر لە دوو لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆک پێک دێت، هەردوو لایەن تەواوکەری یەکترن و وەکو یەک گرنگن بۆ شیعر و بە هەردووکیان شیعرەکە تەواو دەکەن و ئاستی شیعرەکە دیاری دەکەن. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە ڕەنگە هەر قۆناغێکی ئەدەبی پێویستی بە جۆرە ناوەڕۆکێک بێت، چونکە وەک ئاشکرایە ئەدەب ڕەنگدانەی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوایەتی و .....هتد، کۆمەڵگەیە. شاعیریش وەک کەسێکی ئەو کۆمەڵگەیە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەدەبەکەیەوە گوزارشت لەو باردۆخانەی کۆمەڵگە بکات.

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ناوەڕۆکی ئەدەب ڕەنگە بە پێی قۆناغە جیاوازەکان ئەویش جیاواز بێت و بە پێی پێویستی قۆناغەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت. واتە ژیان لە هەر قۆناغێکدا پێویستی بە ناوەڕۆکێکە کە گوزارشت لەو سەردەم و بارودۆخ و ژیانە بکات. ئەگەر ئەدەبی کوردی بە نمونە وەربگرین لە قۆناغە ئەدەبییە جیاوازەکاندا

ئەوا جیاوازی زۆریش لە ناوەڕۆکە شیعرییەکەدا بەدی دەکرێت. بۆنمونە لە قۆناغی کلاسیکی شیعری کوردیدا ناوەرۆکیی شیعر زیاتر بریتی بوو لە (ئایینی، دڵداری، ستایش و پیا هەڵدان، سۆفیگەری، سروشتی و نیشتمانی بە ڕێژەیەکی کەم)، واتە ئەمانە بەشی زۆری ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردییان پێکهێنابوو. بێگومان چەندین هۆکار پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ئەدەب بەو جۆرە بێت و لە دەوری ئەو بابەتانەدا بسوڕێتەوە. لەو سەردەمەدا ئەدەب لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا بووە شاعیرانی کورد زیاتر شوێنپێی شاعیرانی فارس و عەرەبییان هەڵدەگرت و لاسایی ئەوانیان دەکردەوە، بۆیە دەبینن ناوەڕۆکە شیعرییەکان هەمان ئەو ناوەڕۆکە شیعرییەی شاعیرانی فارس و عەرەب بوون.

هۆکارێکی تر بریتی بوو لەوەی شاعیرانی کورد زیاتر دەرچووی حوجرە و مزگەوتەکان بوون و لە کۆتایشدا دەبوونە مەلا و لە خزمەتی ئایینی ئیسلامدا بوون و زیاتر هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی ئەدەبەوە خزمەتی ئایینی ئیسلام بکەن. بۆیە ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بریتی بوو لە ئایینی و سۆفیگەری و ستایش و پیا هەڵدان بە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و تەنانەت خەلیفەکانی راشیدینیش.

ئەگەر سەیری قۆناغی دواتری ئەدەبی کوردی بکەین، کە بریتییە لە قۆناغی رۆمانسیزمی کوردی، ئەوا جیاوازی زۆر لە ناوەڕۆکی شیعری هەردوو قۆناغەکە بەدی دەکەین. کە ئەمەش بێ هۆکار نییە و هۆکارگەلێکی زۆری لە پشتەوەیە. یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتیە لە جەنگی یەکەمی جیهانی، کە بە دوای خۆیدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری دێنێتە ئاراوە و ڕاستەوخۆ لە ئەدەبدا ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەرییەکانی دەبنە هەوێنی ناوەڕۆکی شیعری کوردیی ئەو سەردەمە. بۆنمونە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و کردنەوەی قوتابخانە و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە زمانی کوردی ئەم بابەتانە دەبنە وێردی سەر زمانی شاعیران و هەوێنی شیعرەکانیان، هەروەها زیندووکردنەوەی جەژنی نەورۆز و شیعر نوسین دەربارەی ئەو جەژنە نەتەوەییە، کە ئەم شتانە لە قۆناغی پێشتردا زۆر کەم یاخود هەر بەرچاو نەکەوتوون و بۆ قۆناغی کلاسیک شتی نا ئاشناو نامۆبوون، چونکە ئەو کەرەستە و بابەتانەی لە سەردەمی کلاسیک هەبوون زۆر جیاواز بووە لەم قۆناغە تازەیە.

وەک چۆن قۆناغی کلاسیک و نوێ لە رووی ناوەڕۆکەوە جیاواز بوون بێگومان قۆناغی هاوچەرخیش جیاواز بووە لە قۆناغی نوێ و کۆمەڵێک بابەتی نوێ و ناوەڕۆکێکی جیاواز هاتۆتە پێشەوە. ئەمەش دیسان بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری و ناوەکی و دەرەکی لە ساڵانی حەفتاکان بەدواوە هاتۆتە پێشەوە، کە بوونەتە ناوەرۆکی شیعری هاوچەرخی کورد. یەکێکیش لەو هۆکارانە ئەو تەوژمە رۆشنبیرییە بووە، کە لە ئەوروپاوە سەری هەڵداوە و لە رێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە کاریگەریی لەسەر شاعیرانی کورد داناوە و هەندێک جاریش شاعیران بۆ ماوەیەک لە وڵاتانی ئەوروپا نیشتەجێ بوون و شارەزای زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتانە بوون:

هۆکارێکی تر ئەو بارودۆخە سیاسیە بووە، کە لە ساڵانی حەفتاکان و ساڵانی دواتردا لە کوردستان هەبووە، ئەویش ستەم و زۆرداری حوکمی ئەو کاتی عێراق بووە بەرانبەر بە کورد تاوای لێهاتووە شاعیران تەنها لە رێگەی ڕەمز و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بتوانن پەیامەکانیان بگەیەنن، تا خۆیان لە دەستی ستەمی بەعس و لێدان و زیندانی و کوشتن دەرباز بکەن. ئەمەش وایکردووە شاعیران بەشێوەیەکی گشتی لەم قۆناغەدا زۆر گرنگی بە ڕوخساری شیعر نەدەن و زیاتر بایەخ بە ناوەڕۆک بدەن، تا لە رێگەی شیعرەوە خەڵک هۆشیار بکەنەوە و مەسەلەی نەتەوایەتی و نیشتمانی لە ناخ و دڵی تاکی کورددا بچێنن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبینین شاعیران بە شێوەی ڕەمز و هێما ئاماژەیان بۆ قارەمان و پاڵەوانی میللەتانی تر کردووە و لە بنەڕەتیشدا مەبەستیان قارەمانان و پاڵەوانانی کورد بووە. هەروەها بابەتێکی تر، کە لەو سەردەمەدا بوەتە ناوەڕۆکێکی نوێ لە لای شاعیران، بابەتی (یاخیبوون) بووە لە هەموو روویەکەوە و شاعیران بەتەواوی هانی مرۆڤیان داوە، کە ئازاد بن و لە هەموو کۆت و بەند و یاسایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و ... هتد یاخی ببن. ئەمانەش بە تەواوی بابەتی نوێ بوون لە ئەدەبی کوردییدا و شاعیران بە چڕی ئیشیان لەسەر ئەمە دەکرد.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بە ووردی لەسەری بدوێین (نامەئلوفکردنی ناوەڕۆکە). لە راستییدا ئەو قۆناغە ئەدەبیانەی لە پێشتردا باسمان کردن هەریەکەیان کاریگەری لەسەر قۆناغی دوای خۆی هەبووە، نەک تەنها قۆناغی دوای خۆی ڕەنگە کاریگەری لەسەر چەندین قۆناغی تری دوای خۆی هەبێت. بۆیە ڕەنگە تا ئێستاش شاعیرمان هەبێت کە لەم سەردەمەدا دەژی کاریگەری (نالی) لەسەر بێت، واتە ناتوانین بڵێین هەموو ئەو شتانەی ئێستا دەوترێت بابەتی تازەن و پێشتر نەگوتراون، بەڵام دەکرێت لەسەردەمێکدا لەناو کۆمەڵێک شاعیردا، شاعیرێک جیاواز لەوان شیعر بنوسێت و ئەو

بابەتانەی، کە شاعیرانی تر بە لایدا ناچن و باسی ناکەن، شاعیرێک بێت و ئیش لەسەر ئەوانە بکات، وەک ئەوەی (تەڵعەت تاهیر) لە ئێستادا پەیڕەوی دەکات. ئەویش بریتییە لەو بابەتانەی، کە خەڵک ڕۆژانە بەرچاوی دەکەوێت و تەنانەت بەرکەوتنیشی هەیە لەگەڵیاندا و شتگەلێکی زۆر ئاشنا و ئاسایین سەبارەت بە ژیانی خەڵک، بەڵام شاعیر دێت و ئەم بابەتانە بە شێوەیەک نیشان دەدات، کە خەڵک وا هەست ئەکات یەکەم جارە بیان بینێت یاخود هەرگیز نەیبینیون، چونکە بەتەواوی نائاشنا و نامۆی دەکات لای خەڵک. بێگومان بۆ ئەمانەش ژیان و گوزەرانی ڕابردوو و ئێستای شاعیر ڕۆڵی هەیە لە بابەتەکەدا، (چونکە هەندێک جار شاعیران لەو واقیعەی تێیدا دەژین دەست دەکەن بە دروستکردنی دروستکراوەکانیان لەو ڕووداوە مێژویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی کە دووچاری دەبنەوە، بەڵام ئەم ڕووداو و ڕاستییانە ڕاستەوخۆ ناگوازرێنەوە بۆ ناو شیعرەکانیان، بەڵکو لە پرۆسەی دروستبوونی شیعریدا شێوەی وێنە دوورەکان دەگرنەبەر بۆ ئەوەی لە سروشتی وشەیی خۆیەوە بگۆڕێت بۆ سروشتی نیشاندەری و لە مانایەکەوە بۆ مانایەکی فرەیی) (ڕوابحی، ٢٠٢٠: ٢٣١).

نمونەش بۆ ئەوەی لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا (بریتییە لە: بەکارهێنانی ئەفسانە یان هێما، شاعیر مەبەستیەتی پێشێلکردنی ئەو هۆشیارییە باوەی، کە لە خۆبەزلزانینی کۆمەڵگاوە سەریهەڵداوە،. بگۆڕێت بۆ دامەزراندنی دروستکردنێکی جوانیناسی بە بەکارهێنانی بابەتی پرسیار کراو (ئەفسانە یان هێما)، کە دیدگایەکی نوێ دروست دەکات شایستەیە بە سەردەمی هاوچەرخی ئێستا) (هەمان سەرچاوە: ٢٣١). واتە وەک لەپێشتریشدا ئاماژەمان بۆ کرد بارودۆخی (سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونی) کاریگەری تەواو لەسەر شاعیر دروست دەکەن و تەنانەت لە هەڵبژاردنی بابەتی شیعری و دانانی ناوەڕۆکی شیعرەکەیدا ئاراستەی دەکەن. بۆنمونە ئەو کاتانەی میللەتی کورد ژێر دەستەی داگیرکەر بووە، ئەدەبەکەشی ئەدەبێکی بەرگری بووە و پڕ لە هەستی نەتەوایەتی و هۆشیاری بووە، بەڵام کاتێک ئەو بارودۆخە تەواوە بووە و کورد ئازاد بووە، ئەو جۆرە ناوەڕۆیکەش لەگەڵ تەواوبوونی قۆناغەکەدا گۆڕاوە و ناوەڕۆکێکی نوێ هاتۆتە پێشەوە. واتە دەبینین لەو قۆناغەدا بارودۆخە سیاسییەکە بە تەواوی شوێنپەنجەی بەسەر بیر و هۆشی شاعیرەوە جێ هێشتووە و کاریگەری لەسەر داناوە.

هەر لەو جۆرە باردۆخانەدا دەبینین دەروونی شاعیر دەشێوێت و ڕەنگە ناوەڕۆکی شیعر پڕبێت لە ڕەشبینی و شەڕانگێزی، چونکە دواجار شاعیریش تاکێکە لە کۆمەڵگاو

هەمان ئەو کێشە و گرفتانەی هەیە، کە ڕووبەڕووی هەر تاکێکی ئاسایی دەبنەوە. ئەمەش وا لە شاعیر دەکات بارە دەروونییە شێواوەکەی بە تەواوی لە دەقەکەیدا ڕەنگبداتەوە و ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی گوزارشت لە دەروونی خۆی بکات. تەنانەت زۆرجاریش نەک تەنها داگیرکەر، بەڵکو شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆش ئەو هەستە بۆ شاعیر دروست دەکات و بەرهەمەکانی بەتەواوی ڕەنگدانەوەی ئەو باردۆخە دەبێت.

ئەوەی لێرەدا بە ووردی مەبەستمانە نامەئلوفکردنی ناوەڕۆکی شیعرەکانی (تەڵعەت تاهیر)ە، واتە چۆن لە پێشدا ئاماژەمان بە چەند جۆرێک داوە لە نامەئلوفکردن لە ڕووی زمانی شیعرییەوە، لێرەشدا ئاماژە بە نامەئلوفکردن دەدەین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە .

لە ئەدەبی کوردی و عەرەبی و فارسی و زۆربەی ئەدەبی وڵاتانی دنیادا ناوەرۆک و بابەتی شیعری چەند جۆرێکە و لەوانە تێناپەڕێت، بۆ نمونە بابەتی (دڵداری، ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی، سروشت، چینایەتی، فێمێنیزم و ....هتد). بەڵام ئەوەی ناوەڕۆکەکە دەگۆڕێت و بە شێوەیەکی جیاواز پیشانی دەدات زۆربەی کات توانا و دەسەڵاتی شاعیرەکەیە، یاخود ژینگە و بارودۆخ و سەردەمەکەیە. ئەمەش وایکردووە ئەدەبی هەر سەردەمێک خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی بێت.

لە ڕوانگەی ئەوەی کە پێشتر باسمانکرد لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر دەڕوانین و ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەویش لەو بابەتانە بەدەر نین، بەڵام ئەوەی کە جیای دەکاتەوە ئەوەیە، کە بە شێوازێکی جیاواز و تایبەت دەقە شیعرەکانی داڕشتووە و نامەئلوفی و نامۆییەکی بەخشیوە بە دەقە شیعرییەکانی، لەمەشدا بە شێوەیەکی گشتی ڕووداو و شتە ئاسایی و مەئلوفەکانی  ژیان وەرگرتووە و  بەرگێکی نامەئلوفی بەبەردا کردووە. واتە شتگەلێکی لە بابەتی دڵداری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ... وەرگرتووە، کە هەموو ڕۆژێک دەیان بینین و هیچ سەرسام بوون و سەرنجڕاکێشانی تێدا نییە بۆ ئێمە، بەڵام شاعیر هاتووە و شێوەیەکی نامەئلوفی پێ بەخشیون. تەنانەت هەندێک بابەتی کۆمەڵایەتی وەک  (هەژاری) تێکەڵ کردووە بە بابەتێکی دڵداری و وا لە خوێنەر دەکات، کە هەرچەندە هەژاری دیاردەیەکی خەمهێنەر و ناخۆشە، بەڵام شاعیر بەبۆنەی بابەتە دڵداریەکەوە شێوازێکی جوان و نامەئلوفیشی بەخشیوەتە هەژاری. وەک ئەم نمونە:

که دەزانم لەم شارە نییت

وەک ئەو منداڵانەی پێڵاو بۆیاخ دەکەن

سەر بۆ بینینی

کەس هەڵنابڕم (تاهیر، ٢٠٢١: ٢١٢)

زۆرجار خەیاڵ فراوانی شاعیر وا لە شتەکان دەکات، کە شێوازێکی جیاوازیان دەداتێ و نامەئلوفیان دەکات، ئەمەش زۆرجار شاعیر باسی هەمان دیاردەکانی واقیع دەکات، بەڵام بەشێوازێکی هونەری بەرز. لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە چەمکی خەیاڵکردن  زۆربەی کات خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات و دوور دەکەوێتەوە لە شتە ئاسایی و واقیعی و مەئلوفەکان، بە جۆرێکیش لە جۆرەکان یەک دەگرێتەوە یان زۆر نزیک دەبێتەوە لە چەمکی نامەئلوفکردن. (شکلۆڤسکی)یش دەڵێت: (لە راستیدا شاعیر وێنەیەک یان خەیاڵێک دروست ناکات، بەڵکو لەبەردەمیدا دەیدۆزێتەوە و لە زمانە ئاساییەکەی هەڵدەهێنجێت، چونکە نامەئلوفکردنیش هەر هەمان کار دەکات و بابەتەکان لە واقیع وەردەگرێت و بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی کە هەیە نیشانی دەدات) (فضل، ١٩٩٨: ٥٦). واتە شکلۆڤسکی باسی نزیکی خەیاڵ و نامەئلوفکردن دەکات لەو ڕووەوەی، کە هەردووکیان دیاردەکانی ناو واقیع وەردەگرن و بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی لە واقیعدا هەیە دایدەڕێژنەوە و باسی دەکەن. جیاوازییەکەش ئەوەیە شتەکانی واقیع ئاشکراو دیار و ڕونن، بەڵام هەریەکە لەواقیع و نامەئلوفکردن ئەو شتە دیار و ئاشکرا و مەئلوفانە دەکەنە شت گەلێک، کە ڕوونی و مەئلوفییان لێ وەردەگرنەوە و وا نیشانی خوێنەری دەدەن وەک ئەوەی یەکەمجار بێت بیبینێ.

ئەم گوتەیەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە فۆرمالیستەکان چەمکی خەیاڵیان وەرگرتووە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، (چونکە خەیاڵ شتە ئاساییەکان دەگۆڕێت بۆ شتی نامۆ بە پۆشاکێکی ترەوە. کە ئەمەش هەست پێدەکەین لەلای سەرکردەکانی (ڕێرەوی سریانی فەرەنسی) وەک (جان کوتو) کە (سلاح فضل) لە پەرتوکی (نضریە ابنائیە فی النقد الادبی) هاوشێوەیە لەگەڵ ئەم چەمکە_ چەمکی دوورکەوتنەوە لە مەئلوف_ کە قوتابخانەی فۆرمالیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن) (شودار، ٢٠١٥: ٤١). و لەم بارەیەوە دەڵێن:

((لە ناکاو هەروەکو بروسکە بە خێرایی سەگێک یان ئۆتۆمبیلێک یان خانوویەک بۆ جاری یەکەم دەبینین، وێنەکانی لە لامان ناچەسپێن، هەرچەند کاتێک تۆزێک یاری لەگەڵ سەگەکە بکەین، یان_ سەر ئۆتۆمبێلەکە بکەوین_ یان لە خانوەکەدا نیشتەجێ بین وامان لێدێت ئیتر نەیان بینین. هۆنراوەش هەمان ڕۆڵ دەبینێت، چونکە پەردە

لەسەر شتەکان لادەبات بۆمان بۆ هەر واتایەک لە وشەکانی، شتە سەرسورهێنەرەکانمان نیشان دەدات کە دەورەیان داوین، کەواتە بۆ بەدەستهێنانی شتە (مەئلوفەکان) پێویستە پاکی بکەینەوە، بیسرینەوە، بیگەرێنینەوە بۆ جوانترین شێوازی، ئیتر دەبێتە مایەی سەرسورمانمان بە تازەیی و جوانییەکەی و هێزە مەزنەکەی، ئەمەش کاری هۆزانوانە رەسەنەکانە )) (شودار، ٢٠١٥: ٤٢-٤٣). ئەوەی ئێمەش مەبەستمانە لە نامەئلوفکردنی ناوەڕۆک لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا ئاماژەکردنە بەم شتانە، چونکە کۆمەڵێک کەرەستە کە رۆژانە بەرچاومان دەکەوێت و دەیانبینین تەواو ئاسایی بوتەنەتەوە لەبەرچاومان، بەڵام کاتێک لە شیعرەکانی تەڵعەت بەرچاو دەکەون زۆر جیاوازن لەوەی لە واقیعدا هەیە، هەرچەندە زۆربەی بابەتەکانی نزیک لە ژیانی رۆژانە و واقیعن، بەڵام بەشێوازێکی هونەری خراونەتەڕوو، بۆنموونە ئەگەر سەیری بابەتی شیعرەکانی بکەین دەیان دیاردەی وەکو: (منداڵی بویاخچی، پیاوێک لە بازاڕدا کاردەکات، گەنجێک لەسەرشەقام شت دەفرۆشێت، کچێک لە ترافیکەکانی سەر شەقام سواڵ دەکات، گەنجێک لەسەر عارەبانە فەلافل دەفرۆشێت ...هتد شاعیر هاتووە هەموو ئەو دیاردانەی ناو واقیعی وەرگرتووە و کردوویەتی بە کەرەستەی شیعری و بە شێوەیەکی نامەئلوف پێشکەشی کردونەتەوە، ئەمەش بەوە دەبێت کە ڕەنگە زۆرجار پێویست بەوە بکات شاعیر لایەنی عەقڵ و مەنتق فەرامۆش بکات لە پێناو داهێنانی هونەری. کەواتە نامەئلوفکردن شتگەلێک بە شتانێکی دیکەوە پەیوەست دەکاتەوە، کە رەنگە لە ڕووی عەقڵ و ئاوەزەوە یەکنەگرێتەوە، بەڵام لەڕووی بۆچوونی هونەری و شیعریەوە رەنگە جوانییەکی تایبەت ببەخشێت بە بەرهەمەکە. هەربۆیە شکلۆفسکی پێی وایە هونەر هەستێکی تایبەتمان پێ دەبەخشێت و هەر شتێکی ئاشنامان بۆ نامۆ دەکات، هەموو شتێک لە سەروەری فشارێکی ئۆتۆماتیکی ئازاد دەکات کە لە تێگەیشتنی هەستەوەری ئێمە لەدایک بووە. (احمدی، ١٣٧٠: ٤٧). ئەمەش لە پێناو ئەوەی ئەگەر شاعیر هەموو بابەتەکان بەشێوەیەکی واقیعی و عەقڵانی باس بکات و ئاماژەیان پێبدات، ئەوا نابێتە شیعر و بەڵکو زیاتر وەک وتارێکی زانستی دەردەکەوێت، بۆیە شاعیر زۆرجار لە پێناوی بەرزی لایەنی هونەری و ئیستاتیکای دەقەکەدا شتانێک بە شتانێکی ترەوە پەیوەست دەکاتەوە کە لە ڕووی عەقڵ و ئاوەزەوە یەکنەگرێتەوە، بەڵام ئەم شتانە جوانییەکی زۆر بە دەقەکە و چێژێکی زۆریش بە خوێنەر دەبەخشێت.

## بەشی دووەم

٢-١ نامەئلوفکردن لە زمانی شیعریی تەڵعەت تاهیردا
٢-١-١ زمانی شیعریی
٢-٢نامەئلوفکردنی واتایی
٢-٢-١ لێکچواندن
٢-٢-٢ خواستن
٢-٢-٣ پارادۆکس
٢-٢-٤ بەگیانەوەرکردن
٢-٢-٥ درکە
٢-٣ نامەئلوفکردن لە ئاستی وشەدا
٢-٣-١ بەکارهێنانی وشەی پەراوێزخراو (کۆنگەرایی، فەرامۆشکراو)
٢-٣-٢ کرتاندن (لابردن، سووککردن)
٢-٣-٣ بەکارهێنانی وشەی شێوەزاری تر
٢-٣-٤ بەکارهێنانی وشەی بێگانە
٢-٤ نامەئلوفکردن لە ئاستی ڕستەسازییدا
٢-٤-١ کرتاندن
٢-٤-١-١ کرتاندنی بکەر
٢-٤-١-٢ کرتاندنی کار
٢-٤-١-٣ کرتاندنی ئامراز
٢-٤-١-٤ کرتاندنی جێناوی سەربەخۆ
٢-٤-٢ پاش و پێشخستن
٢-٤-٢-١ پاش و پێشخستنی ناو و ئاوەڵناو (صفت و موصوف)
٢-٤-٢-٢ پاش و پێشخستنی جێناوی لکاو
٢-٤-٣ بەلوتکەکردن
٢-٤-٣-١ پێشخستنی کار
٢-٤-٣-٢ پێشخستنی ئاوەڵکار

## ٢- ١ نامەئلوفكردن لە زمانی شیعریی تەڵعەت تاهیردا

### ٢ -١-١ زمانی شیعری

زمان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە و بۆ گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگەدا بەكاردەهێنرێت، (كە بە هۆیەوە تاكەكان بیروڕاكانیان دەگۆڕنەوە و هەر لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندییەكانیان ڕێكدەخەن، چونكە بێ زمان بەكارهێنان هاریكاری و هەرەوەزی كە بەردی بناغەی كۆمەڵە پێك نایەت، دیسان بێ بوونی زمان شارستانیەتی بەردەوام نابێت، چونكە زمان تاكە رێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی كەلتور و زانیاری لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر) (فتاح ،١٩٩٠: ٣).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكەین هەرزمانەوانێك لە روانگەی خۆیەوە پێناسەی بۆ زمانی شیعر كردووە و لە روانگەی بیروبۆچوون و دنیابینی خۆیەوە لە بابەتەكە دواوە. هەر بۆیە دەبینین زۆر لە كۆنەوە چەندین پێناسەی جیاواز بۆ زمان كراوە، واتە هەر لە سەردەمی یۆنانیەكانەوە رای جیاواز لەسەر ئەم بابەتە هەبووە، بۆ نمونە ئەفلاتون دەڵێت: ((شاعیر بەهۆی وشە و ڕستەكانیەوە، رەنگی گونجاو دەداتە هەر هونەرێك بێ ئەوەی لە سروشتی ئەو هونەرە بگات، تەنیا ئەوەندە نەبێت كە تایبەتە بە لاسایكردنەوەكەی و كار لە جۆرە كەسانێكیش دەكات كە وەكو خۆی نەزانن ...)) (قادر، ٢٠١٢: ٨). هەروەها (ئەرستۆ) پێی وایە (گەورەترین خاسیەتی چاكی زمانی شیعری ئەوەیە كە ڕوون و ئاشكرا بێ، بێ ئەوەی سواو بێ، زمانی شیعری ئەو كاتە ڕوون و ئاشكرا دەبێ كە لە وشەی ڕۆژانە دروست بێ، لە لایەكی ترەوە ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەكاربێت بەرزی و شكۆمەندی تێدایە و لە سەرووی زمانی ڕۆژانەوەیە) ( ئەرستۆ، ٢٠٠٤: ٨٣). واتە ئەرستۆ دوو جۆرە زمان دیاری دەكات: ئەوانیش زمانی ئاخاوتنی رۆژانە و زمانی شیعرییە و هەر یەكە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوازی بەكارهێنانەی، كە شاعیر لەناو سیاقی رستەكاندا رێكی دەخات و هەوڵدەدات واتایەكی قوڵ و شێوازێكی هونەری جوان ببەخشێتە وشەكانی ناو شیعرەكەی.

لەلایەكی ترەوە تۆماس شكلۆڤسكی، كە یەكێك بووە لە فۆڕمالیستە رووسەكان، پێی وایە (لەناو زمانی رۆژانەدا وشەكان مردوون و سەرنج راكێش نین، بەڵام لە شیعردا زیندوون و سەرنج راكێشن و وشەكانی دەوروبەریشیان زیندوو دەكەنەوە ) (كدكنی، ١٣٨٤: ٥)

له لایەکی ترەوە هەر دەربارەی زمانی شیعر و زمانی رۆژانە چەندین بۆچونی جیاواز هەیە و هەریەکە و لە روانگەی بیروبۆچونەکانی خۆیەوە دەڕوانێتە بابەتەکە و لەم بارەیەوە چۆمسکی پێی وایە (زمان کەرەستەی سەرەتایی شیعرە، بەکارهێنانی زمان لە نوسینی زانستی و ژیانی رۆژانەدا تەنیا بۆ گەیاندنی بیرە، بەڵام لە (شیعردا) یان لە (ئەدەب) دا زمان دەگوڕێت بۆ رەمز، چونکە زمانی شیعری ئامڕازێک نییە بۆ بەجێهێنانی شتێک، بەڵکو خۆی لە خۆیدا ئامانجێکە، فۆرمالیستەکانیش هەر بە هەمان شێوە دەڕواننە زمانی شیعری، کە سیستەمێکی زمانییە و رۆڵی گەیاندن تێیدا کەم دەبێتەوە و بنیاتی زمانی بەهای سەربەخۆ بەدەست دەهێنێت)(حسین، ٢٠٠٨: ٩٠).

گومانی تێدا نییە لە چەندین رووەوە زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی جیاوازە و (شیعر ئەو شتانە دەردەخات کە لە نێو زمانی ئاساییدا شاردراونەتەوە، لێرەوە شیعر قودرەتی ناولێنان دەردەخات، شیعر ناولێنانێکی بنەڕەتی بونەوەر و جەوهەری گشت شتەکانە، شیعر وا لە زمان دەکات ئەو زمانە بە دەربرینە جۆراوجۆرەکانییەوە هەمیشە زمانێکی مومکین بێت، ئەمە دەسەڵاتی ناولێنان و سەلماندنی زمانی شیعرییە) (ئەسوەد، ٢٠٠١: ٥٦).

کەواتە: (زمانی شیعر زمانێکی پاراو و رازاوە و پڕ لە جوانکاری و ئیستاتیکایە، جیاوازە لە زمانی ئاسایی، چونکە زمانی شیعر جگە لەوەی هۆی گەیاندنە (کە ئەرکی سەرەکی زمانی ئاساییە) لە هەمان کاتدا ئامانجیشە کە لایەنە جوانکاری و ئیستاتیکیەکانیەتی، هەروەها شیعر جگە لە واتای فەرهەنگی واتای تر دەداتە وشەکانی ناو شیعر بەپێی جیهانبینی شاعیر کەئەمەش دەبێتە جیهانێکی ئیستاتیکی تایبەت بە شاعیر و گەیاندنی چێژ و خۆشی بە هەوادارانی شیعرەکە). (مستەفا ، ٢٠٠٩: ٨٨).

وەک لە سەرەتای ئەم لێکۆلینەوەیەدا باسمانکردووە بۆ ئەوەی شاعیر زمانێکی بەهێز و کاریگەری هەبێت و خوێنەر بێزار نەبێت لە زمانەکەی و بە تامەزرۆییەوە هەوڵی خوێندنەوەی بدات، پێویستە زمانێکی نا مەئلوف و نامۆ بەکاربهێنێ، کە جیاواز بێت لەو زمانەی رۆژانە قسەی پێدەکرێت و پێی دەدوێین. رادەی ئەو نامەئلوفیەش هەرچەندە زیاتر بێت، ئەوا توانا و دەسەڵاتی شاعیر پیشان دەدات. واتە شاعیر لە رێگای داوی زمانەوە خوێنەر فریوبدات و بیباتە ناو دنیایەکی دەستکرد و مەجازی خۆیەوە، دنیایەک دوور لە واقیع و دنیایەکی بەتەواوی دەستکردی شاعیر و پڕ لە گەمەی زمانی و

ئیستاتیکا. بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر پێویستە بە تەواوی لەو زمانە باوەی  ڕۆژانە لابدات و تێکی بشکێنێ.

لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بە پرۆسەیەک دەکەین، کە فۆرمالیستەکان هێنایانە ئاراوە. ئەویش پرۆسەی (زەقکردنەوە)یە، کە نامەئلوفکردنی زمانیش لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە ئەنجام دەدرێت. زەقکردنەوە، بەکاربردنی ڕەگەزەکانی زمانە بەشێوەیەک، کە جۆرێک لە شێوەی دەربرین بکەوێتە ناوەندی سەرنجەوە و لە هەمان کاتدا نائاسایی بنوێنێ. مۆکارۆڤسکی پێی وایە زمانی شیعر خاوەن ئەوپەڕی تایبەتمەندی زەقکردنەوەیە، بە بڕوای مۆکارۆڤسکی (زەقکردنەوە واتە لادان لە پێوەرە باو و ئاساییەکانی زمان، لادان لەو یاسا و ڕێسا زمانیانەی کە تۆزی عادەتییان لەسەر نیشتووە و بەکاربردن و نەبردنیان سەرنجێکی ئەوتۆ ڕاناکێشێ) (یەعقوبی، ٢٠٠٨: ١٤٥).

زەقکردنەوە (بەرجەستەکردن و خستنەڕووی ئەو لایەنانەی زمانە، کە تا ئێستا هەلی خۆنواندیان بۆ نەڕەخساوە و بە نەزانراوی و نەبینراوی ماونەتەوە. بە وتەیەکی تر، زەقکردنەوە روبەڕووبونەوەیە لەگەڵ زمان بە شێوەیەکی داهێنەرانەی ناباو، شێوەیەک کە دواجار خوێنەر رووبەڕووی دنیایەکی تازەی دەنگ و دەلالەت دەکاتەوە کە جیایە لەو دەنگ و دەلالەتە سواوانەی کە لەسەر دەستی زمانی باو لە شیعری کزی ناخولقێنەرانە و وتوێژی ڕۆژانەی خەڵکدا بە لێشاو دەبیسترێ و دەبینرێ) (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٨: ١٤٥).

نامەئلوفکردن لە دەقدا بریتییە (لەو هونەرانەی، کە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زەقکردنەوەدا پەیوەندییان هەیە. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا فۆڕمالیستەکان بۆ زمان دوو رەوتی خودکار و زەقکردنەوە لەبەرچاو دەگرن. زەقکردنەوە بەکاربردنی توخمگەلی زمانییە بەشێوازی ناباو و بەجۆرێک، کە سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی رابکێشێت. ئەوان ئەم رەوتە بە هۆکاری بەدیهێنەری زمانی ئەدەب دەزانن) (صفوی، ١٣٩٠: ٣٩). لە ڕاستیدا نامەئلوفکردن برییتییە (لە هونەر و ئەو سەرنجڕاکێشییانەی، کە زمانی شیعر بۆ بەردەنگەکان بێگانە دەکات و لەگەڵ عادەتە زمانییەکان دژایەتی دەکات) (مقدم،  ١٣٧٧: ١٠٧) . لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە  نامەئلوفکردنی زمانی لە ڕێگەی زەقکردنەوەوە دەبێت، ئەویش پێکهاتووە لە هەردوو پرۆسەی (لادان) و (ڕێسا زیادکردن). بۆیە لەم بەشەدا باسی ئەم دوو پرۆسە و جۆرەکانیان دەکەین لە شیعرەکانی (تەڵعەت تاهیر)دا:

## ٢-٢ نامەئلوفکردنی واتایی

ئاستی واتا یەکێکە لەو ئاستانەی ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی دەقی شیعریدا، ئەمەش لە ڕێگەی لادانە واتاییەکانەوە لە کاتی خوڵقاندنی شیعردا، لە ڕێگەی چەند هونەرێکەوە خۆی دەنوێنێت. بەو پێیەی لە زماندا بەشی واتا بەرینترین بەشە، جۆراوجۆرترین لادانەکان لە نۆرم لەم بەشەدا ڕوودەدەن. (لە لادان لە نۆرمی واتاییدا شاعیر کارێکی بەسەر چوارچێوەی ئاسایی وشە یان ڕستەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ هەمان وشەگەلی ئاسایی بابەتێک دەڵێت، کە واتاکەی لەگەڵ ڕەسم و عادەتی نۆرمدا جیاوازە)(مقدم، ١٣٧٧: ٧٢). کەواتە نامەئلوفکردنی واتایی بریتییە لە ڕەچاونەکردنی یاسای واتایی بەسەر کوالێتی هاونشینی وشەکانی زمانی پێوەردا، هەروەها جوانکارییە ئەدەبیەکانی وەکو: لێکچواندن، خوازە، بەکەسکردن، پارادۆکس و جوانکارییە ئەدەبیەکانی دیکەش لە چوارچێوەی نامەئلوفکردنی واتاییدا پێناسە کراون. (بەهۆی ئەوەی بەشی مانا بە ناسکترین ئاستی زمان ئەژمار دەکرێت، بۆیە چاوەڕواندەکرێت لە زەقکردنەوەی ئەدەبیدا ئاستی واتایی لەناو ئاستەکانی زمان زیاتر لە هەموو ئاستەکانی تر بەکاربهێنرێت)(شمیسا، ١٣٨١: ٢٨٥). سەبارەت بە زمانی شیعریی تەڵعەت تاهیر، وەک ئاشکرایە شاعیر زمانێکی زۆر سادە و ئاسان بەکاردەهێنێت و دەتوانین بڵێین خاوەن ڕێچکە و ڕێبازێکی تایبەت بە خۆیەتی و جیاوازە لەو شاعیرانەی پێش خۆی شیعریان نوسیوە و ئەوانەشی هاوسەردەمی خۆین. ئەوەی جێگەی سەرنج و تێرامانە، ئەوەیە تەلعەت تاهیر بەو زمانە سادە و ئاسانە هەمیشە هەوێنی نائاشنایەتی دەکاتە ناو شتە ئاشناکانەوە و لەم ڕێگەیەشەوە شتی نوێ و سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکات، واتە شتەکانمان وا پێشکەش دەکات، وەک ئەوەیە پێشتر شتی وامان بەرچاو نەکەوتبێ. هەر ئەمەشە سیحری نامەئلوفکردن، کە ناچار بە تێرامان و وەستانمان دەکات. لێرەش بەدواوە جۆرەکانی نامەئلوفکردنی واتایی باس دەکەین، لە شیعرەکانی تەڵعەتدا کە ئەمانەی خوارەوەن:

### ٢-٢-١ لێکچواندن

لێکچواندن یەکێکە لەو هونەرانەی هەر لەکۆنەوە شاعیران سوودیان لێ بینیووە و بۆ مەبەستی جوانکاری و چێژ بەخشین بە گوێگر. کەواتە لێکچواندن (بریتییە لە چواندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە، لەبەر هەبوونی سیفەتێک یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شتدا. ئەمەش بە زیاتر لە شێوازێک پێشکەش دەکرێت، هەیانە

راستەوخۆ و بەبێ بەکارهێنانی ئەوزار و رووی لێکچوون، هەشیانە بە سوود وەرگرتن لە ئەوزار و رووی لێکچوون، جا لە هەردووکیان، یان لە یەکیان) (عبدالله، ٢٠١٢: ٦٢). لێکچواندن (بە سادەترین جۆرەکانی وێنەی رەوانبێژی دادەنرێت ئەمەش زۆری بەکارهێنانی دەگەیەنێت لە کۆن و نوێدا، ئەویش ئەو جۆرە وێنە کێشانەیە کە پشت بە دوو لایەن دەبەستێت، بەڵام ناتوانن بیان گەیەننە پلەی بەیەکبوون، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای جیاوازی تەنیایی هەر بە یەکێکیان بنیات دەنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا بێ بەش نییە لە یەکگرتن و کار لەیەک کردن) (عیسا، ٢٠٠٩: ٩٢). وەک ئاشکرایە ئەم هونەرە لە لایەن زۆربەی شاعیران گرنییەکی زۆریان پێداوە لە کۆن و نوێدا بە (مەبەستی خستنەرووی وێنەکان بە جوانترین شێوە. کاری ئەم هونەرەش ئاشکراکردنی ئەو سیفەتانەیە، کە لە شتێکدا هەیە بەهۆی شتێکی تر، بەمەرجێک شتەکان شاراوە بن. هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە کاری چواندن وەکو کاری جادوو وایە لە پێکەوە نانی شتە جیاوازەکاندا لاڵ دێنێتە گۆ و گیان دەکات بەبەری بێ گیاندا، ژیان و مەرگ و ئاو و ئاگر پێکەوە گرێ دەدات) (شێخ بزێنی، ٢٠١١: ١٧١). لێرەدا و بە پێی ئەم بۆچوونە زیاتر گرنگی ئەم هونەرەمان بۆ دەردەکەوێت لە خولقاندنی شیعردا و ئەو چێژە ئیستاتیکیەی کە پێشکەشی دەکات. بۆ ئەوەی لێکچواندن و بەهێز و پڕ مانا و نامەئلوف بێت، نابێت لە نێوان دوو شتدا دروست بکرێت، کە لە زۆر لایەنەوە یەک بن و هاوبەشی زۆریان لە نێواندا هەبێت، (چونکە لێکچواندن ئەگەر لە نێوان رەگەزە زۆر لەیەک نزیکەکان دروست کرا، لێکچواندنێکی ئاسایی بێ تام دەردەچێت، خۆ ئەگەر لەسەر بنچینەی کۆکردنەوەی دوو رەگەزی لەیەک دوور بنیات نرا، لێکچواندنێکی داهێنراو دەردەچێت) (گەردی، ٢٠٠٤: ٢٢٨-٢٢٩).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەو لێکچواندن و خواستنانەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەدی دەکرێت، ئەوانە نین کە لە کلاسیکیدا هەبوون، بەڵکو جیاوازی زۆرە لە نێوانیاندا، (ئەمەش لەوێوەیە وێنە لە شیعری هاوچەرخدا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی لێکچواندن یان خواستنێک ناوەستێت، بەڵکو ئەو سنورانە تێک دەشکێنێت، کە تەنها لە ئاکامی هاوشێوەییان لەگەڵ واقیعی دەرەوەی شتەکان دروست بوون، بەبێ گوێدانە واقیعی لۆژیکی ناوەوە لە بواری بزوتنەوەی دەروون و ئەندێشە شاراوەکانی، کە پەیوەندی بێ سنور لە نێوان شتەکاندا دروست دەکات) (سەعید، ٢٠١٣: ٢٦٩). ئێستاش ئەگەر نمونەی لێکچواندن لە شیعری شاعیردا

وەربگرین، شاعیر لە شیعری (کولیچە)دا نمونەیەکی نامەئلوفی لێکچواندنمان پێشکەش دەکات و دەڵێت:

کە پێدەکەنیت

دوو چاڵی بچوک لەسەر رووومەتت پەیدا دەبن

دەڵێی شوێنپەنجەی دایکمە لەسەر کولیچەی جەژن (تاهیر، ٢٠٢١: ١٣٣).

ئەگەر سەیری ئەم نمونەیە بکەین، دەبینین شاعیر لە ڕێگەی لێکچواندنەوە وێنەیەکی تەواو جیاوازی لە شاعیرانی پێش خۆی هێناوە و وێنەیەکی نامەئلوفی لێ دروستکردووە، بۆ نمونە پێشتر لە باسی چاڵی چەنە و رووومەت، شاعیران (چاڵی زەنەخدان / چاهی زەنەخدان) یان بەکارهێناوە، بەڵام لێرەدا شاعیر چاڵەکانی سەر رووومەتی یارەکەی چواندووە بە شۆێن پەنجەی دایکی لەسەر کولیچە. ئەمەش وێنەیەکی تەواو نامەئلوفە و لەلای شاعیرانی تر بەرچاو ناکەوێت. لە لایەکی ترەوە ئەم وێنانە ئەزموونی نوێ و جیاوازیش بە خوێنەر دەبەخشێت، ئەمەش دەبێتە ئەزموونێکی تازەی شیعری لە دوای ئەوەی خوێنەر ساڵانێکی زۆر بە کۆمەڵێک وێنەی لێکچواندن ئاشنابووە کە لە ئەنجامی زۆری بەکارهێنان سواوون و جوانی و چێژێکی ئەوتۆیان بۆ خوێنەر تێدا نەماوە، هەر بۆیە بەکارهێنانی ئەم وێنە نامەئلوفە تازانە لە لایەن تەڵعەتەوە بێگوومان خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات و بەردەوامی پێدەبەخشێت. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

توڕەبە

تۆ دەڵێی قاوەیت

تا هەڵبچیت تامت خۆشتر دەبێت (تاهیر، ٢٠٢١: ١٥٠)

ئەوەی لەم شیعرەدا تێبینی دەکەین لێکچواندنێکی تەواو جیاوازە، چونکە ئەوەی پێشتر بیستومانە شاعیران یارەکانیان بە (هەنگوین و شەکر...) و ئەو شتانە چواندووە کە شیرینن، واتە وەسفکردنی یار لە لایەن شاعیرەوە بە شتێکی تاڵ دەگمەن بووە، سەرەڕای ئەوەی، کە توڕەبوونی یار دیاردەیەکی نەرێنیٚ و غەم هێنەرە لای شاعیرانی تر، بەڵام لێرەدا تەلعەت تاهیر یارەکەی چواندووە بە (قاوە) کە تاڵە و توڕەبوونی یارەکەی بە هەڵچوونی قاوەکە. ئەمەش وێنەیەکی زۆر نامەئلوفە و شاعیر وێنەیەکی

نامەئلوفی دروستکردووە، کە تیایدا تورەبونی (یاری) یشی کردووە بە دیاردەیەکی قەشەنگ . لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لەوە بە ئازارتر نییە

لە تەمەنێک کاتێک لە پوچی ئەم جیهانە گەیشتووی

کەسێکی شیرین دێتە ناو ژیانتەوە

رێک وەک پارچە شکولاتەیەک کە دەچێتە ناو ددانێکی کلۆرەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ١٦٥).

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی لێکچواندنمان پێشەکش دەکات، کە کەسێکی شیرین چوێنراوە بە پارچە شوکلاتەیەک، بەڵام وینەی لێکچواندنی تر لە شیعرەکەدا هەیە، کە بریتیە لەوەی شاعیر باسی بێ بایەخی ژیان دەکات و بە (ددانێکی کلۆر)ی دەچوێنێت، واتە شاعیر باسی پووچی جیهان دەکات و وەک ددانێکی کلۆر بە بێ سود و هوودە لێکی دەداتەوە. ئەم لێکچواندنەی ژیانیش بە (ددانی کلۆر) تەواو نامەئلوف و کەم وێنەیە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بەدەم رۆیشتنەوە بیرت لێ دەکەمەوە

کە تووشی کەسێک دەبم بیناسم ، پێش ئەوەی سڵاو بکا و

لە تۆ دامبرێنێت

بۆ ساتێک چاو دادەخەم پاشان دەگەڕێمەوە لات

ئەم چاو داخستنە هەمان ئیشی نوشتاندنەوەی لاپەرەی کتێبی

هەیە

تا بزانیت گەیشتبویتە کوێ . (تاهیر ، ٢٠٢١: ١٧١).

ئەو لێکچواندنەی لە شیعری (لاپەرە ٨٣) دا شاعیر هێناویەتی، لێکچواندنێکی تەواو دەگمەن و نامۆیە، ئەویش ئەوەیە کاتێک بیر لە یارەکەی دەکاتەوە و کەسێک دەبینێ، بۆ ئەوەی یادی یارەکەی ون نەکات و لە هەمان شوێنەوە دەست پێ بکاتەوە، رێک وەک ئەو کەسەی کە کتێب دەخوێنێتەوە و بۆ ئەوەی ژمارەی لاپەرەکە ون نەکات، دەینوشتێنێتەوە. ئەتوانین بڵێین ئەو لێکچواندنەی شاعیر کردویەتی لە نێوان چاو داخستن و لاپەرە نوشتاندنەوەدا، هێندە نامەئلوفە، کە پێشتر هەرگیز وێنەیەکی

لێکچواندنی لەو جۆرە نەبوبێت. ئەمەش توانا و دەسەڵاتی شاعیر دەردەخات، کە بە وشەی سادە و ئاسان وێنەی نایاب و نامۆ و نامەئلوف دروست دەکات. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەکو هەنجیر

هەندێ قسەی شیرینی تۆم وشک کردۆتەوە

بۆ ئەو کاتانەی لێرە نیت ( تەلعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١٨٦).

ئەو وێنە لێکچواندنەی شاعیر لە شیعری (تین) هێناویەتی وێنەیەکی تەواو جیاوازە، لە ڕێگەی زمانێکی سادە و بەو کەرەستانەی زمانی ڕۆژانە کە بەکاردەهێنرێن، بەڵام شاعیر زۆر زیرەکانە و لێزانانە وێنەیەکی لێکچواندنی لە نێوان (هەنجیر) و (قسەی شیرین) ی یارەکەی دروستکردووە، کە هەرچەندە (هەنجیری وشک) دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی نییە، بەڵام لێکچواندنەکەی شاعیر بە چەشنێکە تەنانەت دیمەنێکی جوانیشی بەخشیوەتە هەنجیری وشک. ئەمەش ئەو وێنە جوان و نایابە نامەئلوفەیە، کە شاعیر لە ڕێگەی زمانێکی سادە و بە کەرەستەی ئاسایی زمانی ڕۆژانە خوڵقاندویەتی و لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر ناچار دەکات تێی ڕابمێنێت و وا لە خوێنەر بکات هەست بکات یەکەم جارە (هەنجیری وشک)ی بەرگوێ کەوتبێت، کە لە ڕاستیشدا ئەمەیە سیحری نامەئلوفکردن، سەرەڕای ئەمانەش جوانییەکی تر ئەوەیە، کە قسە وشک ناکرێتەوە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

کە دەزانم لەم شارە نیت

وەک ئەو منداڵانەی پێڵاو بۆیاخ دەکەن

سەر بۆ بینینی ڕوخساری کەس هەڵنابرم (تاهیر، ٢٠٢١: ٢١٢).

لەم شیعرەدا بە ناونیشانی (غەریب) شاعیر لێکچواندنێکی ناوازە پێشکەش دەکات، کە تەواو نامەئلوف و نایابە. بەشێوەیەک کە حاڵی خۆی باس دەکات کاتێک یارەکەی لەو شارەدا نییە و ئەمیش سەرهەڵنابڕێ، ئەم سەرهەڵنەبڕینەی خۆی چواندووە بە سەرهەڵنەبڕینی ئەو (منداڵانەی پێڵاو بۆیاخ دەکەن)، کە لەو کاتەدا سەر بۆ بینبنی هیچ کەسێک هەڵنابرن. ئەوەی لەم شیعرەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە شاعیر دوو دیاردەی دوور لە یەکی هێناوە، بەڵام گونجاندێکی نایابی لە نێوان ئەو دوو بابەتە جیاوازەدا کردووە و ئەو وێنە شیعرییە نایابەی لێ خوڵقاندووە، کە زەحمەتە بەبیر هیچ کەسێکدا

هاتبێت وێنەیەکی وا دروست بکات. چونکە لە پێشدا و لای شاعیرانی تر زۆربەی ئەو حاڵەتانەیان لە دووری یارەکانیان وا لێک داوەتەوە، کە رۆژی روناکیان لێ بووە بە شەوی تار و لە تاو دووری یارەکانیان خواردن و خەویان نەماوە ....هتد بەڵام ئەم لێکچواندنەی کە (تەلعەت تاهیر ) هێناویەتی تەواو نامەئلوفە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لەم سەردەمە ناخۆشەشدا قسەی جوانم بۆ هەڵگرتووی

وەک ئەو کرێکارە پیرەی هەموو گیانی تەپوتۆزە و

چوار نانی گەرم و خاوێنی لەسەر دەستە (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٢٧).

شاعیر لەم شیعرەدا لە رێی لێکچواندنەوە بە زمانێکی سادە و بە شێوەیەکی هونەریی بەرز وێنەیەکی شیعریی ڕازاوەمان پێشکەش دەکات، ئەویش لە لایەک بە چواندنی (سەردەمی ناخۆش) و پڕ گرفت و نەهامەتی ژیان بە (کرێکارێکی پیری تەپ و تۆزاوی)، لە لایەکی ترەوە (قسەی جوانی) ناو ئەو ژیانە ناخۆشەی چواندووە بە (چوار نانی گەرم و خاوێنی) سەر دەستی کرێکارێکی پیری تەپ و تۆزاویی گرفتار بە دەرد و ئێشی ژیانەوە. ئەوەشی کە تەواو وێنەکەی جوان و رازاوەتر کردووە، ئەو دوورییەیە، کە لە نێوان (قسەی جوان) و (نانی گەرم)دا هەیە، (چونکە لە وێنەی لێکچواندندا هەرچەندە دووری ئەو دوو شتە لە یەکەوە زیاتر بێت، ئەوا لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا زیاتر پەسەند تر و خۆشتر دەبێت) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٤٢). لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە ناوی سێبەری درەختەوە هاوسەرگیری کرد

ئێستا ئەو ژنە

لە ناو چوار دیواردا

چێشت لێدەنێ بۆ دیواری پێنجەم (تاهیر ، ٢٠٢١: ٢٣٦).

شاعیر لەم شیعرەدا نمونەیەکی لێکچواندنی جوانمان پێشکەش دەکات، ئەویش بە ناو هێنانی چوار دیوار، کە مەبەست لێی ماڵە و هێنانی دیواری پێنجەم، کە مەبەست لێی (پیاو) ی ئەو ماڵەیە، ئەمەش وەک ئاماژەیە بۆ ئەو پیاوەی لە ماڵەکەدایە و هاوسەری ئەو ئافرەتەیە، بەڵام جیاوازیی نییە لەگەڵ دیوارەکانی ماڵەکەدا و هیچ سۆز و

خۆشەویستی نییە و بۆ هاوسەرەکەی. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لەم شیعرەدا ناوی پیاو نەهاتووە و شاعیر تەنها لە ڕێگەی (دیواری پێنجەم) ەوە ئاماژەی بۆ کردووە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەم شیعرە ئاوڕدانەوەیە لەو کێشانەی لە کۆمەڵگادا ڕووبەڕووی ئافرەت دەبنەوە و ئاماژەشە بۆ پیاو سالاری. هەرچەندە ئەم کێشەیە واتە کێشە و گرفتی ئافرەت لای زۆرێک لە شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ باسی لێوەکراوە، بەڵام تەڵعەت تاهیر بە زمانێکی سادە و لە ڕێگەی لێکچواندنەوە وێنەیەکی هونەری نامەئلوفی پێشکەش کردووە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە گەردنت

بیری ئەو کێکە زەردەم دەکەوێتەوە

کە لە منداڵیمدا

داپیرەم بەدزی هەژاریەوە دەیدامێ (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٩٩).

لەم شیعرەدا شاعیر لە ڕێگەی لێکچوانەوە وێنەیەکی جوانمان پێشکەش دەکات، کە بریتیە لە چواندنی (کێکی زەرد) بە (گەردن). ئەوەی تێبینی دەکرێت و جێگەی ئاماژەیە جیاوازی دروستکردنی وێنەکەیە لە لایەن شاعیرەوە، چونکە شاعیران بەگشتی (گەردن) یان چواندووە بە شتی زەرد، بەڵام تەڵعەت تاهیر بە پێچەوانەوە (کێکی زەردی) چواندووە بە گەردن و زیاتر ئەوەندەی مەبەستی زەقکردنەوەی سەردەمی منداڵی و هەژارییە، ئەوەندە مەبەستی گەردن و لایەنی سۆزداری نییە. بۆیە زەقکردنەوە و سەرنجەکە لەسەر هەژارییە، کە ئەمەش وێنەیەکی نامەئلوفە و بەدەگمەن شاعیران بەو شێوەیە وێنەی گەردنیان کێشابێ و باسیان کردووە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بەسەر سەرمەوە مەوەستە

قەت لە خەفەتی ئەو کەسە ناگەیت

شەکرەی هەیە و لە سێبەری دار هەنجیرێک دانیشتووە (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٠٠).

شاعیر لەم شیعرەدا بە زمانێکی سادە و ئاسان و لە ڕێگەی لێکچواندنەوە وێنەیەکی جوان و هونەری و بەرزی دروستکردووە، ئەویش لە لایەک چواندنی یارەکەیەتی بە (هەنجیر) لە شیرینی، لە لایەکی ترەوە چواندنی شاعیر خۆی بە کەسێک، کە نەخۆشی

شەکرەی هەبێت  و دەیەوێت بڵێت وەک داری هەنجیر لەسەر سەرم رامەوەستە، من وەک کەسێکم، کە نەخۆشی شەکرەی هەبێت و لە بن دار هەنجیرێک دانیشتبێت و لەبەر نەخۆشیەکەی، کە شەکرەیە، نەتوانێ هەنجیرێک بخوات، تۆش کەوەک هەنجیر شیرینی لەسەر سەرم رامەوەستە، چونکە تۆ ئەوەندە شیرین بیت منیش لەبەر شیرینیەکەت ناتوانم لێت نزیک ببمەوە، ئەمەش خەفەتێکی گەورەیە. ئەوەی تێبینی ئەکرێت شاعیران زیاتر یارەکانیان لە شیرینیدا بە (شەکر و هەنگوین و....) ئەچوێنن، بەڵام تەڵعەت تاهیر لەم شیعرە و هەندێک شیعری تریشدا لە جیاتی شەکر و هەنگوینی شاعیرانی تر هاتووە هەنجیری بەکارهێناوە. ئەمەش جیای دەکاتەوە لە شاعیرانی تر و نامەئلوفکردنی بابەتەکەیە.  لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

سەرم شۆڕکردۆتەوە و بە گریانەوە بۆت دەنوسم

ئەو مۆبایلەم وەکو ئەو قاپە فافۆنە دێتە بەرچاو

کە داپیرەم زستانان لەژێر دڵۆپەی سەقفەکەی دادەنا (تاهیر ، ٢٠٢١: ٣٠٢).

لەم شیعرەدا شاعیر دوو لێکچواندنی دروست کردووە، لە لایەک لە نێوان (مۆبایل) و (قاپی فافۆن) دا و لە لایەکی تریشەوە لە نیوان (فرمێسکەکانی و دڵۆپەی سەقفەکەدا). ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە هەریەکە لە (مۆبایل و قاپی فافۆن) لە لایەک و (فرمێسک و دڵۆپی باران) لە لایەکی ترەوە، هەموو شتی مەئلوف و ئاشنان و ئاسایین و رۆژانە بەریەک کەوتنمان لەگەڵیان هەیە، بەڵام ئەو وێنەیە کە شاعیر لەو شتە ئاساییانەی ژیانی رۆژانەو بە زمانێکی سادە و ئاسایی  دروستی کردووە و بەشێوەیەکی نامەئلوف بەکاری هێناوە ئەمەیە جوانی نامەئلوفکردن کە بریتییە لە پیشاندانی ئەو شتانە بەشێوەیەکی تەواو جیاواز، وەک پێشتر باسمان کرد ئەو لێکچواندنانەی شاعیر دەیکات هەتا دوور بن لەیەکەوە بە پێزتر دەبن، بۆنمونە: چواندنی مۆبایل کە ئامێرێکی ئەلیکترۆنییە و لە پێشکەوتنەکانی سەردەمی تەکنەلۆجییا بە (قاپی فافۆن) کە شتێکی زۆر سادە و ساکارە و ڕەنگە لە رۆژگاری ئەمرۆدا هەر بەکارنەهێنرێت، بەڵام شاعیر ئەو وێنە نامەئلوفە و ناوازەیەی لێ دروستکردووە، کە ڕەنگە ئەمە هەر بە خەیاڵی (تەڵعەت تاهیر) دا هاتبێت. لە لایەکی تریشەوە چواندنی فرمێسکی چاوی بە (دڵۆپەی سەقفەکە) شتێکی زۆر نامۆیە، چونکە ئەوەی پێشتر ئێمە لە شاعیرانمان بیستووە دەربارەی فرمێسک شتی جیاواز و هەندێک جار نامەنتیقی و نا واقیعن  و لە شیعرەکانیاندا فرمێسک بە شتانێک چوێنراوە، کە ڕەنگە لەلایەک زۆر

دووباره کرابنەوە لەلایەکی تریشەوە زۆر لە لۆجیکەوە دووربن، بۆیە شاعیر هاتووە لێرەدا فرمێسکی چاوی بەو دڵۆپە ئاوانە  چواندووە، کە لە بنمیچەکەوە دەکەونە خوارەوە و دەکەونە ناو قاپە فافۆنەکەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستمان زانی زیاتر ڕوونی بکەینەوە کە نامەئلوفی وێنەکە لە کوێدایە و شاعیر چۆن بەکاری هێناوە، کە جیاوازە لە وێنانەی پێشتر شاعیران بەکاریان هێناون. لەم شیعرەی تەڵعەتدا ئەگەرچی شتەکان هەموویان مەئلوف و ئاسایین، بەڵام شاعیر توانیویەتی لە ڕێگەی چنین و خستنەتەک یەکی وشەکانەوە هاوڕێیەتی نوێ لە نێوانیاندا دروستبکات و وێنەیەکی نامەئلوفیان لێ دروست بکات. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ئەوەی ئێواران سەیری تەلەفزیۆن بکا

تێدەگا ئەم نیشتیمانە لە بتی خورمای سەردەمی جاهیلی

دەچێت

بە شەو دەیپەرستن و بەرۆژ دەیخۆن

موتەنەبی راست دەکا

و منزل لیس لنا بمنزل (تاهیر ، ٢٠٢١: ٣٧٠).

شاعیر لەم شیعرەیدا وێنەیەکی جوانی دروست کردووە لە رێگەی لێکچواندنەوە، ئەویش بریتیە لە چواندنی  (نیشتمان) بە (بتی خورمای سەردەمی جاهیلی). مەبەست لەمەش ئەو بتانەیە، کە لە سەردەمی پێش ئیسلام لە نیشتمانی عەرەبدا دروست دەکران و بەشەو دەیان پەرستن، بەڵام بە رۆژ، کە برسییان دەبوو هەر خۆیان ئەو بتانەیان دەخوارد. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو بارودۆخەی لەم نیشتمانەی خۆماندا هەیە و هەندێک کەس بە ناوی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە نیشتمان وێران ئەکەن و هەرکاتێکیش ئیشیان پێی نەما یان کەوتە مەترسییەوە هەڵدێن و بەجێی دێڵن. ئەمەش یەکێکە لە لێکچواندنە نامەئلوف و نامۆکان، کە لە رێگەی وتەیەکی (موتەنەبی) شاعیرەوە ئەو وێنەیەی خستۆتە ڕوو.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لەبەردەم مزگەوتی گەورە

لە تەنیشتی دانیشتم تا پەتی تەسبیحەکەم بۆ بگۆڕێت

به پیرەمێردێکی دەگوت

یوسفی ناوێ و بپرسی و خەون لێکداتەوە

هەرکاتێک بەرپرسێکی ورگنت بینی لە تەلەفزیۆن قسە

دەکا

بزانە یەکێکە لە مانگاکانی خەونەکەی فیرعەون و

قاتوقڕی بەڕێوەیە (تاهیر ،٢٠٢١: ٣٩٢).

شاعیر لێرەدا وێنەیەکی لە ڕێگەی لێکچواندنەوە دروست کردووە، کە بریتییە لە چواندنی (بەرپرسێکی ورگن) بە (مانگاکاکانی خەونەکەی فیرعەون) ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ چیرۆکی خەونەکە و دەرکەوتنی ئەو مانگایانە و لێکدانەوەی بەوەی نیشانەی قات و قڕی و گرانین. لێرەدا شاعیر ئاماژە بۆ بەرپرسانی ئەم وڵاتە ئەکات هەرکاتێک لە تەلەفزیۆنەوە دەردەکەون، دەبنە  نیشانەی نەگبەتی و گرانی و نەهەمەتی بۆ میللەت. وەک هەمیشە زمانێکی سادە و روون و ئاشکرا، بەو کەرەستە مەئلوف و ئاشنایانەی رۆژانە بەرچاومان دەکەون و لەڕێگەی نمایشکردنی ئەو ژیانەی رۆژانە ئێمە دەیبنین بۆ نمونە (پیرەمێردێک لای مزگەوتی گەورە تەسبیح دەفرۆشێت)، رەنگە رۆژانە چەندین جار بیان بینین، یاخود چیرۆکی ئەو خەونەی کە (یوسف پێغەمبەر) لێکی دەداتەوە و زۆربەمان بیستومانە، ئەوەی مەبەستە و گرنگە ئەوەیە شاعیر هاتووە لە ڕێگەی ئەو شتە مەئلوفانەی باسمانکردن، ئەو وێنە نامەئلوفەی دروستکردووە و ئێمە وا هەست دەکەین یەکەم جارە گوێمان لەو شتانە دەبێت. لە ڕاستیدا یەکێک لە جوانییەکان و نامەئلوفییەکانی شیعرەکانی تەڵعەت لە هەنگاوی یەکەمدا بریتییە لە هەڵبژاردنی هەموو ئەو شت و کەرەستە و کارەکتەرە پەراوێزخراوانەی کە لە کۆمەڵگای ئیمەدا لای ئەدەبی و شیعرییان لێنەکراوەتەوە. هەنگاوی دووەمیش ئەم کەرەستانە بە چنین و هونەرێکی ئەفراندنی شیعری دەبرێن کە ئاستی نامەئلوفیەکە دەگەیەنێتە باڵا.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ژیان ناگۆڕێ لەگەڵ خەونەکانی بگونجێت ، خەون

دەگۆڕێ لەگەڵ ژیانی تەبا بێت

سەری شۆڕکردۆتەوە و گیا دەخوا

وەک ئەوەی دنیا رامووسیٚ چاوی نوقاندووە و بە لەزەتەوە

گیا دەخوا

بەختەوەرە و شاعیر نییە و ئەو ژنە ناناسێت

ئەو ژنەی زمان و رێزمانی تێکداوە

لە سینگیدا دوو بزوێن لە تەنیشت یەکن (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٣٩).

یەکێک لە وێنە هەر جوانەکان کە لەم شیعرەدا شاعیر لە رێگەی لێکچوندنەوە دروستی کردووە بریتییە لە لێکچواندنی دوو ئەندامی سەر سینگی ئافرەت بە (دوو بزوێن لەتەنیشت یەک)، بە شێوەیەک باسی دەکات، کە لە رێزماندا نابێت دوو بزوێن لە تەنیشت یەک بێن، بەڵام شاعیر وا وێنەکەی دروستکردووە، کە ئەو ژنە زمان و رێزمانی تێکداوە، چونکە لەسەر سنگی دوو بزوێن، کە مەبەستی ئەندامەکانی سەر سنگی ئافرەتە، لە تەنیشت یەکەوە هاتوون. ئەمەش یەکێکە لە وێنە هەر جوان و نامەئلوفەکان کە شاعیر بە شێوەیەکی زۆر نایاب دروستی کردووە. لە رێزمانی کوردیدا ئەو یاسایە هەیە، کە دوو بزوێن لە تەنیشت یەکەوە نایەن. ئەمە شتێی ئاساییە و هەموو زمانزانێک دەیزانێت. بەڵام شاعیر کاتێک دوو بزوێن بۆ دەهێنێت و بۆ بۆ سنگی ئافرەت بەکاریان دەهێنێت و دەڵێت لە تەنیشت یەکەوە هاتوون. ئەمە هەم یاسا مەئلوفەکەی زمان نامەئلوف دەکات، هەم لێکچواندنەکەش نامەئلوفە، چونکە لای شاعیران بە زۆری سنگی ئافرەت دەچوێنرێت بە (لیمۆ و بەی و سێو).

## ٢-٢-٢ خواستن

وەک ئاشکرایە خواستن یەکێکە لەو رەگەزانەی لە زووەوە شاعیران بەکاریان هێناوە و شیعرەکانیان پێ رازاندۆتەوە. (خواستن لە پاڵ ئەوەی رەگەزێکی گرنگی شیعرە، لە بونیادی وێنەی شیعریشدا بەشدارە، چونکە لە لێکچواندن نزیک دەبێتەوە. تەنانەت لە لێکچواندنیش چڕوپڕتر خۆی نیشان دەدات، بەو پێیەی بەشێک لە بنەماکانی لێکچواندنی تێدا لادەبرێت و بەشێکیشی تێدا دەمێنێتەوە. بەم جۆرە شیعرییەت بوونی وێنەی خواستن لە شیعرییەت بوونی وێنەی لێکچواندن زیاترە) (خۆشناو، ٢٠١٠: ٢٨٨) . هەروەها خەیاڵ (لە دروستبوونی وێنەی خواستندا پلەی باڵاترە و پانتاییەکی زیاتر

داگیر دەکات بەمەبەستی گۆڕینی شتی واتایی بە بەرجەستە و بە پێچەوانەوە. ئەمە جگە لەوەی خواستن ئامرازی چڕکردنەوەی واتایە و ڕێگەیەکە بۆ وتنی زۆر لە مەجالێکی کەمدا) (پیرین، ٢٠٠٨: ٤٥). کەواتە زمانی شیعر لەسەر بنەمای خەیاڵە و گەورەترین پێویستی زمانی شیعریش نادیارییە، نیما پێی وایە (کارە قوڵەکان لە بنەڕەتدا نادیارن و وشەکان لە شیعردا دەبنە هۆی نادیاری بەهۆی لێکەوتە هەمەجۆرە واتاییەکانیانەوە، کە ئەم دەرهاویشتانە بەهۆی مانا میتافۆری و مەجازیەکانیانەوەیە) (علیپور، ١٣٨٧: ٣٠). سەرەڕای ئەمانەش خواستن بەیەکێک لە ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی شیعر دادەنرێ و هەر لە کۆنەوە باسی لێوەکراوە، کاتێک ئەم نادیارییەی وشەکان لە زمانی شیعرییدا دەبن بە کەرەستەی دەربڕین لای شاعیران یان تەنانەت ئەو چەمک و دەستەواژە زمانیانەی، کەوا دەبینرێن و دەخوازرێن و لەگەڵ خواستنیشیاندا لە مەئلوفەوە دەکرێن بە نامەئلوف دەبن بە سەرچاوەی چێژ بۆ خوێنەر. هەر بۆیە لەم بارەوە (ئەرستۆ پێی وابووە: بەخشینی سیفەتی نامۆیی بە ئاخاوتنەکانمان سەرسامی لای خوێنەر دێنێتە کایەوە و سەرنجیان رادەکێشێت و چێژیان پێ دەبەخشێت. بێگومان ئەم سەرسامیەش لە ڕێگەی خواستنەوە دێتە دی، چونکە ئەم هونەرە بنەماکانی دەربڕینی ئاسایی تێکدەشکێنێت و بەرەو نائاسایی بوون هەنگاو دەنێت) (قادر، ٢٠١٤: ١١٠).

جگە لەوەی باسکرا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین (خواستن زمان لە چوارچێوەی بەکارهێنانی ئاسایی خۆی دەگوازێتەوە بۆ چوارچێوەی داهێنان و نەناسراوی، کە تیایدا یاساکانی زمان دەبەزێنێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی وشە و ئاوەڵناوەکان لە نێوان بەرجەستەیی و واتاییەکان، خواستن توانا و نهێنیەکانی شیعر ئاشکرا دەکات) (سعید، ٢٠١٣: ٢٩٧). شاعیر بۆ دەوڵەمەندکردن و لادان لە زمانی ئاسایی و گۆڕینی بۆ واتایەکی هونەری بەکاری دەهێنێ. کەواتە (خواستن جەوهەری هونەری شیعرە و هەر ئەویشە وزەی شیعریی شاراوە بەدەردەخات و تەنها بە جوانکارییەکی شیعری دانانرێ، بەڵکو هۆکارێکی گرنگی گۆڕینی دەلالەتی ئاسایی دالەکانە بۆ دەلالەتێکی هونەری جوان و نائاسایی، چونکە پەیوەندی نێوان دال و مەدلول لە زمانی شیعر بەردەوام لە گۆڕاندایە) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١١٥).

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کە (خواستن) یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی شیعر و لە ڕێگەیەوە شاعیر زمانی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ زمانێکی هونەری و جوان و نائاسایی. (تەڵعەت تاهیر) یش لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە زۆر سودی لەم ڕەگەزە گرنگە

وەرگرتووە و شیعرەکانی پڕن  لە وێنەی هونەریی جوان، کە لە ڕێگەی خواستنەوە دروست کراون. لێرە بەدواوە نمونە شیعرییەکان وەردەگرین و شیکارییان دەکەین:

دایکم بە ئاهی سارد دەروونی بووە سەلاجە

وەکو ئەوەی دەرمان بن

شروبی فرمێسک و پاکەتی نەبوونی و قەترەی مەراقی

لە شوێنێکی وشک و لە ڕەفەی سەرەوەی ناخیدا

دوور لە دەستی منداڵەکانی هەڵدەگرت (تاهیر، ۲۰۲۱: ٦۲)

شاعیر لەم شیعرەدا چەند لادانێکی ئەنجامداوە و لە ڕێگەی خواستنەوە چەند وێنەیەکی جوانی دروست کردووە. وەک لەسەرەتای شیعرەکەدا دەردەکەوێت شاعیر دەڵێت (دایکم بە ئاهی سارد دەروونی بووە سەلاجە) و دواتر هەریەکە لە دەربڕینەکانی (شروبی فرمێسک) و (پاکەتی نەبوونی) و (قەترەی مەراقی) وەک وێنەیەکی خواستن دروستکردووە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو شروب و دەرمان و قەترانەی کە لە ناو سەلاجەدا هەن و دایکی بۆ نەخۆشی بەکاریان دەهێنێت، بەڵام شاعیر وێنەیەکی تەواو نامەئلوفی دروستکردووە کاتێک ئەمانەی لە واتا ئاسایی و فەرهەنگییەکەیان دوورخستۆتەوە و وێنەیەکی هونەری نامەئلوفی لێ دروستکردوون. ئینجا دواتر وێنەیەکی تری خواستنی دروستکردووە ئەویش بریتییە لە  (ڕەفەی سەرەوەی ناخی) کە مەبەستی دەروونی دایکیەتی. بەڵام لە راستیدا (ڕەفە) تایبەت نییە بە مرۆڤ، بەڵکو لێرەدا مەبەستی شاعیر ڕەفەی سەلاجەیە، بەڵام شاعیر لەو خواستنە وێنەیەکی جوانی دروستکردووە.

لەم شیعرەدا وشەکانی (شروب، پاکەت، قەترە)، کە شتانێکی ڕۆتینی و ئاسایی ژیانی رۆژانەن، هەروەها وشەکانی (فرمێسک، نەبوونی، مەراق)، کە ئەمانیش وشەی ئاساییین و رۆژانە بەکار دێن. بەڵام دانان و کۆکردنەوەیان بەیەکەوەو دروستکردنی دەستەواژەکانی (شروبی فرمێسک، پاکەتی نەبوونی، قەترەی مەراق) لەو ئاساییبوونە دەریان دەهێنێت و دیانکاتە شتانێکی نامەئلوف و نەبیستراو. پاشان شوێنی هەڵگرتنی شروب و پاکەت و قەترە سەلاجەیەو فرمێسک و نەبوونی و مەراقیش پەیوەستن بە دەروونی مرۆڤەوەو تا ئێرە بابەتەکان ئاسایی و مەئلوفن، بەڵام لێکدانی ئەو ئەو بابەتە مادی و مەعنەوییانەو چواندنی دەروونی دایک بە ڕەفەی سەرەوەی سەلاجە سەرجەم

کەرەستەو بابەتەکە دەکاتە نامەئلوف. ئەمە سەرەڕای ئەوەی مەبەستێکی پەروەردەیشی لە ئیستاتیکای ئەم نامەئلوفکردنەوە بەرجەستەکردووە، کە دەڵێت لە ڕەفەی سەرەوەی ناخیدا هەڵدەگرت دوور لە دەستی منداڵەکانی، ئاماژەیە بۆ میهرەبانی دایک و شاردنەوەی (فرمێسک، مەراق، نەبوونی) بۆ پێنەزانینی منداڵەکان و ئاشنانەبوونیان بەم سێ شتە تا کاریگەری لەسەریان دروست نەکات.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

دوای ئەوەی هەردوو بڕگەی دوا-ڕۆژی ئەو گەنجەیان

سوتاند

ئێستا ئێواران لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەیخەنە سەر نێرگەلەیەک

و

بۆنی سێوی مەراق ڕۆژەڕێیەک دەڕوات (تاهیر، ٢٠٢١: ٨٩)

لەم شیعرەدا شاعیر باسی (سێوی مەراق) دەکات و لە ڕێگەی ئەمەوە وێنەیەکی جوانی دروستکردووە، (مەراق) شتێکە نە ڕەنگی هەیە و نە بۆن و نە تام، بەڵام شاعیر لەگەڵ (سێو) لێکی داوە وەک ئاماژەیەک بۆ بۆن و تامی سێو، کە نێرگەلەی پێ دروست دەکرێت، بەمەش وێنەیەکی نامەئلوفی دروستکردووە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بەدەستبەسەردا هێنانێک ، سواڵکەرەکانمان ڕازی کرد

بۆ ماوەیەکی کەم قەمیسەکانیان وەرگرین

جەمەدانی ئەو پیرەمێردانەمان هێنا لەبەرخۆیانەوە لەگەڵ ژنە

مردووەکانیانەوە دەدوێن

لە خەستەخانەکان ، کەمامەی ئەو یوسفە بچوکانەمان هێنا

کەوتونەتە بیری شێرپەنجەوە

کەنتۆرەکانی خۆشمان بەتاڵ کرد و قەڵاتێکمان لە جل

کۆکردەوە

ئەم نیشتمانە حافزە ، هەمووی بۆن کرد ، بینایی بۆ

نەگەڕایەوە  (تاهیر ، ٢٠٢١: ٩٠).

لەم شیعرەدا شاعیر لە ڕێگەی خواستنەوە چەندین وێنەی خوڵقاندووە.  وەک (بیری شێرپەنجە)، کە لە ڕاستیدا (شێرپەنجە) نەخۆشیەکە و شاعیر ئاماژەی بۆ ئەو بیرە کردوە کە یوسفی تێکەوتووە و بەمەش هەردوو بابەتەکەی لێکداوە و کردویەتی بە (بیری شێرپەنجە). دواتر لە وێنەیەکی تردا شاعیر (نیشتمانی حافز) ی هێناوە،  کە ئەمەش بریتییە لەوەی کە (حافز) بۆ مرۆڤ بەکاردێت، نەک بۆ نیشتمان، چونکە نیشیمان چاوی نییە تا نابینا بێت. ئەمەش بریتیە لە لادانی واتایی و پاشان لە ڕێگەی خواستنەوە ڕوون دەبێتەوە کە (حافز) لێچووە، لە شوێنی لەوچوو دایناوە، کە (مرۆڤ) ەو باس نەکراوە، بەڵام پەیوەستێکی لەوچوو هاتووە کە (نیشتمانە). لە کۆتاییشدا ئەوەی مەئلوفە ئەوەیە باوکی یوسف کاتێک جل (کراس)ەکەی یوسفی بۆ دەهێنن، بینایی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام شاعیر ئەم مەئلوفەی وەرگرتووەو لە ڕێگەی بەکارهێنانی بۆ نیشتمان نامەئلوفی کردووە، چونکە نیشتمان بە قەد قەڵایەک جلیان بۆ کۆکردووەتەوە، کەچی هەر چاوی بۆ نەگەڕاوەتەوە. لێرەدا نەگەڕانەوەی بینایی بۆ نیشتمان دوو جار نامەئلوفە، جارێک وەک وتمان نیشتمان چاوی نییە تا ببینێت، جارێکی تر بە هێنانی ئەو هەموو جلەش وەک باوکی یوسف بینایی بۆ ناگەڕێتەوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ڕۆژانە بڕۆ ناو بازاڕ و ببینە

پیرەمێردێک ، وەکو تەلەفۆنی عموومی حەبی گەورە گەورە

قووت دەدا و لە هەناویدا غڕەیان دێ و بە تەسبیحەکەی

هەتا ژمارە سەد و یەک لێ دەدا و ژیان وەڵامی ناداتەوە

ژنێک و کچەکەی ، لە ژێر لچکی یەک عەبادا بەدیار

فرۆشتنی پاکەتێک پیلی باریکەوە دانیشتوون

بێ ئەوەی بزانن لێرە نەهامەتی کۆنترۆڵی نییە

گەنجێک ڕوخساری کوژاوەتەوە و لایتی شەحن

دەفرۆشێت ئەم دیمەنانە لە قاپی ناختدا لەگەڵ دەسکێک نەعنای مەراق

بجنە و وردیکە ، دواتر چاوت وەک لیمۆ بگوشە و کەمێک

فرمێسکی بەسەرداکە

ئەوجا تێدەگەیت ،بۆچی ئێواران تەنها خواردنی زەڵاتە

باشە (تاهیر، ٢٠٢١: ٩١).

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم شیعرەی شاعیر، ئەوا بەتەواوی ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە بەڕاستی زمانی شیعری و وێنەی شیعری (تەڵعەت تاهیر ) جیاوازە لە شاعیرانی تر و لەو شتانەی، کە زۆر مەئلوف و ئاشنان و مرۆڤ رۆژانە چەندین جار بەچاو دەیان بینێت. وێنەی هێندە نا مەئلوف دروست دەکات، کە زەحمەتە هیچ شاعیرێک لەو وێنانەی دروست کردبێت. ئەو وێنانەشی لە رێگەی خواستنەوە دروستی کردوون بریتین لە (گەنجێک روخساری کوژاوەتەوە) (قاپی ناخ) (نەعنای مەراق) و (چاوت وەک لیمۆ بگوشە)، کە هەموو ئەمانە وێنەی تەواو نامەئلوف و نایابن  و شاعیر زۆر زیرەکانە رێکی خستون. بۆنمونە کاتێک دەڵێت گەنجێک روخساری کوژاوەتەوە، دەبینین هیچ پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان روخسار و کوژانەوەدا نییە، بەڵکو کوژانەوە تایبەتە بە هەندێک ئامێر، بەڵام کاتێک دەبینین لە رێگەی خواستنەوە شاعیر وێنەکە پێشکەش دەکات ئەوا وێنەیەکی نایاب دەبینین. هەروەها هەریەکە لە (قاپی ناخ) و (نەعنای مەراق) هیچ رێکەوتنێکی واتایی لە نێوانیاندا نییە، چونکە هەریەکە لە (ناخ و مەراق) دوو شتی واتایین و قەبارەیان نییە، تا زەڵاتەیان پێ دروست بکرێت، بەڵام دەبینین هەریەکە لەو وشانە لە شوێنی لەوچوویەک هاتوون، کە خۆیان لە شیعرەکەدا نین و لە باتی خۆیان پەیوەستێک هاتووە.  لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لەگەڵ بارگە پێچانەوەی ئازیزێکم

منیش بەشێک لە روخسارم قەد دەکەم  و دەبێتە لۆچ

خەریکە دەگەمە ئەو باوەڕەی

لۆچەکانی نێوچەوانی مرۆڤ

رەفەی یادگارین  (تاهیر، ٢٠٢١: ١٠٩)

لەم شیعرەدا شاعیر دوو وێنەی لە ڕێگەی خواستنەوە دروست کردووە، کە بریتین لە (روخسار قەد کردن)، (لۆچەکانی نێوچەوانی مرۆڤ رەفەی یادگارین). لە یەکەمیاندا وەک ئاشکرایە روخسار قەد ناکرێت و ئەوەی قەد دەکرێت جل و بەرگ و شتی لەو بابەتەیە. واتە روخسار جل نییە تا قەد بکرێت، بەڵام توانا و دەسەڵاتی شاعیر ئەو وێنە نایابەی دروستکردووە و رستەکەش لە بنەڕەتدا بریتی بووە لەوەی (روخسارم وەک جل قەد دەکەم)، بەڵام ئەمەیان شیعرییەتی تێدا نییە و ئەوەی شاعیر هێناویەتی پڕە لە ئیستاتیکا و لەو شێوازە باوە لای داوەو واتایەکی هونەری جوانی بە وشەکە بەخشیوە. لە وێنەی دووەمیشدا (رەفە) شتێکی بێ گیانە و هیچ رێکەوتنێکی واتایی لە نێوان (نێوچەوانی مرۆڤ) و (رەفە) دا نییە، بەڵام شاعیر بەو لادانە واتاییە وێنەیەکی جوان و هونەری بە بابەتەکە بەخشیوە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لە دەرگای سڵاوێکەوە دێتە ناو ژیانتەوە

دەسکاریی ناخت دەکا

هەموو ئەو کەلوپەلانە لە هەناوتدا دەشکێنێت

کە تەمەنێکە لەگەڵ کەسانیتردا رێکت خستوون

دواتر ئەو کاتە جێت دێڵێ

کە بە کەڵکی خواردنی کەس نەماویت

رێک وەک ئەو میوەیەی لە تابلۆیەکی زەیتیدا بریقەی

نەماوە (تاهیر ،٢٠٢١: ١١١).

لێرەدا شاعیر دەستەواژەی (دەسکاریی ناخت دەکا)ی هێناوە، کە لە راستیدا ناخ شتێکی بەرجەستە نییە و دەستی لێ نادرێت، بەمەش لادانی واتایی ئەنجام داوە لە رێگەی خواستنەوە، هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت (ئەو کەلو پەلانە لە هەناوتدا دەشکێنێت)، کە ئەمەشیان دیسان لادانی واتاییە و (کەل و پەل) و (هەناو) هیچ رێکەوتنێکی واتایی لە نێوانیاندا نییە، بەڵام دیسان شاعیر لەرێگەی ئەم وشەیەوە کە (کەلوپەل)ە، خواستنی ئەنجام داوە و وێنەیەکی نامەئلوفی دروستکردووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

هەر تۆ نەبوویت بۆ ئەوەی کەسێک عەشقی پێ بگا

دەتزانی پێویستی بە قوڵپی چەند گۆرانی هەیە ؟!

هەر تۆ نەبویت ، پێت وابوو بە ئەزمونیت و

تێدەگەی روخسارێکی گرژ چەند کەوچک خەندەی

دەوێ ؟!

ئێستا خێرە غیرەت ناکەی لە چاوەروانی ئەودا ، سەر هەڵبری

و

رووبەرووی سەعاتێکی دیوار ببیەوە ؟! (تاهیر ، ٢٠٢١: ١١٨)

شاعیر لەم شیعرەدا نامەئلوفکردنی واتایی لە رێگەی خواستنەوە ئەنجام داوە، کاتێک (کەوچک)ی هێناوە بۆ پێوانەی خەندە، لە کاتێکدا (خەندە) بە هیچ شتێک پێوانە ناکرێت، لە هەمان کاتیشدا (کەوچک) بۆ پێوانەی هەندێک شتی تری وەک (شەکر، خوێ ....هتد) بەکاردەهێنرێت. هەر بۆیە شاعیر کاتێک دەڵێت (چەند کەوچک خەندەی دەوێت) لادانێکی واتایی جوانی دروست کردووە و لە رێگەی خواستنەوە وێنەیەکی نامەئلوفی دروست کردووە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

منیش وەک مام برایمی نانەوا

سبەینان زوو لەخەو هەڵدەستم

لە گەنمی ئەو یادەوەرییانەی رۆژگار هاریونی

ئارد دەخەمە ناو سەتڵی رۆژمەوە و

فرمێسکی پرسەکان

فرمێسکی عاشقەکانی تێ دەکەم

دەیشێلم و دەیشێلم

دووریت هەویرێکە پێویست ناکا ئیسراحەت بکا

دەمودەست دەبێتە کارەسات (تاهیر ، ٢٠٢١: ١٩٢)

لەم شیعرەدا چەند لادانێکی واتایی تێدایە و لە ڕێگەی خواستنەوە خراونەتەڕوو، ئەوانیش بریتین لە (گەنمی ئەو یادەوەریانەی ڕۆژگار هاڕیونی) و (سەتڵی ڕۆژمەوە) و (دووریت هەویرێکە) .. لە ڕاستیدا (یادەوەری) ناهاڕرێت و ئەوەی پەیوەستە بە هاڕینەوە (گەنم و هەندێک بابەتی تری دانەوێڵەن)، بەڵام شاعیر باسی هاڕینی یادەوەری دەکات، کە ئەمەش بە ئاگایی شاعیر ئەنجام دراوە و وێنەیەکی نامەئلوفی لێ دروستکردووە. هەروەها هەریەکە لە (سەتڵی ڕۆژ) و (هەویری دووری) هەردووک دوو لادانی نامەئلوفن و شاعیر بەزمانێکی سادە چەند وێنەیەکی ئیستاتیکی لێ دروست کردوون.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ئێستا لەوە بەتەمەنترم دۆستم هەبێ

ئێستا لەوە بەتەمەنتری دۆستت هەبێ

وەک ژن و پیاوێکی پیر بەیەک دەگەین

بەدیار شۆربای مەراقەوە لە غەدری دنیا دەڕوانین و

هەرایەکی خۆش دەنێینەوە (تاهیر ، ٢٠٢١: ٢٠٥).

ئەوەی لێرەدا شاعیر خستویەتەڕروو بریتییە لە (شۆربای مەراق)، کە لادانێکی واتایی و نامەئلوفە، چونکە هیچ ڕێکەوتنێکی واتایی لە نێوان شۆربا) و (مەراق) دا نییە، بەڵام خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات کاتێک دەیبینێت، ئەمەش لێهاتوویی شاعیرە لە دروستکردنی ئەو وێنەیەدا و لادانە لە واتای فەرهەنگیی ئەو وشانە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەک هەنگوینێک هاوسەرگیری لەگەڵ خوێدا کردبێ

ئەو منداڵە سینیەک نەهامەتی لەسەر سەرە و

خەڵکیش وەک پاقلاوە دەیبینن (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٦٦)

ئەوەی لەم شیعرەدا هاتووە بریتییە لە (سینیەک نەهامەتی) کە شاعیر لە ڕێگەی خواستنەوە ئەنجامی داوە، نەهامەتی شتێکە تووشی مرۆڤ دەبێت و ئەبستراکتە و

مرۆڤ ناتوانێ دەستی لێ بدات و لەسەر سینی و لەسەر سەری دایبنێت، بەڵام شاعیر لادانێکی واتایی ئەنجامداوە و وێنەیەکی نامەئلوفی دروستکردووە و هەرچەندە هیچ رێککەوتنێکی واتایی لە نێوان (سینی) و (نەهامەتی) دا نییە، بەڵام شاعیر وێنەیەکی هونەری جوانی لێ دروست کردووە. دروستکردنی وێنەکەش بەو جۆرەیە، کە لە بنەمادا ئەوەی بەسەر سەری منداڵەکەوەیە سینییەک پاقلاوەیە، بەڵام شاعیر دەیەوێ بڵێت نەهامەتی وای کردووە ئەو مرۆڤە بەو منداڵییە سینییەک پاقلاوە بنێت بەسەر سەرییەوەو بیفرۆشیت. لێرەدا تێڕوانینە واقیعییەکەی خەڵک ئەوەیە ئەوەی سەر سەری منداڵەکە تەنها وەک سینییەک پاقلاوە دەبینین و ئەمە شتە مەئلوفەکەیە، بەڵام شاعیر بە جۆرێکی تر دەیبینێت و بەلای ئەمەوە سینییەک نەهامەتییەو ئەمە وایکردووە بابەتەکە نامەئلوف بێت.

## ٢-٢-٣ پارادۆکس

پارادۆکسیش یەکێکە لەو بابەتانەی زۆرجار شاعیران هەوڵیانداوە سوودی لێوەربگرن و بەکاری بهێنن. کەواتە پارادۆکس (کردەیەکی زمانی شیعرییە، نەک تەنیا ئامرازێکی جوانکاری و بریتییە لە ئەرێنی کردنی گوتن لە بابەتێکدا، کە دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ رای باو، بۆیە لێکدانەوەی پارادۆکسی گرنگیەکی تایبەتی هەیە) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٥٣). ئەم گرنگی و بەها ئیستاتیکیەش لە بەریەککەوتن و ململانێیەی نێوان دوو وشە دژبەیەکەکە دروست دەبێت، پارادۆکس دەق بەرەو کرانەوە دەبات، بەهۆی ئەو وێنە زەینییەی داماڵراوە بە لەناوبردنی پێوەندی پارادۆکسەکە بە شتەکانی دەرەوە، بەمەش حاڵەتی نائامادەیی دەق دروست دەکات. (هەمان سەرچاوە: ١٥٤). بە واتایەکی تر پارادۆکس بریتیە لە (بەیەکەوە هاتنی دوو وشە کە لە بەکارهێنانی خۆکاردا بەشێوەی دژ یان دژیەک بەکاردێن. یاخود گوتەیەکە کە بە رواڵەت دژیەک یان بێبایەخە، بۆیە وا لە تاکەکەس دەکات کە بە دوای واتایەکی قوڵتردا بگەڕێ) (کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٦).

بەشێوەیەکی گشتی پارادۆکس واتایەکی قوڵ و فراوان بە دەقەکان دەبەخشێت و وا دەکات بۆماوەیەکی زیاتر دەقەکان جێگەی بایەخ بن هەربۆیە شاعیرانی نوێ بایەخێکی تایبەتییان پێداوە. (لە شیعری نوێدا خۆلادان لە رەوتی ئاسایی شیعر و پەروەردەکردنی هەستی نائاشنایی و دەربڕینی دوور لە زەین، بوونە هۆی بەدیهێنانی زۆرتری ناڕوونی (ابهام) لە شیعردا، هەوڵیان دەدا بۆ لەناوبردنی پەیوەندییە ناوەڕۆکی و ناخۆییەکانی شیعر، چۆنیەتی هەڵبژاردن و ریزکردنی وشەکان، بەجۆرێک بن و ئەوەندە

چاوەڕواننەکراو و کتوپڕ بن، کە بتوانین بڵێین ئەوانیش پێکەوە پەیوەندییان نییە) (سەعید ، ٢٠١٣: ٣١٨-٣١٩). بەشێوەیەکی گشتی پارادۆکس بە وتەیەک دەگوترێ کە بە پێوانەی لۆژیک لەگەڵ خۆیا ناتەبا بێت، یاخود ڕێگایەک بگرێتەبەر پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر، واتە زۆرجار خوێنەر چاوەڕێی شتێک دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا بابەتەکە بەرەو ئاکامێک دەڕوات کە لە باری عەقڵ و لۆژیکەوە قبوڵکراو نییە، بەڵام زۆرجار شاعیر لەڕێگەی ئەم تەکنیکەوە خوێنەر ناچار بە تێڕامانێکی قوڵ دەکات بۆ تێگەیشتن لە واتای دەقەکان. وەک لەم شیعرانەدا دەردەکەون:

شاعیر لە شیعری ( راپۆرت ) دا دەڵێت :

ئەو کاتەی بە ناوی فێرکردنی زمانی عەرەبیەوە رستەی سەر

ئاوێنەی سایەقم پێ حونجە دەکردیت کە دەڵێت : ئاگاداربە

مەودای دووری ناو ئاوێنە کە راستەقینە نییە

بێ ئەوەی پرسیاریش بکەی دەمگووت : واتا کەسانێک هەن

دووریش بن، نزیک دیارن (تاهیر، ٢٠٢١: ١٠١)

وێنە پارادۆکسییەکەی شیعرەکە بریتییە لەوەی (کەسانێک هەن دووریش بن، نزیک دیارن)، لێرەدا شاعیر وێنەکەی لە وشەی دوور و نزیک دروستکردووە، کە پێچەوانەی یەکن. مرۆڤ کە دوور بوو، واتە نزیک نییە، کە نزیکیش بوو واتە دوور نییە. کەچی لێرەدا کەسەکە دوورە، بەڵام نزیکیشە، پارادۆکسەکە لێرەدایەو وای کردووە وێنەکە نامەئلوف بێت.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەک ئەو دینارە ئاسنەی

خزمێکمان لە کاتی ناشتنی داپیرەمدا پێی دام و دڵخۆشی

کردم

ناوی تۆم خستۆتە ناو دەستمەوە و توند گوشیومە

هەر کە تووشی شکستێک دەبم

ناولەپم دەکەمەوە و سەیرێکت دەکەم و پێدەکەنم (تاهیر، ٢٠٢١: ١٠٦)

ئەوەی لەم شیعرەدایە دابەش بووە بەسەر تەواوی شیعرەکەدا و وێنەی پارادۆکس ئەوەیە مرۆڤ لەگەڵ شکستدا پێناکەنێ، بەڵکو غەم دای دەگرێت، پێکەنین زیاتر پەیوەندی بە سەرکەوتن و دڵخۆشیەوە هەیە. ئەوەی مەئلوفە ئەوەیە مرۆڤ کە شکستێکی بەسەردا هات، دڵتەنگ دەبێت، کەچی شاعیر لێرەدا بە پێچەوانەی مەئلوفەکەوە پێدەکەنێت. پێکەنینەکەشی بەهۆی ناوی یارەوەیە، کە خستوویەتییە ناو دەستی و لە کاتی شکستەکانیدا سەیری دەکات و ناخۆشییەکەی دەگۆڕێت بە پێکەنین و ئەمە وای کردووە نامەئلوفانە مامەڵە لەگەڵ شکستەکانیدا بکات.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە توڕەیی باسی خۆشەویستیت دەکرد

لەو دارتاشە دەچوویت

لانک دروست بکا و

بزماریشی بە لێو گرتبێ  (تاهیر، ٢٠٢١: ١٨٩)

ئەو وێنە پارادۆکسیەی لەم شیعرەدایە بریتییە لە (بە توڕەییەوە باسی خۆشەویستیت دەکرد)، کە توڕەبوون و خۆشەویستی دوو شتی دژ بە یەکن و یەکتر ڕەتدەکەنەوە، مرۆڤ لە کاتی توڕەبووندا زیاتر رق و کینە دەردەبرێت نەک خۆشەویستی، بەڵام شاعیر لە تەواوی شیعرەکەدا وێنەیەکی پارادۆکسی نامەئلوفی دروستکردووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

زەعیم ئەو رۆژنامەیە دەخوێنێتەوە

کە خۆی بۆ خۆی دەریدەکا

پێی سەیرە چۆن نوسەرەکان

لەو نەخێرە گەیشتبوون کە بیری چووبوو بیڵێ

یان ئەو زۆڵانە چۆن زانیان مەبەستی لەو نەخێرە بەڵێ بوو ؟! (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٤٤)

له م شیعرەدا وێنە پارادۆکسییەکە بریتیە لە (مەبەستی لەو نەخێرە بەڵێ بوو)، لە ڕاستیدا (بەڵێ) و (نەخێر) پێچەوانەی یەکترن، کە نەخێر وترا، واتە بەڵێ نییە، کەچی لەم شیعرەدا نەخێرەکە بەڵێیە و ئەمەش وای کردووە بابەتەکە نامەئلوف بکەوێتەوە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ڕۆژێ دادێ لەناو ئێمەدا خۆم دەردێنم

بەبێ منەت لەناو خۆم نیشتەجێ دەبم

بەروونی لە ئاڵۆزیدا دادەنیشم

خەیالم کۆدەکەمەوە

لە باڵندە پەند وەردەگرم تا باڵی گەرمتر دابێت

لە جوانی نزیکتر بۆتەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٧٥).

وێنەیەکی پارادۆکس لەم شیعرەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەویش بریتیە لە (بەروونی لە ئاڵۆزییدا دادەنیشم)، کە دۆخی مرۆڤ ئاڵۆز بوو، ڕوونی نامێنێت، چونکە ڕوونی و ئاڵۆزی پێچەوانەی یەکن و پارادۆکس دروست بووە و وێنەکە نامەئلوف کەوتووەتەوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

هەموو شتەکانی تۆ کورتخایەن بوون

بەس شەوت لێ درێژ کردم (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٣١)

شیعرەکە شیعرێکی پارادۆکسییە، شاعیر پێی وایە هەموو شتەکانی یارەکەی کورتخایەن بوون، بەڵام لە هەمانکاتدا هەر خۆی دەڵێت شەوت لێ درێژ کردم. کەواتە (کورتخایەن) و (درێژ) پارادۆکسن و وێنەیەکی نامەئلوفی لێ دروست کردووە.

لیرەیەکی زۆر کۆدەکەمەوە

ڕۆشنایی پێ دەکڕم

مانگ لە هەژمەتا ببێتە نیوە

ڕۆژەکانم بە خۆڵ دەشۆم

پێڵاوەکانم دەسڕمەوە و بە فیزیکەوە ڕێ دەکەم و

بڕیار دەدەم کە دڵشادم. (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٧٦)

لەم شیعرەدا وێنە پارادۆکسییەکە بریتییە لە (ڕۆژەکانم بە خۆڵ دەشۆم)، وێنەیەکی پارادۆکسییە، چونکە ئەوەی شتی پێ دەشۆردرێت ئاوە نەک خۆڵ، بەڵکو خۆڵ دەبێتە مایەی پیسبوونی شتەکان نەک شوردن و پاکردنەوەیان. بەم جۆرەش کاتێک شاعیر شوردنی  داوەتە پاڵ خۆڵ وێنەیەکی نامەئلوفی خولڵقاندووە و بە بینینی خوێنەر سەرسام دەکات.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

زەعیم ڕاستی لە دواوەی نارِوا

ڕاستی بۆتە فەرشی سوور و بەسەریدا گوزەر دەکا

خەڵاتی ئازایەتی  دەداتە ئەو کەسانەی شتی دەگمەنیان هەیە

چاویان دەبینێ و سەریان کوێرە

پیت دەناسنەوەو رستە نازانن

دەنگیان نایە و دەنگ دەدەن  ( تاهیر، ٢٠٢١: ٢٤٦)

هەرچەندە ئەم شیعرە لە ناوەڕۆکدا مەبەست لێی بابەتێکی سیاسییە و شاعیر باسی واقیعی ئەم کۆمەڵگایە دەکات، بە تایبەتیش کاتی هەڵبژاردنی مەبەستە کاتێک هەندێک لایەنی سیاسی سوود لە ناوی مردووەکان دەبینێ بۆ بەرژەوەندی خۆی. بەڵام شاعیر لێرەدا وێنەیەکی پارادۆکسی هێناوە، ئەویش بریتییە لە (دەنگیان نایە و دەنگ دەدەن). دەنگییان نایە واتە ئەوانەی مردوون بەڵام دەنگ دەدەن، ئەمەش وێنەیەکی پارادۆکسییە، چونکە ئاشکرایە مرۆڤ کە مرد ئیتر نە دەنگی دێت و نە توانای ئەنجامدانی هیچ چالاکییەکی هەیە. بەمەش شاعیر وێنەیەکی پارادۆکسی نامەئلوفی دروستکردووە.

## ٢-٢-٤ بەگیانەوەرکردن

دەستنیشانکردن و بە گیانەوەرکردن شێوازێکی بنەرەتین بۆ میتافۆر. (لە راستیدا لە ئەدەبیاتی کۆندا زیاتر بە زیادکردنی ئەندامێکی مرۆڤ یان زیندەوەرێکی تر بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، یان چەمکێکی بابەتیانە و ناتەواو بەدی دەهێنرێت) (پورنامداریان، ١٣٨١: ٢٠٠). بە گشتی (دانە پاڵی سیفەتێکی ئاژەڵانە بە هەموو پۆلەکانی باڵندە و شیردەر ...هتد ، بۆ شتێک کە هەڵگری سیفەتی (- ئاژەڵ) بێت) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٦١). لێرەدا (بنەڕەتی سەرەکیی لێکچواندن (لەوچوو)ەکەیە، کە سیما و خەسڵەتی پێچەوانەی مرۆڤی پێدەدرێت و لە خانەی ئاژەڵان ئەژمار دەکرێت) (قادر، ٢٠١٤: ١٠٧). مەبەست لە بە ئاژەڵکردن ئەوەیە، زۆرجار مرۆڤ، یاخود پارچەیەک و ئەندامێکی مرۆڤ دەکرێت بە ئاژەڵ، لەم ڕێگەیەشەوە شاعیر هەوڵدەدات نامەئلوفکردنی واتایی ئەنجام بدات و بە زمانێکی باڵاتر لە زمانی ئاسایی ئەزمونەکەی بە خوێنەر ئاشنا بکات.  وەک لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت : لەم شیعرەدا دەڵێت:

پارچەیەکم بۆتە پشیلەیەک، بێچووە سەگێک لە حەوشەی

ماڵی ئەو هەتیوانەی باوکیان لە شەڕەکان ، لە خەستەخانەکان

نەگەڕانەوە

کەروێشکێک مریشکێکی لاواز لە سەربانی ئەو ماڵانەی

منداڵیان نابێت و

وەک قەرەبوو، میهرەبانیان بە ئاژەڵ دەبەخشن  (تاهیر، ٢٠٢١: ١١٣).

لێرەدا شاعیر  دەڵێت کە بۆتە چەند پارچەیەک، پارچەیەکی بۆتە پشیلە و پارچەیەکی (بێچووە سەگێک) ئەمەش وەکو دڵدانەوەیەک یاخود ئاگاداربوونی ئەو منداڵانەی هەتیون و باوکیان لە ئەنجامی شەڕ یاخود بە نەخۆشی لە خەستەخانەکان نەگەڕاونەوە و هەر لەوێ مردوون، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە پارچەیەکی کەروێشکێک یاخود مریشکێک لەو ماڵانەی منداڵیان نییە و وەک قەرەبوو بۆ نەبوونی منداڵ، خۆشەویستی بۆ کەروێشکێک یان زۆر جار  باڵندە دەردەبڕن و لە جێگەی منداڵ هەموو میهرەبانی خۆیان بەوانە دەدەن. شاعیر بەم پارچە پارچە بوونەی خۆی وێنەیەکی جوان و نامەئلوفی خوڵقاندووە و لە ڕێگەی هێنانی ناوی چەند ئاژەڵێکەوە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بەم جلە کوردییە سەوزەوە وەک پنجە گیا دەلەریتەوە

هەقی خۆتە گومان لە پیاوان بکەیت

کێ تا ئێستا گورگی دیوە نەباتی بێ ؟! (تاهیر، ٢٠٢١: ١٥٥)

کچەکە جلێکی کوردی لەبەر کردووە، کە ڕەنگی سەوزە. گیاش ڕەنگی سەوزەو کچەکە بەو جلە سەوزەوە وەک گیایەکی ناسک، زۆر ناسک و جوانە و کاتێک پیاو دەیبینێت حەز دەکات بیخوات. لێرەدا بەهۆی ڕەنگی جلەکانی کچەکەوە وەک گیای سەوز مامەڵەی لەگەڵ کچەکەدا کردووە و دەکرێت بوترێت کچەکە بەهۆی جلە کوردییە سەوزەکانیەوە وەک بنجە گیایەک بۆتە جێی سەرنجی پیاوان. سەبارەت بە پیاویش بە ئاژەڵکردن (بە گورگکردن)ی ئەنجام داوە، چونکە سیفەتی گورگی داوەتە پاڵ پیاو، کە دەیەوێت کچەکە بخوات. لە بنەمادا کچەکە گۆشتی هەیە، بەڵام شاعیر تەنها لەڕووی ڕەنگە سەوزەکەوە مامەڵە لەگەڵ کچەکە دەکات، کە وەک گیا وایە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بۆ لەبیر کردنت خەڵکی تازە دەناسم و

بە خەندەیەکەوە دەڵێم خۆشحاڵم

بەرەو روخسارەکان رادەکەم

رادەکەم و تۆ نیت

لە پڕێکدا ئازاری ئەو چۆلەیەکەم پێدەگا

کە خۆی بە شووشەی پەنجەرەیەکدا دەکێشێت (تاهیر، ٢٠٢١: ١٦٦)

شاعیر لەم شیعرەدا وێنەیەکی هونەری بەرز و نامەئلوفمان بۆ دەکێشی لە ڕێگەی پیشاندانی وێنەی چۆلەکەیەکەوە ، ئەویش لە ڕێگەی گوزارشتکردن لە حاڵی خۆی، کە لە خۆشەویستەکەی دوورکەوتۆتەوە و هەرچەند خەڵکی تازە دەناسێت ناتوانێ قەرەبووی خۆشەویستەکەی بکاتەوە و لەگەل ئەوەشدا بەردەوام بەرەو ناسینی خەڵک ڕادەکات، بەڵام کاتێک خەڵک دەناسێت و وەک خۆشەویستەکەی نییە، ئەوا پێی وایە هەمان ئازاری ئەو چۆلەکەیەی پێدەگات، کە خۆی بە شووشەی پەنجەرەیەکدا

دەکێشێت. ئەم لێکچواندن و خولّقاندنی وێنەیەش تەواو نامەئلوفە و خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات و هەر لە ڕێگەی ئەم لێکچواندنەشەوە بە ئاژەڵکردنی ئەنجامداوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەک پشیلەیەک، چۆن لە ترسی دنیا بێچووەکانی لە

پەنایەکەوە دەباتە پەنایەکی تر

هەندێ وشەی تۆم بە ددان گرتبوو

بەیانیت باش، غەریبیت دەکەم، خۆشم دەوێی (تاهیر، ٢٠٢١: ١٧٠).

لێرەشدا شاعیر بە چواندنی خۆی بە (پشیلە) کە چۆن بێچووەکانی خۆی بەدەم هەڵدەگرێت و لە شوێنێکەوە دەیان گوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر، شاعیریش هەندێک وشەی خۆشەویستەکەی بە ددان گرتووە وەک پشیلەکە کە بێچوەکانی هەلگرتووە، بەمەش بە ئاژەڵکردنی ئەنجامداوە.

وەک ئاشکراشە دەقەکانی تەڵعەت تاهیر لەم جۆرە شیعرانەی زۆر تێدایە و خوێنەر چێژی زۆری لێ دەبینێت و وەک دەقێکی کراوە لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، جوانی لێکدانەوەی دەقی شیعریش ئەوەیە لێکدانەوەی هەمەجۆر وەربگرێت.

شاعیر لە شیعری ( پایزی زەعیم ) دا دەڵێت:

هێڵێ تەمەن لە دەستەکانیدا نابینرێ

ناولەپی وەک پێستی سکی بۆقێکی پیر

ساف و جیڕە

زەعیم

زیندوویێکی دیاری

مردنێکی نادیارە  (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٦٢-٢٦٣)

شاعیر پێی وایە زەعیم لەبەرئەوەی ژیان و گوزەرانی خۆشە، پیریی پێوە دیار نییە و دەستەکانی چرچ نەبوون و هێڵیان تێدا دروست نەبووە. لەم ڕووەوە دەستی زەعیم وەک پێستی سکی بۆقی پیرە، کە جیڕ و سافە و چرچی تیا نییە. لێرەدا بۆقەکە

ئەگەرچی پیرە، بەڵام ژێر سکی چرچ نەبووە و سافە، زەعیمیش ئەگەرچی پیرە، بەڵام دەستی چرچ نەبووە تا پیری پێوە دیاربێت. لە ڕێگەی چواندنی دەستی زەعیم بە ژێر سکی بۆقی پیر شاعیر بە ئاژەڵکردنی ئەنجام داوە و وێنەیەکی نامەئلوفی خوڵقاندووە.

### ٢-٢-٥ درکە

یەکێکی ترە لە هونەرە رونبێژییەکان، (کە لە مێژە مرۆڤ لە ئاخاوتنی رۆژانەدا پەنای بردۆتە بەر و هەستی بەوە کردووە لە هەندێ حاڵەتدا بەبێ (درکە) ناتوانێت، بە شێوازێکی جوان و کاریگەر مەبەستەکانی بگەیەنێتە گوێگر، بە تایبەتی ئەو مەبەستانەی کە ئاشکرایی خەوشدارییان دەکات و زیانیان پێ دەگەیەنێت، یاخود بەڕووتی دەربڕینیان ناشیاوە و بریندارکردنی شعوری بەرامبەریان لێدەکەوێتەوە) (کەریم، ٢٠١٢: ٢١٠). واتە درکە لە شیعردا لە لایەکەوە بۆ مەبەستی جوانی و چێژ و لە لایەکی ترەوە بۆ داپۆشینی هەندێک مەبەست، کە شاعیر ناتوانێ ڕاستەوخۆ باسی بکات. (درکە ئەوەیە کە تۆ بتەوێ باسی بابەتێ بکەی، بەڵام راستەوخۆ ناوی ئەو بابەتە نەبەی، بەڵکو باسی بابەتێکی تر بکەی، کە پەیوەندی بە واتای یەکەمەوە هەبێت. واتە درکە باس نەکردنی بە ئاشکرایە و دەبێ لە مانای باسکراوەوە بۆ مانای مەبەست بچێ) (حەسەن، ٢٠٠٤: ٢٤٢ ).

درکە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە زمان و ئەدەبدا و (توانای گوزارشت کردن بە درکە لێهاتوویی شاعیر دەگەیەنێ لە داڕشتنی ماناکاندا بە شێوازێکی بەرز و زۆر کورت، کە جۆرە جوانییەک پێشکەش دەکات و بەبێ ئەو ناتوانرێ دەربخرێ. دیارە درکەش کاریگەریی خۆی هەیە لە زمان و ئەدەبدا و رۆڵی تایبەتیشی هەیە لە پێشخستنی ئەم دوو لایەنە و گەیاندنی ماناداا. تەنانەت بەلای هەندێ لە زانایانەوە لە زۆر شوێن و بابەتدا درکە لە دروست و ئاشکراش ڕەوانترە، چونکە جێگیری واتا زیاتر دەکات و وای لێدەکات بەهێزتر و رەوانتر بێت زیاتر جەخت بکات) (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٤: ٢٤٢-٢٤٣). بە شێوەیەکی گشتی درکە بریتیە لە وشەیەک یان رستەیەک کە بۆ غەیری واتای خۆی بەکارهاتبێت و واتایەکی درکاو بگەیەنێت. واتە درکە وێنەیەکە دەربرینی شێوەیەکە و واتاکەی بەشێوەیەکی تر. بۆ نمونە تەڵعەت تاهیر لە شیعرێکدا دەڵێت:

کۆچ دەکەن چونکە مێژوومان سوورە نەک ڕوومان

لێرە ئایندە ناژمێردرێ

ناگەیتە دە، ئایندە دابەشت دەکا

لە ڕۆژهەڵات

هەموو شتێک هەڵدێ ڕۆژ نەبێ (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٩١).

لەم شیعرەدا شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ بابەتێک دەکات، ئەو بابەتەش بریتییە لە: (مێژوومان سوورە). لێرەدا مەبەست لە مێژووی سوور، ئەو قوربانیدان و مێژووە پڕ لە شەهیدبوون و خەبات و کوشتن و زەحمەتییەیە، کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا تووشی کورد بووە و هەر لاپەڕەیەکی مێژوو هەڵدەیتەوە پڕە لە باسی خوێن ڕشتنی کورد و شەهیدکردنی بە ناحەق لەسەر خاک و جوگرافیای خۆی، هەر ئەمەش وایکردووە مێژوومان سوور بێت.  لە راستیدا ئەوەی لە ناو خەلکدا باوە بریتییە لە دەستەواژەی (ڕووسووری)، کاتیک بە کەسێک دەوتریت ڕووسوور، واتە کەسێکی پاک و بێ لەکە و بێ کێشەیە، بەڵام شاعیر پێی وایە ئیمە لەبری ئەوەی ڕوومان سووربێت، مێژوومان سوورە و بەمەش وێنەیەکی درکەیی نامەئلوفی دروستکردووە.

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

دەڵێن نیشتمان دایکە

بەڵام لەوەتەی دەیناسم ڕۆڵی باوەژن دەگێڕێت (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٥٠)

لەم شیعرەدا شاعیر باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کە دەوترێت نیشتمان دایکە یاخود زۆر جار دەستەواژەی (دایکی نیشتمان) بەکاردەهێنرێت، بە واتای ئەوەی نیشتمان هەموو رۆڵەکانی خۆی وەک دایک لە باوەش دەگرێت و لە باوەشیدا دەحەوێنەوە و هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکەن، وەک چۆن مرۆڤ لە باوەشی دایکی خۆیدا ئارام دەبێتەوە و هەست بە ئاسوودەیی دەکات. بەڵام شاعیر پێی وایە لەوەتەی نیشتمان دەناسێت رۆڵی باوەژن دەگێڕێت، رۆڵی باوەژنیش بریتییە لە ئازار و مەینەتی و دەرکردنی رۆڵەکانی، نەک لەباوەش گرتن و حەواندنەوەیان. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ هەموو ئەو گەنجانەی لە تاو بێکاری و نەداری و هەژاری و زەحمەت ئەم نیشتمانەیان جێهێشت و ڕوویان لە دەرەوە کرد، بە سەدانیان لە دەریادا خنکان و لە دارستانەکاندا رەقبوونەوە. بۆیە ئەگەر نیشتمان دایک بوایە هەرگیز باوەشی دایکیان نەدەگۆڕییەوە بە

دەریا و دارسانەکانی غوربەت. بەمەش وێنەکی جوان و نامەئلوفی دروستکردووە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی دایک و باوەژنەوە ئاماژەی بە کارەساتێکی گەورە کردووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

فەلافلێکی داینێ و ئێمەش بە نابەدڵی خواردمان

بەڵام، بۆ هەتاهەتایە تێر بووین

کە زانیمان خاوەن عارەبانەکە هەڵەبجەییە و

نایەوێ کەسی تر بۆنی عەنبە و خەردەل بکات ( تاهیر، ٢٠٢١: ٨٧) .

لەم شیعرەدا هەرچەندە شاعیر لە ڕواڵەتدا باسی خواردنی فەلافل دەکات بە بێ عەنبە و هەندێک مادەی خۆراکی تر، کە لەگەڵ فەلافل بەکاردەهێنرێت بۆ خواردن، چونکە بە تەنیا وشکە و بە ئاسانی قوت نادرێت، بەڵام مەبەستی سەرەکی شاعیر لە هێنانی ئەم شتانە و دواتر ئاماژەدان بە خاوەن عارەبانەکە، کە هەڵەبجەییە، بۆ ئاماژەدانە بە کارەساتی تراژیدیی و لە بیرنەکراوی کیمیابارنکردنی هەڵەبجەیە لە لایەن حکومەتی بەعسەوە و شەهیدکردنی (٥٠٠٠) کوردی بێتاوانە لە ڕێگەی ئەو کارە قێزەونەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە شاعیر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی ئەم کارەساتەی نەکردووە و بەشێوەیەکی درکەیی تەنها باسی بۆنی عەنبە و خەردەل دەکات لە ڕێگەی فەلافلەوە، بەمەش وێنەیەکی درکەیی نامەئلوفی دروستکردووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لە پەنا ئەسمەرییت خۆم دەشارمەوە

با بزانین بەرامبەر ئەو هەموو شمشێرە

گەنم چ هێزێکی هەیە (تاهیر، ٢٠٢١: ١٥٧).

لێرەدا شاعیر واتایەکی قوڵی لە شیعرەکەدا هەڵگرتووە لە ڕێگەی چەند ئاماژەیەکەوە لە شیعرەکەدا، بێگومان هێنانی دەستەواژەی (ئەسمەرییت) مەبەست لێی ئافرەتێکی ئەسمەرە کە هەندێکجار گەنمڕەکیشی پێدەگوترێت. شاعیر لە شیعرەکەدا مەبەستی ئەوەیە لە پاڵ ئافرەتێکی ئەسمەردا خۆی دەشارێتەوە تا بزانێت لە بەرامبەر (شمشێر) کە دەکرێت لێرەدا شمشێر لە لایەک ئاماژە بێت بۆ ئەو زەبروزەنگ و توندوتیژی و

کلتورەی لە کۆمەڵگادا ڕووبەڕووی ئافرەت دەبێتەوە لە لایەن پیاوەوە. یاخود دەشکرێت ڕاستەوخۆ مەبەست لە شمشێر ڕەگەزی نێر بێت بە خۆی و توندوتیژییەکانی دژی ئافرەت. ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە ئاماژەدان بە خۆڕاگری و ئیرادەی ئافرەت دەکات لە بەرامبەر ئەو توندوتیژی و زەبروزەنگانەی ئاماژەمان پێدان. بەمەش شاعیر لە ڕێگەی هێنانی (شمشێر) وەک ئاماژەیەک بۆ نێر و لە لایەکی تریشەوە هێنانی (گەنم) وەک ئاماژەیەک بۆ ئافرەت یاخود ڕەگەزی مێ وێنەیەکی درکەیی جوان و نامەئلوفی دروستکردووە و خوێنەر ناچار دەکات بە ووردی و قوڵی لە شیعرەکە ڕابمێنێ تا دەستی بە مەبەستی شیعرەکە بگات.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

زەعیم ڕاستی لە دواوەی ناڕوا

ڕاستی بۆتە فەرشی سوور و بەسەریدا گوزەر دەکا

خەڵاتی ئازایەتی دەداتە ئەو کەسانەی شتی دەگمەنیان هەیە

چاویان دەبینێ و سەریان کوێرە

پیت دەناسنەوەو رستە نازانن

دەنگیان نایە و دەنگ دەدەن ( تاهیر، ٢٠٢١: ٢٤٦)

ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا ناوەڕۆکێکی سیاسی هەیە و شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هێنانی دەستەواژەی (چاویان دەبینێ و سەریان کوێرە) وێنەیەکی درکەیی نامەئلوفی دروستکردووە، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئە کەسانەی، کە هەموو کەموکورتی و ناتەواوی و نادادپەورەوری دەسەڵات و سیاسییەکان بە چاو دەبینن و هێشتا هەر بەرگرییان لێ دەکەن و ئامادەنیین دەستبەرداری سیاسییەکان ببن. بۆ ئەمەش دەستەواژەی (سەریان کوێرە) ی هێناوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوانەی زوو شتەکانیان بیردەچێتەوە. بەمەش وێنەیەکی نامەئلوفی دروستکردووە لە لایەک چاو کوێر دەبێت و سەر کوێر نابێت، لە لایەکی تریشەوە سەریان کوێرە وەک ئاماژەیەک بۆ زوو شت لە بیر چوونەوە و نەزانین بەکاری هێناوە. بەمەش وێنەیەکی نامەئلوفی خوڵقاندووە.

## ٢-٣ نامەئلوفکردن لە ئاستی وشەدا

وشە کەرەستەیەکی سەرەکی شیعرە، شاعیر لە ڕێگایەوە هەوڵی جوانکردن و رازاندنەوەی زمانەکەی دەدات. (نامەئلوفکردن لە ئاستی وشەدا یەکێکە لەو ڕێگایانەی شاعیر زمانەکەی پێ بەرجەستە دەکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خۆلادان لە یاساکانی دروستکردنی وشە و نۆرم، وشەی نوێ دروست بکات و بەکاری بهێنێت. لە زمانی ئاساییدا هەزاران وشە هەن کە پەیامەکان دەگوازنەوە بۆ خوێنەر، بەڵام هەندێک جار شاعیر وشەی نوێ دروست دەکات بە هەڵاتن لە یاساکانی دروستکردنی وشە و نۆرمی ئاسایی)(غیبی، ١٣٩٥: ٦). واتە لێرەدا مەبەست لەم بۆچوونە دروستکردنی وشەی تازەیە لە لایەن شاعیرەوە، ئەم وشە نوێیانەش تەواو نامەئلوفن، چونکە پێشتر نمونەیان لە زمانەکەدا نەبووە و شاعیر خۆی دروستیان دەکات. هەربۆیە خوێنەر لە کاتی بینینی ئەو وشانەدا سەرسام دەبێت و لێیان رادەمێنێ تا واتای ئەو وشە نوێیە بزانێت. (زمانی شیعر لە تێکەڵبوون و لە پاڵ یەکتر بوونی وشەکان لە شکڵێکی یەکدەستدا دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر لە نێوان وشەکاندا هیچ جۆرە ئاوێتەبوونێک نەبێت و وشەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکار نەڕۆن شیعر بەدی نایەت. لادان لە نۆرم چوارچێوەی یاسایی زمانێک لەناودەبات، لە لادان لە نۆرمی وشەیی، شاعیر بەدروستکردنی وشەیەکی نوێ بەدەر لە یاسای زمانی پێوەر زمانی خۆی زەق دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە لەم جۆرە نامەئلوفکردنەدا وشەکان بە شێوازێکی ناباو بەکاردەهێنێت) (سلحشور، فر، ١٨: ٩٣).

دەربرین و کاریگەری لە زمانی شیعردا چالاکە و زیاترە وەک ئەوەی لە زمانی ئاساییدا هەیە، (چونکە لە زمانی شیعرییدا وشەکان جگە لە دەربڕینی واتا بنچینەییەکەی خۆیان ئاماژە بە لایەنی نابینراویش دەکەن، هەروەها لایەنی هەڵچوون و خەیاڵکردنیش دەگرێتەوە، کەچی دەربڕین لە زمانی ئاساییدا تەنها ئاماژە بەو واقیعە دەکات کە راستەوخۆ لەبەرچاومانە) (قادر،٢٠١٤: ٥٤). کەواتە شاعیران سودی زۆر دەبینن لە وشەکان بۆ مەبەستی ئارایش و جوانکاری لە شیعرەکانیاندا، هەمان ئەو وشانەی لە زمانی ئاساییدا بەکاردێن لە شیعردا جیاواز بەکاردێن و دەبێت شاعیر لە پێناو گەیاندنی ئیستاتیکا بە خوێنەر جیاواز بەکاریان بهێنێ. (وشە یەکێکە لە و ئامرازانەی شاعیران بەهۆیەوە گوزارشت لە لایەنە ئاشکرا و شاراوەکانی ناخیان دەکەن. وشە کەرەستەی خاوی دەربڕینە و کاریگەری گەورە و هەیە لەسەر ئادەمیزاد، هەروەها زمانی

دەربڕینی تاقیکردنەوە و هەست و سۆز و ئەندێشەی شاعیرە و دیوی دەرەوە و روکەشی بیرۆکەکانە و واتا و چەمکی شیعرەکە بەرجەستە دەکات و کاریگەریەکی گەورەش لە خوێنەر دەکات) (محمود، ٢٠٠٧: ١٢٤) .

لەم بۆچوونانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیران هەمیشە هەوڵدەدەن، خاوەن ئەزمون و شێوازێکی داهێنەرانە بن. ئەمەش بە بێ گوێدانە پێوەرە رێزمانیەکان و لادان لە بەربەست و کۆتە زمانیەکان . بۆیە شاعیر لەم بوارەدا هەوڵدەدات لە رێگەی چەندین فۆڕمی وەک داهێنانی وشەو تێکدانی ئەو رۆنانە بەربلاوەی لە زمانی ئاساییدا هەیانە، شۆڕش بەرپابکات. لێرەشدا هەوڵدەدەین ئاماژە بە دیارترین ئەو جۆرانە بکەین لە شیعرەکانی (تەڵعەت تاهیر) دا:

## ٢-٣-١ بەکارهێنانی وشەی پەراوێزخراو (فەرامۆشکراو)

بەکارهێنانی وشەی کۆن لە شیعردا یەکێکە لەو رێگایانەی شاعیر دەیگرێتە بەر بۆ مەبەستێکی ئیستاتیکی و سەرسام کردنی خوێنەر. بەکارهێنانی ئەو وشانە هەرچەندە لە سەردەمێکدا وشەی باو و ئاسایی ناو خەڵک بوون و زۆرترین بەکارهێنانیان هەبووە و لە لایەن خەڵکەوە و شتێکی ئاسایی بوون، بەڵام لە ئێستادا بەکارهێنانیان یان زۆر کەم بۆتەوە یاخود هەر نەماوە، بەکارهێنانیان لەلایەن شاعیرەوە دەبێتە دەربڕینێکی ئیستاتیکی و راچڵەکاندنی خوێنەر، بەمەش نامەئلوفییەتێک بە شیعرەکە دەبەخشێت و خوێنەر ناچار دەکات سەرقاڵ بێت بە واتای ئەو وشە نائاشنایانەوە. (ئەم بەکارهێنانەش واتە بەردەوامی دان بە ژیانی زمانی رابردوو لەناو زمانی ئێستادا. بەوتایەکی تر بەکارهێنانی وشەی کۆنە لەناو دەقی شیعرییدا، کە ئەم وشە کۆنە لەناو زمانی ئۆتۆماتیکدا بەکارنایەت) (کدکنی، ١٣٨٤: ٢٤). بەم جۆرە شاعیر (لە زمانی باو لادەدات و واژە یان دەستەواژە گەلێک بەکاردەبا، کە لە هەنوکەدا باویان نەماوە و زۆرتر لە رابردوودا بەکاربراون)(یەعقوبی، ٢٠٠٣: ٤٢). کەواتە پەنابردن بۆ شێوازی (بەکارهێنانی ئەم وشە کۆنانەش لەلایەن شاعیرانەوە هەم چێژێکی ئیستاتیکی بە خوێنەر بەخشیوە و هەمیش شاعیران چەندین وشەی کوردی رەسەن و جوانیان لە فەوتان رزگار کردووە، کاتێک دووبارە بەکاریان هێناوەتەوە و گیانیان بەبەرداکردۆتەوە. کەواتە لێرەدا شاعیر لەبەرهەمی خۆیدا سوود لە وشەی کۆچکردوو و ستراکچەرە رێزمانییە کۆنەکان وەربگرێت کەوا ئێستا لە زماندا بەکارنایەن) (کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٨). کەواتە لێرەدا ئەم جۆرە لە بەکارهێنانی وشە کۆنەکان بەدەر بەخشینی

چێژی ئیستاتیکی بە خوێنەر، (سودێکی تری ئەم وشانە فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە و تێڕامانی خوێنەرە لەئەنجامی بەدواداچوونی زانینی ئەو وشانە و سەرچاوەی دروستبونیان. هەرشاعیرێک هەرچەند بتوانێت وشە زیندوو بکاتەوە و شاعیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئەوە ئەرکێکی گەورەی بەجێهێناوە، هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتوو، هەم بۆ بەرەو پێشەوەچوونی ئەزمونی شاعیر) (ساڵح، ٢٠٠٦: ٣٧). لێرەدا چەند نمەونەیەک لەو وشانە وەردەگرین لە شیعرەکان (تەڵعەت تاهیر)دا، کە دەچنە ئەم خانەیەوە، بۆ نمونە لە شیعری (پاییزی زەعیم)دا دەڵێت:

بەیانیانیش لە جێگەکەمدا دەستم بۆ دەگێڕان و لە پاڵمدا

نەمابوون

مووڕووی سەوڵەجانەکەمیان بردبوو

یان چوارچێوەی ئاڵتوونیی چاویلکەکەمیان دەدزی (تاهیر ، ٢٠٢١: ٢٥٧)

لە خوێندنەوەی ئەم شیعرە وشەی (سەوڵەجان) مان بەرچاو دەکەوێت، کە وشەیەکی تەواو نامۆ و نا ئاشنایە بە گوێی خوێنەر و لەگەڵ بیستنیدا ناچاری ڕاوەستی و بزانیت مانای چییە. سەوڵەجان بە واتای گۆچان دێت و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا بەکارهێنانی تەواو کەمبۆتەوە یاخود نەماوە لای زۆربەی خەڵک، بێگومان شاعیر دەیتوانی وشەی گۆچان بەکاربهێنی، بەڵام بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەم شوێنەدا نامەئلوفییەتێکی بەخشیوەتە شیعرەکە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

پێم خۆشە دڵخۆش بیت

وەک ئەوەی جاران درهەمێکم لەناو جۆگەڵە دەدۆزییەوە

وەک ئەوەی جاران عەسران

منداڵێکی خزممان لە کۆشی دایکم لادەچوو و خێرا خۆم

دادەنیشتم (تاهیر، ٢٠٢١: ١٣٤)

لەم شیعردا شاعیر  وشەی (درهەم)ی بەکارهێناوە، کە لە پێشتردا هەبووە و ئێستا نەماوە  لە سەردەمی حکومەتەکانی پێشووی عیراق و  بەعسدا بچوکترین پارەی عێراق (فلس) بووە، ئیتر پێنج فلسی و  دە فلسی و پەنجا فلسی و هتد هەبووە. پەنجا فلسی زۆر باو بوو و بەزۆری رۆژانەی منداڵ تا کۆتایی ساڵانی هەشتاکانیش تەنها (پەنجا فلس) بووە. جا بەو پەنجا فلسییە دەوترا (درهەم). لێرەدا کە دەڵێت (درهەمێکم لەناو جۆگەلەیەک دەدۆزییەوە) واتە پەنجا فلسی دۆزیوەتەوە، بەڵام دواتر پارەی عێراق گۆڕاو بچوکترینی دینارە و فلس باوی نەماوە، بۆیە پەنجا فلسیش (کە پێی دەوترا درهەم) نەماوە و بەکار نایەت. هەربۆیە لێرەدا شاعیر بە هێنانی ئەم وشەیە نامەئۆلوفیەتێکی لە شیعرەکەدا دروستکردووە، لە کاتێکدا دەیتوانی ناوی دراوێک بهێنێت کە لە پێشر و لە ئێستاشدا بەکاردەهێنرێت.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بۆ نەدەکرا لیرە و جوانی لەسەر یەک چرپا بخەون ؟!

ئاخر ناشێت نان و زنجیر لەسەر یەک سفرە دانیشن

ئەوەی کەشتی هەبێت نابێتە خاوەنی با

جوانی ناتنووسێ ئەگەر دزێوی بتخوێنێتەوە .. ( تاهیر، ٢٠٢١: ٢٦٢)

لەم شیعرەدا شاعیر وشەی (چرپا) ی هێناوە، کە بەواتای تەختەی خەو دێت واتا شتێکە مرۆڤ لەسەری دەخەوێت و ئێستا ئەو ناوە بەکارناهێنرێت و بوونی نەماوە، لە باتی ئەو ناوە (قەرەوێڵە یاخود سیسەم) بەکاردەهێنرێت. بێگومان هێنانی ئەم وشەیەش جوانی و نامەئلوفییەکی داوە بە شیعرەکە و خوێنەر بە بیستنی تووشی سەرسەڕمان دەبێت.

## ٢-٣-٢بەکارهێنانی وشەی شێوەزاری تر

دەربارەی بوونی زمانی ستانداردی کوردی چەندین بیروڕای جیاواز هەیە و هەرکەسێک بە پێی بیر وبۆچوونی خۆی لەو بارەیەوە دەدوێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زمانی کوردیش لە چەندین زار و شێوەزاری جیاواز پێکهاتووە و تەنانەت دەربارەی زارەکانی زمانی کوردیش بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، کە هەر لە کۆنەوە تەنانەت لە سەردەمی هاتنی کوردناسە بیانیەکانەوە چەندین پۆلێن بۆ زارەکانی زمانی

کوردی کراوە. (بۆیە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین شاعیر هەرچەندە زمانی ستانداردی نوسینیش هەبێت رەنگە نەتوانێ خۆی لەو کاریگەرییە ناوچەییە دەرباز بکات و وشە و زاراوەی ناوچەکانی تر بەکاربهێنێ، بۆیە هەندێک لەو وشەو زاراوانەی شێوەزارەکەی لە نوسینەکانی دەردەکەون، کە لە ژیانی ئاسایی خۆیدا لەگەڵ هاوکارانی ناوچەکەی بەکاری هێناون)(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٠٧). ئەم بەکارهێنانەی وشەی شێوەزارەکانی تر کارێکی ئەرێنی بووە و ئاشناکردنی خوێنەران بووە بە زۆربەی زارەکانی زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی. دەتوانین ئەم بەکارهێنانی وشە و زاراوەی ناوچەکانی تر بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی (نالی)، کە جێدەستی دیارە لەم بوارەدا. (هەربۆیە کارێکی باشە شاعیر خوێنەرەکانی بە وشەی زار و شێوەزارەکانی تر  ئاشنا بکات. کارێکی گرنگی ئەم بەدواداگەڕانە ئەوە بوو، شاعیر خۆی بە دیالێکتی قسەکردنەوە نەدەبەست، بەڵکو هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون، بە ناویدا دەگەڕا و بەم هۆیەوە زۆر وشەی ئەو ناوچەی تەسک، یان ئەوی تەعمیم دەکران و لە ڕێی شیعرەوە دەبوون بە وشەیەکی گشتی هەمەلایی) (ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠١٠: ٢). بەدەر لەمانەش (هەندێک جاریش شاعیران ئەمەیان بەکارهێناوە لە پێناو  دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیە، بۆ بەرپاکردنی جۆرە راچڵەکاندنێکی زەینی خوێنەر، شاعیر بەکاری بردوون و لە پاڵ زمانە ستانداردەکە دەقی  پێ گرتوون) (بەکر، ٢٠٠٤: ٤١). (تەڵعەت تاهیر)یش هەوڵیداوە بە بەکارهێنانی وشەی شێوەزارەکانی تر، کە خوێنەر پێیان ئاشنا نییە زمانەکەی نامائلوف بکات بە  سوود وەرگرتن لەو شێوازارانە. بۆ نمونە:

بەمن نا خەمی تۆ تەنها بەجریوەی خێرای ئەو چۆلەکانە

دەنوسرێتەوە

لە بازاڕی ئیسکاندا، بەسەر تەلی ئاڵۆزکاوی موەلیدەی

کارەباوە بەڕیز هەڵکورماون و

لە دوورەوە تەماشای گەوزینی ئازیزەکانیان دەکەن

لەناو مەنجەڵێک کێشکەی کوڵاودا (تاهیر، ٢٠٢١ : ١١٩).

(کێشکە) وشەیەکی سەر بە شێوەزارە ناوچەییەکانی هەولێرە و شاعیر لێرەدا بەکاری هێناوە، کە بە واتای چۆلەکە دێت. لێرەدا هەرچەندە کێشکە وشەیەکی کوردییە، بەڵام

سەر بە جۆرە شێوەزارێکی دیاریکراوە هەموو خوێنەرێک لێی تێناگات ئەگەر سەر بەو شێوەزارە نەبێت، بە بەکارهێنانی ئەم وشەیەش نامەئلوفیەتێک دراوە بە دێڕەکە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

زمان هێندە بە شوێن جوانیتدا رای کردووە

پیتە قەڵەوەکانی لاواز بوونە

بۆیە جار جار بە هەولێری بانگت دەکەم: درەکەم (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١٢٤).

شاعیر لێرەدا خۆی ئاماژەی بەوە کردووە، کە بە شێوازارە ناوچەییەکانی هەولێر لە زۆربەی وشەدا دەنگی (ڵ) دەگۆڕن بۆ (ر) هەروەک لە وشەکانی (ماڵ بۆ مار، دڵ بۆ در، ساڵ بۆ سار ....هتد ) دا بەرچاو دەکەوێت، ئەمیش لێرەدا هەمان کاری ئەنجام داوە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

هەیەتی و نیەتی کورسییەک و فتقێک، نەک خۆی، ئەم

مانگایەش لە ماڵەکەیدا هیچ نییە بیخوات، قازانی شیرەکەی

لارکردەوە نیوەی بە تاڵ بوو. ئەوە نییە کاغەز کاوێژ دەکا ؟! (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٥١).

وشەی (قازان) کە بە واتای (مەنجەڵ) دێت تایبەتە بەو شێوازەی لە گەرمیان پێی دەدوێن و لە ناوچەکانی تر مەنجەڵ بەکاردێت. بەمەش شاعیر وشەیەکی کوردی پەتیی بەکارهێناوە، کە تایبەتە بە ناوچەیەک و خوێنەری ناوچەیەکی تر بە بینینی سەرسام دەبێت و ناچارە بە دوای واتای وشەکەدا بگەڕێ. ئەم سەرسام بوون و بەدواداگەڕانەش ئەرکی نامەئلوفکردنە.

## ٢-٣-٣ بەکارهێنانی وشەی بێگانە

وەک ئاشکرایە نەتەوەی کورد هەر لە کۆنەوە و بە پێی هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافییەکەی هەروەها لەبەر نەبوونی دەوڵەت و کیانی سەربەخۆ، زۆر کات لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتانی دراوسێدا بووە. ئەمەش وای کردووە زمان و ئەدەبەکەی بکەوێتە

ژێر کاریگەری زمان و ئەدەبی ئەو نەتەوانە، چونکە زۆربەی کات خوێندن بە زمانی ئەوان بووە. هەرچەندە لە هەندێک قۆناغدا وەک سەردەمی گۆران و پیرەمێرد و دواتر سەردەمی روانگە بەتەواوی هەوڵی ئەوەیان داوە زمانی کوردی پاک بکەنەوە لە وشەی بێگانە و بە کوردی پەتی نوسیویانە، بەڵام(دواجار ئەم هەوڵە لە لایەن هەموو شاعیرانەوە پەیڕەو نەکراوە و وشەی بێگانە کەم تا زۆر لە لایەن شاعیرانەوە بەکارهاتوون و نەیان توانیوە بە تەواوی خۆیان لەو کاریگەرییە رزگار بکەن. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین هەندێک ئەم دیادەیە بە ئەرێنی دەبینن، چونکە پێیان وایە نابێت زمانی نەتەوەیەک پەیوەندی بپچڕێ بە زمانی نەتەوەکانی تر، بەڵکو دەبێت بۆ پەرەپێدانی زمانەکە رووبکاتە سوود وەرگرتن لەو زمانانە، بەڵام بە پێی پێویست بۆ پاراستنی مۆرکی رەسەنایەتی زمانە نەتەوایەتیەکە) (سابیر، ٢٠٠٦: ٣٣٥). وە هەندێکی تریش بە کارێ:ی خراپی دەبینن و پێیان وایە پێویستە شاعیر خۆی لێ بپارێزێت و لە زمانی کوردیدا بەدوای ئەو وشانەدا بگەرێ و بەکاریان بهێنێ لە باتی وشەی بێگانە.

بۆ نموونە لەم کۆپلە شیعرەیدا دەڵێت:

کارگەی کلێنسی داناوە فرمێسکی خۆشی پێ بسڕین

کارگەی دەرمانی داناوە و هێندە پەرۆشە

لە گەچیش حەب دروست دەکا

باخچەی کردۆتەوە تا بە پارەیەکی کەم

منداڵەکانمان کەروێشک ببینن

کەچی لە پاشملە دەچرپێنن

لای ئەو تەنیا پارە ڕیوایەی سەحیحە ( تاهیر، ٢٠٢١: ٢٤٥) .

شاعیر لە م شیعرەدا لە ڕێگەی هێنانی (ڕیوایەی سەحیحە)وە، کە دەستەواژەیەکی عەرەبییە، وێنەیەکی نامەئلوفی بە شیعرەکە بە خشیوە. لەلایەک نامەئلوفکردنی ئەنجامداوە لە ڕێگەی هێنانی دەستەواژەیەکی عەرەبییەوە. لە لایەکی ترەوە نامەئلوفکردنی ئەنجامداوە لەو ڕووەوی، کە ڕیوایەی سەحیح لە ناو خەڵکدا و لە کۆنیشەوە بۆ گێڕانەوەی فەرموودە زیاتر بەکارهاتووە، بەڵام شاعیر لێرەدا ڕوایەی

سەحیحی داوەتە پاڵ پارە، بەمەش نامەئلوفییەت و جوانییەکی زۆری داوەتە شیعرەکە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بەڵێ عالیولمەقام سەربۆیاخکراوەکانت بە تەنکەری حەفتا

و دوو هەزار لیتری

فرمێسکی دایکی شەهیدان و خوێنی بانکی خوێنەکان و

ئارەقەی کرێکاران و خووناوی نێوچەوانی نەخۆشەکان و

نەوتی ناو چراکان و مەرەکەبی شاعیران و بارانی زستان و ....(تاهیر ، ٢٠٢١: ٢٥٤)

لەم شیعرەدا شاعیر دەستەواژەی عەرەبی (عالیولمەقام)ی لە باتی دەستەواژەی (پایەبەرزی) کوردی بەکارهێناوە. ئەم دەستەواژە، کە بۆ پیشاندانی ڕێزە لە عەرەبیدا، لە کوردیشدا هەمان وشە هەیە بۆ هەمان مەبەست، بەڵام هێنانی ئەم دەستەواژە جوانی و نامەئلوفیەکی بە شیعرەکە بەخشیوە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ئای دایکی من و ئەو وەتەنەی پلەی گەرمای دەگاتە

پەنجا و قسوور

هەرچەندە موسنا و سولاس و ڕوباع و توساع ژنم ناسیون

بەڵام کەسیان خۆشیان نەویستووم

ژنێک ترسەکانمی لە پەنادا بشارمەوە و

جوانییەکی ڕوون بداتە دنیای ئاڵۆزم

بمکاتەوە ناوێکی سادە ... ( تاهیر، ٢٠٢١: ٢٥٦)

لیەم شیعرەدا شاعیر کۆمەڵێک ژمارەی بە زمانی عەرەبی هێناوە، کە بریتین لە (موسنا و سولاس و ڕوباع و توساع)، لە بەرامبەر ئەمانەشدا ژمارەی کوردی هەیە و شاعیر دەیتوامی هەمان ئەو ژمارانە بە کوردی بڵێت، بەڵام بەم شێوەیە هەم جوانی و

ئاوازێکی تایبەتی بە شیعرەکە داوە هەم زمانەکەشی نامەئلوف کردووە و کەسێک ئەگەر عەرەبی نەزانێت دەبێت هەڵوەستەی لەسەر  بکات و بە دوای مانای ئەوانەدا بگەڕێت تا ماناکانیان بدۆزێتەوە.

## ٢-٤ نامەئلوفکردن لە ئاستی ڕستەسازییدا

نامەئلوفکردن لە ئاستی ڕستەسازیشدا ڕوودەدات وەک چۆن لە ئاستەکانی دیکە ئاماژەمان پێکردوون، چونکە سروشتی شیعر وا دەخوازێت شاعیر دەستکاری پێکهاتەی باوی ڕستەسازی بکات لە پێناوی داهێنانی شیعری. (ئەم جۆرەی نامەئلوفکردن هەر لادانێکە لە شێوە کۆمەڵایەتی و ئۆتۆماتیکی و ئاساییەکانی چاوەڕوانکراو لە زماندا و هەر لادانێک لە شێوەی ئۆتۆماتیکی زمان و گۆڕانێک لە پێکهاتەی تەنیا و تاکتیکی رستەکان، ئەگەر ببێتە هۆی زەقکردنەوە و جوانی ئەدەبی) (خلیلی، ١٣٨٠: ٢٠٩). شاعیر دەتوانێت لە (شیعرەکەیدا بە جوڵاندنی توخمە دروستکەرەکانی رستەکە و جیاکردنەوەی زمانەکەی، لە زمانی نۆرم خۆی دەرباز بێت) (صفوی،١٣٩٠: ٥٤). نامەئلوفکردنی سینتاکسی کاتێکە، کە ناتەواوییەکان بونیادی رستەکە داگیر دەکەن.

شاعیر بە (لەبەرچاو نەگرتنی یاسا سینتاکسیەکانی زمانی ئۆتۆماتیک هەوڵی بەرجەستەکردن و خۆدزینەوە لە یاسا سواوەکانی زمانی ئۆتۆماتیک دەدات. واتە هەوڵدەدات ریزکردنی کەرەستەکانی رستە وەکو (بکەر، بەرکار و کار...هتد) تێک بدات، یاخود هەندێک بەشی رستە بکرتێنێت و بۆ مەبەستی جەختکردن (بە لوتکە کردن) ئەنجامی بدات و بنیاتی رستە تێک بدات) (سعید، ٢٠١٣: ٢١٥)، ئەمەش ئیستاتیکا و جوانی بە دەقە شیعرییەکە دەبەخشێ. (کەواتە بۆ ئەوەی شیعر لایەنی کەم دڵرفێن بێت، پێویستە ریزبەندی و ڕێکوپێکیی وشەی زمانی ئاسایی هەڵتەکێنێ)(هەمان سەرچاوە، ٢٠١٣: ٢١٥). کەواتە ئەمجۆرە لادان و نامەئلوفکردنە بە سینتاکسی یان رێزمانی ناودەبرێت، (کە تێیدا رستەی شیعری لە یاسا سینتاکسیەکان لادەدات و هەموو تواناکانی سیستەمی زمان دەخاتە رکێفی خۆیەوە و گۆڕانکاری تێدا ئەنجام دەدات. وەک بەکاربردنی رستەی کاری و تێکدانی داڕشتنی رستەکان و گۆڕینی بنیاتەکانیان) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١١٩).

کەواتە مەبەست لە لادانی ڕێزمانی ئەوەیە شاعیر ڕستە و دەستەواژەی وا بەکاربهێنێ، کە لەسەر یاساکانی زمان نەڕۆن و جۆرە نارێزمانییەک لە دێڕەکاندا هەبێت. ئەم دیاردەیەش ئەوکاتە دروست دەبێت، کە یاساکانی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان کەرەستەکان لەلایەن شاعیرەوە لەبەرچاو نەگیرێت. هەندێ جار دەرچوون لەم جۆرە یاسایانە دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕستەی نارێزمانی، (هەندێکجار ریزکردنی کەرەستەکان  لە لایەن شاعیرەوە رەچاوناکرێت و شوێنگۆرکێ بە کەرەستەکانی رستەش دەکرێت، بەو واتایەی کار دەهێنێتە پێشەوە و بکەر بۆ دواوە، یان گۆڕینی شوێنی بکەر و بەرکار و زۆری تریش. بێگومان لادان لەم دەستووورە زمانیەش، یان بۆ جەختکردنی لایەنی واتایی وشەکانە، یاخود بۆ گونجاندنی کێش و سەروای شیعرییە) (حەمەد، ٢٠١٢: ١٩٩). ئەم جۆرە نامەئلوفکردنەش بەچەند جۆرێک دەبێت:

## ٢-٤-١ کرتاندن

بریتییە لە (لابردنی بەشێک لە پێکهاتەی رستە، بەمەبەستی دەست پێوەگرتن (اقتصاد)، یان بۆ شێواز یان بۆ جەختکردن، کە زۆرجار پێشی دەگوترێ کەمکردنەوە یان کورتکردنەوە) (خۆشناو، ٢٠١٠: ٢٦٥). بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و وروژاندنی، بەوەی شتێکی چاوەڕواننەکراو دێتە بەردەمی. (کرتاندن دەرچوونە لە سیستەمی باو، ئەم لادانەش جوڵە و چێژ بەرجەستە دەکات و کار لە ئیستاتیکای دەقەکە دەکات، بۆیە وەک فیڵێکە شاعیر لە خوێنەری دەکات بۆ سەرنجراکێشانی و نەبوونی ئەو کەرەستانەی خوێنەر لە زەینیدا چاوەڕوانییان بوو، دەیوروژێنێت و پاڵی دەدات بەرەو ئامادەیی دەقی نائامادە، هەروەها دەق دووردەخاتەوە لە گەیاندنێکی نەرێنی، بۆیە رۆڵی خوێنەر لێرەدا گرنگە لە گەڕان بەدوای کرتێنراوەکان و لێکدانەوەی واتای دەربرینەکە) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٢١). بەشێوەیەکی گشتی کرتاندن شیوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی بە دەق دەبەخشێت و رۆڵی زۆری هەیە لە بەهێزکردن و کاریگەری دەقدا. تەکنیکێکە شاعیر بۆ چڕکردنەوەی زمانەکەی ئەنجامی دەدات و هەوڵدەدات بە کەمترین وشە زۆرترین واتا بگەیەنێت، هەربۆیە زۆرجاریش بە چڕکردنەوە و کورتکردنەوە هاتووە. ئەمەش چەند جۆریکی هەیە:

## ٢-٤-١-١ كرتاندنی بکەر

لە زمان کوردیدا هەندێ جار تەنانەت لە قسەی رۆژانەشدا بکەری رستەکە لە لایەن قسەکەرەوە نایەت و لە جێی بکەر جێناوەکان بەکاردەهێنرێت، (بەڵام لە زمانی شیعرییدا ئەمە فراوانترە و شاعیر بۆ مەبەستی  چڕکردنەوەی زمانەکەیی و لایەنی ئیستاتیکا بەکاری دەهێنێت. بۆیە لە زۆربەی حاڵەتدا دەتوانن رستەکانیان بە بێ بکەر دەرببرن، یان بکەرەکانیان دەرنەبڕن و رستەکانیان راست بێت) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٢٢). بۆنمونە:

شەڕەکانی گەورەبوونم دۆڕاند

ئای کە منداڵ بووم لەسەر پشتی بابم

چ سوارچاکێکی ئازا بووم  (تاهیر، ٢٠٢١: ٧٢)

(من) بکەری رستەکەیە و کرتێنراوە و رستەکە لە بنجدا بەم جۆرە بووە (من شەرەکانی گەورەبوونم دۆراند)، لێرەدا شاعیر بە کرتاندن زمانەکەی چڕکردۆتەوە و لە رێگەی هێنانی جێناوی (م)، دەزانین بکەرەکە (من) ە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

مێردەکەشی لەسەر هاتنەوەیە

فاسۆلیای لە ئاو کردووە و لەو کاتەوە ناوێرێ بیشواتەوە

مەنجەڵەکە دەبێتە بەلەم و کەوگیرەکە دەبێتە سەوڵ و

دەنگی ساحیبەی هەواکەش دەبێتە ڕەشەبا

ئەو دەنکە فاسۆلیانەی سەر ئاویش کەوتوون، دەبنە کوڕ و

کوڕەزاکانی  ( تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٧٢)

لەم شیعرەدا بکەری سەرەکی  رستەکە (ژن)ێکە، بەڵام ناوی نەهاتووە و شاعیر لە رێگەی هێنانی ناوی (مێرد و کوڕ و کوڕەزاکانی) باسی کردووە. رستەکە لە بنجدا بەم شێوەیە بووە (ژنەکە فاسۆلیای لە ئاو کردووە و لە کاتەوە ناوێرێ بیشواتەوە)، بەڵام شاعیر ناوی ژنەکەی هەر نەهێناوە و لە رێگەی جێناوەوە ئاماژەی پێکردووە، بەمەش

بکەری رستەکەی کرتاندووە و کورتبڕییەکی زۆریشی کردووە و جوانیەکی هونەریشی بە شیعرەکە بەخشیوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لەدەرگای سلاوێکەوە دێتە ناو ژیانتەوە

دەسکاری ناخت دەکا

هەموو ئەو کەلوپەلانە لە هەناوتدا دەشکێنێت

کە تەمەنێکە لەگەڵ کەسانی تردا رێکت خستوون (تاهیر، ٢٠٢١: ١١١)

لەم شیعرەدا (ئەو) بکەری رستەکانە و کرتێنراوە، رستەکان لە بنچینەدا بەم جۆرە بوون:

ئەو لەدەرگای سلاوێکەوە دێتە ناو ژیانتەوە

ئەو دەسکاری ناخت دەکا

ئەو هەموو ئەو کەلوپەلانە لە هەناوتدا دەشکێنێت

کرتاندنی ئەوانەش لە پێناوی مانەوەی تام و چێژی شیعرەکەیە، چونکە دووبارەبوونەوەی چەندین جاری بکەرەکە ئەو ئارایشتەی شاعیر بۆ هۆنراوەکەی کردووە دەشێوێت و نامێنێت.

## ٢-٤-١-٢ کرتاندنی کار

وەک ئاشکرایە (کار) یش بەشێکی سەرەکی رستەیە، شاعیر زیاتر لەو کاتانەدا کرتاندنی کار ئەنجام دەدات، کە بە هەمان مەبەست چەند جارێک دووبارە بکرێتەوە، شاعیریش بۆ کورتبڕی و بێزارنەبوونی خوێنەر ئەم کارە ئەنجام دەدات و جوانیەک بە شیعرەکەی دەبەخشێت. (بێگومان کرداریش بۆ گەلێ مەبەست دەکرتێنرێت و ناوی ناهێنرێ وەک ئەوەی، کە گوتنەکە زیادەبێ و بە ناوهێنانی شێواندنی مانا بێتە ئاراوە، یان بۆ جەخت و بەهێزکردنی ماناکەی بێت، یاخود گەلێک جار بە عەقڵ و لێکدانەوە درکی پێ بکرێت و پێویست بە ناوبردنی نەکات) (قادر، ٢٠١٤: ٧٨). بۆنمونە: لە شیعرێکدا دەڵێت:

که ڕۆیشت

هەموو ڕەنگەکانی لەگەڵ خۆی برد

تەنها سپی بۆ پرچ و

ڕەشی بۆ ژێر چاوم بەجێ هێشت (تاهیر، ٢٠٢١: ٢١٧)

لەم شیعرەدا لەدێڕی سێیەمدا کاری (بەجێ هێشت) کرتێندراوە، کە لە بنەڕەتدا بەم جۆرە بووە :

تەنها سپی بۆ پرچم بە هێشت و

ڕەشی بۆ ژێر چاوم بەجێ هێشت

ئەمە دووبارە کردنەوە و شتێکی زیاد و نا پێویستە و بوونی بۆ شیعرەکە نەنگییە، بۆیە شاعیر کرتاندویەتی و جوانیەکی بە شیعرەکە داوە.

دوکاندارەکان لێی تووڕە دەبوون

کاتێ ئەو ژنە کارتۆنی سابوون و کارتۆنی هێلکە و

کارتۆنی پڕ چەرەزاتی دەسکاری دەکرد (تاهیر، ٢٠٢١: ٧٩)

لەم کۆپلەیەدا کاری (دەستکاری دەکرد) دوو جار کرتێنراوە، شیعرەکە بەم شێویە بووە :

کاتێ ئەو ژنە کارتۆنی سابوونی دەسکاری دەرکرد و کارتۆنی هێلکەی دەسکاری دەکرد و کارتۆنی پڕ چەرەزاتی دەسکاری دەکرد. بەڵام ئەم دووبارە کردنەوەی چەند جارەی ئەمکارە بەتەواوی شیعرەکە تێک دەدات و بێزاری بۆ خوێنەر دروست دەکات، بۆیە شاعیر لە شیعرەکەدا لای بردووە و بەمەش زمانی شیعرەکەی چڕکردۆتەوە و مەبەستی تەواوی بەشێوەیەکی جوانتر داوە بە دەستەوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لەگەڵ هەر غەدرێکی دنیا برینێک پەیدا دەبوو

ناچار ژێیەکی گیتارەکەم دەپچڕاند و دەمکردە تەلی تەقەڵ

و دەمدووررییەوە

برینێکی تر و ژێیەکی تر و دەمدووریییەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ١٧٨)

لە دێری کۆتایی ئەم کۆپلەیەدا (دەمدووریییەوە) کرتێندراوە و لە بنچینەدا بەم شێوەیە بووە (برینێکی تر و دەمدووریییەوە ژێیەکی تر و دەمدووریییەوە)، هەروەها هەر لە دێڕی کۆتاییدا (دەپچڕاند) کرتێنراوە. ئەم کرتاندنانەش لە پێناوی دووبارەنەکردنەوەی چەند جارەی هەمان وشەدا شاعیر ئەنجامی داوە.

## ٢-٤-١-٣ کرتاندنی ئامراز

ئامڕازەکان لەناو رستەدا کەرەستەی سەرەکی نین، وەکو (بکەر و کار و....هتد)، واتە پێکهێنانی رستە بەبێ ئەوانیش کارێکی دژوار نییە و زۆرجار شاعیریش بۆ مەبەستی کورتبڕی دەیان کرتێنێت، لە زمانی کوردیشدا چەندین ئامرازی وەکو (نیشانە، بانگکردن و لێکدەر و....هتد) هەن، هەندێکجاریش نیشانەکانی خاڵبەندی جێگەی ئامڕازەکان دەگرنەوە. بۆ نمونە:

فیتەرەکان بە هەموویان ئۆتۆمبێلە کۆنەکەی باوکمیان بۆ

چاک نەکرایەوە

شاگردێک دیاربوو حەزی لە کتێب بوو، گوتی:

حاجی گوێی مەدەیێ ... (تاهیر، ٢٠٢١: ٦٤)

لەم کۆپلەیەدا ئامرازی (کە) لە دوای شاگردێک کرتێندراوە و رستەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیە بووە (شاگردێک کە دیار بوو حەزی لە کتێب بوو)

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

دوای راپەرین

لەسەر سنوور، باوەشمان پیاکرد و چەپڵەمان لێدا

کالە ئەدیداسە دڕاوەکەیمان وەکو پاپووجەکەی سەندرێلا

بینی

قۆپچەی کەتافەکەیمان لێ ببووە مرواری (تاهیر، ٢٠٢١: ٨٣)

لەم شیعرەدا لە دێڕی دووەمدا ئامرازی پەیوەندی (بۆ) کرتێندراوە لەنێوان (چەپڵەمان) و (لێدا)، لە بنچینەدا بەم جۆرە بووە: ( لەسەر سنوور باوەشمان پیاکرد و چەپڵەمان بۆ لێدا ) .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەک ئەو دینارە ئاسنەی

خزمێکمان لە کاتی ناشتنی داپیرەمدا پێی دام و دڵخۆشی

کردم

ناوی تۆم خستۆتە ناو دەستمەوە و توند گوشیومە

هەر کە تووشی شکستێک دەبم

ناو لەپم دەکەمەوە ، سەیرێکت دەکەم و پێدەکەنم (تاهیر، ٢٠٢١: ١٠٦)

لەم شیعرەدا ئامرازی لێکدەری (و) دووجار کرتێندراوە، یەکەمیان لەدوای وشەی (گوشیومە) و دووەمیان لە دێڕی کۆتایی شیعرەکەدایە، کە لە جێی (و) نیشانەی فاریزە دانراوە. لە بنەڕەتدا بەم جۆرە بووە:

ناوی تۆم خستۆتە ناو دەستمەوە و توند گوشیومە و

هەر کە تووشی شکستێک دەبم

ناولەپم دەکەمەوە و سەیرێکت دەکەم و پێدەکەنم .

لێرەشدا رەنگە شاعیر لە پێناوی ئەوەدا دووجار (و) ی کرتاندووە، چونکە زۆر لە شیعرەکەدا دووبارە بۆتەوە، ئەمەش وای لە شاعیر کردووە پەنا ببیاتە بەر ئەو تەکنیکە تا بەهۆی زۆری دووبارەکردنەوەی پیتەکانەوە نەی ویستووە شیعرەکەی بشێوێت و تێک بچێت.

## ٢-٤-١-٤ کرتاندنی جێناوی سەربەخۆ

جێناوە سەربەخۆکان لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆرە و لەچەندین شێوەدا دەردەکەون وەکو جێناوی (کەسی سەربەخۆ، نادیار، پرس، نادیار، نیشانە ....هتد). لە شیعری شاعیریشدا لە چەندین شوێندا ئەم جێناوە سەربەخۆیانە کرتێنراون. بۆ نمونە :

جوتیارەکە، گلەیی لە بەرهەمی گەنم و جۆکانی دەکرد

دڵم نەهات پێی بڵێم

لێرە برین هێندە زۆر بووە

باشترین شت چاندنی لۆکەیە لۆکە  (تاهیر،  ٢٠٢١: ٨٠)

لە دێڕی دووەمی شیعرەکەدا شاعیر جێناوی کەسی سەربەخۆی (من) ی کرتاندووە و جێناوی لکاوی (م) ی بەکارهێناوە، بەو جۆرە زمانەکەی چڕکردۆتەوە و کورتبڕی تێدا کردووە. واتا بەم شێوەیە بووە:

من دڵم نەهات پێی بڵێم.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

خۆشەویستیم،  پەیوەندی بە باشیتەوە نییە

سبەینەی دووشەمە لەبەردەم سجنی مەحەتە ببینە

بە دوو لەتە کەبابی سارد و نانی تیری بە فرمێسک تەڕکراو

و پاکەتێک جگەرەی غەمدانەوە

پیرەژنێک چاوەڕێی بینینی کوڕە بکوژەکەی دەکات. (تاهیر، ٢٠٢١: ١١٧)

لە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا شاعیر دووجار جێناوی سەربەخۆی کرتاندووە، جارێک جێناوی سەربەخۆی (من) لە دوای وشەی (خۆشەویستیم) و جارێکیش جیناوی سەربەخۆی (تۆ) لە دوای وشەی (باشیت) ەوە، لە بنەرەتدا دێڕەکە بەم جۆرە بووە:

خۆشەویستی من پەیوەندی بە باشی تۆوە نییە.

## ٢-٤-٢ پاش و پێشخستن

پاش و پێشخستن جۆر و تەکنیکێکی ترە لە بەکارهێنانی زمان لە لایەن شاعیرەوە بۆ نامەئلوفکردن، کە بریتیە لە ئاڵوگۆڕدن و پاش و پێشکردنی یاسای ڕێکخستن و ریزبوونی کەرەستەکانی ناو رستە. لە شیعردا ئەمە یاسایەکی بڵاوە و شاعیر یاسا و ڕێسا ڕێزمانیەکان دەشکێنێت، ئەمەش لە پێناو هێنانەدی ئیستاتیکا و چڕکردنەوی

زمانی شیعر و لادان لە زمانی باو. ئەمەش جۆرێکە لەو لادان و نامەئلوفکردنەی، کە بە پاش و پێشخستنی یەکە زمانیەکان بەدی دەهێنرێت، (بۆخۆی بەبەزاندنی یاساکانی ڕیزمان لە ئاستی دەرەوەدا نەک لە ئاستی ناوەوەدا ناسێنراوە. کەواتە بە گۆڕینی شوێنی کردار یان ئاوەڵناو یان بەرکار بە گشتی و کاتێک دەهێنرێتە سەرەتای رستەوە خەسڵەتی جەختکردنەوە هەڵدەگرن، خودی ئەو شەقڵەش بوار لە بەردەمی بەخشینی دەلالەتی جیاجیا دەکاتەوە بۆ هەر یەکێک لەو دانە رێزمانییانە) (تۆفیق، ٢٠١٢: ١٩٩-٢٠٠).

لەگەڵ ئەوانەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە (پێشخستنی رەگەز و بنچینەییەکانی رستە، چ بکەر بێ چ کردار بێ، چ تەواوکەر کە پێش دەخرێت بەمەبەستێک پێش دەخرێت لەو مەبەستانە: دەشێ ئەوەی پێش دەخرێت خۆشی و مزگێنی تێدا بێت، یان بە پێچەوانەوە ناخۆشییەک هەبێت، ئەو رەگەزەی ناخۆشیەکە دەگەیەنێت پێش دەخرێت تا بە زووترین کات بگاتە خوێنەر، یان بۆتایبەتی، ئەویش کاتێ پێش خستنەکە پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان دوو شت بچەسپێنێت) (گەردی، ١٩٧٩: ٥٧)

کەواتە لادان بە پاش و پێشخستن بریتییە لە (تێکدانی بینای هونەری سینتاکسی و سەرلەنوێ ریزکردنەوەی کەرەستەکانی رستە بە خواست و ویستی شاعیر خۆی، ئەم جۆرە لادانەش تا رادەکی زۆر تایبەتە بە ژانەری شیعر و لە پەخشاندا کەمتر بە دی دەکرێت) (قادر، ٢٠١٤: ٨٨) . کەواتە ئەم دیاردەیە زیاتر لە شیعردا بەرچاو دەکەوێت، چونکە شیعر پێویستە زمانەکەی چڕ بکرێتەوە و ئەو پاش و پێشخستنە دەبێتە لایەنێکی ئیستاتیکی بەهێز بۆی، جگە لەمەش بۆ مەبەستی کێش و سەروا و دەرخستنی ئاواز. ئەنجامدانی ئەم کارەش لەلایەن شاعیرەوە یەکێکە لەو کارانەی لە پێناو چەند مەبەستێکی ئیستاتیکی و هەروەها چەند پێویستیەکی وەکو رێکخستنی کێش و سەروایە. هەندێک جاریش بەمەبەستی زەقکردنەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات بۆ نامەئلوفکردنی زمانە باوەکە و شیعرییەتی دەقەکەی پێ فراوان و دەوڵەمەند دەکات. ئەمەش چەند جۆرێکە و ئێمەش هەوڵدەین لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا چەند جۆرێکی لێ دەستنیشان بکەین:

### ٢-٤-٢-١ پاش و پێشخستنی ناو و ئاوەڵناو (صفت و موصوف)

لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی و لە زۆربەی کاتدا ناودێت ئینجا ئاوەڵناو بەدوایدا، بەڵام شاعیر بۆ لادان لەو بارە ئاشنا و دووبارە و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی جیاواز، ئاوەڵناو دەخاتە پێش ناو، ئەمەش جیاوازییەک دەدات بە زمانەکە و خوێنەریش بە شتێکی جیاواز ئاشنا دەکات دەبێتە لادانێکی جوان و سەنرجڕاکێش. بۆنمونە:

لە رێگا بە دیار گیاخواردنی مانگایەکەوە دەوەستا و

دەیگوت

چەند بەختەوەرە ئەم مانگایە

سەری شۆڕکردۆتەوە و گیا دەخوا و باکی بە تێکشکاندنی

زمان نییە

ئەلفوبێی کەسکە و شینیی ئاسمان و شینیی مەرەکەب

تەنانەت حەببارى دەریاش ناناسێت (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٣٨)

لەم شیعرەدا ئەگەر سەیری ئەم دوو دەستەواژەیە بکەین

(شینیی ئاسمان و شینی مەرەکەب) لە هەردووکیاندا ئاوەڵناوەکە پێش ناوەکە هاتووە، واتە هەڵگەراوەتەوە، لە راستیدا دەبوو بەم شێوە بوایە: ( ئاسمانی شین، مەرەکەبی شین).

### ٢-٤-٢-٢ پاش و پێشخستنی جێناوی لکاو

ئەمەشیان مەبەست لە ئاڵوگۆڕکردنی جێناوە لکاوەکانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کە هەندێک جار پێشدەخرێن وهەندێک جاریش دوا دەخرێن. ئەمەش یان پەیوەندی بە شێوەزاری ناوچەیی شاعیرەوە هەیە و یاخود لە هەندێک کاتی تردا شاعیر بە مەبەستی گونجاندنی کێش و سەروا ئەو کارە ئەنجام دەدات و ئەو ئاڵوگۆڕە بە جێناوەکان دەکات. بۆ نمونە:

زۆرم بیر لێ کردەوە

جەستەی تۆ تاکەماڵە بۆ نیشتەجێبوون بشێت (تاهیر، ٢٠٢١: ١٤٠)

شاعیر لەم شیعرەدا شوێنی جێناوی لکاوی (م) ی گۆڕیوە، چونکە لە بنەمادا دەبوو بەم جۆرە بوایە (زۆر بیرم لێ کردەوە)، ئەمەش لە پێناو لادان لەو شێوازە باوەی رۆژانە بەکاردەهێنرێت و پێدانی جوانیەک بە دەربڕینەکان.

## ٢-٤-٣ بەلوتکەکردن

ئەم جۆرەیان بریتییە لە پیشخستن یان دواخستنی کەرەستەیەک لە کەرەستەکانی رستە، کە شاعیر بەمەبەست ئەو کارە ئەنجام دەدات وەکو لادان لە شێوازە ئاسایی و ئاشناکان. واتە (شاعیر هەر کەرەستەیەکی لا مەبەست و گرنگە دەیهێنێتە پێشەوە و لە شوێنی دیاریکراوی خۆیدا لایدەبات، کە لە زمانی ئاساییدا بۆی دانراوە. لادان بە پێش خستن و پاش خستن هەوێنی هاتنە کایەوەی ئەم جۆرە لادانەیە لە زمانی شیعرییدا، سیمای جیاکاری نێوان ئەم دوو لادانە لەوەدا دەردەکەوێت، کە شاعیر بە پێشخستن یان بە پاشخستن کەرەستەیەکی رستە بە لوتکە دەکات لە چاو کەرەستەکانی تری ناو رستەکە) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٣٤). کەواتە، (ئەگەر پاشخرا ئەوە دیار و زەقە بەڵام رێژەی کەمترە لە پێش خستن. پێش خستنیش هەر بە هەمان مەبەستی جەختکردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام کاریگەرترە لە پاش خستن)(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ١٤١). سەرەتاش باسی ئەو (پێشخستن) دەکەین کە چەند جۆرێکن:

## ٢-٤-٣-١ پێشخستنی کار

بەشێوەیەکی گشتی و بە پێی ریزکردنی کەرەستەکان لە رێزمانی کوردیدا، شوێنی بکەر سەرەتای ڕستەیە و شوێنی کاریش کۆتایی ڕستە، بەڵام شاعیر ئەم یاسایانە تێک دەدات و ئەو جۆرە ریزکردنە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەمەش نامۆکردن و نامەئلوفکردنی ئەو شتانەیە، کە ئولفەتمان پێوەگرتوون. بۆنمونە:

بکێشە هاوڕێم

جگەرە بکێشە و بەرچاوی هەردووکمان بکە دووکەڵ

ئەم جیهانە هی ئەوە نەما بە روونی ببینین (تاهیر، ٢٠٢١: ٩٧).

وشەی (بکێشە) کاری داخوازییە و پێشخراوە، وشەی (هاوڕێ)ش، بکەری رستەکەیە و دواخراوە. ئەمەش لادانە لە یاسای ریزبوونی کەرەستەکانی زمانی کوردی و لە

بنچینەدا بریتی بووە لە (هاوڕێم بکێشە)، و لێرەشدا کارەکە بە لوتکە کراوە بە پێشخستن.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

خۆشم دەوێی، وەکو ئەوەی سبەی بمرم

غەریبیت دەکەم، وەکو ئەوەی هەتا هەتایە بژیم

لە نێوان من و ژیاندا تۆ هەیت (تاهیر، ٢٠٢١: ١٨٤)

لەم شیعرەدا لە رستەی یەکەم و دووەمیشدا کارەکان هێنراونەتە سەرەتای رستە و بە لوتکە کراون، ریزکردنی کەرەستەکان دەبوو بەم جۆرە بێت:

وەکو ئەوەی سبەی بمرم ، خۆشم دەوێێ

وەکو ئەوەی هەتاهەتایە بژیم ، غەریبیت دەکەم

## ٢-٤-٣-٢ پێشخستنی ئاوەڵکار

ئەمەیان هێنانی ئاوەڵکارە بۆ سەرەتای رستە، لە کاتێکدا سەرەتای رستە بە پێی یاسای رێکخستنی کەرەستەکانی رێزمانی کوردی شوێنی بکەرە، بەڵام شاعیر بەمەستی جەختکردن و بە لوتکەکردن ئاوەڵکار دەهێنێتە سەرەتای رستەکەوە. بۆ نمونە:

ئەوسا وەک دوو گوڵەپەمۆ بۆ برینی یەکتر

لێ نەگەڕان بەیەکەوە بین

گوتیان بچووکن

ئێستا وەک دوو هەور بۆ تەڕکردنی یەکتر

نایەڵن بەیەکەوە بین

دەڵێن گەورەن (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٢٦)

شاعیر لەم شیعرەدا لە دوو شوێندا هەردوو ئاوەڵکاری کاتی (ئەوسا، ئێستا)ی هێناوەتە سەرەتای رستە و بە لوتکەی کردوون. لە سەرەتادا مەبەستیەتی باسی رابردوو بکات، بۆیە دەڵێ (ئەوسا)، لە دواتریشدا جەخت لە کاتی ئێستا دەکاتەوە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لەم وڵاتە هەرکەسێک سەنگی هەبێت نقوم بووە

بۆ ئەوەی سەر ئاو کەویت

دەبێت تەرم بیت یان تەپەدۆر (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٤٩)

لێرەدا ئاوەڵکاری شوێنی کە بریتییە لە (لەم وڵاتە) بە لوتکە کراوە، بەم شێوەیە (لەم وڵاتە هەرکەسێک سەنگی هەبێت نقوم بووە)، شاعیر دەیەوێت جەخت لەوە بکاتەوە کە (لەم وڵاتە) مرۆڤ ئەگەر قورس و گران بێت ئەوا نقوم دەبێت. واتە تەنها باسی ئەم وڵاتە ئەکات نەک وڵاتێکی تر.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە خێرایی ماڵئاواییت کرد و چویتە ناو مەسعەدەکەوە

سەرباری قسەی خەڵک

پارچە تەنەکەش فێربووە تۆ لە من دوورخاتەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ١٤٧).

لەم شیعرەدا ئاوەڵکارەکە چۆنێتییە و بریتییە لە (بە خێرایی) و بە لوتکە کراوە، واتە شاعیر مەبەستێتی بڵێت (بە خێرایی) رۆیشتیت و بە جێت هێشتم، نەک بە هێواشی، واتە خێرایی مەبەستەکەیە و بە لوتکە کراوە.

ئەوانەی لەسەرەوە باسمانکردن هەندێک نمونەی (پێشخستن) بوون. لێرە بەدواوە هەندێک نمونەی (پاش خستن) باس دەکەین.

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە شوێنی بکەر سەرەتای رستەیە، بەڵام هەندێک جار شاعیر بۆ مەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر وشەکە دەباتە کۆتایی دێڕەکەوە. بۆنمونە :

خوێن ئاسۆیە ولمیش ڕێمە

شمشێر پێش قسە کەوتووە و داروپەردوو ڕێگە و جێمە

بیناسنەوە

ئەوەتا

ئەوەتا سەردەمی ئێمە (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٥٥)

لەم شیعرەدا (سەردەمی ئێمە) کە بکەری رستەکەیە، کەوتۆتە کۆتایی و شاعیر بە لوتکەی کردووە و کۆمەیێک بارودۆخ باسدەکات تا جەخت لە سەردەم بکاتەوە و واتە ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لەوەتەی بوونم لە شێوەی جەستەدا خۆی نواندووە

مردنی بە زەماوەندەوە منم

داروپەردوو بناغەمە

ئاهی تowاوەی ناو ئاتوونم. (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٧٦)

لە کۆتایی دێڕی دووەمدا ، چونکە شاعیر جێناوی (من)ی لا مەبەستە، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر رابکێشێت و پیشانی خوێنەری بدات کە مەبەستی چی بووە، جێناوەکەی (من) خستۆتە کۆتایی دێڕەکە و ریزکردنی ئاساییی دێڕەکانیش بەم جۆرەیە:

من لەوەتەی بوونم لە شێوەی جەستەدا خۆی نواندووە

مردنی بە زەماوەندەوە منم.

## بەشی سێیەم

٣-١ نامەئلوفکردنی ناوەڕۆک لە شیعری تەڵعەت تاهیردا

٣-١-١ کورتەیەک لە بارەی ناوەڕۆکی شیعر و نامەئلوفکردنی ناوەڕۆک

٣-٢ نامەئلوفکردنی بابەتی دڵداری

٣-٣ نامەئلوفکردنی بابەتی کۆمەڵایەتی

٣-٣-١ دیاردەی هەژاری

٣-٣-٢ لەربارەی ئافرەت

٣-٤ نامەئلوفکردنی بابەتی سیاسی

٣-٥ وەسفی دایک و باوک

٣-٦ شیعر بۆ جگەرگۆشەکەی

٣-٧ دڕندەیی مرۆڤ و بەراوردکردنی بە ئاژەڵ

## ٣-١ نامەئلوفکردنی ناوەڕۆک لە شیعری تەڵعەت تاهیردا

### ٣-١-١ کورتەیەک لە بارەی ناوەڕۆکی شیعر و نامەئلوفکردنی ناوەڕۆک

وەک ئاشکرایە شیعر لە هەردوو لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆک پێکهاتووە و هەریەکەیان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێکەوە تەواوکەری شیعرن. جێگەی ئاماژەیە قۆناغە ئەدەبییەکان لە ڕووی گرنگیدان بە ڕوخسار و ناوەڕۆک جیاوازن، بەو واتایەی هەندێک بارودۆخ هەیە ڕەنگە زیاتر پێویستی بە گرنگیدان بە ناوەڕۆک بێت تا ڕوخسار، لەم حاڵەتەشدا شاعیران کەمتر گرنگی بە چێژ و جوانی دەدەن لە شیعردا، چونکە وا پێویست دەکات بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بابەتە ئەدەبیەکە لە ڕێگەی شیعرەوە بە بێ گوێدانە چێژ و جوانی بگەیەنرێتە خوێنەر. ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەوە هەبووە، بە تایبەتی ئەو بارودۆخە سیاسییانەی کورد تێیدا چەوسێنراوەتەوە و مافەکانی زەوت کراون. لە بەرامبەر ئەمەشدا هەندێک بارودۆخ هەبووە، ئاشتی و سەقامگیری تێدا بەرقەرار بووە، ئەمەش وایکردووە شاعیر زیاتر ڕەچاوی گرنگی ڕوخسار بکات تا چێژی ئەدەبی فەرامۆش نەکرێت. لە بەرامبەر ئەمانەشدا شاعیر هەبووە لە هەموو بارودۆخەکەدا گرنگی تایبەتی بە ڕوخسار داوە و پێی وابووە نابێت ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بە بیانووی هیچ بارودۆخێکەوە لایەنی جوانی و هونەری فەرامۆش بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی شاعیر بێت، پێویستە گرنگی بە ناوەڕۆک بدات و ناکرێت فەرامۆش بکرێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ناکرێت شاعیر تەنها لاسایی کەرەوە بێت و هیچ زیادەیەک نەخاتە سەر ئەدەبی نەتەوەکەی و تەنها لە چوارچێوەی هەمان بابەت و ناوەڕۆکی شیعری پێش خۆی یاخود سەردەمی خۆیدا بخولێتەوە، بەڵکو پێویستە بەردەوام لە نوێگەری و داهێنان و بەرەوپێشچوونی بوارەکیدا بێت.

ئەوەی لەم بەشەدا ئێمە بەدیاریکراوی قسەی لەسەر دەکەین و هەڵوێستەی لەسەر ئەکەین، نامەئلوفکردنی ناوەڕۆکە لە دەقە شیعرییەکانی (تەڵعەت تاهیر)دا. باس لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەکەین، لە ڕوانگەی ئەوەی شاعیر لە ئێستادا لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە خاوەنی ڕێچکەیەکی تایبەتە. جێی ئاماژەیە شاعیر لەم بوارەدا شوێن دەستی دیارە و شێوازێکی تایبەتی بە خۆی هەیە لە شیعردا، ئەویش ئەوەیە دیاردە ئاسایی و مەئلوفەکانی ژیان، هەموو ئەوانەی ڕۆژانە ئێمە دەیان بینین و دەیان بیستین و بەریەککەوتنمان هەیە لە گەڵیان، شاعیر وەریاندەگرێت و لە شیعرەکانیدا بەکاریان

دەهێنێت. ئەو شتانەی ڕەنگە هیچ جوانییەکی لە لای ئێمە نەمابێت و بگرە هەندێکیان شێوەیەکی ناشیرینیان هەبێت، شاعیر هەر لەو شتە مەئلوف و ئاساییانە، شتگەلێک دروست دەکات و بە شێوەیەکی نامۆ و نامەئلوف دەیخاتە پێش چاومان و هەست دەکەین یەکەمجارە ئەو شتانە دەبینین یان دەیان بیستین. لەم ڕوانگەیەشەوە شاعیر دەستێکی باڵای هەیە و دەکرێت بڵێین ئەو شێوازە بۆتە خەسڵەتی ناسینەوەی شیعرەکانی.

شاعیر دەربارەی ناوەڕۆکی شیعری بە گشتی پێی وایە کە، شاعیر و نووسەر ئازادن لەوەی لەسەر چ جۆرە بابەت و ناوەڕۆکێک دەنووسن بەو مەرجەی ڕەچاوی لایەنی هونەری بکرێت، چونکە پێی وایە ئەو بابەت و ناوەڕۆکانەی لە کۆنەوە شاعیران و نووسەران لەسەریان دەنووسن دیاریکراون و هەموو دووبارەن، بۆیە ئەوەی بابەتی شیعری نامەئلوف و نامۆ دەکات لایەنی هونەرییە نەک خودی بابەتەکە، بەو واتایەی شاعیر و نووسەر ناتوانن ناوەرۆکێکی نوێ و نامەئلوف بهێنن، کە پێشتر باس نەکرابێت بەڵکو ئەوەی نامەئلوفی دەکات توانا و سەلیقەی شاعیرە کە، بە ڕێگەیەکی هونەری بابەتەکە نامەئلوف دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((من باوەرم بە دیموکراتییەت هەیە لە باسکردنی ناوەڕۆکدا، واتە نووسەر یان شاعیر ئازادە لە هەڵبژاردنی هەر ناوەڕۆکێک، بەو مەرجەی ئەو ناوەڕۆکەی کردبێتە هونەر. کێشەی ئەدەب ئەوەیە ئەو بابەتانەی کە، ئەدەب کاری لەسەر دەکات زۆر دەستنیشانکراون بۆنموونە لە مێژووی شیعردا لە (گلگامش)ەوە، ئەگەر وەک تێکستێکی ئەدەبی حسابی بۆ بکەین هەتا ئەم لەحزەیەی من و تۆ قسەی تێدا دەکەین ئەوەیە بابەتەکانی ئەدەب بریتیین لە: (مردن، خۆشەویستی، جاویدان، تەنیایی، گۆشەگیری، بەرەنگاربوونەوە، ژینگەدۆستی، جوانی سروشت...هتد لەو بابەتانەی کە دەیزانین. ئەو بابەتانەی کە شیعر ئیشی لەسەر کردووە زیاتر لەو تەوەرە دەستنیشانکراوانەی کە باسمانکرد دەخولێتەوە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە بەوەی کە، سنوورداربوونی بابەتی شیعری وایکردووە، کە دەستەواژەکان زۆر دووبارە ببنەوە و لێکچوونەکانیش زۆر دووبارە بن. لە کۆتاییدا شاعیر ئازادە سەبارەت بە هەر بابەتێک قسە بکات، بەڵام بیکاتە هونەر)) ( تاهیر، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢).

ئەوەی شاعیر لە بابەتی شیعرییدا جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە، گرنگ نییە شاعیر لەسەر چ بابەتێک دەنووسێت، بەڵکو ئەوە گرنگە کە شاعیر چۆن ئەو بابەتە دەکاتە هونەر و بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لەبابەتی شیعرییدا

بابەت ئەوەندە گرنگ نییە، ئەوەندەی تۆ چۆن دەیکەیت بە هونەر، دەبینیت ئێمە شیعرمان هەیە لەسەر بۆیاخچییەک نووسراوە (منداڵێک پێڵاو بۆیاخ دەکات) شیعرێکی جوان و هونەری و جوڵاوە. شیعرێکیشمان هەیە لەسەر ڕووداوێکی گەورەی وەکو (ئەنفال) یان وەکو (هەڵەبجە) کە ڕووداوێکە ویژدانی هەموو مرۆڤایەتی جوڵاندووە، کەچی دەبینین تێکستەکە لەبەرئەوەی تێکستێکی هونەری نییە و تێکستێکی وەستاوە، ئەو تێکستەی کەلەسەر منداڵە بۆیاخچییەکە نووسراوە زۆر زیندووترە لەو تێکستەی لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال نووسراوە)) (تاهیر، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)

دەربارەی نامەئلوفکردن لە ناوەڕۆکدا شاعیر ڕێچکەیەکی تایبەتی گرتوەتە بەر، بەو ڕادەیەی کە بۆتە مۆرکی شاعیر ئەویش زیاتر دوورکەوتنەوەیە لەو کەرەستە و وشانەی کە جوانییەکی ئامادەیان تێدایە بۆ شیعر و هێنانی ئەو وشانەی کە هیچ جوانییەکی ئامادەیان تێدا نییە، بەڵکو ئەوەی وادەکات جوان دەربکەون بەکارهێنانییانە لە لایەن شاعیرەوە و بەخشینی جوانییەکی تایبەتە پێیان، سەبارەت بەم بەکارهێنانە شاعیر دەڵێت: ((لە ئەدەبیاتی ئێمە یان بڵێین مێژووی ئەدەبیات هەندێک وشە یان هەندێک دەستەواژە هەیە کە پێی دەڵێن (تەزووی جوانی ئامادە/ شەحنەی جەمالی جاهیز)ی تێدایە بۆنموونە کە من دەڵێم (پەپوولە) شەحنەیەکی ستاتیکی ئامادەی تێدایە، واتە وشەکە بەبێ ئەوەی لەگەڵ هیچی تر بەکاری بهێنم هەڵگری تەزوویەکی جەمالییە، ئەوەی لە ڕوئیای تۆ هەڵدەهێنجرێ و دروست دەبێت لەگەڵ ناوهێنانی پەپوولە شتێکی ناسک و جوان و کراوەیە، بەڵام کەمن دەڵێم مەسینە ئەمیش هەر وشەیەکە و ڕەنگە پیتەکانیشی نزیک بێت لە پەپوولە، کەچی لە ڕوئیای تۆ و لە روئیای من وشەیەکی نا شیعرییە یان هەڵگری تەزووی جەمالی نییە، ئەوەندەی هەڵگری تەزوویەکی ناشیرینە یان ناجەمالییە. کێشەکە لەوەدایە شاعیران و نووسەرانی ئێمە هەمیشە پڕ دەدەنە ئەو وشانەی هەڵگری (تەزووی ستاتیکی ئامادەکراون) و دوور دەکەونەوە لەو وشانەی ئەم تەزووەیان تێدا نییە)) (تاهیر، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)

ئەوەی وای کردووە تەڵعەت تاهیر ببێتە شاعیرێکی جیاواز لەوانی تر و ناوەڕۆکی شیعرەکانی نامەئلوف بن پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە تایبەتەیە کە هێنانی وشەی مەئلوف و ئاساییە و بەخشینی جوانییەکی تایبەتە پێیان، بۆیە دەڵێت: (( شاعیری نوێخواز ئەوەی دەیکات ئەوەیە کە، پەپوولەکە بەتاڵ دەکاتەوە لەو تەزووە ستاتیکییە ئامادەیەی تێیدایە و مەسینەکە پڕ دەکات لە تەزووی ستاتیکی تر. بۆنموونە وشەی (تاسە) وشەیەکە تەزووی ستاتیکی ئامادەی تێدا نییە، بەڵام لە سیاقێکدا کە تۆ دەیکەی بە

هونەر و پیرەمێردێک دێنی و عارەبانەکەی دەپەڕێنێتەوە و گەنجێک دەبینی یارمەتی دەدات، دەبینی ئەمە تەزوویەکی ستاتیکیی بۆ وشەی (تاسە) دروستدەکات، لە کاتێکدا وشەی تاسە لە بنەڕەتدا هەڵگری تەزووی ستاتیکی نییە، بەڵام شاعیر ئەم تەزووەی پێ دەبەخشێت)) (تاهیر، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢).

لە لایەنی بەکارهێنانی زمانەوە بۆ گوزارشتکردن لە بابەتی شیعری دەبینین تەڵعەت تاهیر بە شێوەیەکی واقیعی باسی ڕووداوەکانی ژیان دەکات و هەمان ئەو زمانە بۆ خستنەڕووی بابەتە شیعرییەکانی بەکاردەهێنی کە ڕۆژانە قسەی پێ دەکەین، چونکە پێی وایە ئەو زمانە شیعرییەی شاعیران بەکاریان هێناوە هیچ پەیوەست نییە بە ژیانەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((شاعیرانی ئێمە پێیان وابوو چەندی زمانی شیعری دوورکەوێتەوە لە ئاخاوتن ئەوە شیعری ترە، واتە ئەو شتانە بەکارنەهێنێ کە لە ئاخاوتندا هەیە، ئەوەندە دووبارە بووبوەوە دوورکەوتنەوە لە ئاخاوتن زمانێکی شیعری وا بەرهەم هاتبوو، واتە ئەو زمانەی شاعیران بەکاریان دەهێنا وای لێهاتبوو هیچ پەیوەست نەبوو بە ژیانەوە و چووبووە دەرەوەی ژیان، بەکارهێنانی ئەو زمانە خلیسکاوەی دوور لە ئاخاوتنە وای کردبوو بەهیچ شێوەیەک شیعر لە ئاخاوتن نزیک نەبوو)) (تاهیر، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢).

باسکردن لەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویستیین و بەشێکی گرنگن لە ژیان، بەڵام لای شاعیران فەرامۆشکراون و هیچ گرنگییەکیان پێنەدراوە و هیچ باسنەکراون، بۆیە تەڵعەت تاهیر هاتووە و باسکردنی ئەم شتانە بوەتە کاری لە پێشینەی، چونکە ناکرێت شتگەلێک فەرامۆش بکرێن لە کاتێکدا پێویستی ژیانن و پەیوەستن بە ژیانەوە بۆیە دەڵێت: ((ئەوەی من مەبەستم بوو لە شیعر، بیێنەوە ناو ئاخاوتن ئێمە هونەر و شیعر لە ئاخاوتن دروست بکەین، بۆیە دەبینین لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو شیعرێک نابینی لەسەر (سەرتاشخانە) لەئەوەی کە شاعیر هەفتەی چوار جار دەچێتە سەرتاشخانە، بەڵام سێ سەدجار باسی پاییز و ئەستێرە و ... چی دەکرێت)) (تاهیر، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢).

لە مەسەلەی ناوەڕۆکدا تەڵعەت تاهیر زۆربەی بابەتەکانی شیعری نامەئلوف کردووە و بەتەواوی جیاوازە لە شاعیرانی تر، چونکە دەبینین ئەوەی شاعیرانی تر بەلاییدا نەچوون و لە شیعردا بەکاریان نەهێناوە تەڵعەت تاهیر کردویەتییە کەرەستەی شیعری، بۆنموونە ئەگەر مەسەلەی ئافرەت وەرگرین لە ئەدەبی کوردییدا بە گشتی لە لای

شاعیرانی کۆن و نوێ، ئەوا دەبینین کۆمەڵێک شتی دووبارەیە و هەندێک شتی پەیوەست بە ئافرەت باسنەکراوە لە شیعردا، بۆیە شاعیر دەڵێت: ((هەموو ئەو ئەدەبیاتەی لەسەر ژن نووسراوە کەوانتەری تیانابینی، قاپ شۆرینی تیانابینی مەخلوقێکی پەمەیی و جوانی تیادەبینی کە هیچ پەیوەست نییە بە ڕاستی ژیانەوە. من لە سەرەتادا کە دەست بە نووسینی شیعر کرد، دەمویست بزانم ئەو زمانە شیعرییە لە کوێ هەیە لەبەرئەوەی لە هیچ شوێنێک نەبوو، بۆنموونە دایکم کە دەچوومەوەماڵەوە نەی دەگووت: ئەی تریفەی شەوگاری عومرم بۆ دواکەوتی، بەڵکو دەیگووت: لەکوێ بووی هەتیوو بۆ نایەوە نانەکە حازرە دڵم لات بوو)) (تاهیر، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢).

بۆیە دەبینین تەڵعەت بەتەواوی ئاوڕی لەو شتانە داوەتەوە کە لەلایەن شاعیرانی ترەوە فەرامۆش کراون و نەکراونەتە کەرەستەی شیعری، بەڵام ئەم هاتووە و بە زمانێکی سادە و نزیک لە ئاخاوتانی ڕۆژانە شیعرەکانی خۆی پێ رازاندۆتەوە و پێی وایە قسەکردنی ڕۆژانەی ماڵەوە ناو بازار و شوێنە گشتییەکان دەبێت بکرێتە شیعر و دوورکەوینەوە لەو شێوازە ئاخاوتنە خەیاڵاویی و فەرهەنگە شیعرییە سواوەی ساڵانێک بوو لە مەیدانی ئەدەبدا باوبوو بۆیە لەمبارەوە دەڵێت: ((کاتێک لەگەڵ برادەرێکا پیاسەمان دەکرد ئاوا قسەمان نەدەکرد کە لەناو شیعرا هەبوو، لەگەڵ خۆشەویستەکەنمان ئاوا قسەنەدەکرا، لەناو پاص ئاوا قسە نەدەکرا. هێنانەوەی شیعر لەم عەلاگەیەی لە ئاسمان دەسوڕێتەوە و هەربایەک دێت دەیبات وای کردبوو هەموو فەرهەنگی شیعری کوردی ببێتە سێ سەد چوار سەد وشە، هەرکەسێک ئەم سێ سەد چوار سەد وشەیەی لە تەنیشت یەک دابنایە تێکستی شیعری نووسیوە، کە ئەمە شتێکی زۆر بێ مانا بوو. دەرهێنانی شیعر، دەرهێنانی وشە و دەستەواژە لەم ئاژاوە خەیاڵاوییە عەلاگە ئاسایەی کە لە ئاسماندا دەسوڕێتەوە و پەیوەست نییە بە ژیانەوە، ئەمە ئەرکێک بوو کە دەبوایە جێبەجێ بکرێت)) (تاهیر، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢).

ناوەرۆکی شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر هەمەڕەنگە و دەتوانرێت بەوە بناسرێتەوە، کە زۆربەی بابەتەکانی لە ژیانی ڕۆژانە و لە واقیعدا بەرچاو دەکەون، بەڵام شاعیر بەشێوەیەکی نامۆ ئەو شتانەمان لە شیعرەکانیدا نیشان دەداتەوە. بەشێوەیەک زۆرجار شاعیر لە شیعرێکدا باسی خۆشەویستەکەی دەکات و لەهەمانکاتدا دەیبەستێتەوە بە منداڵێکی هەژارەوە، یاخود زۆر جار لە لە شیعرێکی دڵداریدا، کە باسی خۆشەویستەکەی دەکات، پەیوەستی دەکاتەوە بە منداڵی هەتیو و ئاوارەیەکی کەمپەکان و ژنێکی ئیزیدی...هتد. هەموو ئەمانەش وایانکردووە بە گشتی ناوەرۆکی شیعرەکانی

به شێوەیەکی نامەئلوف بکەونەوە، چونکە زۆربەی شاعیرەکانی تر کاتێک باسی خۆشەویستەکەیان دەکەن هەموو شیعرەکەیان تەنها باسی خۆشەویستەکەیانە و بە کەمی لە بابەتەکە لادەدەن، بەڵام ئەوەی تەڵعەت تاهیر جیا دەکاتەوە لە شاعیرانی تر ئەوەیە، وەکو پێشتریش باسمانکرد لە شیعرێکدا چەند بابەتێک  پەیوەست دەکات بەیەکەوە، وەک  لەم شیعرەدا دەردەکەوێت:

کە دەزانم لەم شارە نیت

وەک ئەو منداڵانەی پێڵاو بۆیاخ دەکەن

سەر بۆ بینینی ڕوخساری کەس هەڵنابڕم (تاهیر، ٢٠٢١: ٢١٢).

ئەمە نمونەیەکە لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر، کە لە بنەڕەتدا شیعرێکە بۆ دووری خۆشەویستەکەی، بەڵام پەیوەست کراوە بە بابەتی منداڵێکی بۆیاخچی کاتێک لەسەر جادە پێڵاو بۆیاخ دەکات و ڕەنگە سەرهەڵنەبڕینی منداڵەکە پەیوەندی بە لایەنی دەروونی هەبێت وەک شەرم یان هەستکردن بە کەمی لە کارەکەی و بینین و ناسینی کەسی بۆگرنگ نییە. شاعیریش وەک ئەو منداڵە چۆن پێڵاو بۆیاخ دەکات و بینینی کەسی بۆ گرنگ نییە، کە دەزانێت خۆشەویستەکەی لەو شارە نییە سەر بۆبینینی کەس هەڵنابڕێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ناوەڕۆکی شیعرەکانی تەڵعەت تاهیرە، کە ناوەڕۆکێکی نامەئلوفە و زۆربەی باسی واقیعی ژیان دەکات بە شێوەیەکی نامەئلوف. لە ڕوانگەی ئەوەی باسمانکرد ئەتوانین چەند جۆرێک بابەت یاخود ناوەڕۆک لە شیعرەکانی تەڵعەتدا دیاری بکەین و لەسەریان بدوێین:

## ٣-٢ نامەئلوفکردنی بابەتی دڵداری

بە دەگمەن دیوان  و کتێبی شیعری هەیە بابەتی دڵداری تێدا نەبێت، نەک هەر لە ناو شاعیرانی کورد، بەڵکو لای زۆربەی شاعیرانی جیهان بەشی زۆر و سەرەکی دیوان و کتێبە شیعرییەکانە، تەنانەت زۆربەی شاعیران لەم ڕووەوە دەستی باڵای شیعر نوسینیان هەیە و جوانترین شاکاری شیعریش، کە ماوەتەوە هەر ئەم جۆرەیە. تەڵعەت تاهیریش لەم بوارەدا  زۆر شیعری داناو، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە ئەوەیە بابەتی دڵداری تێکەڵی بابەتی تر دەکات و بە شێوەیەکی نامەئلوف دەیخاتە ڕوو، ئەو

کەرەستانەش کە وەریان دەگرێت و شیعریان لێ دروست دەکات کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانەن. وەک ئەم نمونانە:

وەک ئەو دینارە ئاسنەی

خزمێکمان لە کاتی ناشتنی داپیرەمدا پێی دام و دڵخۆشی

کردم

ناوی تۆم خستۆتە ناو دەستمەوە و توند گوشیومە

هەر کە تووشی شکستێک دەبم

ناولەپم دەکەمەوە و سەیرێکت دەکەم و پێدەکەنم ( تاهیر، ٢٠٢١: ١٠٦).

لەم شیعرەدا بابەت تێیدا خۆشەویستییە، شاعیر ببینی خۆشەویستەکەی دڵخۆشی دەکات و پێکەنین دەکاتە میوانی، ئەمە بابەتی شیعرەکەیە، بەڵام دەبینین شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی و لە کاتی ناشتنی داپیرەی، کە مردووە و دەبوایە دڵتەنگ بێت بۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵ بووە، دینارێکی ئاسن دڵخۆشی کردووە، کە خزمێکیان داویەتی پێی. بەیەکەوە بەستنی  دوو بابەتی (ناشتنی مردوو و پێدانی دینارێکی ئاسن) و پەیوەستکردنیان بە بابەتی خۆشەویستییەوە شتێکی تەواو نامەئلوفە و تەنانەت وێنە و بەراوردەکە هێندە جوانە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکە خوێنەر بیری تراژیدیا و ناخۆشی دیمەنی مردوو ناشتنی نییە. هەروەها شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

خۆشەویستیم ، پەیوەندی بە باشیتەوە نییە

سبەینەی دووشەممە لە بەردەم سجنی مەحەتە ببینە

بە دوو لەتە کەبابی سارد و نانی تیری بە فرمێسک تەڕکراو

و پاکەتێک جگەرەی غەمدانەوە

پیرەژنێک چاوەڕێی بینینی کوڕە بکوژەکەی دەکات (تاهیر، ٢٠٢١: ١١٧ ).

لەم شیعرەدا شاعیر ڕوو دەکاتە خۆشەویستەکەی و ئەوەی پێ دەڵێت: کە من تۆم خۆش دەوێت و عاشقی تۆم، مەرج نییە لەبەر باشی تۆبێت، ڕەنگە تۆ زۆر خراپ بیت، بەڵام من عاشقی تۆم و خراپیەکانت نابینم، یاخود خراپییەکانیشت ئەبینم بەڵام هەر خۆشم دەوێی، وەک خۆشەویستی دایکێک بۆ کوڕە بکوژەکەی، لەگەڵ ئەوەی کە

دەشزانێ کوڕەکەی بکوژە، بەڵام هەر خۆشی دەوێ و شتیشی بۆ دەبات. هێنانی ئەم جۆرە بابەتە، کە لە بنەڕەتدا باسی خۆشەویستییە، بەڵام بە شتێک بەراودی دەکات، کە بابەتی کوشتنە ئەمەش بە تەواوی نامەئلوفە.

شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

سفرە سەری لێ تێکچووە، لە نێوان برنج و ددانی برنجیت

کامە لە پێشتایە وکامە لە دەمتایە

کشمیش شەرم لە شیرینیت دەکا و دەیەوێ نهێنی مزربوون

لە قەیسی بزانێ

سووپەکە سوور و سوێر هەڵگەڕاوە

لە حزوورتا، تەنیا ئاو شەرەفمەندانە بێ بۆن و تام و ڕەنگ

لە سوراحی پشت گوڵدانەکە مەنگ بووە، پەنیری پارمیزان

لە سوێی زەردیی لاجانگت تواوەتەوە، مەعکەرۆنە لە

شێوەی هێڵەکانی سەر لەپی دەستت پێچیان خواردووە

ئەوەی گوناهە مریشکە برژاوەکەیە، بەر لە سەربڕین تۆی

نەدی (تاهیر، ٢٠٢١: ١٣٧).

وەک ئاشکرایە ئەم شیعرە لە وەسفی خۆشەویستەکەیدایە، بەڵام وەسفکردنێکی تەواو جیاواز لەو وەسفکردنانەی پێشتر شاعیران کردوویانە، چونکە هەریەکە لە (برنج و کشمیش و قەیسی و سوپ و سوراحی ومەعکەرۆنی و پەنیر و مریشکی برژاو) ئەو دەستەواژانەن، کە مرۆڤ تەنها لەسەر سفرە و خوان دەیان بینێت و ئاوا کۆدەبنەوە، بەڵام کاتێک شاعیر ئەندام و خاسیەتەکانی خۆشەویستەکەی بەوانە وەسفدەکات، ئەوا خوێنەر هەست بە دەربڕینی نامۆ و نامەئلوف دەکات لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکە. هەندێ دەربڕینیش بە تایبەتی نامەئلوفە و شاعیرانی تر ڕەنگە هەرگیز لێکچواندنی وایان نەکردبێ نە لە کۆن و نە لەشاعیرانی نوێ و هاوچەرخیشدا وەکو، چواندنی شیرینی یار بە کشمیش، یاخود زەردی لاجانگ بە پەنیری پارمیزان، یاخود هێڵەکانی لە پی دەست بە مەعکەرۆنە. وەک پێشتریش وتمان، ئەوەی لەم دەقە شیعرییانەی تەڵعەتدا

سەرنج ڕاکێشە، ئەوەیە شتگەلێک باس دەکات،  کە ڕۆژانە ئێمە دەیان جار دەیان بینین و شتانێکی ئاسایین و جوانییەکی زۆریان نییە، بەڵام کاتێک لە شیعرەکانی تەڵعەت دەیان بینین تەواو جیاواز و جوانترن لەوەی لەواقیعدا دەیان بینین، ئەم جوانیەش بریتییە لە سیحری نامەئلوفکردن.

هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ئاشتیت بەخشیوەتە یاسای دارستانیش

کە دەخەویت

دەستی پڵنگی سەر بەتانییەکە

دەکەوێتە سەر شانی کەروێشکەکەی تەنیشتتەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ١٥٣)

ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم شیعرەدا بەرچاو دەکەوێت چەند شتێکە، یەکەم هەست و سۆزی مرۆڤ بۆ مرۆڤ هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای دارستانەوە نییە و یاسای دارستان تایبەتە بە ئاژەڵ، بەڵام شاعیر باسی خۆشەویستەکەی دەکات و پێی وایە خەوتنی خۆشەویستەکەی بەهۆی بەتانیەکەوە، کە وێنەی کەروێشک و پڵنگی لەسەرە، یاسای دارستانی لە ململانێی بەهێز و لاوازو خواردنی لاوازەکان لەلایەن بەهێزەکانەوەی گۆڕیوە بۆ ئاشتی و تەبایی لەنێوان بەهێز و لاوازەکاندا. دووەمیش پڵنگ هەمیشە وەک ڕەمزی زەبر و زۆر و زوڵم و ستەم باسکراوە و لە واقیعیشدا وایە، بەڵام شاعیر بە هێنانی بەتانیی خەوی خۆشەویستەکەی، ئەو ڕەمزەی گۆڕیوە و بەمەش بابەتەکە بوەتە ئاشتی نێوان پڵنگ و کەروێشک و نامەئلوف کەوتۆتەوە .

شاعیر لە شیعریکی تردا دەلیت:

دەیگێڕایەوە هەموو چیرۆکەکە لە شەوێکی زستاندا بە

Slawێک دەستی پێکرد

بەهۆیەوە سەنتور و ناوی سلێمانی خۆش دەویست

وەسیەتی کرد

مردیش لە گوندێکی قەزای سۆران بینێژن

گرنگی بە هیچ وشەیێک نەدەدا بە پیتی سین نەگوترابا

تا ئەو ڕۆژەی هەژاری بەئاگای هێنایەوە

کە کەسێک لە ژیانیدا خۆی خزاندۆتە ناو پیتی یەکەمەوە و

وەک تیرێک بەر دڵ کەوتبێت

لە ناوەڕاستیدا وەستاوە S : ی کردووە بە $.(تاهیر، ٢٠٢١: ١٧٣)

وەک ئاشکرایە شیعرەکە بە سەرەتای چیرۆکێکی خۆشەویستی دەستی پێکردووە لە(slaw)ێکەوە، ئەمەش وایکردووە هەموو وشەیەکی خۆشبوێت بە پیتی (سین) دەستپێبکات وەک (سلێمانی و سەنتور). بەڵام لە ناوەڕاستی شیعرەکەدا وەکو وتمان، کە شیعرێکی دڵدارییە شاعیر بابەتەکەی گۆڕیوە بە هەژاری و بابەتی پارە هاتۆتە پێشەوە و هەر بۆیەش بابەتەکە لە (S ) ەوە، بووە بە ($) وەک نیشانەیەک بۆ جۆرێک لە دراو، کە ئەویش دۆلارە. بەمەش ناوەڕۆکی شیعرەکە بووەتە خۆشەویستی و هەروەها باسی هەژاری و پارەپەرستی و هێنانی ئەو نیشانانە شیعرەکەی بەتەواوی نامەئلوف کردووە.

شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

خۆی لێ دەبێتە ئەو کەشتییەی بارەکەی خنکانە و

منیش وا نیشان دەدەم چیرۆکی نووحم نەبیستووە

لە فێڵەکەی من نەگەیشتووە

بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا پێکەنینی ببینم

بە ئەنقەست هەموو گفتوگۆکانی لەگەڵدا دەدۆڕێنم (تاهیر، ٢٠٢١: ١٧٦)

ئەم شیعرە لە بارەی خۆشەویستییەوەیە، بەڵام هێنانی چیرۆکی نوح و کەشتییەکەی، کە لە بنەڕەتدا چیرۆکێکە لە لایەک هیچ پەیوەندییەکی بە خۆشویستییەوە نییە و لە لایەکی تریشەوە کەشتییەکەی نوح بۆ بابەتێکە وەک لە قورئان و کتێبە مێژووییەکاندا باسکراوە پەیوەندی بەو لافاوەوە هەیە، کە زۆربەی خەڵکی سەر زەوی تێیدا لە ناو چوون، بەڵام شاعیر ئەم چیرۆکەی کردۆتە پێشەکییەک بۆ چوونە ناو چیرۆکی خۆشەویستی خۆیەوە و ئەم چیرۆکە قورئانیی و ئاینییەی هێناوە و تێکەڵ بە شیعرەکەی خۆی کردووە بۆ مەبەستێکی دڵداری ، کە ئەم بابەتە ڕەنگە پێشتر تەنها لە مامۆستایانی ئایینییەوە گوێبیستی بوبین و لە گوتارەکانی ئەواندا بەرگوێمان کەوتبێت

و باسکردنی ئەمانە لە لایەن شاعیرێکەوە و لە شیعرێکی سۆزدارییدا خۆی لە خۆیدا نامەئلوف و نامۆیە.

من هەمیشە ئیرەییم بەو پیرەمێردەی دراوسێمان بردووە

تووشی لە بیرچوونەوە بووە و

هەموو خەڵک بە مەلای گەڕەکیشەوە

بە ناوی ئەو ژنە بانگ دەکا

کە خۆشیدەویست (تاهیر، ٢٠٢١: ١٨٣)

لەم شیعرەدا بابەتەکە خۆشەویستی پیرەمێردێکە بۆ ژنێک، بەڵام ئەوەی بابەتەکەی سەرنجڕاکێش کردووە ئەوەیە کە، لە لایەک مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات نیشانەکانی پیربوونی بشارێتەوە و حەزناکات پیر بێت، چونکە پیربوون هەمیشە نەخۆشی و زەحمەتی زۆری تێدایە بۆ مرۆڤ و لە واقیعدا کەس ئیرەیی بە پیربوون نابات، بە تایبەتی ئەگەر پیربوونەکە بیرچوونەوەشی لەگەڵدا بێت، ئەوا هێندەی تر زەحمەت و ناڕەحەتە. بەڵام دەبینین شاعیر ئیرەیی بەو پیرەمێردە دەبات، هۆکاری ئەوەی ئیرەیی بەهەموو کەس دەبات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەیری هەرکەس بکات و بانگی بکات وەک ئەوەیە لەلای سەیری خۆشەویستەکەی بکات و بانگی بکات، ئەمەش وای لە شاعیر کردووە کە، ئیرەیی ببات بەو پیاوە پیرە کە هەموو خەڵک بە خۆشەویستەکەی تێدەگات. بەدەر لەوەش هەمیشە مەلا وەک کەسێکی دوور لە بابەتی خۆشەویستی باسی لێوەکراوە، بەڵام شاعیر ئەویشی خستۆتە ناو بابەتەکە و بەمەش بابەتەکە نامەئلوف و نامۆ دەردەکەوێت.

شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

وەکو هەنجیر

هەندێ قسەی شیرینی تۆم وشک کردۆتەوە

بۆ ئەو کاتانەی لێرە نیت (تاهیر، ٢٠٢١: ١٨٦)

ئەگەر سەرنج لەم شیعرە بدەین، لەگەڵ ئەوەی لە لایەنی زمان و ڕەوانبێژییەوە لێکچواندنێکی زۆر نامەئەلوفە بەوەی قسەی شیرین بە هەنجیری وشک چوێنراوە، ئەوا لە ڕووی بابەتی شیعریشەوە زۆر نامەئلوفە. لە کاتێکدا ئێمە سەدان جار هەنجیری

وشككراومان بینیوە و ڕەنگە هەرگیز سەرنجی ڕانەکێشابین و هیچ جوانییەکمان تێدا بەدی نەکردبێت، لە کاتێکدا شاعیر ئەیتوانی لە شیعرەکەدا هەنجیری تەڕ بەکاربهێنێ و شێوەیەکی جوانتریشی هەبوو، بەڵام کاتێک خوێنەر گوێبیستی ئەم شیعرەی تەڵعەت تاهیر دەبێت بێگومان تێڕوانینی بەرامبەر بە هەنجیر دەگۆڕێت و جوانی شیعرەکەش لە هێنانی هەنجیری وشکدایە. لێرەشدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە هەنجیری وشک هەرچەندە زۆر مەئلوف و ئاساییە بە نیسبەت ژیانی هەریەکێکمانەوە، بەڵام شاعیر لە شیعرەکەدا تەواو نامەئلوفی کردووە و جوانییەکی زۆریشی بە شیعرەکە بەخشیوە.

لە شیعریکی تردا دەڵێت:

ئەمڕۆ گوتت پیر بووم

ئەمشەو هەموو درەختەکانی ئەم شارە

خەون بەوەوە دەبینن ببنە گۆچان (تاهیر، ٢٠٢١: ٢١).

ئەم شیعرە ناوەڕۆکێکی دڵداری هەیە و کاتێک کەسێکی زۆر تایبەتە لای ئەمی شاعیر گوتویەتی پیربووم، هەموو درەختەکان دەیانەوێت ببەنە گۆچان بۆ دەستی و پێی بڕوات. لە بنەڕەتدا گۆچان شتێکە هیچ جوانییەکی تێدا نییە و لەلای هەموو کەسێک شتێکی تەواو ئاشنا و مەئلوفە، بەدەر لەوەش ئیدیەمێک هەیە لەناو کورددا کە تا ڕادەیەک (گۆچان) یشی پێ ناشیرین کراوە، ئەویش ئەوەی دەڵێن (وەک گۆچان لارە) بەو کەسانە دەگوترێت کە، درۆدەکەن یاخود کارەکانیان بە ئاراستەیەکی هەڵە و ناشیرین دەکەن. لێرەدا خەونبینین، کە هی مرۆڤە داویەتە پاڵ درەخت. درەخت کە دەکرێت بە گۆچان، واتە دەبڕرێتەوەو وشک دەبێت و ئەمە لە زیانی درەختەکەدایە، بەڵام کاتێک کەسە تایبەتەکەی شاعیر پیر بووەو پێویستی بە گۆچانەو گۆچانەکە بۆ دەستی ئەوە، ئیتر هەموو درەختەکانی ئەو شارە ئەم خەونەیان دەبێت. لێرەدا شاعیر پڕۆسەی خستەسەر (اسقاط)ی ئەنجام داوە، واتە یارەکەی لای خۆی زۆر تایبەتەو خەون بەوەوە دەبینێت ببێتە هەموو پێویستییەک بۆ یارەکەی و ئەمەی داوەتە پاڵ درەختەکانیش.

لە ڕاستیدا دار ئەگەر ویستی هەبێت نایەوێت ببڕرێتەوە و بکرێت بە گۆچان و وشکبکرێت، بەڵام شاعیر دەڵێت دارەکان خەون بەمەوە دەبینن، بۆیە ئەمەش شیعرەکەی نامەئلوف کردووە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لە دڵی مندایە و

لە ماڵی کەسێکی تر

وای چ ئیهانەیەکە بۆ درەخت

کە چۆلەکەیەک لەسەر تەلی عامود دەنیشێتەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ٢١٣).

لەم شیعرەدا مەبەست بابەتێکی سۆزدارییە، هەرچەندە شاعیر ئافرەتێکی خۆش دەوێت و لە دڵیدایە، بەڵام ئەو لە ماڵێکی تر و لەگەڵ کەسێکی تر دەژی ئەمەش وەک ئیهانە و سەرزەنشتێک دەبینێ. وەکو چۆن ئیهانەیە بۆ درەخت، کە چۆلەکە لەسەر تەلی کارەبا و عامود بنێشێتەوە، لە کاتێکدا پێویستە لەسەر درەخت هێلانە بکات و لێی بنیشێتەوە. هێنانی (چۆلەکە و تەل و عامود و درەخت) لە کاتێکدا شتگەلێکی زۆر ئاسایی و مەئلوفی ژیانن، بەڵام شاعیر بە بەراووردکردنی ژیانی خۆی بە چۆلەکە وێنەیەکی جوانی بەخشیوەتە شتەکان وبابەتەکەی نامۆ و نامەئلوف کردووە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

کە تۆ نایەیت

خۆم بیانووت بۆ دەدۆزمەوە

دەڵێم

دیارە من باش چاوەڕێم نەکردووی (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٣١ ).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شاعیران لە کۆن و نوێشدا ئەوەیە بەردەوام گلەیی لە نەهاتنی یارەکانیان دەکەن و زۆرجاریش لۆمەی نەهاتنیان دەکەن و ئەوە دەکەنە منەت بەسەر یارەکانیانەوە کە زۆر چاوەڕێیان کردوون و نەهاتوون، بەڵام ئەم شیعرەی تەڵعەت تاهیر پێچەوانەی ئەوانە و تەواو جیاوازە، چونکە سەرەڕای ئەوەی چاوەڕێی یارەکەی کردووە و نەهاتووە لۆمەی ناکات و هێشتا لۆمەی خۆی دەکات لەوەی باش چاوەڕێی نەکردووە. ئەمەش بەتەواوی نامەئلوفە و نامۆیە لە شیعری شاعیرانی تردا .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

تۆ هەبیت ئاژاوەی دنیا نامێنێ

بەندیخانەکان دەبنە دایەنگە

تاوانبارەکان بە دەنکە شقارتە

پیکابی بچووک بۆ منداڵە هەژارەکان دروست دەکەن

جنێوەکان لە فەرهەنگی خاڵدا دەسڕێنەوە

قەسابەکان تا ماون بۆ ئەوە دەگرین

لە بری چەقۆ گیتاریان هەڵنەگرتووە

ئەوانەی ئێواران بە دەم ڕێوە پاقلە دەخۆن

توێکڵەکە دەخەنە گیرفانیانەوە

هەموو ئەوانەی ماسییان برژاندووە داوای لێبوردن دەکەن (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٦٦)

لەم شیعرەدا دیارە شاعیر وەسفی ئافرەتێک دەکات و وەسفەکەشی لە رێگەی شتگەلێکی ئاسایی و مەئلوفەوە کردووە و کۆمەڵێک شتی هێناوە هیچ پەیوەندییان بە بابەتی خۆشەویستی و جوانی ئافرەتەوە نییە، بەڵام شاعیر زۆر بە ووردی پەیوەستی کردۆتەوە بە بابەتەکەوە، هێنانی هەندێک ناو و دەستەواژەی وەک (بەندیخانەو دایەنگە و تاوانبار و چەقۆ و قەساب و.... هتد) ئەمانە شتگەلێکن بە دەگمەن شاعیران لە باسی وەسف و جوانی ئافرەتدا بەکاریان هێناون، تەنانەت هەندێک زاراوەی وەک (قەساب و چەقۆ) ئەمانە بەتەواوی دژی بابەتی خۆشەویستیین، بەڵام لەم شیعرانەی تەڵعەت تاهیردا وێنەیەکی تری داوە بە شتەکان بەشێوەیەک یەکانگیر دەبێتەوە لەگەڵ بابەتی خۆشەویستی و لە هەموو ئەو شتە مەئلوف و ئاسایی و ئاشنایانە، شتگەلێکی نامەئلوف و نامۆی خوڵقاندووە، وەک ئەوەی قەساب لە باتی چەقۆ گیتار هەڵبگرێت، لە کاتێکدا پیشەی قەسابی تەنها بە چەقۆ دەکرێت و کاروبارەکانی تەنها لە ڕێگەی چەقۆوەیە. هەووەها بەندینحانەکان هەرگیز وەک دایەنگەیان لێنایەت، چونکە بەندینخانەکان تەنها مرۆڤی تاوانبارییان تێدایە، بە پێچەوانەی بەندینخانەکان دایەنگەکان شوێنی پێگەیاندنی منداڵی بچوکن و ئەوانەی ناخێکی پاکییان هەیە و دوورن لە هەموو جۆرە تاوان و خراپەکارییەک. هەموو ئەوانەش شیعرەکەیان نامەئلوفکردووە و بونەتە وێنەگەلێکی تازە و نامەئلوف بۆ بابەتی شیعری. بە شێوەیەکی گشتی تەڵعەت سەرکەوتوو بووە لە گۆڕینی گۆشەنیگای جوانی لای خوێنەر، ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕینی کەرەستە و بابەت

و دیده جێگیرەکانی خەڵک و گشت و خوێنەر، چاوەڕوانی جوانییەکان دەگۆڕێت وەک پێدانی وێنەیەکی نویٚ و جیاواز بە (بەندیخانە، تاوانبار، قەساب، چەقۆ...هتد).

دواتر لە هەمان شیعردا دەڵێت:

تۆ لەسەرتە ڕۆژانە جارێک پیاسە بکەیت

پێڵاوەکانت  داکەنە و بە پێخاوسی بگەڕیٚ

ریٚگا قیرتاوکراوەکان دەبنە پسکویتی بە قاوە

ڕێگا خۆڵەکان بەوەوە دەنازن گوایە ئەسڵت قوڕە و

بە خزمایەتییەکی دوور پێت دەگەنەوە

سڵاوت لە هەر کیٚ  کرد چاوەریٚی وەڵام مەبە

ئەوەی تۆ ببینیٚ باشە

بە غەمزەیەک عەموودەکانی سەرجادە کون کون کە دەبنە شمشاڵ (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٦٧).

لەم شیعرەشدا شاعیر لە وەسفی ئافرەتێکدا کۆمەڵێک وێنەی جوانی خوڵقاندووە، گەڕان و پیاسەی ئەو ئافرەتەی وەسفی دەکات بە پێخاوسی ڕێگا قیرتاوکراوەکان دەکاتە پسکیتی بە قاوە، هەروەها ڕێگا خۆڵەکان بەخۆیان دەنازن، چونکە بەسەریاندا دەڕۆیت و هەروەها وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو ئایەتەی قورئان کە تێیدا باسی ئەوە دەکات ئەسڵی مرۆڤ خۆڵە  و ریٚگا خۆڵەکان بەوە دەنازن، کە بە خزمایەتیەکی دوور پێیان دەگاتەوە، پێی وایە غەمزە و ڕوانینێکی کاتێک بەسەر جادەکاندا دەڕوات و عەموودەکان دەبینێت کون کون دەبن وەک شمشاڵ. هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەم شیعرە لە وەسفی جوانی ئافرەتدا وتراوە، بەڵام وەسفەکە لە ڕێگەی هێنانی ریٚگای قیر و ڕێگای خۆڵ و عەموودەکانی  سەرجادە و گونجاندنی لەگەڵ بابەتی خۆشەویستیدا وێنەیەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە و بابەتەکەی بەتەواوی نامەئلوف کردووە. لێرەشدا تەڵعەت تاهیر ئەو کەرەستانە دەکاتە مۆتیڤی جوان کە لای خوێنەر جێگەی جوانی و هۆکاری جوانی نیین.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

له ژێریدا وەستابویت

عەموودەکە بە وێنەی دڕاوی کاندیدەکان داپۆشرابوو

نە من دەنگم هات و نە ئەوانیش دەنگیان هێنا. (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٠)

لەم شیعرەشدا شاعیر لە ڕێگەی شیعرێکی دڵدارییەوە باسی ئەو عەمودانە دەکات، کە لە کاتی هەڵبژاردندا وێنەی کاندیدانی پێدا هەڵدەواسرێت و هەرچەندە ئەمە بابەتێکی سیاسییە و هیچ پەیوەندییەکی بە خۆشەویستی و دڵداری و جوانی ئافرەتەوە نییە، بەڵام لێرەدا شاعیر بابەتەکەی پێ نامەئلوف کردووە. ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی دەکرێت خۆی وەک عەموود وشک بوبێت کاتێک جوانی یارەکەی بینیوە و لە هەمان کاتدا لەبەر جوانی ئەو کەس سەیری وێنەی کاندیدەکانی نەکردووە و لە ئەنجامدا ئەوانیش دەنگیان نەهێناوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا هێنانی شت گەلێک و ڕووداو گەلێکن لە واقیعەوە و پێدانی دیمەنێکی جوان بەو شتانە، لە کاتێکدا هەندێک لەو شتانە دیمەنێکی ناشیرینیان هەیە لە واقیعدا. وەک ئەو وێنانەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەو عەموودانەدا هەڵدەواسرێن و دواتر لێناکرێنەوە و دیمەنێکی ناشیرین و نا شارستانیان هەیە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ئەو ورچە بچکۆڵەیەی بە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەتدا هەڵواسراوە

ڕۆژانە تێر  تێر لە هەنگوینی چاوت دەخوا و

لە خۆشیاندا هەر دێ و دەچێ (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٢٣)

لەم شیعرەدا شاعیر وێنەی ئەو ورچەمان پیشاندەدات، کە بۆ جوانی بە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلدا هەڵدەواسرێت و شتێکی بێ گیان و ڕۆحە و تەنها وەک دیمەنێکی جوان هەڵدەواسرێت، بەڵام شاعیر وێنەیەکی جوانی پێداوە و پێی وایە لەبەرئەوەی بە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەی ئەودا هەڵواسراوە و لە خۆشی بینینی هەر دێت و دەچێت، لە ڕاستیدا هاتن و چوونی ورچەکە، بەهۆی جوڵەی سەیارەکە و سوڕانەوەی بەملاو لادا دروست دەبێت، بەڵام شاعیر هۆکاری جوڵە و (دێت و دەچێت)ی ورچەکەی گەڕاندووتەوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر شۆفێرەکەدایە، کە یاری شاعیرە و  ئەمەش بەتەواوی بابەتەکەی نامەئلوف کردووە لەو ڕووەوەی ورچ ئەگەر زیندوش بێت بە ئاسانیماڵی نابێت، بەڵام

لێرەدا ورچێکی بێ گیان نە کەس دەبینێ و نە دڵخۆش دەبێت. سەرەڕای ئەوانەش شاعیر کردویەتییە بابەتێکی نامەئلوف و نامۆ .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

مۆڵەتی ئۆتۆمبێلەکەم تازە کردەوە

پارەی سەرپێچییەکەم دا

کێشە ئەوەیە بێجگە لە دەستلەملانت

شتێکی تر بە پشتێنەی سەلامەتی نازانم (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٢٤).

لەم شیعرەدا شاعیر وێنەیەکی جوان وقەشەنگی دروستکردووە و لە سەرەتای شیعرەکەدا دوور لە بابەتی هەست و سۆز باسی مۆڵەتی شۆفێری و پارەی سەرپێچی دەدات، لە ڕاستیدا ئەمانە بابەتێکن لە گەڵ بابەتی خۆشەویستی و عەشق ئاسمان و ڕێسمانن. بەڵام شاعیر ئەمانە دەکاتە سەرەتایەک بۆ چوونە سەر بابەتی خۆشەویستی و گونجاندنێکی نایاب لە نێوان هەردوو بابەت دەکات. لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە سەرەڕای ئەوەی شاعیر سەرپێچی کردووە بەهۆی نەبەستانی پشتێنەی سەلامەتی و پارەی سەرپێچیەکەشی لێ وەرگیراوە، بەڵام دیسان هەر دەستلەملانی یارەکەی بە پشتێنەی سەلامەتی دەزانێ و بەهۆی ئەمەشەوە وێنەیەکی نامەئلوفی دروستکردووە لە ڕێگەی چواندنی پشتێنی سەلامەتی بە دەستلەملانی یارەکەی و لە کۆتاییشدا سەرجەم شیعرەکە شیعرێکی نامەئلوفە. هەر لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا شاعیر لە شیعرێکی تریشدا وێنەیەکی هاوشێوەی خوڵقاندووە ئەویش تێیدا دەڵێت:

من و تۆ هەقە مۆڵەتی شۆفێریمان بسوتێنین

کە ئەم دنیایە بۆ خۆی

هەر بەرەو ئەو شوێنە لێدەخوڕێ کە نامانەوێت (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٢٦)

لێرەشدا بابەتەکە پەیوەندی بە مۆڵەتی شۆفێری و لێخوڕینەوە هەیە، بەڵام شاعیر مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی خۆشەویستییە لەو ڕێگەیەوە، بۆیە پێی وایە مۆڵەتی شۆفێریەکەیان هیچ سودێکی نییە بۆیان و بۆ سوتاندن باشە، چونکە دنیا بە خواستی خۆی شتەکان ئەنجام دەدات و وەک ئەوەی ئەوان دەیانەوێت ناڕوات. لێرەشدا

وێنەیەکی نامەئلوف و جوان هەیە ئەویش لێخوڕین دراوەتە پاڵ دنیا، لە کاتێکدا مۆڵەتی شۆفێری و لێخوڕین تایبەتە بە مرۆڤەکان.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

تۆ لەسەرتە هەفتەی جارێک بچیتە چێشتخانەی یاقووت

میوانەکان مینیۆی جەستەت ببینن و لە خۆیانەوە تێر بخۆن

مەمکی مەحشی بە شیر و هەنگوین

سینگی بە خاڵ وەکو نانی بە کونجی

پەنجەی پێچراو بە گەڵای مێو

گەردنی تەڕ بە ئاوی شووتی

تکەی تەنووری تەماشا و

سووپی سووری سووراو و

شیلەی مەیلە و سوێری ئارەقی چاڵی چەناگەت بخۆنەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٦٨)

لەم شیعرەدا شاعیر وەسفی خۆشەویستەکەی دەکات و کۆمەڵێک شت ئەهێنێ زۆر تایبەتن، لە کاتێکدا مێنیۆ لە چێشتخانەدا ئەوەیە، کە لیستی خواردنەکانی تێدایە و ئەوانەی سەردانی دەکەن سەیری مینێۆ دەکەن و خواردنەکان هەڵدەبژێرن، بەڵام شاعیر لەم شیعرەدا مینێۆی داوەتە پاڵ جەستەی خۆشەویستەکەی و بەم جۆرە وەسفی دەکات و هەندێک دەستەواژەی وەک (مەمکی مەحشی بە شیر و پەنجەی پێچراو بە گەڵای مێو، گەردنی تەڕ بە ئاوی شووتی، تکەی تەنووری تەماشا و...هتد ) ئەمانە کۆمەڵێک دەستەواژە و ناوی کۆمەڵێک خواردنن تەنها لە چێشتخانەدا بەرچاو دەکەون و هیچ پەیوەندییان بە بابەتی خۆشەویستی و سۆزدارییەوە نییە، بەڵام شاعیر ئەمانەی هێناوە و لەگەڵ بابەتی جوانی و خۆشەویستی و یارەکەی تێکەڵی کردوون و وێنەگەلێکی نامەئلوف و نامۆی لێ دروست کردوون و بە تەواوی بابەتی شیعرەکەشی نامەئلوف کردووە. ئەوەی زۆر جێگەی گرنگی و بایەخە لەم شیعرانەی تەڵعەت تاهیردا ئەوەیە کەرەستەی ئەم شیعرانە زۆر مەئلوف و ئاساییین و هەموو کەسێک ئەم شتانە ئەبینێت، بەڵام کاتێک شاعیر هەمان ئەو کەرەستانە بەکاردەهێنێت لە شیعردا، وێنەیەکی تریان دەداتێ و دەیانکاتە شتگەلێک هەرگیز پێشتر بە خەیاڵی خوێنەردا نەهاتووە و بە

بینین و خوێندنەوەی سەرسام دەبێت. هەروەها بەدەر لەوەش هەموو کەرەستەکان لە واقیعەوە وەردەگرێت و بە بەرگێگی نویَ و نامەئلوفەوە پێشکەشمان دەکاتەوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە چەتاڵ پەنیر بخۆ

پەنجەت بەری کەویَ دەتوێتەوە و دەچێتەوە دۆخی منداڵیی

خۆی و

دەبێتەوە شیر

سەموون کەرت نەکەی گەنممان لیَ مەڕەنجێنە

بەزەییت بە شتەکاندا بێتەوە

سابوونەکە حەزدەکات بە دەستت بیشۆیت و پاک بێتەوە

خاولییەکە حەز دەکا بە قژی وشکت تەڕی کەیت

پێڵاوەکەت ئیرەیی بە سیستەمەکە دەبات لەسەری دەخەویت

سیستەمەکەت ڕقی لە پێڵاوەکەتە دەیبەیتە دەوام

کتێبەکانت ئامادەن خۆیان بە دەفتەرە گەورە چڵکنەکەی

دائیرە بگۆڕنەوە

کە هەموو بەیانییەک ئیمزایەکی لەسەر دەکەی زۆر لە

سەری بولبول دەچیَ (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٧٠)

لەم شیعرەدا شاعیر بە شێوەیەکی جوان وەسفی خۆشەویستەکەی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک وێنەی نامەئلوف و نامۆ پێشکەش دەکات، بۆ نمونە شاعیر وا وێنای خۆشەویستەکەی دەکات، کە سابوون حەزدەکات بە دەستەکانی بیشوات تا پاک بێتەوە، لە کاتێکدا سابون خۆی شت پاک دەکاتەوە، کەچی لێرەدا دەیەوێت لە ڕێگەی دەستی یارەکەی شاعیرەوە پاک ببێتەوە، واتە پرۆسەی پاککردنەوەکە پێچەوانە بووەتەوە. هەروەها لە کاتێکدا خاولی بۆ وشک کردنەوەی شتەکانە لە پاش شۆردن، بەڵام دیسان شاعیر وێنەیەکی نایابی دروستکردووە و کاتێک دەڵێت: خاولییەکە ئاواتەخوازە بە قژی

وشکت تەڕی کەیت. لە لایەکی ترەوە دەڵێت پێڵاوەکەت ئیرەیی بە سیستەمەکەت دەبات لەسەری دەخەویت لە کاتێکدا پێڵاو شتێکی بێ گیانە و ئیرەیی بە هیچ شتێک نابات. لە لایەکی ترەوە دەڵێت سیستەمەکەت ڕقی لە پێڵاوەکەتە دەیبەیتە دەوام، بەهەمان شێوەش سیستەم شتێکی بێ ڕۆح و گیانە و هەستی ڕق و کینەی تێدا نییە، بەڵام شاعیر کۆمەڵێک وێنەی جوان و نامەئلوفی لێ دروستکردووە، کەرەستەکانیش بریتین لە کۆمەڵێک کەرەستەی ئاسایی و مەئلوف. هەورەها هێنانی دەفتەرە گەورە چڵکنەکەی دائیرە هەرچەندە دیمەنێکی جوانی نییە و وەک شاعیر خۆی دەڵێت چڵکنە، بەڵام کاتێک ئەو ئیمزای لەسەر دەکات بەنرخ دەبێت و کتێبەکان هەرچەندە بەنرخن ئامادەن خۆیان بگۆڕنەوە بەو دەفتەرە چڵکنە. بەمەش وێنەیەکی تەواو نامەئلوف دەخوڵقێنێت و بابەتەکەی نامەئلوف دەکات.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

ئامان جلت هەڵخست ئاگادار بە

سەرچەفەکان نەبنە باڵ و بتکەنە فریشتە و بتفرێننە ئاسمان

زوو زوو دەرگای سەلاجەکە بکەرەوە

ماستی ناو مەنجەڵەکە و نانە هەورامییەکە و

باینجانی ناو نایلۆن و شروبی تا چاوەڕێتن و

هانا بۆ مەڵهەمی سووتانەکە دەبەن

کەڵەشێری بەستووی ناو فرێزەر و

ماسیی ڕاکشاوی ناو قوتووەکەش بە خەبەرن و غەریبیت

دەکەن ( تاهیر، ٢٠٢١: ٢٧١ _ ٢٧٢)

هەر لە درێژەی ئەو شیعرەی پێشوودا شاعیر بە وەسفێکی چڕ و ورد بەردەوام دەبێت لەسەر وەسفکردنی خۆشەویستەکەی ئەمجارەیان لە ڕێگەی کەرەستەکانی ناو سەلاجەکەوە، کە بریتین لە (ماستی ناو مەنجەڵەکە و نانە هەورامییەکە و باینجان و شروبی تا.... هتد ). شاعیر پێیوایە کاتێک یارەکەی دەرگای سەلاجەکە دەکاتەوە، هەموو ئەو شتانەی ناو سەلاجەکە لەتاو جوانیی یارەکەی دەسوتێن و بەرگەی جوانیی یارەکەی ناگرن، بۆیە هانا بۆ مەڵهەمی سوتاوی دەبەن. هەروەها لە لایەکی ترەوە پێی

وایە کەڵەشێری بەستووی ناو فریزەرەکە و ماسی ناو قوتوەکەش غەریبیی دەکەن و چاوەڕێن تا دەرگای سەلاجەکە بکاتەوە و ئەوانیش تێر سەیری بکەن. ئەمانەش هەمووی وێنەی نامەئلوف و شاعیر لە ڕێگەی کۆمەڵێک کەرەستەی زۆر مەئلوف و ئاسایی دروستی کردوون وەک: نانی هەورامی و ماست و باینجان و ماسی قوتوو... بەمەش بابەتەکەی تەواو نامەئلوف کردووە کاتێک لە رێگەی ئەو شتانەوە باسی بابەتێکی سۆزداری دەکات.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە دەنگە خۆشەکەت گوتت دەڕۆم

لەو کچە جوانانە دەچوویت لە دەرمانخانەدا

بە خەندەیەکی شیرینەوە

شروبێکی تاڵت دەدەنێ (تاهیر، ٢٠٢١: ١٩٦)

ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا شیعرێکە بابەتەکەی پەیوەندی بە خۆشەویستی و دڵدارییەوە هەیە، بەڵام دەبینن شاعیر زیاتر بابەتەکەی لە ریگەی دەرمانخانەو شروبەوە باسکردووە. واتە خۆشەویستەکەی کاتێک بە دەنگێکی خۆش گوتویەتی دەڕۆم، دەنگە خۆشەکەی وەک خەندەی شیرینی کچە جوانەکانی دەرمانخانە وایە، رۆشتنی یارەکەشی وەک شروبێکی تاڵ وایە. بەمەش وەک وتمان بابەتەکە پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە، بەڵام شاعیر بە شێوەیەکی جوان لە ریگەی کۆمەڵێک وێنەی ترەوە دەری بڕیوە و بابەتەکەی نامەئلوف کردووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ڕەنگە گەنمییەکەت بکرێتە کولێرە بەشیساڵێکمان دەکات

باشە نابێت شەو لە ژێر ساباتی قژتدا شەونخوون بین و

کە ڕۆژ بۆوە بە هەنگوینی چاوت و

قەیماغی کوڵمەت نانی بەیانی بخۆین؟ !

نازم غەزالی ڕاست دەکا (تاهیر، ٢٠٢١: ١٣٦).

وەک هەندێک لە شیعرەکانی تر هەندێک بابەتی سادەی ڕۆژانەی هێناوە ئەوانەی زیاتر پەیوەندییان بە خواردنەوە هەیە و مرۆڤ لە کاتی برسێتیدا ئەوانەی بیر دەکەوێتەوە، لە راستیدا ئەو شێوازە بووەتە مۆرکی تەڵعەت تاهیر و لای شاعیرانی تر نابینرێت یان زۆر دەگمەنە، ئەویش باسکردنی یارەکەی وەکو کەرەستەکانی سەر سفرە و خوان، کە لێرەشدا یارەکەی بە گەنمڕەنگ باس دەکات، کە ئەمە خۆی شتێکی ئاسایی و مەئلوفە، بەڵام ئەوەی نامەئلوفی دەکات ئەوەیە ئەم گەنمڕەنگییە دەکات شتێکی بەرجەستەو دەڵێت (بکرێتە کولێرە بەشی ساڵیکمان دەکات). واتە ئەوەی دەکرێتە کولێرە گەنمە، نەک گەنمڕەنگی و ئەمە وای کردووە شتەکە نامەئلوف بکەوێتەوە. هەروەها هەردوو دەستەواژەی (هەنگوینی چاو) مەبەستی ئەوەیە ڕەنگی چاوەکانی هەنگوینین، (قەیماغی کوڵمە)ش مەبەستی ئەوەیە کوڵمی وەک قەیماغ سپییە. لێرەش بەهەمان شێوەی دێڕەکەی سەرەتا رەنگەکان دەکاتە کەرەستەی خواردن و لەم ڕێگەیەوە نامەئلوفکردنەکە بەرجەستە دەکات.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لە قاوەخانەکە دانیشتبووین

قسەت دەکرد

هیچی لێ حاڵی نەبووم

دەنگت دەکەوتە ناو شەکردانی مێزەکەی نێوانمانەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ١٤١)

لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا زۆربەی کەرەستەو بابەتەکانی نامۆ و نائاشنا کردووە، ئەگەر سەرنج بدەین لە شوێن لە شیعرەکانییدا ئەوا ئەویش هەر شوێنی نامۆیە بە نیسبەت شیعرەوە، وەکو چایخانە و بازاڕ و قاوەخانە، ناو سەلاجە و چێشتخانە و زۆر شوێنی تر... ئەمە لە لایەک نامەئلوفە، لە لایەکی ترەوە ئەو وێنەیەی لە شیعرەکەدا دروستی کردووە وێنەیەکی تەواو نامەئلوفە و پێی وایە کاتێک لە قاوەخانەکە دانیشتوون لە گەڵ یارەکەیدا چەند قسەیان کردووە هیچی لێ تێنەگەیشتووە، چونکە بە گشتی چایخانە قەرەباڵغەو هەمووی قسە دەکەن و تەقەی دۆمینە دێت و ئەمە وادەکات لە قسەی یارەکەی حاڵی نەبێت، بەڵام شاعیر ئەم حاڵی نەبوونە لە یار بەهۆی دەنگە دەنگی ناو چاخانەکەوە دەخاتە لاوە و بەجۆرێکی تر باسی دەکات، کە ئەویش ئەوەیە یارەکەی هەر قسەیەکی بۆ کردووە پێش ئەوەی بگاتە لای شاعیر قسەکانی هێندە

شیرین بوون وەک شەکر کەوتوونەتە ناو ئەو شەکردانەی نێوانیان، بەمەش شەکردانەکە لە باتی شەکر پڕ بووە لە قسەی شیرینی یارەکەی. بەمەش وێنەیەکی تەواو نامەئلوفی خوڵقاندووە و لەم ڕێگەیەشەوە بابەتی شیعرەکە نامەئلوف کەوتۆتەوە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

پڕ بە دڵت قسە بکە

چ کارمان بە جوداکردنەوەی حا و عەینە

مادام وشەی خۆشم دەوێی

ئەو دوو پیتەی تێدا نییە. (تاهیر، ٢٠٢١: ١٤٢)

لە ڕاستیدا بابەتی ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا خۆشەویستی و دڵدارییە، بەڵام ئەوەی لە شیعرەکەدا ئاماژەی پێکراوە بابەتێکی ترە، کە پەیوەندی بە شێوەزاری چەند ناوچەیەکی کرمانجی خوارووەوە هەیە، وەک گۆڕینی دەنگی (ح) بۆ (ع) و بە پێچەوانەشەوە، ئەم گۆڕانەش لە نێوان شارەکانی سلێمانی و هەولێر بەدی دەکرێت، کاتێک شێوەزاری هەولێر لە زۆر وشەدا دەنگی (ح) دەگۆڕن بۆ (ع) وەک لە وشەکانی (موحەمەد و ئەحمەد) دەکرێنە (موعەمەد و ئەعمەد) یاخود بە پێچەوانەشەوە لە هوندێ وشەی تردا (ع) دەگۆڕن بۆ (ح). لە راستییدا ئەمە بابەتێکی دەنگسازییە و لە نیوان شێوەزارە ناوچەییەکانی زمانێکدا بەرچاو دەکەون، بەڵام شاعیر ئەم بابەتەی هێناوە و پەیوەستی کردووە بە بابەتێکی دڵداری و وێنەیەکی نامەئلوفی لێ دروستکردووە، کاتێک ڕوو لە خۆشەویستەکەی دەکات و پێی دەڵێت بە ئارەزووی خۆت قسە بکە، چ ئیشێکمان بە جیاکردنەوەی حا و عەینە و کەی ئیشی ئێمەیە، ئێمە پێویستمان بە وشەی (خۆشم دەوێی) هەیە، کە ئەو دوو پیتەی تێدا نییە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

سەبووریی ئەو شوتییە بەستەزمانانە بدەوە

بە هەنجەتی باشییەوە بە چەقۆ سکیان هەڵدەدڕن

دڵی ئەو درەختانە ڕابگرە

بەناوی جوانکردنی شارەوە لە باخچە دایانبڕیون

قاپ و تەشتی نایلۆنی سەر عارەبانە گەڕۆکەکان

بگۆڕە بۆ پارچەی پیانۆ

بە دوو سایدەکەی لایماڵتان وەرە خوارێ

با سایلۆ پڕبێ لە گەنم

پڕبێ لە گوارە بۆ ئەو کچانەی لەمساڵدا گوێیان دەسمرێ

پڕی کە لە عەتر بۆ ئەو نامانەی هێشتا نە نێردراون ( تاهیر، ٢٠٢١: ٢٦٧)

لەم شیعرەشدا شاعیر لە ڕێگەی زمانێکی سادە و ساکار بە وشەی مەئلوف و کەرەستەی ئاشنا کۆمەڵێک وێنەی نامەئلوفی دروستکردووە و بابەتی شیعرەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە، وەک لە شیعرەکانی تریشدا ئاماژەمان پێکردووە، ئەم جۆرە شیعرانە بە تەواوی مۆرکی تەڵعەت تاهیری پێوەدیارە. ئەم مۆرکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تەڵعەت تاهیر کۆمەڵێک شت لە شیعرەکانیدا بەکارئەهێنێت وای لێهاتووە لە هەر شیعرێک ئەو شتانە ببینی بەو شێوەیە ڕیزکراون ئەزانیت شیعری ئەوە، وەک هێنانی ئەم دەستەواژانە لەم شیعرەدا: شووتی بەستەزمان و قاپ و تەشتی نایلۆنی سەر عارەبانە گەڕۆکەکان، با سایلۆ پڕبێ لە گەنم... لە کاتێکدا دەبینی قاپ و تەشتی نایلۆن پێداویستی سەرەتایی خەڵکین و لە شیعردا نەمان بینیون پێشتر، بەڵام ئەوە توانای تەڵعەت تاهیر و شێوازە تایبەتەکەیەتی هەموو ئەو شتانەی لە تێکستەکانیدا بەکارهێناوە و شیعرییەتی پێداون. تەڵعەت لە شیعرەکانیدا زۆر باسی گەنمڕەنگی یارەکەی دەکات، لێرەشدا وای داناوە یارەکەی بچێتە دووسایدەکەی لای ماڵیان، کە سایلۆی لێیە بەم چوونەی ئەو سایلۆ پڕ دەبێت لە گەنم، ئەوەی شیعرەکەی نامەئلوف کردووە لێرەدا ئەو بۆچوونەی شاعیرە کە پێی وایە گەنمڕەنگی یارەکەی سایلۆ پڕ دەکات لە گەنم، هەرچەندە لە واقیعدا هیچ پەیوەندییەک نییە لە نێوان گەنمڕەنگی و پڕبوونی سایلۆ لە گەنم بە چوونی یارەکەی بۆ جادەی لای سایلۆ.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

پاش ئەوەی هەموو هەستەکانت بردم

جێت هێشتم

وەک ئەو داهۆڵەی دوای دروێنە کەس ئیشی پێ نامێنێ. ( تاهیر، ٢٠٢١: ٣٣٢)

ئەم شیعرە ڕەهەندێکی خۆشەویستی هەیە و باسی بێ وەفایی یارەکەیەتی، بۆ سەلماندنی بێ وەفایی یارەکەی شاعیر پەنای بردووەتە بەر وێنەی داهۆڵ. داهۆڵ ئەو پارچە دار و پارچە قوماشەیە، کە جوتیارەکان لە ناو دانەوێڵەو بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی تر دایدەنێن بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان لە هەندێ باڵندەو ئاژەڵی تر پارێزراو بێت و نەیخۆن، بەڵام کاتێک دروێنە دەکرێت یان هەر بەرهەمێکی تری جوتیاران تەواو دەبێت ئەوا کەس ئیشی پێی نامێنێ. شاعیر هاتووە بێ وەفایی یارەکەی بەوە چواندووە و پێی وایە تا ئەو کاتەی هەستەکانی بردووە رووی داوەتێ، بەڵام کاتێک ئیشی پێی نەماوە جێی هێشتووە وەک چۆن داهۆڵەکە دوای دروێنە ئیشیان پێی نەماوە و بە جێیان هێشتووە و تەنیا ماوەتەوە. هەر بۆیە شاعیر بابەتی شیعرەکەی، کە خۆشەویستییە لە ڕێگەی داهۆڵێکەوە خستۆتە ڕوو، بەمەش زمان و بابەتی شیعرەکەی نامەئلوف کردووە و وێنەیەکی دەگمەنی خوڵقاندووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە خەیاڵیش

چاوەڕێی ئەو قەرەبووە باشە نەبووم

لەو وڵاتەی هەموو شتێکم تێدا ون کرد

تۆ بدۆزمەوە ( تاهیر، ٢٠٢١: ١٣١)

مەبەستی سەرەکی لەم شیعرەدا خۆشەویستییە، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت سیاسی بێت، چونکە لە شیعرەکەدا زیاتر باس لە خراپی بارودۆخی وڵات دەکات، کە هەموو شتێکی تێدا لە دەستداوە، ئەمەش کاتێک دەگوترێت ئەو وڵاتە بارودخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و.... هتد خراپ بێت، ئەمەش وادەکات تاکەکانی ئەو وڵاتە هەموو خۆشگوزەرانییەک لە دەست بدەن. شاعیر سەرەڕای ئەوەی هەموو شتێکی لە دەستداوە لە ژیان لەم وڵاتەیا، بەڵام کاتێک خۆشەویستەکەی دۆزیوەتەوە قەرەبووی هەموو ئەو شتانەی کردۆتەوە  لە دەستیداوە. لە کاتێکدا بە خەیاڵیش چاوەڕێی ئەو قەرەبووە باشە نەبووە، واتە هەرگیز بە خەیاڵیشیا نەهاتووە خۆشەویستەکەی بدۆزێتەوە. بەمەش شاعیر دوو بابەتی تێکەڵی یەک کردووە، کە ونکردنی هەموو شتێکە لە وڵاتەکەیدا، بەڵام لە بەرامبەردا یارەکەی دۆزیوەتەوەو ئەمەش قەرەبووی هەموو

ونکردووەکانی تری بۆ کردووەتەوە. لێرەدا تێکەڵکردن و پێکەوەگرێدانی ونکردنی هەموو شتێک و دۆزینەوەی یار نامەئلوفی کردووە.

## ٣-٣ نامەئلوفکردنی بابەتی کۆمەڵایەتی

لای تەڵعەت تاهیر ئاوڕدانەوە لە لایەنی کۆمەڵایەتی بایەخێکی تایبەتی پێدراوە و ئاوڕی لە هەندێک دیاردە داوەتەوە، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی نامەئلوف و نامۆ. بەشی زۆری ئەو شیعرانەی تەڵعەت تاهیر دەچنە ئەم خانەیەوە، ئەوانەن زیاتر باسی بارودۆخی خراپی گوزەرانی خەڵک دەکەن لە ڕووی هەژاری و نەدارییەوە. وەک منداڵێکی هەژار کاتێک بۆ پەیداکردنی بژێوی دەبێتە بۆیاخچی، یاخود پیرەمێردێک لەو پەڕی بێ توانایی و بێ هێزیدایە، بەڵام هەژاری ناچاری دەکات ئیش بکات و ماندوو ببێت، بێوەژنێک سەرەڕای تانە و لۆمە و سەرزەنشتکردنی لە لایەن کۆمەڵگاوە، بەڵام بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانی هەموو ئەو شتانە قبوڵ بکات. ئەمانە و چەندین نمونەی تر باسی هەژاری لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و بە شێوەیەکی نامەئلوف خستوونیەتییە ڕوو. لە لایەکی ترەوە باسکردن لە هەندێک کێشەی ئافرەت و ئەو ئاستەنگ و زەحمەتییانەی بەهۆی کۆمەڵگا و کلتوری کۆمەڵگاوە دووچاری هاتوون، بەشێکی ترە لایەنی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی تەڵعەتدا لێرەدا لە چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەدوێین، کە لە شیعری تەڵعەت تاهیردا هەن و بەشێوەیەکی نامەئلوف خراونەتەڕوو و بریتین لە:

### ٣-٣-١ دیاردەی هەژاری

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا بەشێکی سەرەکی لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا ئەم دیاردەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە باسکردنی ئەم دیاردەیە لای تەڵعەت تاهیر زۆر جیاوازە و وەک زۆربەی لایەنەکانی تر نامەئلوفیەتێکی زۆری تێدایە. وەک:

یەکدوو چین دەکا و دەڕووخێت

ئەو گەنجە، لە کونجێکی چایخانەکە

بەسەر مێزێک نوشتاوەتەوە و دێنێ و دەبا

بە پوولی دۆمینەش ئەم جیهانە دروستکردنی ماڵێکی پێ

ڕەوا نابینێ (تاهیر، ٢٠٢١: ٧٧).

هەرچەندە شاعیر لەم شیعرەدا ڕاستەوخۆ ناوی هەژاری نەهێناوە، بەڵام مەبەست لە بابەتی شیعرەکە دەچێتە ئەو خانەیەوە و شاعیر پێی وایە ئەم وڵاتە هێندە گەنجی هەژار و بێ کاری تێدایە، کە لە واقیعدا توانای کڕین و دروستکردنی ماڵ و لانەیەکیان نییە بۆ نیشتەجێبوون و زۆربەی کاتەکانیان لە چایخانە و کافتریاکاندا بەسەر دەبەن. ئەمە بێجگە لەوەی کە ماڵ و خانوو بۆ گەنج لە واقیعدا وەک خەونی لێهاتووە، تەنانەت ئەو گەنجە بە پولی دۆمینەش خانویەکی بۆ دروست ناکرێ و دوای ئەوەی چەند پولێک لە شێوەی دیوار دادەنێ ئەویش دەڕوخێت و جیهان ئەوەشی پێ ڕەوا نابینێ. هەرچەندە دروستکردنی خانوو بە پولی دۆمینە شتێکە زۆرجار بۆ دڵخۆشکردن و ڕازیکردنی منداڵان بەکاردەهێنرێت و چەند پولێکیان وەک دیوار لە شێوەی خانوو بۆ دروست دەکرێت، بەڵام شاعیر باسی گەنجێک دەکات لە چاخانەکەدا، کە ڕازییە بە دروستکردنی خانوویەک بە پوولەکانی دۆمینە، بەڵام ئەوانیش زوو زوو دەڕوخێن و ئەم جیهانە ئەوەشی پێ ڕەوا نابینێ تەنانەت بەو شێوەیەش ئەو گەنجە ببێتە خاوەنی خانوو. بەمەش شاعیر بابەتی شیعرەکەی نامەئلوف کردووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ڕۆژانە بڕۆ بازاڕ و ببینە

پیرەمێردێک، وەکو تەلەفۆنی عمومی حەبی گەورە گەورە

قووت دەدا و لە هەناویدا غرەیان دێ و بە تەسبیحەکەی

هەتا ژمارە سەد و یەک لێ دەدا و ژیان وەڵامی ناداتەوە

ژنێک و کچەکەی، لە ژێر لچکی یەک عەبادا بە دیار

فرۆشتنی پاکەتێک پیلی باریکەوە دانیشتوون

بێ ئەوەی بزانن لێرە نەهامەتی کۆنترۆڵی نییە

گەنجێک ڕوخساری کوژاوەتەوە و لایتی شەحن

دەفرۆشێت

ئەم دیمەنانە لە قاپی ناختدا لەگەڵ دەسکێک نەعنای مەراق

بجنە و وردیکە، دواتر چاوت وەک لیمۆ بگوشە و کەمێک

فرمێسکی بەسەرداکە

ئەوجا تێدەگەیت، بۆچی ئێواران تەنها خواردنی زەڵاتە

باشە (تاهیر، ٢٠٢١: ٩١).

لەم شیعرەدا شاعیر باسی چەند کەسێکی هەژار دەکات، ئەوانەی زۆربەمان ڕۆژانە لە بازاڕ و شوێنە گشتیەکاندا دەیان بینین. وەک پیرەمێردێک هەرچەندە نەخۆشە و ڕۆژانە چەندین حەب دەخوات، بەڵام هەژاری ناچاری کردووە بەردەوام ئیش بکات. لێرەدا شاعیر ڕەنگە مەبەستی ئەو پیرەمێردانە بێت، کە تەسبیح دەفرۆشن، چونکە دەڵێت بە تەسبیحەکەی هەتا ژمارە سەد و یەک لێدەدات و ژیان وەڵامی ناداتەوە ، ئەمەش وێنەیەکی تەواو جوان و نامەئلوفە شاعیر هێناویەتی، چونکە ئەوەی پەیوەندی پێ دەکرێت مۆبایل و ئامێری تەلەفۆنە نەک تەسبیح. هەروەها لە بەشێکی تردا باسی ژنێک و کچەکەی دەکات کاتێک لەبەر هەژاری و لە پێناو پەیداکردنی بژێوی ژیاندا، لە بازاڕدا دانیشتوون و شت دەفرۆشن، کە لێرەدا شاعیر باسی پاکەتێک پیل دەکات، بەڵام پێی وایە لەم وڵاتەدا نەهامەتی کۆنترۆڵی نییە، واتە لێرەدا نەهامەتی کۆنترۆل ناکرێت و هەر ڕۆژەی نەهامەتییەکی تازە بەرۆکی خەڵک دەگرێت. لە بەشێکی تری شیعرەکەدا باسی گەنجێکی هەژار دەکات، کە لایتی شەحن دەفرۆشێت و پێی وایە هەرچەندە ئەو گەنجە لایتی شەحن دەفرۆشێت، بەڵام ڕوخساری خۆی کوژاوەتەوە، ئەمەش مەبەست ئەوەیە کە گەنجەکە لەبەر هەژاری و زەحمەتی ژیان، پێکەنین و خەندە و خۆشی و ئومێد لە دەم و چاویدا نابینرێ. بە هێنانی ئەم جۆرە وێنانە لە پاڵ هەژاریدا شاعیر وێنەگەلێکی نامۆی خوڵقاندووە و هەر ئەمەش وایکردووە بابەتی شیعرەکە نامەئلوف بکەوێتەوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

تەسجیلەکە دەکوژێنمەوە

سەیری تابلۆی هەژاری دەکەم

دیوی دەرەوەی جامی سەکنی سەیارەکەم

پڕە لە شوێنەواری دەستی بچووک بچووک (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٦٢)

شاعیر لەم شیعرەدا  وێنەی ئەو منداڵانەمان بۆ دەکێشێت کاتێک لە شەقام و ترافیکەکاندا شۆفێرەکان بۆ چەند ساتێکی کەم دەوەستن منداڵە بچووکە هەژارەکان دەستت دەدەن لە جامی ئۆتۆمبێلەکان و داوای هاوکاری و یارمەتی لە شۆفێران دەکەن و شاعیریش شوێندەستی ئەو منداڵانە بە تابلۆی هەژاری ناودەبات. لە ڕاستیدا ئێمە ئەم دیاردەیە ڕۆژانە بەچاو دەبینین، بەڵام وەک کەرەستەی شیعر شتێکی نامەئلوفە و دەگمەنە. بە تایبەتی کاتێک هەندێک خەڵک بە چاوێکی کەم و وەکو سواڵکەر سەیرییان دەکات و هەندێک جاریش دەبینین شۆفێران لێیان تورە دەبن و هەوڵی دوورخستەوەیان دەدەن لە ئۆتۆمبێلەکانیان.

لە شیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

ئەو منداڵە کارتی مۆبایل دەفرۆشێ

تینوێتی و خنکانی لە تێکستێکی بچوکدا کۆکردۆتەوە

خوشکەکەی بنێشتی سەهمی لە دەستە و

لەوە بچووکترە تێبگا

سەردەم سەردەمی هاڕینە نەک جوین (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٦٣)

بە هەمان شێوەی تێکستی پێشوو وێنەی منداڵێکمان بۆ دەکێشێ،  کە خۆی کارتی مۆبایل دەفرۆشێت و خوشکەکەشی بنێشتی سەهم ، شاعیر لێرەدا وێنەیەکی جوانی خوڵقاندووە  لە ڕێگەی (تینوێتی و خنکان) ەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی منداڵەکە لە تاوی گەرما و بێ ئاوی لە شەقامەکاندا تینوێتی زۆری بۆ هێناوە و لە هەمان کاتیشدا غەرقی عارەق بووە لەو گەرمادا. واتە لە لایەک لە بێ ئاویدا تینوێتی  زۆری بۆ هێناوە لە لایەکی تریشەوە جەستەی غەرقی عارەق بووە. لە لایەکی تریشەوە خوشکەکەی هەرچەندە زۆر بچووکە سەرەڕای ئەوەش ژیان ناچار بە کارکردنی کردووە و  بنێشتی سەهم دەفرۆشێت، بەڵام لەوە بچوکترە  تێبگات، کە فرۆشتنی بنێشتی سەهم ڕەنگە ڕەواج و بازاڕێکی وای نەبێت و ئێستا سەردەم سەردەمی هاڕینە، کە دەکرێت مەبەست هاڕینی مرۆڤەکان بێت بۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاتر. بەمەش شاعیر  لە ڕێگەی هێنانی بنێشتی سەهمەوە وێنەیەکی نامەئلوفیی خوڵقاندووە کە واتایەکی  قوڵی تێدایە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

دانیشتووە سواڵ دەکا و

سەمونێکی حەجەری لە دەستایە

لەگەڵ هەموو گازێکی بچووک

پیتێک لە وشەی بەشەریەت دیار نامێنێ (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٦٤)

لەم شیعرەشدا شاعیر باسی هەژاری دەکات و باسی منداڵێک دەکات، کە سواڵ دەکات و سەمونێکی حەجەری لە دەستدایە و دەیخوات، شاعیر  پێی وایە کاتێک ئەو منداڵە بە گازی بچووک بچووک سەموونەکە دەخوات لەگەڵ هەر گازێکی بچووک، کە لە سەمونەکەی دەدات، پیتێک لە وشەی (مرۆڤایەتی) دیار نامێنێت. ئەمەش مەبەست لەوەیە چەندین رێکخراوی جیهانی و ناوخۆیی هەیە، کە دروشمەکانیان پاراستنی مافی مرۆڤ و منداڵە بە تایبەتی. بە دەر لەوەش زۆربەی خەڵک دروشمی مرۆڤایەتی دەڵێنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەو دروشمانە لە قسەوە بکرێنە کردار، ئەوا منداڵی هەژار نامێنێ لە شەقامەکاندا بەوجۆرە سواڵ بکەن و لە هەژارییدا بکەونە سەر شەقامەکان. ئەوەش کە بابەتەکەی نامەئلوف کردووە ئەو تێڕوانین و دەربڕین و بیرکردنەوەی شاعیرە کە پێی وایە هەر گازێکی بچووکی منداڵەکە، کە لە سەمونەکەی دەدات پیتێکی وشەی (بەشەریەت) دیارنامێنێت و ئەوەی دەگوترێت سەبارەت بە (مرۆڤایەتی) تەنها دروشمە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ئەو کچە عەرەبە بە فرمێسکەوە

بە زمانێک دەپاڕێتەوە هی بیابانە

لە یەک ڕوخساردا سەراب و ئاوی کۆکردۆتەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٦٥)

لەم شیعرەدا شاعیر باسی کچێکی هەژاری عەرەب دەکات کاتێک دەپارێتەوە لە خەڵک تا هاوکاری بکەن و برە پارەیەکی بدەنێ، مەبەستی شاعیر لەوەی کە دەلێت بە زمانێک دە پاڕێتەوە هی بیابانە زمانی عەرەبییە و  فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتۆتە خوارەوە. مەبەستی لەوەی لە یەک ڕوخساردا سەراب و ئاوی کۆکردۆتەوە، سەراب ئەوەیە لە بیابان و شوێنی وشکدا لە شێوەی ئاو دەردەکەوێت لە دوورەوە و کە نزیک دەبیتەوە نامێنێ، هەروەها مەبەستی لە ئاویش ئەو فرمێسکانەیە، کە لە کاتی گریان و  پاڕانەوەدا

به چاوەکانیدا دێتەخوارەوە و روخساری تەڕ دەکات. بەمەش شاعیر وێنەیەکی تەواو نامەئلوفی خوڵقاندووە، چونکە هەرگیز ئاو و سەراب پێکەوە کۆنابنەوە و سەراب لە بیاباندا دەردەکەوێت ئەویش ئاوی تێدا نییە، شوێنێکیش ئاوی تێدابێت سەرابی تێدا دەرناکەوێت. ئەوەی شاعیر خوڵقاندوویەتی لە رێگەی پارادۆکسەیەوەو دوو دیاردەی (ئاو و سەراب)ی لە یەک شوێندا کۆکردووەتەوە، کە روخساری کچەکەیەو هەرگیز لە واقیعدا بەو جۆرە پێکەوە کۆنابنەوە. ئەم کۆکردنەوەیە نامەئلوفە و لە ڕێگەی بابەتی هەژاری و ڕوخساری منداڵێکەوە باسی ئەو بابەتەی کردووە و تەواو نامەئلوف کەوتۆتەوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەک هەنگوینێک هاوسەرگیری لەگەڵ خۆیدا گردبێ

ئەو منداڵە سینییەک نەهامەتی لەسەر سەرە و

خەڵکیش وەک پاقلاوە دەیبینن (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٦٦).

ئەم شیعرەش باسی هەژاری ئەو منداڵانە ئەکات، کە ڕۆژانە سینی لەسەر سەریان دادەنێن و لەبەر هەژاری شت دەفرۆشن، لێرەدا شاعیر وێنەیەکی جوانی کێشاوە و پێی وایە خەڵک وا دەزانن پاقلاوە دەفرۆشێ، بەڵام ئەوە نەهامەتییە و خەڵک بەهەڵە دەیبینێ. ئەگەرچی لەواقیعدا پاقلاوەیە، بەڵام زەحمەتی و نارەحەتی کارەکە بۆ منداڵ بۆتە نەهامەتی و نەگبەتییەکی گەورە. چونکە ڕەنگە ئەگەر هەژاری و نەداری نەبوایە لە قوتابخانە بیخوێندایە و داهاتوویەکی گەشی هەبوایە، یان هیچ نەبێت وەک منداڵانی هاوتەمەنی بژیایە و چێژی لە ژیان بدیایە.

لە شیعرێکی تردا شاعیر باسی کچێکی هەژار دەکات، کە ئەویش لەبەر هەژاری گۆرەوی دەفرۆشێت و داوا لە خەڵکی دەکاتی لێی بکڕن و دەڵێت:

هاوڕێکەم دەیگێڕایەوە

لە گەنجیدا لەبەر ئاوێنە دەوەستا و

لەگەڵ گۆرانییەکدا دەمی دەجولاند و بەتەواوی خۆی لێ

دەبووە ئیبراهیم تاتلیس

کاتێکیش براکەی کتوپڕ تەسجیلەکەی دەکوژاندەوە

هەستی بەچ نائومێدییەک دەکرد

بەو یادەوەرییانە دەڕۆیشتین و پێدەکەنین

کتوپڕ کچۆڵەیەک داوای کڕینی جووتێک گۆرەوی لێ

کردین

ئەمجارەیان تەسجیلەکە لە هەردووکمان کوژایەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٦٠).

لەم شیعرەدا شاعیر باسی وێنەی کچێکی هەژارمان بۆ دەکێشێ کاتێک لەسەر شەقام گۆرەوی دەفرۆشێت، شاعیر بۆ چوونە ناو بابەتی شیعرەکەوە سەرەتا باسی هاورێکەی دەکات و پاشان بەسەرهاتی هاوڕێکەی پەیوەست دەکات بە چیرۆکی تراژیدی ئەو کچە هەژارەوە، لای هاوڕێکەی کوژانەوەی تەسجیلەکە گوزارشت بووە لە دروستبوونی نائومێدی، ئەوەش کە لە کاتی گێڕانەوەی ئەو یادەوەرییەدا کچەکە داوای کڕینی گۆرەوییان لێ دەکات، لای ئەم هەمان حاڵەتی کوژانەوەی تەسجیلەکەی هاوڕێکەیەتی، بەڵام بۆ هەردووکیان. بەم پێیە کە دەڵێت تەسجیلەکە لە هەردووکمان کوژایەوە، واتە بە بینینی ئەو کچۆڵەیە، کە داوای کڕینی جوتێک گۆرەوییان لێ دەکات، نائومێدی ڕوو لە هەردووکیان دەکات. بەمەش شاعیر بابەتی شیعرەکەی نامەئلوف کردووە.

## ٣-٣-٢ لەبارەی ئافرەت

هەروەک چۆن زۆربەی بابەتەکان لە لایەن شاعیرەوە ئاوڕیان لێدراوەتەوە و بە شێوەیەکی نامەئلوف خراونەتەڕوو، بەهەمان شێوە مەسەلەی ئافرەتیش لە شیعرەکانیدا پشتگوێ نەخراوە و باسکراوە و زۆربەی جارەکانیش بە شێوەیەکی نامەئلوف و جیاواز لە شاعیرانی پێش خۆی و تەنانەت هاوسەردەمیشی باسی لەو بابەتە کردووە. ئەویش لەچەند ڕوانگەیەکەوە باسی ئەو واقیعەی کردووە، کە ئافرەت لەم وڵاتە تێیدا دەژی و زۆرجار دەبێتە قوربانی دەستی کۆمەڵگا و تەنانەت خێزانیش، کە لە بنەڕەتدا هەر کۆمەڵگا هۆکارە بۆ ئەم بابەتە، زۆرجاریش ئەو ستەمەی لە لایەن پیاوەوە دەکرێت و هەر ئافرەت تێیدا قوربانییە. بۆیە زۆرجار لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا (نێر) خراپ و دڕندە و تەنانەت وەک دوژمن نیشاندراوە. وەک لەم شیعرانەدا بەرچاو دەکەوێت:

بە تەمابووی بە گوڵێکەوە  لە دەرگات بدات ؟!

مێژووی نێرینەیی ڕوونە

پیاو هەمیشە ئەو تۆپەیە

شووشەی پەنجەرە دەشکێنێت (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٣٧)

لەم شیعرەدا ئەگەرچی شاعیر فۆکسەکەی لەسەر (نێر یاخود پیاو داناوە)، بەڵام مەبەستەکەی زیاتر باسی نەهامەتییەکانی ئافرەتە بەدەست نێر یاخود پیاوەوە، چونکە لە شیعرەکەدا قسەکەی بۆ ئافرەتانە و باسی هەڵسوکەوتی توندی پیاو دەکات بەرامبەری. بە ئافرەتەکە دەڵێت هەرچەندە تۆ بە نیاز بوویت پیاوێک بە گوڵێکەوە لە دەرگاکەت بدات و بێتە ژوورەوە، بەڵام دیارە تۆ مێژووی نێرینەیی شارەزا نیت، مێژووی نێرینەیی ئاماژەیەکی قوڵی تێدایە بۆ هەڵسوکەوت و تێڕوانین و ڕەفتاری پیاو بەرامبەر ئافرەت هەر لە (کوشتن  و لێدان و بەزۆر بە شودان و ژن بە ژن و.....هتد). هەربۆیە شاعیر بەردەوام دەبێت لەسەر شیعرەکەی و پیاو دەچوێنێ بەو تۆپە ڕەق و بێ هەستەی کە شوشەی پەنجەرەکان دەشکێنێت، نەک ئەو گوڵ بە دەستەی تۆ نیازت هەیە لە دەرگاوە بێتە ژوورەوە. شاعیر لێرەدا بە چواندنی پیاو بە تۆپ، کە شووشە دەشکێنێت، لە کاتێکدا لای شاعیرانی تر لەم ڕووەوە پیاو دەچوێنن بە دڕندە و گورگ و ... هتد، سەرەڕای ئەمانەش دەکرێت هەندێک واتای تر لە شیعرەکەدا بخرێتەڕوو کە شاعیر وەک ڕەمز و مەجاز بەکاری هێناوە وەک ئەوەی (پیاو هێرشبەرە و ژن بەرگریکار، پیاو ڕاوچییە و ژن نێچیر ...)، بەمەش شاعیر بابەتەکەی نامەئلوف کردووە و وێنەیەکی جوانیشی خوڵقاندووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە ناوی سێبەری درەختەوە هاوسەرگیری کرد

ئێستا ئەو ژنە

لە ناو چوار دیواردا

چێشت لێدەنێ بۆ دیواری پێنجەم (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٣٦)

شاعیر لەم شیعرەشدا ئاماژە بۆ ئازار و نەهامەتییەکی تری ئافرەت دەکات، ئەویش نەبوونی ئازادی و قەتیس بونییەتی لە نێو ماڵ و چوار  دیواردا، کە وەک ئاماژەیەکە بۆ

زیندان. سەرەڕای ئەوەش، کە لە ناو چوار دیواری ماڵێکی وەک زینداندا ژیان بەسەر دەبات، لەوە خراپتر هاوسەرەکەیەتی شاعیر، کە وەک دیواری پێنجەم ناوی دەهێنێت لە شیعرەکەدا، ئەمەش ئاماژەی زۆری تێدایە. وەک دەزانین دیوار شتێکی بێگیانە و لە شتی بێگیانی وەک بەرد و بلۆک و...هتد دروست دەکرێت، بێگومان ئەو شتە بێ گیانانەش نە هەستییان هەیە نە سۆز نە خۆشەویستی، مەبەستی شاعیریش ئەوەیە، کە هاوسەرەکەی وەک بەرد بێ هەست و سۆز و خۆشەویستییە و لەگەڵ دیواری ماڵەکەیدا هیچ جیاوازییەکی نییە. ئەمەش ئاماژەیەکی جوان و نامەئلوفە، چونکە پیاو بە دیوار دانان مانایەکی قوڵ و فراوانی لە خۆدا هەڵگرتووە و بابەتی شیعرەکەشی نامەئلوف کردووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

گوتی کە پەیوەندیمان هەبوو

کەس هێندەی ئەو بە ڕێزەوە نەیدەدواندم

دوای هاوسەرگیری زانیم

بۆچی ڕاوچی بە بێ خشپە لە باڵندە نزیک دەبێتەوە (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٣٥)

لەم شیعرەشدا ئاماژەیەکی قوڵ و واتایەکی فراوان هەیە بۆ نەهامەتییەکانی ئافرەت بە تایبەت لە دوای هاوسەرگیری. وەک لە پێشتریشدا ئاماژەمان بۆ کرد و وەک شاعیریش باسی کردووە  کێشەی ئافرەت زیاتر لەو کاتەدا بووە، کە هاوسەرگیرییان کردووە و ماڵی هاوسەرەکەیان لێ بووە بە زیندانێکی بچووک. بۆیە ئەم شیعرەش هەمان ئاماژەی تێدایە بۆ ئافرەت کاتێک لە دوای هاوسەرگیری تووشی هەمان دەردیسەری و ناڕەحەتی بوەتەوە. لەم شیعرەدا شاعیر پیاوی چواندووە بە ڕاوچی کاتێک بە شێنەیی و بە هێواشی لە باڵندەیەک نزیک دەبێتەوە تا ڕاوی دەکات و دەیگرێت، بێگومان دوای ئەوەی ڕاوی کرد یان دەیخاتە ناو قەفەزێکەوە و زیندانی دەکات یاخود سەری دەبڕێت. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ پیاو تا ئەو کاتەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا دەکات بە هێواشی و بە ڕێزەوە دەیدوێنێ، بەڵام کاتێک هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێک دەکات بەهەمان شێوەی باڵندەی ناو قەفەزەکە ئەمیش ماڵەکەی وەک قەفەزێکی لێدێت و هەمان چارەنووسی باڵندەکەی هەیە. بەمەش شاعیر بابەتی شیعرەکەی نامەئلوف کردووە و وێنەیەکی جوانی خوڵقاندووە.

له شیعرێکی تردا دەڵێت:

بۆ لە بیرکردنی خۆشەویستەکەی

خێزانی پێکهێنا و منداڵیشی بوو

ئێستا کچەکەی ناوی کانییە

بەڵام خۆی گۆزەیەکی شکاوە (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٣٣).

لەم شیعرەدا ئاماژەیەک هەیە بۆ نەهامەتییەکی ئافرەت، هەرچەندە شاعیر باسی ئەوە دەکات، کە بۆ لە بیرکردنی خۆشەویستەکەی هاوسەرگیری کردووە، بەڵام وەک ئاشکرایە زۆربەی جار بە بیانووی جۆراو جۆرەوە کێشە بۆ ئافرەت دروست دەکرێت تا لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشی دەوێت هاوسەرگیری نەکات، وەک هەندێکجار بیانووی هەژاری و بیانووی جیاوازی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بیانووی جیاوازی شێوەزار و....هتد ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ ئەوەی ئافرەت هەرچەندە هاوسەرگیری دەکات، بەڵام کاتێک بە دڵی خۆی نابێت وەک شاعیر ئاماژەی پێکردووە وەک گۆزەیەکی شکاوی لێدێت. واتە ئەوەی لەم شیعرەدا بەدی دەکرێت نمونەگەلێکی زۆر هەیە لە بەزۆر بە شوودان یاخود هاوسەرگیری کردنی ئافرەتێک تەنها لەبەر کۆمەڵگە و قسەی خەڵک و هتد..... بەمەش شاعیر بابەتەکەی نامەئلوف کردووە کاتێک باسی کانی و گۆزەی شکاو دەکات. بەدەر لەمە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری تەڵعەت تاهیر ئەوەیە شیعرەکانی لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت و بۆ هەردوو رەگەز دەست دەدات، بۆیە دەکرێت مەبەستی کوڕێکیش بێت، کە بە خۆشەویستەکەی نەگەیشتووەو بۆ لەبیرکردنی هاوسەرگیریی کردووەو خێزانی پێک هێناوەو منداڵێکی کچی بووە. بە یادی خۆشەویستە کۆنەکەی منداڵەکەی ناو ناوە کانی. لێرەدا شیمانەی ئەوە هەیە خۆشەویستە کۆنەکەی ناوی کانی بووبێت. لێرەدا کانی تەنها وەک ناوی کەسێک بەکارهێنراوە، نەک وەک ئاماژە بۆ (کانییەکی واقیعی، کە ژنان بە گۆزە ئاویان لێ هێناوە). کوڕەکەش وەک گۆزەیەکی شکاو وایە، کە ناتوانرێت ئاوی پێ بهێنرێت.

واتە هەم کانی (کە ناوی خۆشەویستەکەیەتی و ئاماژەیەکی دووریشی تێدایە بۆ کانییەکی واقیعی) ئاوی خۆشەویستیی تێدا نەماوەو وشکی کردووە، هەم خۆیشی بووە بە گۆزەیەکی شکاو کە ناتوانرێت ئاوی پێ بهێنرێت. نامەئلوفکردنەکە لەمەدایە، کە کانی

و گۆزەی واقیعی وەرگرتووەو بەم جۆرەی لێکردوون و بۆ مرۆڤ بەکاری هێناون. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بەدەم پیاسەوە

کچەکەم پرسی: باوە، ڕاستە ئەم وڵاتە بۆ ژن زیندانێکی

گەورەیە؟!

دەنگی لەرینەوەی تۆپەڵە کلیلی کەمەری ئەو پیاوەی

لە پێشمان دەڕۆیشت

قسەی پێ نەهێشتم (تاهیر، ٢٠٢١: ٩٣).

لەم شیعرەدا شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی دیالۆگێک لەگەڵ کچەکەیدا باسی ئەوە بکات، کە ئەم وڵاتە وەک زیندانێکی گەورە وایە بۆ ئافرەت، چونکە هەموو شتەکانی پێچەوانەی خواستەکانی ئەوانە و هیچ شتێک بە ویستی ئەوان نابێت، بۆیە ژیانیان هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ زیندان. لێرەدا هێنانی دەنگی ئەو تۆپەڵە کلیلەی شاعیر ئاماژەی پێکردووە لە شیعرەکەدا چەندین ئاماژەی تێدایە، دەکرێت ئەو تۆپەڵە کلیلە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی هەریەکێک لەو کلیلانە کلیلی دەرگای زیندانی ئافرەتێک بێت، هەرچەندە لێرەدا شاعیر وشەی قوفڵی نەهێناوەو باسی کلیلی کردووە. لێرەدا ئەو تۆپەڵە کلیلەی بە پیاوەکەن ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک قوفڵی جۆراوجۆر جۆر کە لە هەموو دەرگاکانی ئازادیی ئافرەت دراون. لە ڕاستیدا ئەمە وێناکردنێکی قوڵە و تەواو نامەئلوفە. یاخود دەکرێت هێنانی کۆمەڵە کلیلێک لە لایەن شاعیرەوە و لەرینەوەی، ئاماژەیەک بێت بۆ سەلماندنی نێرییەتی و ترس و تۆقاندن لای ئافرەت. لە هەردوو بارەکەدا وێنەیەکی جوان و بابەتێکی نامەئلوف و نامۆیە.

## ٣-٤ نامەئلوفکردنی بابەتی سیاسی

وەک ئاشکرایە ئەدەب بەدەر لە لایەنە هونەری و ئیستاتیکییەکان، زۆر جار ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە. زۆرجار دەبینین ئەدەب بۆ ماوەیەک چەق دەبەستێت و هیچ گۆڕانکارییەک تێیدا ڕوونادات و ئەسوێ، تا لە ناکاو بارودۆخێکی سیاسی دێتە پێشەوە دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕانکاری لە ئەدەبیشدا ڕوبدات. هەر بۆنمونە لە ئەدەبی کوردیدا سالآنێکی زۆر ڕێبازی کلاسیک بالآدەست بووە و چەند سەدەیەک شاعیران لەسەر هەمان ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعر ڕۆیشتوون تا ئەو ڕادەیەی، کە هەموو بابەتە ئەدەبییەکان و روخساری شیعری کلاسیک لای خوێنەر جوانی و نامەئلوفییەتی تیا نەماوە و شتەکان هەموو دووبارە بوون، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنەئارای بارودۆخێکی تازە و ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە جیهاندا بە گشی و لە کوردستان بە تایبەتی وەک مەڵبەندی یەکلاکردنەوەی جەنگ و ململانێی دەوڵەتانی زلهێز، ئەوا ئەدەب بە تەواوی گۆڕا و بارودۆخێکی نوێ بۆ ئەدیب و نوسەرو شاعیران  هاتە پێشەوە، کە تەواو جیاواز بوو لەو بارودۆخ و ئەدەبەی پێش جەنگ هەبوون.

دواتریش لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و سیاسەتی بەرامبەر بە کورد و ئەو کێشە بەردەوام و گرفتانەی هەبوون هەم لە ڕووی خاک و هەمیش کێشەی ئابوری و ...هتد، هەموو ئەمانە بوونەتە هەوێنی شیعری شاعیران و بۆ ماوەیەک ئەدەب لەو چوارچێوەیەدا بووە. ئەدەبیش تەنها بە شیعر نەوەستاوە، بەڵکو ژانەری تر هاتۆتە کایەوە بۆ گوزارشتکردن لەو باردودۆخانە. بەدەر لەوە زۆرجار کێشەکە پەیوەندی بە داگیرکاری و چەوساندنەوە نییە و هەر لەناوخۆی وڵاتدا بارودۆخە سیاسییەکان کاریگەری و رۆڵیان هەیە لە ئاراستەکردنی ئەدەبدا و شاعیر و نووسەر زۆرجار لە ڕێگەی شیعرەوە یاخود هەر یەکێک لە ژانەرەکانی تر باسی باردۆخی سیاسی دەکەن، کە زۆرجار ئەو بارودۆخانەش پەیوەندییان بە خراپ مامەڵەکردنی سیاسییەکانەوە هەیە بەرامبەر خەڵک لە ڕووی بەڕێوەبەردنی ئابووری و کارگێڕی و... دواجاریش شاعیر تاکێکە لەو کۆمەڵگایە و دەیەوێت لەو ڕێگایەوە گوزراشت لەو باردۆخە سیاسییە بکات. لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا بێگومان ئەم لایەنە بەدی دەکرێت و لە زۆر شوێندا وەک لایەنەکانی تر بەشێوەیەکی نامەئلوف ئەو بارودۆخە سیاسییە باسکراوە. واتە بەشێویەک باسی بارودۆخی سیاسی دەکات، کە پەیوەستی دەکاتەوە بە شتی ترەوە و

پێشتر وا باسنەکراوە، ئەمەش نامەئلوفیەتێکی بە بابەتەکە داوە. وەک ئەوەی لە شیعری (فیرعەون)دا بەرچاو دەکەوێت  و دەڵێت:

لە بەردەم مزگەوتی گەورە

لە تەنیشتی دانیشتم تا پەتی تەزبێحەکەم بۆ بگۆڕێت

بە پیرەمێردێکی دەگوت

یوسفی ناوێ بپرسی و خەون لێکداتەوە

هەر کاتێک بەرپرسێکی ورگنت بینی لە تەلەفزیۆن قسە

دەکا

بزانە یەکێکە لە مانگاکانی خەونەکەی فیرعەون و

قاتوقڕی بەڕێوەیە (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٩٢).

شیعرەکە لە بنەڕەتدا باسی بەرپرس و سیاسییەکانە، ئەوانەی بەرپرسی کاروباری میللەتن و کاردبەدەستن. لێرەدا هێنانی چیرۆکی یوسف وەک خەون لێکدەرەوەیەک، ئەویش وەک ئاماژەیەک بۆ لێکدانەوەی خەونی پادشای میسر کاتێک خەون دەبینێت و لە خەونەکەیدا چەند مانگایەک دەردەکەون. هەرچەندە شاعیر بەرپرسە ورگنەکانی چواندووە بە مانگاکانی خەونەکەی فیرعەون، بەڵام دەڵێت بەرپرس و سیاسییەکان هەر دەرکەوتن یوسفێکی ناوێ خەون لێکداتەوە و پێویست بە لێکدانەوە ناکات، بە دەرکەوتنیان لە تەلەفزیۆن و قسەکردنییان، بێ شک و گومان قاتوقڕی بەڕێوەیە. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ خراپی بەرپرس و سیاسییەکانی وڵات، کە لە شیعرەکەدا ئاماژەی ئەوەی تێدایە هەر دەرکەوتن و قسەیان کرد، برسێتی و گرانی و نەهامەتی بەڕێوەیە، بەو واتایەی دەرکەوتنیان هیچ لێکدانەوەیەکی تر هەڵناگرێت و کەسیشی ناوێ هیچ لێکدانەوەیەکی تر بۆ قسەکانیان بکات. ئەمەش لە ڕێگەی هێنانی ئەم چیرۆکە و لێکدانەوەیە بابەتی شیعرەکە نامەئلوف کەوتۆتەوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

کۆچ دەکەن چونکە مێژوومان سوورە نەک ڕوومان

لێرە ئایندە ناژمێردرێ

ناگەیتە دە، ئایندە دابەشت دەکا

لە ڕۆژهەڵات

هەموو شتێک هەڵدێ، ڕۆژ نەبێ ( تاهیر، ٢٠٢١: ٣٩١)

ئەم شیعرەش لە بنەڕەتدا ڕەهەندێکی سیاسی هەیە و مەبەست لێی ئەو هەموو خوێن ڕشتنەی کوردە هەر جارەی بە بیانوویەک و هەر جارەی لە لایەن دەوڵەتێک و گروپ و دەستە و تاقمێک، چونکە مەبەستی شاعیر لە مێژووی سوور ئەو خوێن ڕشتنەی کوردە بەدەستی دوژمنەکانی بە درێژایی مێژوو لە هەرچوار پارچەی کوردستان. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە دەڵێت لێرە ئایندە ناژمێردرێ، ناگەیتە دە ئایندە دابەشت دەکات، ئەمەیان مەبەست لێی دابەشکردنی کوردستانە بۆ چەند پارچەیەک و هەر پارچەی لە وڵاتێک تا هەرگیز کورد نەتوانێت یەکبگرێت. لە لایەکی تریشەوە وتنی (ناگەیتە دە) لە لایەن شاعیرەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی دەکرێت لەچاو ترۆکانێکدا و هەرکەس بیەوێت کوردستان دابەش بکاتەوە بۆ چەندین پارچەی تر. دواتریش مەبەست لە ڕۆژهەڵات، مەبەست لێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و پارچەیەکە لە پارچەکانی کوردستان و دەکەوێتە وڵاتی ئێران. هەموو شتێک هەڵدێت ڕۆژ نەبێت، مەبەست واتایەکی قوڵی تێدایە و میللەتی کورد لەو پارچەیەی کوردستان ڕەنگە لە ڕووی ئازادی و ژیان و بژێویەوە لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان خراپتر بێت و زۆرتین ستەم و چەوساندنەوە بەرامبەر کورد لەو پارچەیە. مەبەستی شاعیریش لە (ڕۆژ) پەیوەندی بە ژیان و گیان و ئازادییەوە هەیە. زەحمەتی و نارەحەتی ژیان لەو پارچەیەی کوردستان تەنانەت ڕەنگە لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەمابێت وەکو ئەوەی لەوێ دەگوزرەێ و دەبینین ساڵانە چەندین کەس لە کاتی گواستنەوەی کەلوپەل کە ناویان ناوە (کۆڵبەری) ڕەق دەبنەوە و لە چیاکاندا دەمرن. سەرەڕای زەحمەتی ژیان دەبینین ئازادی تەواو زەوتکراوە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەو پارچەیەدا لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و بە بیانووی سیاسی لە سێدارە دەدرێن. بۆیە شاعیر وێنەیەکی جوانی هێناوە و ئاماژەی پێداوە. ئەویش ئاماژەدان بە نەهامەتییەکانی میللەتێک لە ڕێگەی ئەوە کە دەڵێت: لە ڕۆژهەڵات هەموو شتێک هەڵدێ ڕۆژ نەبێ، کە لە ڕاستییدا ئەم وێنە پارادۆکسییە بابەتی شیعرەکەی زیاتر نامەئلوفکردووە، چونکە ڕۆژهەڵات بەواتای ئەو شوێنە دێت کە ڕۆژی لێ هەڵدێت. نەک لە هەموو شوێنێک ڕۆژ هەڵبێت ڕۆژهەڵات نەبێت.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

پیرێژنەکە

لەبەر خاتری کوڕە ئەنفالکراوەکەی

هەموو سبەینان لەسەر تەنافی حەوشەیان

درۆی تەڕی ڕۆژنامە حزبییەکانی هەڵدەخست (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٨٤ ).

لەم شیعرەدا بابەت سیاسییە و هەرچەندە شاعیر باسی ئەنفال دەکات، بەڵام مەبەستی سەرەکی درۆی ناو ڕۆژنامە حزبییەکانە، کە چەندین ساڵە هەموو ڕۆژێک کۆمەڵێک درۆی تازە و تەنانەت دووبارەش بڵاو دەکەنەوە. مەبەستی شاعیریش لێرەدا باسی ئەو ڕۆژنامانە دەکات، کە هەموو بەیانییەک بە کۆمەڵێ درۆی تازەوە لە لایەن حیزبەکانەوە دەردەچن، لێرەدا شاعیر مەبەستی حیزبەکانیشە نەک تەنها ڕۆژنامەکانیان، چونکە جەختدەکاتەوە لە ڕۆژنامەی حیزبی. لێرەدا شاعیر بابەتەکەی نامەئلوف کردووە بە هێنانی وێنەیەکی جوان و نامەئلوف. ئەویش درۆی تەڕ و هەڵخستنی بە تەنافدا، چونکە ئەوەی هەڵدەخرێت بە تەنافدا جلی پیسە و شۆردراوە. مەبەستی شاعیریش ڕەنگە هەر ئەوەبێت، کە ئەو ڕۆژنامانە هێندە درۆی تێدایە و پیسە، کە پێویستە ڕۆژانە وەک جلی پیس بشۆردرێن و هەڵخرێن تا پاک ببنەوە و لە کاتی شورین و هەڵخستندا درۆکانیان هەڵوەرێ.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

دراوسێ مردووەکەمان خێرا شاردەوە

داڵی سەر لۆگۆی حکومەت

بە چاوی برسییەوە دەیڕوانییە بەهەشتەکەی (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٨٣)

لەم شیعرەدا بابەتەکە هەرچەندە لە ڕواڵەتدا باسی مردوو شاردنەوە ئەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بابەتێکی سیاسی هەیە و پەیامێکی تر هەیە لە پشت ئەوەی، کە لە ڕواڵەتدا دەردەکەوێت. ئەویش لە ڕێگەی داڵی سەر لۆگۆی حکومەت، کە لە بنەڕەتدا تەنها ڕەمزێکە و تەواو، بەڵام شاعیر لە ڕێگەی هێنانی داڵی سەر لۆگۆکە مەبەستی حکومەتە لە واقیعدا نەک داڵێکی بێ گیان. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە حکومەت گەرچی لە دنیادا هەموو شتێکی زەوت کردووە و لە خەڵکی بردووە، تەنانەت بە

مردوییش وازی لێناهێنێ. شاعیر وێنەیەکی جوانی خوڵقاندووە لە ڕێگەی داڵی سەر لۆگۆی حکومەت و بابەتەکەی نامەئلوف کردووە، ئەویش لە ڕێگەی هێنانی ئەو داڵە، لەبەرئەوەی هەرچەندە لە پێشتردا باسی گەندەڵی و خراپ ئیدارەدانی حکومەت و زەوتکردنی مافەکانی خەڵک کرابێت، بەڵام بەم جۆرە باسنەکراوە و پەی بە باسکردنی ئەو داڵە نەبراوە. هەر ئەمەش وایکردووە  بابەتەکە نامەئلوف بکەوێتەوە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لەوەتەی بوونم لە شێوەی جەستەدا خۆی نواندووە

مردنی بە زەماوەندەوە منم

داروپەردوو بناغەمە

ئاهی تووڕاوەی ناو ئاتوونم

پێیەکان بەسەر مندا ڕادەبوورن

ڕۆمییەکان، عەجەمەکان، عەرەبەکان

چاڵی چاوم، چاڵی دەمم شوێن پێی خۆیان و ئەسپەکانیانە

برۆم تاقی سوپایانە بۆ شاری سەر و شاری ناخم

شنەبووم و لە لافاویان مارەکردم

هەور بووم و بە زنجیری بروسک بە بیابانیان بەستمەوە

من و زمانمیان بەیەکەوە ڕووت کردەوە

پێستی بە هەتاو ڕەشهەڵگەڕاوم کرایە عەبای خەلیفە

ئێسقانی ئەبجەدییەتیش لە نزیک شەنگال بە پەرت و بڵاوی

دەبریسکێتەوە ( تاهیر، ٢٠٢١: ٣٧٦ – ٣٧٧).

ئەم شیعرە زۆر ڕوون و ئاشکرا دیارە کە شیعرێکی سیاسییە و شاعیر باسی میللەتی کورد دەکات و جەستەی خۆی دەکاتە نموونەی میللەتێکی ستەملێکراوی وەک کورد. واتە لێرەدا هەرچەندە باسی خۆی دەکات، بەڵام میللەتی کوردی  مەبەستە و پێی وایە لەو کاتەوەی ئەم نەتەوەیە دروستبووە بەردەوام مردن بەشی بووە. هەربۆیە کاتێک

باسی پێیەکان دەکات مەبەست لە (ڕۆمییەکان، عەرەبەکان، عەجەمەکان)ە، کە هەمیشە سەری کوردییان کردووە بە بەردەباز و بەسەریدا پەڕیونەتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان، هەر بۆیە چاڵی چاوی کورد و چاڵی دەمی کورد بوەتە شوێن پێی خۆیان و ئەسپەکانیان و بەسەریدا ڕۆیشتوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سەرەڕای داگیرکرنی خاکەکەی و بردنی خێر و بێری وڵاتەکە، هێشتا وازیان نەهێناوە و خەڵکەکەشیان کوشتووە. شاعیر هەرچەندە لە سەرەتادا باسی ڕۆمییەکان و عەرەبەکان و عەجەمەکان ئەکات، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر عەرەبەکان دەکاتەوە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی ئەم پارچەیەی کە شاعیر تێیدا دەژی  سەر بە عێراقە و ئەویش عەرەب فەرمانڕەوایەتی. لە لایەکی تریشەوە ( بیایان ) ئاماژەیە بۆ ئەو عەرەبە موسوڵمانانەی کاتی خۆی هاتوون و  فەتحی ناوچە کوردییەکانیان کردووە و هەندێک خەڵک وەک لە سەرچاوە مێژوویەکاندا باسکراوە ڕاستەوخۆ چونەتە ناو ئایینی ئیسلامەوە و دینەکەیان وەرگرتووە، بەڵام هەندێکی تر بەفشار و شەڕ بونەتە ئیسلام و لەگەڵ موسوڵماناندا جەنگاون. بۆیە شاعیر مەبەستی عەرەبەکانی ئەو کات بووە و پێستی بە هەتاو ڕەشهەڵگەڕاوی کوردیشیان کرد بە عەبا بۆ خەلیفەی موسوڵمانان.  لە کۆتاییدا باسی شەنگال دەکات، کە دواجار لە لایەن ڕێکخراوی (داعش)ەوە، ستەمێکی گەورە بەرامبەر کوردە ئێزدییەکانی ئەو ناوچەیە کرا و بە هەزاران مرۆڤی بێتاوان لەناو زێدی خۆیان و باب و باپیریان کوژران و بۆ هەمیشە وەک تاوانێکی قێزەون دەمێنێتەوە. لەم شیعرەشدا شاعیر باسی چەندین بابەتی سیاسی دەکات و چەندین وێنەی نامەئلوفی خوڵقاندووە و بابەتەکەشی بە شێوەیەکی نامەئلوف خستۆتە ڕوو.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ئەوەی ئێواران سەیری تەلەفزیۆن بکا

تێدەگا ئەم نیشتیمانە لەبتی خورمای سەردەمی جاهیلی

دەچێت

بە شەو دەیپەرستن و بە ڕۆژ دەیخۆن

موتەنەبی ڕاست دەکا

و منزل لیس لنا بمنزل (تاهیر، ٢٠٢١: ٣٧٠)

ئەم شیعرەش لە بنەڕەتدا ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، چونکە ئەوەی شەوان لە تەلەفزیۆنەکانەوە دەردەکەون و باسی خۆشەویستی نیشتمان دەکەن و سوێند بە خاکەکەی دەخۆن و لافی نەتەوایەتی و دڵسۆزی لێدەدەن سیاسییەکانن نەک خەڵکێکی ئاسایی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوەی  خێر و بێری وڵات دەبات و داهات و سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی وڵات دەخوات، هەر سیاسییەکانن. هەر بۆیە شاعیر وێنەیەکی جوانی خوڵقاندووە کاتێک ئەم نیشتمانەی بە بتی خورمای سەردەمی جاهیلی چواندووە، چونکە ئەوانیش بەشەو ئەو بتانەیان لە خورما دروست دەرکرد و بە ڕۆژ کە برسییان دەبوو دەیانخواردن. بەمەش لە لایەک شاعیر نامەئلوفکردنی ئەنجامداوە لە لایەنی زمانییەوە لە ڕێگەی لێکچواندنێکی بەرزەوە، لە لایەکی تریشەوە بابەتەکەی نامەئلوف کردووە لە ڕێگەی هێنانی بتە خورماکانی سەردەمی جاهیلی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی خۆمان زۆر جاهیل و نەزانین لە ڕووی سیاسی و ئیداری و.... شاعیر بەراووردی ئێستای خۆمان سەردەمی جاهیلی دەکات.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

زەعیم هەموو شتێکی لە پێناو ئێمەیە ئێمەی بێوەفا

کارگەی جگەرەی داناوە بۆ ئەوەی بە دیار

دەسکەوتەکانەوە بە بای دەین

کارگەی کلێنسی داناوە فرمێسکی خۆشیی پێ بسڕین

کارگەی دەرمانی داناوە و هێندە پەرۆشە

لە گەچیش حەب دروست دەکا

باخچەی کردۆتەوە تا بە پارەیەکی کەم

منداڵەکانمان کەروێشک ببینن

کەچی لە پاشملە دەچرپێنن

لای ئەو تەنیا پارە ڕیوایەی سەحیحە (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٤٥).

لەم شیعرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت ناوەڕۆکێکی سیاسی هەیە و شاعیر ئاماژەی بە چەند خاڵێک کردووە لە شیعرەکەدا، کە جێگەی بایەخ پێدانن و بە شێوەیەکی تەنزئامێز

خستوونیەتەڕوو ئەوانیش لە باسی زەعیمدا، کە ئاشکرایە مەبەستی سەرۆک و دەسەڵاتدارانە و پێی وایە هەموو شتێکی زەعیم لە پێناو ئێمەدایە، بەڵام ئێمە خۆمان بێوەفاین، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ دەسەڵاتداران کاتێک دێنە سەر تەلەفزیۆن یاخود لە کۆڕ و کۆبونەوە و بۆنەکاندا هەمیشە ئەو شتانە وەک منەت بە خەڵک دەفرۆشنەوە، کە خۆیان بازرگانی پێوەدەکەن لە پێناو بەدەستهێنانی بڕە پارەیەکی زۆر. بۆ ئەمەش ئاماژەی بە چەندین خاڵ کردووە ئەویش یەکەم ئەوەیە کە دەڵێت: (کارگەی جگەرەی داناوە بۆ ئەوەی بە دیار دەستەوکەوتەکانەوە بە بای دەین)، ئەمە هەرچەندە لە شیعرەکەدا وەک دەستکەوت ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا وەک ڕەخنەیە لە دەستکەوتەکان، چونکە مرۆڤ کاتێک کە خەمێکی قوڵی هەبێت بە دیارییەوە جگەرە دەکێشێ. مەبەست لەم دێڕە شیعرەش، کە باسی دەستەوتەکان دەکات  شاعیر پێی وایە ئەو دەستکەوتانەی لە بنەڕەتدا خەڵک بەدەستی هێناون نەک سیاسییەکان هێندە ناشیرین و بێ بەها کراون لە لایەن سیاسییەکانەوە دەبێت دانیشین بە دیاریانەوە و جگەرە بکێشین. هەروەها دواتر دەڵێت : کارگەی کلێنسی داناوە و فرمێسکی خۆشی پێ بسڕین. ئەمەش هەرچەندە فرمێسکی خۆشی بوونی هەیە، بەڵام زۆر کەمە و بەبەراورد بەو فرمێسکانەی بە هۆی خەمی هەژاری و نەداری و جێهێشتنی وڵات و دەیان کێشەی تر فرمێسک دەڕێژرێت. بێجگە لەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی هەموو شتێک قۆرخکراوە تەنانەت کلێنسیش، هەموو بازرگانی پێوەدەکرێت لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە. دواتر دێتە سەر باسی کێشەیەکی تر و لە شیعرەکەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە هێندە پەرۆشە لە گەچیش حەب دروست دەکا، لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە، کاتێک دەبینین ساڵانە ژمارەیەکی زۆر خەڵک تووشی کێشە و گرفت دەبنەوە بە هۆی دەرمانی خراپ و ماوە بەسەرچوو و لە کاتێکدا هیچ کەس سزا نادرێت لەسەر ئەو کارانە، چونکە بەرپرسان خۆیان بازرگانی پێوەدەکەن و کەسیش توانای لێپێچنەوەی نییە لەگەڵیاندا. هەروەک شاعیریش ئاماژەی پێکردووە تەنانەت لە گەچیش حەب دروست دەکات. لە کۆتاییشدا ئاماژە بەوە دەکات تەنانەت باخچەی منداڵانیش هەر ئەوان دروستی دەکەن و قۆرخییان کردووە و بە پارە دەبێت منداڵەکان بچن و سەیری کەروێشک و ئاژەڵەکانی تر بکەن. لەم شیعرەدا هەرچەندە شاعیر مەبەستێکی سیاسیی هەیە و باس لە بارودۆخە سیاسییەکە دەکات بەو شێوەیەی لە واقیعدا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی نامەئلوف و نامۆ باسیکردووە و دۆخێکی تەنزئامێزی پێ بەخشیوە.

له شیعرێکی تردا دەڵێت:

زەعیم ڕاستی لە دواوەی نارِوا

ڕاستی بوەتە فەرشی سوور و بەسەریدا گوزەر دەکا

خەڵاتی ئازایەتی دەداتە ئەو کەسانەی شتی دەگمەنیان هەیە

چاویان دەبینێ و سەریان کوێرە

پیت دەناسنەوە و ڕستە نازانن

دەنگیان نایە دەنگ دەدەن

زەعیمی موفەدا

لە ڕۆژی مافی ژناندا پریمز دابەش دەکا

لە ساڵڕۆژی منداڵاندا باس لەو موعجیزەیە دەکا

کە چۆن بەر لەوەی پێ بگرن فێری کڕنووش بوون ؟! (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٤٦)

لەم پارچەیەشدا، کە پارچەیەکی تەواو سیاسییە، شاعیر ئاماژەی بە چەندین حاڵەت کردووە، کە ڕۆژانە بەبەرچاومانەوە ڕوودەدەن و هەندێک خەڵک هەر هەستیشیان پێ ناکەن، بەڵکو هەندێک کەس وەک پاڵەوان دەڕواننە ئەو کەسانەی ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا کۆمەڵە کارێکی ناشیرین و بێزراون لە واقیعدا. شاعیر یەکەم شت ئاماژەی بۆ دەکات ئەوەیە، کە پێی وایە سەرکردە و بەرپرسەکانمان هەرگیز قسەی ڕاستییان نییە، بەڵکو ڕاستییان خستۆتە ژێر پێییەکانیان و بەسەریدا دەڕۆن، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو هەموو ناڕاستییەی چەندین ساڵە بەڵێنی بێ بنەما بە خەڵک دەدرێت و هیچی جێبەجێ ناکرێت و دەخرێتە ژێر پێ. دواتریش باسی ئەو کەسانە دەکات کە خەڵاتی ئازایەتییان پێ دەدرێت لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، چونکە هەرچەندە چاوییان دەبینێت، بەڵام هەرگیز ئەو نادادی و خراپەکارییانەی زەعیم ئەنجامی دەدات نابینن. بۆ ئەمەش لە شیعرەکەدا بەو کەسانە دەڵێت: چاویان دەبینێ و سەریان کوێرە. ئینجا باسی ئەو بارودۆخە دەکات کە چەندین ساڵە دووبارە دەبێتەوە و بووەتە ئەزمونێکی ناشیرین و تەنانەت بێئومێدی خەڵکی لێ کەوتۆتەوە، ئەویش ئەوە کەسانەن، کە چەندین ساڵە مردوون، بەڵام تا ئێستاش ناویان لە لیستی دەنگداندا هەیە و بووەتە هۆکاری بێئومێدبوونی خەڵکیش لە دەنگدان و هەڵبژاردن. هەروەها لە کۆتاییدا باسی

ئەو مندالانە دەکات هەر بە بچووکی فێری کۆیلایەتی و کڕنووش بردنییان دەکەن بۆ دەسەلاتداران و بەو شێوەیە گۆشییان دەکەن، گوایە ئەوانە پێویستین بۆ ولات و نەبوونیان واتای نەبوونی نیشتمان و نەتەوە و ئازادی و ژیان دەگەیەنێت و هەر لە مندالییەوە تەونی خەونییان دەشێوێنن. لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین هەرچەندە ئەم بابەتانە بۆ ئێمە شتێکی نوێ نیین و ئەو کەرەستانەش لە شیعرەکەدا نوێ نیین، بەلام شاعیر کاتێک باسیان دەکات وێنەیەکی نامەئلوف دەکات بە بەریانداو دەیانکاتە شتانێکی نامەئلوف. هەروەها ئەو شتانەی تا ئێستا وا باو بووە نابێت لە شیعردا بن یاخود لە شیعردا نەمان بینیون، تەلعەت لە شیعردا بەکاری هێناون و بابەتی شیعرەکەی نامەئلوف کردووە. بۆ نمونە وشەی (پریمز) لەم شیعرەدا و دەیان و سەدان وشەی تر لە شیعرەکانی تردا.

لە شیعرێکی تردا دەلێت:

بەلێ قوربان بەقەد قورسایی قەلاتی هەولێر

قەلەم و بۆینباخ و نەعلی توببی و جانتای دبلۆماسی و

موعەتەری ژێربال و مقەوییات و عەینەکی شەمسی و کەڤەر

و مەقلی و شیشی کەباب و پەرداخی سەفەرییان بردووە .

گوتی: ئاخ.. ئاخ

بەلێ چاوەکەم بەقەد قوولایی شەش سەد و حەفتا و

یەک مەسبەحی سی و پێنج مەتری

وێسکی دەمپل و شیفازی سالوت و بلو لیبل و ئۆلپار و

بەلانتاینیان بە خۆڕایی خواردۆتەوە

وەک داشکاندنێکیش بۆ جەنابتان باسی مەزەکان ناکەین

کە تەنیا بابەغەنوجەکەی بەقەد ڕووبەری یاریگای سانتیاگۆ

برنابیۆ دەبێ

گووتی: ئاخ.. ئاخ (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٥٣)

ئەگەر سەرنج بدەین لەم شیعرەشدا کۆمەڵێک کەرەستە و بابەت بەکارهاتووە، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هیچ پەیوەندییەکیان بە سیاسەت و بابەتی سیاسییەوە نییە، هەرچەندە شیعرەکە خۆی شیعرێکی سیاسییە. وەک هێنانی کۆمەڵێک کەرەستەی ئاسایی ڕۆژانە (نەعلی توببی، موعەتەری ژێر باڵ، مقەویات و عەینەکی شەمسی و کەڤەر و مەقلّی شیشی کەباب و پەرداخی سەفەری..) لەم شیعرەدا شاعیر بێجگە لەوەی حەقیقەتی سیاسی و بەرپرسەکان دەخاتە پێش چاو و بە باشی بە ئێمەیان ئاشنا دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ کەرەستەیەکی سیاسی بەکاربهێنێ، بۆیە بەو کەرەستە ئاشنایانەی پێشتر باسمانکردن، کۆمەڵێک حەقیقەتی سیاسی و بەرپرسەکانی بە شێوەیەکی نامەئلوف نیشان دەداتەوە. لە کۆتایی شیعرەکەشدا شاعیر باسی یاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆ دەکات، کە ئەمەیان لە وڵاتی ئیسپانیایە و تایبەتە بە یانەیەکی وەرزشی وەک ڕیاڵ مەدرید، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە لە وڵاتی خۆشماندا دەیان یاریگا و شوێنی بەرفراوان هەیە، کە شاعیر دەیتوانی ئەوانە بهێنێتەوە بە نموونە، بەڵام لە ڕاستیدا هێنانی ئەو یاریگایە بۆ بابەتێکی سیاسی و بە تایبەتیش لە کوردستاندا تەواو نامەئلوفە و خوێنەر سەرسام دەکات. وەک پێشترییش باسمانکرد تا ئێستا ئەوانەی بینەری یاری تۆپی پێن، یاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆ تەنها یاری تۆپی پێ و یانەی ڕیاڵ مەدریدیان بیردەخاتەوە، نەک سیاسییەکی گەندەڵ و بەرپرسێکی نابەرپرس. سەرەڕای ئەوانەش یاریگای سانتیاگۆ ئاماژەی ئەوەی تێدایە، کە تایبەتە بە یانەیەکی شاهانە و دەچێتەوە سەر دەسەڵات و سیاسەت.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بەڵێ حەیاتم بە کرێنی گەورە گەورە، وێڕای کانی و
سەوزایی، گرد و گردۆڵکە و هەورازی گوندەکانیان بۆ
مەزرەعەکانیان گواستۆتەوە. بە دەڕاسەی گەورە گەورە
سڵاوی بەیانیان و سەرەخەوی دوای نیوەڕۆ و سەرخۆشیی
شەوانی شارەکانیان دروێنە کردووە
دەخیلەی ساواکانیان کردۆتە ئینجانەی پەنجەرەکانیان
مانگیان وەک درهەمێکی زیو کردۆتە زینەی ماڵ

هەتاویان وەک لیرەیەکی ئاڵتوون خستۆتە قاسەوە

نیوەی خەڵکیان فرۆشت و بە پارەکەی دەیانەوێت نیوەکەی

تر بکڕن

قەڵەمی مەکتەبی منداڵەکانیان بردین، مێژووی خۆیان بە

ئاوەژوویی بنووسنەوە

شیری گوانی مەڕ و ماڵات و مەمکی ژنەکانیان بردین

وەچەی خۆیان پێ گەورە کەن

دوعای بەربانگیان بردین تا لەو دنیاش هەر ئێمە بسوتێین (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٥٥-٢٥٦).

لەم پارچەیەی قەسیدەی (پایزی زەعیم)دا شاعیر چەندین وێنەی نامەئلوفی خوڵقاندووە و لە ڕێگەی ئەوەشەوە بابەتە شیعرییەکەشی نامەئلوف کردووە و سەرەڕای نیشاندانی هەندێ لە واقیعی سیاسی و بەرپرسان لە گوێزانەوە و شێواندنی شاخ و گرد و گردۆڵکە و کانی گوندەکان و گوێزانەوەی بۆ مەزرەعەکانی خۆیان، لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵێک وێنەی جوانی دروستکردووە، کە تەواو نامۆن کاتێک دەڵێت: بە دەڕاسەی گەورە گەورە سڵاوی بەیانیان و سەرەخەوی دوای نێوەڕۆ و سەرخۆشی شەوانیان دروێنەکردووە، لە کاتێکدا دەڕاسە تەنها بۆ دروێنەی دانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ و هاوشێوەکانیان بەکاردەهێنرێت، لە هەمان کاتیشدا سڵاو سەرەخەو و سەرخۆشیش دروێنە ناکرێن. بێجگە لەمانەش دەڕاسە شتێکە تەنها بە پەیوەندی بە بابەتی کشتوکاڵییەوە هەیە، کە شتێکی مادییە، بەڵام شاعیر بۆ دروێنەی شتی مەعنەوی و نابەرجەستە بەکاریهێناوە، کەواتە ئەوەی شیعرەکانی تەڵعەت جیا دەکاتەوە لە شاعیرانی تر ئەمەیە، کە بوێری ئەوەت هەبێت دەڕاسە لە شیعردا بەکاربهێنی و بیکەیتە کەرەستەی بابەتێکی سیاسی و بتوانی ئەو جوانیەش بە شیعرەکە ببەخشی لە ڕێگەیانەوە و بە بینینی خوێنەر سەرسام بێت. بەدەر لەوانەش دەبینین هەریەکە لە مانگ و هەتاو لە شیعرەکەدا هەن و بەشێوەیەکی گشتی ئێمە تا ئێستا زیاتر ئەمانەمان لە شیعری دڵداری شاعیراندا بینیوە و بە ڕووی یار و شەوق و جوانی یار چوێندراون، نەک لە شیعری سیاسی و ڕۆڵێکی ناشیرنیان پێ بدرێت. لە کۆتایشدا شاعیران کاتێک باسی خراپی و گەندەڵی سیاسی و بەرپرسەکان دەکەن، زیاتر باس لە نەوت و

کانزاکانی سەر زەوی و ژێر زەوی دەکەن ئەوانەی بەهایەکی ماددی بەرزیان هەیە، بەڵام شاعیر لێرەدا باسی بردنی قەڵەمی منداڵەکان و شیری گوانی مەڕ و ماڵات و دوعاکانی بەربانگ دەکات. هەر یەکێکیش لەوانە بۆ مەبەستێک دەبەن، کە پەیوەندی بە ماددەوە نییە، بەڵکو قەڵەم بۆ ئەوە دەبەن تا مێژووی ناشیرین و پڕ لە شکست، بە ئاوەژوویی بنوسنەوە و حەقیقەتی مێژوو بشێوێنن. شیری گوانی مەڕ و ماڵات و مەمکی ژنەکان ببەن و وەچەکانی خۆیانی پێ گەورە بکەن، هەروەها دوعای بەربانگی خەڵک ببەن تا لەو دنیاش هەر خەڵک بسوتێن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە دنیادا هەموو شتیان لە خەڵک بردووە ژیانیان لێ کردۆتە دۆزەخ و خەڵکیان سووتاندووە، تەنها شت خەڵک هەیبووە دوعای بەربانگ بووە هەوڵەدەن ئەوەش ببەن. لەم پارچەیەدا کۆمەڵێک کەرەستە بەکارهاتووە پێشتر بەرچاو نەکەوتووە و  وەک کەرەستەی شیعری سەیر نەکراون، هەروەها کۆمەڵێک کەرەستەی تریش لە شیعرەکەدا هاتووە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، بەڵام شاعیر لە تێکستێکی سیاسیدا بەکاری هێناون. هەموو ئەمانەش هەم زمانی شیعرەکەیان نامەئلوفکردووە، هەم بابەتی شیعرەکە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وێنەکانی، وشەکانی، قسەکانی، ماناکانی، ڕۆژەکانی،

بورجەکانی، کۆشکەکانی

پارچەی گومانن و  بەسەر شۆستەکاندا ڕژاون

چوونەتە ناو پیاسەی خەڵک و

شەربەتی مێووژ و پاقلەی کولاو و

زەرفی چەرەزات و چای خەڵووز

چوونەتە ناو نوزانەوەی نزمی منداڵە کلێنسفرۆشەکانی

سەرجادە (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٦٠ -٢٦١).

لەم پارچەیەدا وشەکانی (وێنەکانی، وشەکانی، قسەکانی، ماناکانی،، ڕۆژەکانی، بورجەکانی، کۆشکەکانی) جگە لەوەی مۆسیقایەکی جوانیان داوە بە شیعرەکە، هەر یەکێکیشیان ئاماژەیە بۆ خۆشگوزەرانی و ژیانی زەعیم لە کۆشکەکانیدا، ئەمانە هەموویان چوونەتە ناو ژیانی خەڵکەوە و تەنانەت لە کاتی پیاسە و پشوو وەرگرتندا

خەڵک دەبێت هەر بیر لە کۆشک و وێنە و قسە و بورجەکانی زەعیم بکەنەوە و ببێتە بابەتی ڕۆژانەیان، تەنانەت ئەم شتانەی زەعیم چوونەتە ناو نوزەی منداڵە کلێنسفرۆشەکانی سەر جادە، کە لە ڕاستیدا لە وڵاتانی تر بێجگە لەوەی منداڵ ئیش ناکات و ناکەوێتە سەر جادە، هەرگیز منداڵ تێکەڵ بە دنیای ئاڵۆز و ناشیرینی سیاسەت ناکرێ. لەم شیعرەشدا شاعیر چەندین دەستەواژەی وەک (شەربەتی مێووژ و پاقلەی کوڵاو و زەرفی چەرەزات و چای خەڵوز)ی هێناوە و کردوونی بە کەرەستەی شیعرێکی سیاسی و شیعرەکەی پێ ڕازاندۆتەوە و بەمەش بابەتی شیعرەکەی نامەئلوف کردووە.

## ٣-٥ وەسفی دایک و باوک

لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا زۆر گرنگی بەم بابەتە دراوە و چەندین شیعر بەرچاو دەکەوێت، کە تەرخانکراوە بۆ ئەم بابەتە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لە کۆنەوە ولە قۆناغی کلاسیکدا بە تایبەتی و دواتر لە قۆناغی نوێ و هاوچەرخیشدا شاعیران لەم بوارەدا واتە وەسف و ستایش شیعرییان نوسیوە. لە کلاسیکدا زیاتر وەسفی شێخ و مورید و پیر کراوە، دواتر لە قۆناغی نوێ و هاوچەرخیشدا لەم بوارەدا شیعر نوسراوە و بە تایبەتی وەسفی شۆڕشگێڕان و ئەوانەی بوونەتە ڕەمزی خەبات و تێکۆشان. بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری تەڵعەت تاهیر ئەوەیە، لەناو شیعرەکانیدا لایەنگری و وەسف و ستایشی هیچ جۆرە حیزب و ئایین و کەسایەتی و نەتەوە و ڕەچەڵەکێک بەدی ناکرێت و تەنها لە ڕووی مرۆڤ بوونەوە سەیری شتەکان کراوە و وەک چۆن باسی منداڵە هەژار و کرێکارێکی چەوساوەی کورد کراوە لە شیعرەکانیدا، ئاواش دەبینین باسی کێشە و گرفتەکانی منداڵێکی عەرەب و ژنە عەرەبێکی کردووە. سەبارەت بە لایەنی وەسف و ستایشیش لە شیعرەکانیدا تەنها ستایشی دایک و باوک دەبینرێت. وەک لەم نمونە شیعرییانەدا دەردەکەوێت:

لینین بە خۆی و هەموو کتێبەکانی

ستالین و فلیمەکانی، هۆنیکەر و یاساکانی

تیشاویسکۆ و گوتارەکانی، تیتۆ و بانگەوازەکانی

ماو بە چاوی بچووک و بەڵێنە گەورەکانی

کاسترۆ بە خۆی و هەموو ئەدیبەکانی

هێندەی دایکم یەکسانخواز نەبوون

کاتێک لەناو مەنجەڵێکی مسی سپیکراوەوە

موعجیزەی لە ئاو دەکرد و دەورمان دەدا

سێ هێلکەی کوڵاوی بەسەر حەوت منداڵدا دابەش دەکرد (تاهیر، ٢٠٢١: ٥٨).

لەم شیعرەدا شاعیر ناوی کۆمەڵێک کەسایەتیی هێناوە، کە هەر یەکێکیان لە وڵاتێکدا ژیاون و بانگەشەی یەکسانی و دادپەروەرییان کردووە دژی دەسەڵاتی بۆرژوازی. هەروەها هەوڵیانداوە لە ڕێگەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و بەرگریکردن لە کرێکار یەکسانی بەدی بهێنن. ئەوانیش بریتین لە: ڤلادمێر لینین سەکردەی شۆڕشی ڕوسیای ساڵی ١٩١٧ بوو، بانگەشەی چەسپاندنی یەکسانی دەرکرد. دواتر ستالین، کە لە ساڵانی بیستی تەمەنیدا تا مردن ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتی لە ئەستۆ بوو. هۆنیکەر سەرکردەیەکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بوو. تیتۆ، شۆڕشگێڕێکی یۆگۆسلاڤی بوو، سیاسەتێکی ئاشتیخوازانەی پەیڕەو دەکرد و لەناو خەڵکدا خۆشەویست بوو و وەک لای یۆگۆسلاڤییەکان وەک ڕەمزی زۆربەی نەتەوەکانی تر سەیردەکرا. ماو تسی تۆنگ، سەرکردەی حیزبی شیوعی چینی بوو. کاسترۆ سیاسەتمەدار و شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیست بوو خەڵکی کوبا بوو. ئەم سەرکردە و شۆڕشگێڕ و کەسانە هەریەکەیان وەک ڕەمزی خەبات و تێکۆشان بوون لە وڵاتەکانی خۆیاندا و زۆربەیان بانگەشەی دادپەروەی و یەکسانییان کردووە. هێنانی ئەم ناوانە و بەکارهێنانیان لەم شیعرەدا لە لایەن شاعیرەوە و بەراوردکردنی بە دایکی لە پێناو ئەوەیە تا بڵێت هەرچەندە ئەوانە بانگەشەی یەکسانییان کردووە، بەڵام هیچ کامیان وەکو دایکم یەکسانخواز نەبوون، چونکە دایکم ئەوەندە یەکسانخواز بوو، موعجیزە ئاسا سێ هێلکەی بەسەر حەوت منداڵدا دابەش دەکرد بە یەکسانی و بێ جیاوازی. لێرەشدا هێنانی ئەم ناوانە و بەراوردکردنی بە دایکی بۆ یەکسانخوازی تەواو نامەئلوف و نامۆیە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

دایکم، بە ئاهی سارد دەروونی بووە سەلاجە

وەکو ئەوەی دەرمان بن

شرووبی فرمێسک و پاکەتی نەبوونی و قەترەی مەراقی

له شوێنێکی وشک و له ڕەفەی سەرەوەی ناخیدا

دوور له دەستی منداڵەکانی هەڵدەگرت (تاهیر، ٢٠٢١: ٦٢)

لەم شیعرەدا شاعیر له ڕێگەی وەسفکردنی دایکەوە کۆمەڵێک وێنەی نامەئلوفمان بۆ دەکێشێت، لەو وێنانەی زۆر دەگمەنن. ئەویش له ڕێگەی باسکردنی ئاهە ساردەکانی دایکی، که هێندە سارد بووە وەک سەلاجە. کاتێک دایک له تاو منداڵەکانی فرمێسک دەڕێژێت و هەوڵدەدات پێی نەزانن تا خەم نەخۆن، نەبوونی و ناڕەحەتییەکانی ژیان چۆکی پێدانادات و له پێناو منداڵەکانی لەگەڵ ژیان دەجەنگێ تا ئەوان ئاسوودە و بەختەوەر بن، خەم و مەراقی دنیا هەڵدەگرێت هەر له پێناو منداڵەکانی و خۆی دەکاتە قوربانی ئەوان تا هەرگیز هەست بە نائارامی و کەمی نەکەن و هەموو زەحمەتی و ناڕەحەتی و خەمی ئەوانیش له کۆڵ بگرێت. شاعیر هەموو ئەو شتانەی وا وێنا کردووە، که دایکی ئەو شتانەی له ڕەفەی سەرەوەی ناخیدا هەڵگرتووە تا منداڵەکانی دەستیان نەگاتێ، واتە منداڵەکانی دوور بن له فرمێسک ڕشتن و نەبوونی و خەفەت و مەراق خواردن. بەمەش شاعیر چەندین وێنەی نامەئلوفی خوڵقاندووە و هەر له ڕێگەی ئەوانەشەوە بابەتی شیعرەکە بەتەواوی نامەئلوف بووە، بە تایبەتی کاتێک دەروونی دایکی وەک سەلاجە وێنا کردووە، کاتێک له ناو سەلاجە چەندین شتی تێدا هەڵدەگیرێ. ئەمیش دەروونی دایکی وەک سەلاجە وێنا کردووە و له باتی (شووشەی شروب) و (پاکەتی حەب) و (قەترە)ی ناو سەلاجە (شروبی فرمێسک و پاکەتی نەبوونی و قەترەی مەراقی) داوەتە پاڵ دەروونی دایکی و بابەتەکەی بەتەواوی نامەئلوف کردووە و وێنەیەکی نامۆی خوڵقاندووە.

له شیعرێکی تردا دەڵێت:

ڕۆژ نییە لەم گەردوونە کۆمەڵە خۆری تر نەدۆزنەوە

ئەی نەمدەگوت

ئەو بەردە بچووکانەی له پێڵاوی باوکمدابوون که له

کرێکاری دەگەڕایەوە

ڕۆژێک له ڕۆژان دەبنە هەسارە؟! ( تاهیر، ٢٠٢١: ٦٥)

شاعیر لەم شیعرەدا باسی هەوڵە بێوچانەکانی باوک دەکات لە پێناو منداڵەکانیدا بە تایبەتی باوکێک لە ڕێگەی کرێکارییەوە و بە ناڕەحەتی و زەحمەتی منداڵەکانی گەورە بکات. شاعیر  پێی وایە ئەو کۆمەڵە خۆرانەی ڕۆژانە دەدۆزرێنەوە، ئەو بەردە بچووکانەی ناو پێڵاوەکانی باوکی ئەمن، کە ئێواران لە کرێکاری گەڕاوەتەوە لەسەریەک دانراوە و بوون بە هەسارە. ئەمەش سەرەڕای وێنەیەکی واقیعی باوکێکی کرێکاری کێشاوە، کە چەند  ڕەنج دەکێشێ، بەڵام ئەو وێنەیەی دروستی کردووە بۆ ئاماژەدان بە ماندووبونەکانی باوک وێنەیەکی تەواو نامەئلوفە. لە لایەکی تریشەوە بابەتی دۆزینەوەی هەسارە و خۆر دیاردەیەکی گەردوونییە و پەیوەندی بەو بابەتەوە نییە، بەمەش شاعیر بابەتەکەی بەتەواوی نامەئلوفکردووە.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

شەڕەکانی گەورەبوونم دۆڕاند

ئای کە منداڵ بووم لەسەر پشتی بابم

چ سوارچاکێکی ئازا بووم (تاهیر، ٢٠٢١: ٧٢)

ئەم شیعرەش سەبارەت بە گەورەیی باوکە و دەکرێت چەند خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت، وەک ئەوەی کاتێک منداڵ بووە بەیارمەتی و هاوکاری باوکی وەک پشت و پەنایەک بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵبووە، چونکە باوکی لە پشت بووە و هاوکار و یارمەتیدەری بووە. بەڵام ئێستا کە گەورەبووە و باوکی نەماوە ئەوا  کێشەکان تەنگییان پێ هەڵچنیوە و ناتوانێت بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بێت، هەرچەندە گەورە بووە و مرۆڤێکی تەواوە. دەکرێت مەبەستی شاعیر ئەوەبێت هەرچەندە منداڵ و بێهێز و لاوازیش بیت، کە باوکت لە پشت بوو، ئەوا لە کەسێکی گەورە و بەهێز باشتر بەسەر کێشەکاندە زاڵ دەبیت کە باوکی نەمابێت ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە دەکرێت مەبەست ئەو کاتانە بێت، کە باوک منداڵەکەی دەخاتە سەر پشتی خۆی و یاری لەگەڵ دەکات، ئەمەش وەک شتێک منداڵ هێندە بە هێز دەکات سڵ لە هیچ شتێک نەکاتەوە لایەنی مەعنەوی منداڵ بەهێز دەکات. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا شاعیر بابەتێکی سادەی بە شێوەیەکی نامەئلوف پێشکەش کردووین.

## ٣-٦ شیعر بۆ جگەرگۆشەکەی

تەڵعەت تاهیر جگە لەوەی شیعری بۆ دایک و باوکی نوسیوەو ستایشی کردوون، شیعریشی بۆ منداڵەکانی خۆی نوسیوە،  بۆ نمونە لە شیعری (بۆ هانەی کچم)دا دەڵێت:

ئیرەیی بە چاوی منداڵەکەم دەبەم

دەتوانێ ڕکە بگرێت تا ڕووناکی ببێتە پلیکانە و خۆر تام

بکات

بادەم ماچ بکات و چیرۆک بخاتە پارووە نانێکەوە

دەتوانێ هاوین بخاتە جانتاوە و خۆی پێ هەڵکێشێ

باران لای ئەو بۆ نانەوەی قوڕە و بەس

ئەو تاسەکانی جادە نابینێ و

بە پسکویتێکی بە قیڕی دەزانێ

بە یانیان لە بری ئیمزای دائیرە قاچی بووکەکەی دەشوا .

بەدەم شیرخواردنەوە لە بەرگی کتێبەکانم دەڕوانێت و

داوای شمشێرەکەی جەنگیزخان دەکات

بۆ دروستکردنی زەڵاتە (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٨١).

هەرچەندە ئەم شیعرە وەک شیعرەکانی تر بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو منداڵان نەنوسراوە و بۆ کەسێکی تایبەتە، بەڵام دواجار ئەو کەسە تایبەتەش هەر منداڵە، کەواتە شیعرەکە دەچێتە ئەو بوارەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازی ئەم شیعرەیە لەگەڵ شیعرەکانی تردا لە ڕووی ئەوەی کاتێک سەیری شیعرەکانی تری ئەم بوارە دەکەین زۆر جیاوازە و کاتێک لە بارەی منداڵان دەنوسرێن پڕن لە باڵندەی ڕۆح سووک و پەپولە و ناوی گوڵ و... هتد واتە ئەو شتانەی منداڵ حەز بە بینینان دەکات و سەرنجی ڕادەکێشن، یان ئە شتانەی لە فیلمە کارتۆنییەکاندا دەیان بینێت و تەنها ئەوانە بە باڵندە و ئاژەڵ دەزانێت و خۆشی دەوێن. بەڵام ئەوەی لەم شیعرەی تەڵعەت تاهیردا دەیبینین

شتێکی جیاوازە و تایبەتە، ئەویش بە هێنانی کۆمەڵە بابەتێک، کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ژیانی منداڵەوە نییە، بەڵام دواجار شیعرێکی زۆر جوان و پڕ واتایە. بۆ نمونە باسکردنی باران بارین و تاسەکانی ڕێگاوبان شتانێکن هیچ پەیوەندییەکیان بە منداڵەوە نییە و لەو شتانە تێناگات، یاخود لە کۆتاییدا باسکردنی شمشێرەکەی جەنگیزخان لەسەر بەرگی کتێبەکانی، کە ئەمەش تەواو نامەئلوفە، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و ژیانی جەنگیزخان، زیاتر وەک کارەکتەرێکی خوێنڕێژ و دڕندە باسکراوە و سەرچاوە مێژووییەکانیش ئەوەیان سەلماندووە. لە بەرامبەردا منداڵ دروستکراوێکی زۆر جوان و ناسکە و بۆیە زۆرجاریش وەک پەپولە یاخود پەڕەی گوڵ ناودەبرێت. هەربۆیە هێنانی شمشێر و جەنگیزخان بە نیسبەت شیعری منداڵانەوە زۆر نامەئلوفە، بەڵام وەک ئاماژەشمان پێکرد لە پێشتردا، ئەمانە نەبوونەتە هۆی لەکەدارکردنی شیعرەکە، بەڵکو بابەتی شیعرەکەیان نامۆ و نامەئلوف کردووە.

لە هەمان شیعردا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

بە سەرسوڕمانەوە دەڕوانێتە ئەو کەسانەی

بۆ سەوداکردنی پارچە قوماشێک شینومۆر بوونەتەوە

بەو زلییەوە کڕینی پەتاتەیان بە جددی وەرگرتووە

گەمژە نییە تا ئەو ڕادەیەی ڕایگەیەنێت دنیا بە بوونی ئەوەوە

جوانە

لە کتێب دوو دڵم دەکات

ئێ کاتێ ددانێکت دێشێ

سوودی چییە دانتی بناسی یان نا؟! (تاهیر، ٢٠٢١: ٢٨٢)

لێرەشدا شاعیر باسی ئەو مامەڵانە دەکات، کە ڕۆژانە مرۆڤ لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا بە شتەکانەوە دەیکات و منداڵ بێ ئاگایە لێیان، وەک لە شیعرەکەدا باسی کردووە مامەڵە کردنی پارچە قوماش، کە ڕەنگە هەر بۆ جل و بەرگیی منداڵەکەی بێت کاتێک مامەڵەی دەکات، یاخود کەسێک کاتێک میوە یاخود پێداویستییەکانی وەک پەتاتە و تەماتەو.... دەکڕێت. ئەمانە هەموو مامەڵەی ڕۆژانەیە و پێداویستی مرۆڤەکانن، بەڵام منداڵ لەمانە تێناگات، کڕین و مامەڵەی ئەم شتە ڕۆتینانەی ژیانی ڕۆژانە پەیوەندی

بەوەوە نییە و هێنانی ئەمانە لە شیعرێکدا  کە شاعیر تیایدا باسی منداڵەکەی دەکات شتی نامەئلوفن. لە کۆتاییدا شاعیر باسی (دانتی) دەکات، تەنانەت ڕەنگە تەنها  چینێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بیناسن کە ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییان لە ئاستێکی باڵادایە ، بێگومان منداڵێک نازانێت دانتی کێیە و چییە. بەمەش شاعیر ناوەڕۆکی شیعرەکەی نامەئلوف کردووە بە هێنانی ئەم شتانەی کە دوور و نزیک پەیوەندییان بە منداڵ و ژیانی منداڵ و بیرکردنەوەی منداڵەوە نییە.

## ٣-٧ دڕندەیی مرۆڤ و بەراوردکردنی بە ئاژەڵ

هەرچەندە ئەم شیعرانە کەمن لە ناو شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا، بەڵام ئەم نموونە شیعرییە نموونەیەکە کە تێیدا شاعیر لە چەند رووەوە مرۆڤی بەراوورد کردووە بە ئاژەڵ و هەندێک ئاژەڵی کردووەتە کەرەستەی شیعر و هەندێکیان تەنانەت وەک رەمزی دڕندەیی ناسراون، و هەندێکی تریان مرۆڤەکان وەک ئیهانە و سەرزەنشت بەناوی ئەو ئاژەڵانە یەکتر بانگ ئەکەن، سەرەڕای ئەوەش تەڵعەت تاهیر وێنەیەکی جوانی پێ بەخشیون جیاواز لەوەی لە واقیعدا هەیە. وەک لە شیعرەکەدا دەڵێت:

بەڵێ ئەوان لە ئێمە باشترن

سەدە و نیوێکە ئەم هەسارەیە بەدەست ئێمەوەیە، ئەتۆم و

کیمیاویی و کونی ئۆزۆن و تووانەوەی بەستەڵەکەکان و

بێدادی و شەڕی زۆرتری لێ کەوتەوە

کەس بیستوویەتی، کرمێک ئیرەیی بە فڕینی کۆترێک

ببات ؟!

پشیلەیەک خۆی بە کۆمەڵە جووجکەیەکدا بتەقێنێتەوە ؟!

بازێک ئەنفالی کەروێشکەکانی کردووە ؟!

ئەسپێک بە هێسترێکی گوتووە تۆ لە بنەماڵە نیت ؟!

تەگەیەک هەبووە بزن بکاتە سەبایا؟!

قەت بووە بە هەشت گا، دەستدرێژی بکەنە سەر

مانگایەگ ؟!

تیمساحێک، پێستی پیرەمێردێکی کردۆتە جانتا ؟!

بولبولێک، بۆ دەسەڵاتی شێر چریکاندوێتی ؟!

درەختێک، کرێی هێلانەی لە باوکی دوو بێچوو

وەرگرتووە ؟!

نەورەسێک، هەر بۆ خۆشی بە نارنجۆک ماسی گرتووە ؟ !

سەگێک تیرۆرست هەبووە ؟!

ماکەرێک هاوسەرگیری لەگەڵ نێرەکەرێکدا کردووە بۆ

باشترکردنی گوزەرانی ؟!

ئاسکێک بوختانی بە دەمی پڵنگێک کردووە بۆ وەرگرتنی

ڕەگەزنامە ؟!

ئەوە ئێمەین

لەگەڵ دوا دڵۆپی شیری دایکمان چیرۆکی دڕندەییمان

دەست پێ دەکا و

ئەولادەکانی دارستان دەکەینە تابووت

ئێمەین ترسناکین

کەچی ئاگادارکردنەوە تەنها لەسەر پاکەتی جگەرەکانماندا

هەیە (تاهیر، ٢٠٢١: ٩٤-٩٥).

لەم شیعرەدا شاعیر بەراوردێکی فراوانی کردووە لە نێوان مرۆڤەکان و هەندێک لە ئاژەڵەکاندا لە ڕووی دڕندەیی و باشی و خراپییەوە. شاعیر پێی وایە لەو کاتەوەی ئەم هەسارەیە (زەوی) بەدەست مرۆڤەوەیە بە تەواوی تێکی داوە و هەرچی خراپ و قەدەغەیە بەکاری هێناوە لە پێناو کۆمەڵێک دەستکەوتی ماددی و داگیرکاری و گەیشتن

به کورسی دەسەڵات و حوکمداری. لە شیعرەکەدا شاعیر ئاماژە بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەتۆم دەکات لەسەر دەستی مرۆڤ دژی مرۆڤەکانی تر، بۆ نمونە ئەوە لە هەڵەبجە ڕوویدا و لە ڕێگەی چەکی کیمیاوی زیاتر لە پێنج هەزار کەس شەهیدکراون. هەروەها بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم دژی یابان لە جەنگی دووەمی جیهانی و کوژرانی ملیۆنەها مرۆڤ بە بێ تاوان، تا ئەو ڕادەیەی (هێرۆ شیما و ناکازاکی) ببنە نیشانەی ستەملێکراوی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا. شاعیر باسی ئەو ستەم و مرۆڤ کوشتنە ئەکات، کە لەلایەن مرۆڤەوە بەرامبەر مرۆڤەکانی تر ئەنجام دەدرێت بەراووردی ئەکات بە ئاژەڵان و بۆ ئەمانەش چەندین نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە.

کۆمەڵێک سیفەت دەداتە پاڵ مرۆڤ، کە ڕۆژانە بە چاو دەیان بینین ئەو سیفەتانەش وەکو: ئیرەیی، خۆتەقاندنەوە، ئەنفالکردنی ئەوانیتر، کۆیلەکردنی مرۆڤ، دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت، کوشتنی بە ناحەق، تەقینەوە، کاری تیرۆریستی، بوختانکردن.... هتد، شاعیر پێی وایە ئەمانە هەموو سیفەتی مرۆڤن و هەرکەسێک بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەمانە لە کات و شوێنی جیاوازدا بەرجەستە دەکات. بۆ نمونە مرۆڤە خۆی دەتەقێنێتەوە بە کۆمەڵێک مرۆڤی تردا، هەر مرۆڤە ئەنفالی مرۆڤەکانی تر دەکات، مرۆڤە کاری تیرۆریستی دەکات....هتد. شاعیر لە درێژەی شیعرەکەدا ئاماژە بە زۆر نموونەی ئاژەڵان دەدات و لە شێوەی پرسیار و سەرسوڕمان ڕووبەڕووی خوێنەری دەکاتەوە و دەپرسێت، کە ئایا بینیوتانە:

پشیلەیەک خۆی بە کۆمەڵێک جوجکەدا بتەقێنێتەوە؟ !

بازێک ئەنفالی کەروێشکەکانی کردووە؟!

ئەسپێک بە هێسترێکی گوتووە تۆ لە بنەماڵە نیت؟!

تەگەیەک هەبووە بزن بکاتە سەبایا؟!

قەت بووە بە هەشت گا، دەستدرێژی بکەنە سەر

مانگایەگ؟!

تیمساحێک، پێستی پیرەمێردێکی کردۆتە جانتا؟!

بولبولێک، بۆ دەسەڵاتی شێر چریکاندوێتی؟!

درەختێک، کرێی هێلانەی لە باوکی دوو بێچوو

وەرگرتووە؟!

ئەم پرسیارانەی شاعیر دەیکات سەبارەت بە ئاژەڵان بێگومان وەڵامەکەیان نەخێرە و کەسمان نەمانبینیوە، پشیلەیەک خۆی بتەقێنێتەوە، بازێک کەروێشک ئەنفال بکات، سەگێک کاری تیرۆریستی بکات، درەختێک کرێی هێلانە لە باڵندەیەک وەربگرێت... هتد بێگومان هەموو ئەوانە کاری مرۆڤەکانن. لە کاتێکدا وا باسی کۆمەڵێک ئاژەڵ دەکرێت زۆر دڕندەن و نابێت مرۆڤ لێیان نزیک بێتەوە. بێگومان شاعیر بەراوردکردنێکی نامۆی هێناوە، چونکە بەراوردکردن زیاتر لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤدایە نەک ئاژەڵ و مرۆڤ یاخود لە نێوان ئاژەڵ و ئاژەڵدایە ئەمە لە لایەک، جگە لەمە جیاوازیی ئەم بەراوردەی تەڵعەت تاهیر لەوەدایە، هەندێک جار سیفەتی دڕندەیی یان ئازایی گورگ و شێر وەردەگیرێن و دەدرێنە پاڵ مرۆڤ، بەڵام تەڵعەت لێرەدا بە پێچەوانەوە باسی کۆمەڵێک سیفەتی مرۆڤەکان دەکات، کە بەهیچ جۆرێک لە ئاژەڵدا نین. لە لایەکی ترەوە ئەو ئاژەڵانەی کردۆتە کەرەستەی شیعریی و شیعرێکی نایابی لێ خوڵقاندووە، ئەمەش بە تەواوی نامەئلوفە و نامۆیە، بە تایبەتی ناوی هەندێک ئاژەڵی وەک (نێرەکەر) و (ماکەر) مەگەر تەنها لە لای (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) بینرابێت، ئەویش لە شیعری هەجوو بەکاری هێناوە. ئەمەش لە ڕووی ئەوەی ئەم ئاژەڵە لە ناو کورددا وێنەیەکی نێگەتیڤی بۆ کێشراوە و وەک ئاژەڵێکی کەم سەیر دەکرێت، هەروەها مرۆڤەکان لە ناو خۆیاندا کاتێک سەرزەنشت و هەجووی یەک دەکەن وشەی (نێرەکەر یان ماکەر) بەکاردەهێنن. بەمەش شاعیران بوێری ئەوەیان نەبووە ئەمجۆرە ئاژەڵانە لە شیعرەکانیاندا بەکاربهێنن و بیکەنە کەرەستەی شیعری، بەڵام ئەمە یەکێکە لە خاسیەتەکانی شیعری تەڵعەت تاهیر ، کە ئەو شتانەی تا ئێستا فەرامۆشکراون و نەبوونەتە شیعر ئەم هاتووە و شیعری نایابی لێ خوڵقاندوون. بە بەکارهێنانی ئەو شتانەش هەمیشە بابەتەکەی نامەئلوف کەوتۆتەوە.

ئەنجام:

١- له شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا نامەئلوفکردن لە هەر سێ ئاستی واتایی و وشەیی و رستەسازی بەرچاو دەکەوێت و جۆرەکانی ئاستی واتایی بە بەراوورد بە ئاستەکانی وشەسازی و رستەسازی زیاتر بەرچاودەکەون.

٢- لە ئاستی واتاییدا نامەئلوفکردن لە رێگەی لێکچواندن و خواستنەوە زیاتر بەرچاودەکەوێت و ئەو نامەئلوفکردنانەی لە رێگەی ئەمانەوە دروست کراون وێنەی تازەن و لە رێگەی کەرەستەی مەئلوفەوە دروست کراون، بەڵام لە بەکارهێنانیاندا لە شیعرەکاندا وێنەکان بوونەتە وێنەی نامەئلوف.

٣- لە ئاستی وشەسازییدا شاعیر چەندین وشەی شێوەزارەکانی تری بەکارهێناوە کە، سەرچاوەی دروستبوونی چەند نامەئلوفکردنێکی وشەیین .

٤- شاعیر لە چەندین شیعردا بەزمانێکی سادەی ڕۆژانە و سوود وەرگرتنیش لە وشە پەراوێزخراوەکانی زمانی کوردی و لە ڕێگەی ئەمانەوە لە چەندین شوێندا نامەئلوفکردنی ئەنجامداوە و لەهەندێک لە شیعرەکانیدا بەمەبەستی نامەئلوفکردن هەندێ وشەی زمانەکانی تری لەجیاتی وشەی کوردی بەکارهێناوە.

٥- شاعیر لە رووی نامەئلوفکردنی ناوەرۆکەوە گۆڕانکاری زۆری ئەنجامداوە، ئەویش بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەو ناوەڕۆکە شیعریی و بابەتانەی پێشتر بوونەتە بابەتی دووبارە و سواو.

٦- نامەئلوفکردنی بابەتی دڵداری ڕێژەکەی لە بابەتەکانی تر زیاترە و شاعیر گۆڕانکاری ئەنجامداوە لە رێگەی لادان لەو کەرەستە و بابەتانەی پێشتر کەرەستەی شیعری دڵداری بوون و هێنانی کۆمەڵێک کەرەستە و دەستەواژەی نوێ بۆ ئەم بابەتە شیعرییە، بەمەش نامەئلوفکردنی گرنگی ئەنجامداوە لەم بوارەدا.

٧- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە لایەک شاعیر زۆر باسی دیاردەی هەژاری کردووە و زۆربەی کات بابەتی هەژاری تێکەڵ بە بابەتی ئەڤین و خۆشەویستی کردووە، لەم رووەشەوە شاعیر وێنەگەلێکی جیاوازی خوڵقاندووە. ئەم جۆرە شیعرانەش بوون بە شێوازێکی تایبەت لە شیعرەکانی شاعیردا.

٨- لە رووی پیشاندانی کێشەکانی ئافرەت، شاعیر دوورکەوتۆتەوە لەو بەکارهێنانانەی پێشتر شاعیران زۆر دووبارەیان کردۆتەوە و بەتەواوی سوواون، بۆ

ئەم مەبەستەش هەوڵیداوە کەرەستەی نامەئلوف بەکاربهێنێ و ناوەڕۆکی شیعری لەم بوارەدا بگۆڕێت.

٩- لە رووی سیاسییەوە تەڵعەت بە شێوەیەکی جیاواز و نامەئلوف باسی کێشە و گرفتە سیاسییەکان دەکات، بەشێوەیەک لە شیعرە سیاسییەکانیدا کەمترین جار وشەکانی پەیوەست بە خوێنڕشتن و توندوتیژی و چەک و ئەو شتانەی پەیوەستن بە سیاسەتەوە بەرچاو دەکەون، لە جیاتی ئەمانە لە ڕێگەی کەرەستەی شیعریی ترەوە، کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، شیعری هۆنیوەتەوە، واتە هەندێک شتی پەیوەست کردووە بە یەکەوە، کە زۆر دوورن لە یەک، بەمەش بابەتی شیعرەکانی لەم بوارەدا نامەئلوف کردووە و شێوازێکی تایبەت و جیاوازی پەیڕەوکردووە.

# لیستی سەرچاوەکان

## کتێب بەزمانی کوردی :


- ئەحمەدی، بابەک، ٢٠٠٤، پێکهاتە و راڤەی دەق، و. مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، هەولێر .
- ئەرستۆ، ٢٠٠٤، هونەری شیعر، و. عزیز گەردی، سلێمانی.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠١، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، سلێمانی.
- ئەحمەد، سافیە محمد، ٢٠١٣، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ئیمامی، نەصرالله، ٢٠١٨، بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و. سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، هەولێر.
- بەکر، محمد، ٢٠٠٤، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- پیرین، لۆرانس، ٢٠٠٨، شیعر چیە، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- تاهیر، تەڵعەت،٢٠٢١، ناوی تۆ ئیمزای منە، دەزگای فام، چاپی یەکەم.
- تۆفیق، ئاڤان علی میرزا (د)، ٢٠١٢، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- حسێن، جەبار ئەحمەد، ٢٠٠٨، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی- کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حەمەد، پەخشان سابیر(د)، ٢٠١٢، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠ – ١٩٩١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- خۆشناو، هێمن عومەر، ٢٠١٠، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- دزەیی، ٢٠٠٩، عەبدولواحید موشیر، واتاسازی، هەولێر.
- سابیر، پەرێز، ٢٠٠٦، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- سەجادی، عەلائەدین، ١٩٧٨، خۆشخوانی ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا.
- سەعید، ناز ئەحمەد، ٢٠١٣، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، سلێمانی.
- شێخ بزێنی، سەعد فاروق یوسف، ٢٠١١، بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا، هەولێر.

- عەبدوڵڵا، ئیدریس، ٢٠١٢ شێواز، هەولێر.
- قادر، خانزاد علی،د، ٢٠١٢، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، هەولێر.
- قەتووس، بەسام، ٢٠١١، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و. محمد تاتانی(د)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- کانەبی، دلێر صادق، ٢٠٠٩، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، دەزگای موکریانی، هەولێر.
- گەردی، عەزیز، ١٩٧٢، ڕەوانبێژی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجڤ، بەغدا.
- گەردی، عەزیز، ١٩٧٩، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)، چاپخانەی کاکەی فەلاح، بەرگی سێیەم، بەغدا.
- گەردی، عەزیز، ١٩٨٧، پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
- گەردی، سەردار ئەحمەد، ٢٠٠٤، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- مستەفا، ئاسۆ عمر، ٢٠٠٩، بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح وگۆران، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.
- محمود، فازیل مجید(د)، ٢٠٠٧، سروشت لە شیعری گۆراندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- مەلاساڵح، حەکیم، ٢٠٠٦، ئەنوەر مەسییفی لە سێ ئزموونی شیعریدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
- مەنتک، حمە، ٢٠١٨، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
- وێبستەر، رۆجەر، ٢٠١٧، لێکۆڵینەوەی تیۆری ئەدەبی، و. عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تاران.
- ناوخۆش و خۆشناو، سەلام و نەریما، ٢٠١٠، زمانەوانی، چاپی دووەم، چاپخانەی هەولێر.
- یەعقوبی، عەبدولخالق، ٢٠٠٨، لە کلتورەوە بۆ ئەدەبیات (کۆمەڵە وتار)، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- یەعقوبی، عەبدولخالق، ٢٠٠٥، دەنگی بلورینی دەق- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە- چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.

## نامە ئەکادیمییەکان بە کوردی:


- قادر، شێرزاد عەبدوڵڵا، ٢٠١٥، لادان لە شیعری ڕەفیق سابیردا، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زنکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.
- مستەفا، خەلیل إبراهیم، ٢٠٠٩، شیعریەتی دەق بە نمونەی شیعرە کوردییەکانی مەحوی، زانکۆی سەلاحەددین، نامەی ماستەر.


## کتێب بە زمانی فارسی:


- امامی، نصر الله، ١٣٨٩، صبانی و روشهای نقد ادبی، نشر جامی، چاپ چهارم، تهران.
- احمدی، بابک، ١٣٨٤، ساختر و تاویل متن، چاپ هفتم، نشر مرکز، تهران.
- احمدی، بابک، ١٣٧٠، ساختر و تاویل متن، چاپ اول، نشر مرکز، تهران.
- تقی، پور نامداریان، ١٣٨١، سفر در مه، تهران، نگاه.
- جهانتیغ، مریم خلیل، ١٣٨٠، سیب باغ جان، (جستاری در ترفندها و تمهیدات هنری غزل مولانا)، چ ١، تهران، سخن.
- داد، سیما، ١٣٩٠، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چ٥، مروارید، تهران.
- خلیلی جهانتیغ، مریم ، ١٣٨٠، سیب باغ جان، (جستاری در ترفندها و تمهیدات هنری غزل مولانا)، چ ١، تهران، سخن.
- داد، سیما، ١٣٩٠، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چ٥، مروارید، تهران.
- شمیسا، سیروس، ١٣٨١، نقد ادبی، تهران، فردوس.
- شمیسا، سیروس، ١٣٨٣، بیان و معانی، چاپ هشتم، انتشارات فردوس، تهران.
- صفوی، کورش، ١٣٩٠، از زبان شناسی به ادبیات، چ١، ج١، تهران، سوره مهر.
- صفوی، کورش، ١٣٨٣، از زبان شناسی به ادبیات (شعر)، جلد دوم، چاپ٢، انتشارات سوره مهر، تهران.
- علیپور، مصطفی، ١٣٨٧، ساختار زبان شعر امروز، تهران، فردوسی.
- کدکنی، محمد رضا شفیع، ١٣٧٨، صور خیال در شعر فارسی، چاپ هفتم، نشر اگه، تهران.

- کدکنی، محمد رضا شفیع، ١٣٨٥، صور خیال در شعر فارسی، چ ١٠، نشر اگه، تهران.
- کدکنی، محمد رضا شفیع، ١٣٨٦، موسیقی شعر، چ١٠، نشر اگه، تهران.
- کدکنی، محمد رضا شفیع، ١٣٨٤، موسیقی شعر، چاپ هشتم، نشر اگه، تهران.
- کدکنی، محمد رضا شفیع، ١٣٧٣، موسیقی شعر، چاپ چهارم، نشر اگه، تهران.
- کامیار، تقی وحیدیان، ١٣٨٣، بدیع ازدیگاه زیبایی شناسی، چاپ اول، انتشارات سمت، تهران.
- مهرگان، اروین، ١٣٨٥، دیالکتیک نمادها، چاپ اول، نشر فردا، أصفهان.
- موکاروفسکی، یان، ١٣٧٣، زبان معیار و زبان شعر، ترجمه احمد اخوات، کتاب شعر، جلد دوم، أصفهان.
- مقدم، مهیار علوی، ١٣٧٧، نضریه‌های نقد ادب معاصر، (صورتگرایی و ساختارگرایی)، چاپ اول، تهران.


## گۆڤارەگان  بە زمانی فارسی:


- سلحشور، فر، مریم، نزهت طاهری، آشنایی زدایی و هنجار گریزی در اشعار احمد عزیزی، بهارستان سخن، شماره ٢٦، پایز ٩٣.
- غیبی، سید محمود رضا، آشنایی زدایی در شعر شهریار، بهارستان سخن، شماره ٣٣، پایز١٣٩٥.
- مرادی، مریم، بررسی آشنایی زدایی در اشعار سهراب سپهری، فصلنامه‌ی تخصصی زبان و ادبیات فارسی، شماره ٥، زمستان ١٣٨٩.
- نفیسی، اذر، ١٣٦٨، آشنایی زدایی، مجله کیهان فرهنگی، شماره دوم، سال ششم، اردیبهشت.
- غلامعباس رضایی هفتادر، إبراهیم نامداری، علی اکبر احمدی، آشنایی زدایی و نقش ان در خلق شعر، ادب عربی، شماره ٢، سال ٥، پاییز و زمستان ١٣.


## کتێب بە زمانی عەرەبی:


- خطیب، إبراهیم، ١٩٨٢، نظریه المنهج الشکلی، نصوص الشکلانیین الروس، الطبعة العربیه الاولی، بیروت، لبنان.

- ادونيس، ١٩٨٦، الثابت والمعقول (صدمه الحداثه) الطبعه الخامسه، دار الفكر للطباعه و النشر والتوزيع.
- أبوالعدوس، يوسف، ٢٠٠٧، الأسلوبية الرؤيه و التطبيق، دار الميسره، ط١، الأردن.
- ابن منظور، ١٩٩٠، لسان العرب، دار صادر، بيروت، لبنان، المجلد١.
- البستانى، بطرس، ١٩٩٤، محيط المحيط " قاموس مطول للغة العربية" مكتب لبنان ناشرون، بيروت، لبنان.
- بوزواوى، محمد، ٢٠٠٣، قاموس مصطلحات الأدب، دار مدنى.
- الحسينى، راشد بن حمد، ٢٠٠٤، البنى الاسلوبيه فى النص الشعرى، دار الحكمه، ط١، لندن.
- ربابعه، موسى، ٢٠٠٠، جماليات الأسلوب والتلقى، مؤسسه حماده للدراسات الجامعيه اربد، ط١، الاردن.
- زيتونى، لطيف، ٢٠٠٢، معجم مصطلحات نقد الروايه، مكتبه لبنان ناشرون، بيروت، لبنان.
- سلدن، رامان، ١٩٩٨، نظرية الادبية المعاصرة، ترجمة: جابر عصفور، دار قباء للطباعه و النشر و التوزيع، القاهره، مصر.
- عياد، شكرى محمد، ١٩٨٨، اللغه و الابداع، الطبعه الاولى.
- عياشى، منذر، ٢٠٠٩، الاسلوبيه وتحليل الخطاب، مركز النماو الحظارى، دمشق.
- العلوى، يحيى بن حمزه، ١٩٨٢، الطراز المتضمن لاسرار البلاغه و علوم حقائق العجاز، دار الكتب العلميه، ط١، بيروت.
- عيد، رجاء، ١٩٧٩، فلسفه البلاغه بين التقنيه و التطور، منشاه المعارف، الإسكندريه.
- فضل، صلاح، ١٩٩٨، نظرية البنائية فى النقد الادبى، دار الشرق، القاهره، ط١، مصر.
- كابانس، جان لوى، ١٩٨٢، النقد الادبى العلوم الإنسانيه، الطبعه الاولى، دار الفكر بالدمشق.
- كوهن، جان، ١٩٨٦، بنية اللغة الشعريية، ترجمة محمد الولى و محمد العمرى، الطبعة االاولى، دار توبقال للنشر.

- المسدی، عبدالسلام، ٢٠٠٦، الاسلوبية و الاسلوب، طبعه الخامسه، دار الكتاب الجديد المتحده، بيروت، لبنان.
- المسدی، ١٩٨٩، عبدالسلام، مراجع النقد للحديث، الدار العربيه للكتاب.
- ويس، احمد محمد، ١٤١٦ ه، الانزياح بين النظريات الاسلوبيه و النقد العربی القديم، جامعه حلب.


## گۆڤاری عەرەبی:


- الروابحی، سعد، التغريب فی الشعر العربی المعاصر ديوان، مجلة الميادين للدراسات فی العلوم الإنسانيه، المجلد الثانی، العدد الثانی،٢٠٢٠.
- نعيم، اليافی، الانزياح والدلاله، مجله السبوع الادبی، ع ٤٥١، شباط ١٩٩٥.


## نامە ئەكاديمييەكان بە عەرەبی:


- الخرشه، احمد غالب، ٢٠٠٨، اسلوبيه الانزياح فی النص القرأنی، رساله دكتوراه، جامعه مؤته.
- شودار، فاطمه الزهراء، ٢٠١٥، التغريب عند شكلانين بين النظرية والتطبيق، الرساله ماجستر، جامعة محمد خيطر.


## كتێب بە زمانی ئینگلیزی :


- Abrams, M.H. A, (1993), Glossary of Literary Terms. New York: Holt, Rinehart, and Winston.
- Trelease, J. (1994). The Read-Aloud Handbook. Penguin group, New York.


## چاوپێكەوتن:


- تەڵعەت تاهير، ١٥ی ئۆكتۆبەری ٢٠٢٢.

## الملخص :

هذا البحث المسمى (التغريب فى قصائد طلعت طاهر) بحث وصفى وتحليلى. فى هذه الدراسه، حاولنا أن نناقش نظريا مفهوم الانزياح، والذى تم تقديمه الاول مره فى مجال النقد الأدبى من قبل الشكلانيين الروس وأصبح فيما بعد مفهوما مهما ومؤثرا اكتسب دورا وأهميه أكبر. ثم تم شرح التغريب اللغه المفتوحه فى قصائد طلعت طاهر على المستويات الثلاثه من الدلالات والمفردات والنحو وتم شرح كل هذه المستويات وإعطاء أمثله شعريه لكل منها، ويلاحظ التغريب من هذا الجانب على نطاق واسع فى جميع المستويات، لان اللغه الشعريه التى يستخدمها الشاعر بسيطه وسهله الفهم للجميع. وبعباره أخرى، على الرغم من سهوله لغته، فقد أخذ طلعت فى الاعتبار الجوانب الفنيه العاليه لقصائده، وليس سهوله استخدام اللغه لم تصبح مصدر إلهام لقصائده فحسب، بل أدت أيضا إلى التغريب فى هذا الصدد. على مستويات الدلاليه والمعجميه والنحويه، لا سيما على المستوى الدلالى من خلال (التشابه، الاستعاره، التفاهمات والمفارقات)، وتجنب استخدام الصور المتكرره والمشوهه، مما جعل الشاعر يشعر أسلوبه الخاص ويكون معروفا بهذه الطريقه. ولهذا الغرض حاول الشاعر أن يستفيد أكثر من المواد التى ليس لها جمال والشاعر نفسه حاول أن يضفى جمالا على هذه المواد.

Abstract

This research entitled (Unfamiliarization of Familiarity in Tal'at Tair's Poems) is a descriptive and analytical research. In this study, we have tried to discuss theoretically the concept of letter writing, which was first introduced into the field of literary criticism by the Russian formalists and later became an important and influential concept r has gained more role and importance. Then the unfamiliarity of open language in the poems of Tal'at Tair's poems at all three levels of semantics, vocabulary and syntax is explained and each of these levels is explained and poetic examples are given for each of them In terms of letter writing, it is widely seen at all levels, because the poetic language used by the poet is simple and easy for everyone to understand In other words, despite the ease of his language, Tal'at has taken into account the high artistic aspects of his poems, not the ease of using language Not only has it become a source of inspiration for his poems, but it has also led to correspondence in this regard. At the semantic, lexical and syntactic levels, the poet has used the expressions of the letter, especially at the semantic level through (similarities, desires, understandings and paradoxes). He has avoided using repeated and distorted images, which has made the poet have his own style and be known in that way. For this purpose, the poet has tried to make more use of materials that do not have beauty and the poet himself has tried to give beauty to these materials.